# نما

ژماره ١٥-١٦ی ٢٠٠٤

## ئازادی بیر  لێکۆڵینەوە عەقلانیەت

گۆڤارێکی فیکریی ئەدەبی
وەرزی سەربەخۆیە
سەنتەری لێکۆڵینەوەی
فیکریی و ئەدەبی نما
لەهەولێر دەریدەکات

پیت چنین: عیماد رەسوڵ
بەرگ: نما

راوێژکاری نما
رێبین رەسوڵ ئیسماعیل

خاوەنی ئیمتیاز:
ئیسماعیل کوردە

سەرنوسەر
ئاسۆ جەلال

بەرێوەبەری نووسین
جەمال پیرە

سەرپەرشتیاری ئەدەبی
عەبدولوتەلیب عەبدوڵلا

ناونیشانی گۆڤار: هەولێر- رێگای پەرلەمان- ت: ٤٤٧٣٩٨١
ئیمێڵ: nma_magazine@hotmail.com
ismailkurda@maktoob.com

**لەم ژمارەیەدا :**


*کلاورۆژنە..........٣

★ئایین‌و سیاسەت تێکەڵاوبوونی دوو دنیای جیاواز!..........نەوزاد جەمال..........٥

★حەقیقەت‌و لێکبوردن لەرووی مێژووییەوە..........سەعدوڵلا برایم خان..........١٠

★یۆرگن هابرماس‌و تیۆری کۆمەڵایەتی..........ن: ئیان کریب.....و: رێبین رەسوڵ..........٤١

★تواناکانی تاك‌و دەسەڵات..........ن: برتراند راسل.....و: ئەژین عەبدولخالق..........٣٧

★ هیگڵ‌و رۆژگاری ئەو..........ن: رامین جیهانبەگلو....و: نەبەز محەمەد..........٤٦

★ژاك دریداو رۆشنگەری، ئایندەی ئیسلام‌و عەرەب‌و جیهان....ن: هاشم صالح.....و: دلێر محەمەد..........٥١

★ ژاك دریدا..........ن: جۆناتان کولەر.....و: حسێن لەتیف..........٥٦

★ گفتوگۆیەك لەگەڵ مارتن هایدگەر..........ریچارد ڤیزەر..........و: عومەر سابیر..........٨٠

**دۆسییەی ژمارە : زەردەشت‌و زەردەشتیەت**

★سەردەمی ژیان‌و زادگای زەردەشت.......... و: وریا قانع..........٨٩

★شەترەنج‌و دەنکە گەنم لای زەردەشت چ فەلسەفەیەکی هەیە..........ن: جەلیلی عەباسی..........٩٨

★ ئاڤێستا چییەو خاوەنەکەی کێیە؟..........ن: د. گوڵشەنی....و: مەسعود بابایی..........١٠٥

★ زەردەشت‌و ئاڤێستا..........ن: سەنگەر رەمز زراری..........١١٣

★ زەردەشتی حەکیم‌و فەیلەسوف..........ن: ئەحمەد حەیدەر.....و: کاکەمین کەمال..........١١٧

**دۆسییەی هەولێریانی: چۆن خۆمان لەپێناو جیاوازیەکان دەناسین؟**..........١٢٣

★دەبێ پێکاتە گەندەڵ‌و سربووەکانی هەزاران ساڵە ئەم پیرە شارە تێك بشکێنین.... .. مەحمود زامدار..........١٢٦

★هەولێر شوێنی ململانێی ئایینی‌و دەسەڵات بووە..........یوسف عوسمان حەمەد..........١٢٧

★ هەولێرماڵێکی وێرانە هەتا دەمرم سەردولکەی پێهەڵدەڵێم..........ئیسماعیل بەرزنجی..........١٢٩

★لەپێناو بەهەولێری بوون ..........کەریم کاکە..........١٣٤

★ مزگەوت لەهەولێر لەشوێنی خواناسینەوە دەبێتـە بارەگای حیزب..........رێبین رەسوڵ..........١٣٧

★ چەمکی هەولێریانی تەنها کەناڵ‌و رەهەندێکە لەبونیاد رۆحی شیعر..........هاشم سەراج..........١٣٩

***حەساسیەتی بەهەولێری بوون**

**حەساسیەتی تورکمان‌و کرمانج**..........**مێژگرد**........ عەبدولوتەڵیب عەبدوڵلا..........١٤١

* **نسێی نما :دۆسیەی تایبەت بەمەرگی ژاك دریدا**..........١٥٣

★بیبلۆگرافیای ژیانی ژاك دریدا..........رێبین رەسوڵ..........١٥٤

★ ئەستێرەی فەلسەفەی هاوچەرخ..........عەلاینە عارف.......و: جەمال پیرە..........١٥٧

★ کێ هەڵوەشاندنەوەگەرایی..........صبحی حەدیدی.......و: ستار باقی..........١٥٩

★ ژاك دریدا باوکی هەڵوەشاندنەوەی پابەند..........و: نووری بێخاڵی..........١٦٥

★ مەرگ فەیلەسوفی بونیاد شکێن..........و: ئدریس شێخ شەرەفی..........١٦٨


*جگە لەکلاورۆژنە نووسینەکان بۆچوونی نووسەرەکانیان دەردەبڕن.

*ئەوبابەتەی بلاونەکراوەتەوە نووسەر بۆی هەیە داوای بکاتەوە.

# كلاورۆژنه

## ديموكراسيەت بە" ئەوەی لەگەڵ من نەبێ دژی‌منە" نايەتەدی

يەكێ لە مەرجەكانی بوونمان كاركردنە لەپێناو دەستەبەركردنی پرەنسيپەكانی ديموكراسی، لەراستيدا ئەم هاوكێشەيە لە كاتی بەرجەستەبوونيدا بێ كێشەو گيروگاز نييە، كە بەردەوام پێويست دەكات مەبدەئی " ئيعترافكردن بە بەرامبەرو قەبولكردنی بەرامبەرو جياوازبونی بەرامبەر" هەزم بكەين. ئێمە ئەمرۆ لەكوردستاندا دەبينين كە زۆرترين مشتومرەكانی كۆمەڵگای كوردی بە پرۆسەی بەديموكراسيبوونەوە دەبەسترێتەوە، لە١٤ ساڵی رابردووشدا زۆربەمان ئامادەنەبووين تەنها وشەيەكی بارگاويكراو بە رەخنەشمان لەبەرامبەر خۆماندا قەبوڵ بكەين، بەهەرحاڵ هەڵبژاردنی سەرتاسەری لەعيراقو لەكوردستان سەروبەريەتیو گفتوگۆگانيش لەمبارەيەوە گەرمن، ئەوەی پەيوەندی هەيە بەعيراقەوە ناكرێ لەبەردەم مەترسيدا نەيبينين لەكاتێكدا تيرۆر لەكەلكەڵەی خۆيدايەو، دامودەزگا ئەمنيەكانيش لەوپەڕی بێهێزيدان، لەو لۆژيكەوەی كە ديموكراسيەت پێويستی بە پارێزگاريكردن هەيە، چونكە بۆ گەلی عێراقی عەرەبی كە لەژيانياندا ديموكرات نەبوون ئەستەمە لەو لۆژيكە تێبگەن كە ئازادی ئەوان لەوێوە كۆتايی دێت كەوا ئازادی بەرامبەرەكان دەست پێدەكات". سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەبارچوو، بێتاقەتی كوردستانيش ، كە بۆماوەی ١٢ ساڵە بێهودە دەستبەكارەو خەڵكيشی بێئومێد كردووە ، بێئومێدبوونی خەڵك لەبڕيارەكان، لە كەسەكان كە ئاسان نييە بۆ ئەو ماوە دوورودرێژە هەمووومان وەرسبووين لە ديتنی ئەو دەموچاوانە كە بەهۆی قەدەريشەوە كەميان گۆڕان.

ئەوەی جێگای گەشبينيشە لەپرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتوو، ئەوەيە كە لەسەر ئاستی عێراق كورد ژيرانە دەيەوێت بە يەك ليستیو يەك هەڵوێستی بەرامبەر ئەو پرۆسەيە بێتەوە. ئەوەی گرنگيشە لەكوردستاندا بەشێوەيەكی جياواز بير بكرێتەوەو هەلومەرجو پێشهاتەكانی ئايندەی سەر كورد لەبەرچاوبگيرێت، چونكە ئەگەر چەند ساڵەی رابردو خەباتی كورد قۆناغەكانی ئاستەمو دژواربىن بۆ دۆزی كورد، ئەوا ئێستا بەربەستو دوژمنەكان بەشێوازی ديكەی مەترسيدارو ئايندەش ناروونە، بۆيە گرنگە ليستی هاوبەشی حزبەكان بەتايبەتی( يەكێتی نيشيمانی كوردستانو پارتی ديموكراتی كوردستان) هەبێ، چەند ليستێكی ديكەش

بوونیان هەبێت بۆ ململانێی دیموکراسیانە.. هەست کردن بە خەتەری دەوروبەرو لەدەست نەدانی ئەم ئەزمونەش بەو هاوبەشیە دێتە دی، بەومانایە نا کە پرەنسیبەکانی دیموکراسیەت پێشێلّ بکەین بەڵکو مەبدەئی (تەوافق) کە لەگەلّ عەرەبدا پێمان باش بووە، بۆخۆشمان سوودی هەبێت باشە لە پێناو یەکبوونی هەڵوێستی سیاسی نێوخۆو یەکبوونی ئیدارەکانو یەك دەسەڵاتی لەکوردستاندا کەهەمیشە بەو پرۆسەیە سەروەری کوردوکوردستان پارێزراو دەبێتو دوژمنەکانیشمان لەبەرامبەردا ریسواو بێهێز دەبن.

لێرەوە بەکورتی باس لەدواترین هەڵبژاردنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەینو خۆشمان وەك لایەنێکی خەمخۆری بەدیموکراسیبوون حساب دەکەین، سەرەتا لە پروپاگەندەی هەردوو کاندیدەوە دەست پێدەکەین کە چۆنو بە چ رۆحێکی دیموکراسییانە رەخنەکانیان ئالوگۆر دەکرد؟! نەمانبینی هیچ کام لە کاندیدەکان لەبەرامبەر یەکتردا بەتایبەت لە رووبەڕوو بوونەوە راستەوخۆکانیاندا ئەوەی لە دڵیان دایە نەیڵێن، لەلایەکی تر بینیمان کە بەملیۆنان دەنگدەر دەنگیاندا بە کاندیدی دۆڕاو(جۆن کێری) بەلاّم کە کێری دەرنەچوو نەمانبینی یەکێ لە لایەنگرانی سوکایەتی پێبکرێ، لە سەدا چلو هەشتی دەنگدەران کە دەکاتە نزیکەی نیوەی دەنگدەران لە کۆی ١٢٠ ملیۆن دەنگدەردا دەنگیان بە بۆش نەدا ، نەمانبیستو نەمانبینی تەنها کەسێکیان لەوەزیفەکەی دەربکرێ یان بگوازرێتەوە بۆ شوێنێك کە بەدڵی نەبێت، ئێمەیش لەکوردستاندا دوای هەموو ئەو چاوەڕوانییە درێژخایەنە، گرنگە گەیشتبینە ئەو لۆژیکەی کە دیموکراسیەت بە "ئەوەی لەگەلّ من نەبێ دژی منە" کارنەکەین، ئەوانەی لەگەڵیشماندا نەبن وەك هاوڵاتیو بەرامبەری جیاوازو خاوەن راوبۆچوونی ئازاد سەیریان بکەین. دواخستنی چەند ساڵەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان هەر چۆنێك بێت نانەوەی گرفتی سەرەکی بوون،چونکە هەمیشە بەرامبەرەکانمان بەدوژمن زانین کە خەتەرترین هەڵوێستی سیاسیانە بوو بەرامبەر بەخۆمان، بەمانایەك لە ماناکانیش قۆستنەوەی دەرفەتی بێدەنگی میللەت بوون، کەناشێ میللەتی چەوساوەی دەسەڵاتێکی سیاسیی ئازادی هەبێ ، بەڵکو گەلی ئازادو سیستەمو دەسەڵاتی ئازاد دێنێتە کایەوە بۆیە پێویسە ئازادی بدەین بەخەڵكو ئازادییەکانیان لێزەوت نەکەین بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئازادو دیموکرایەت بێخەوش بێت. ئەمە حەقیقەتی واقیعیی دەسەلاّت نییە پێمان دەڵێ لەناو ژوورەکەی ئێمەدا فەزایەك هەیە بە ئازادی بارگاویکراوەو دەرفەتێك هەیە لەقاڵبێکی مرۆڤدۆستانەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵکو ئەمە خێرایی وشیاربوونی تاکەکانە درك بەگەورەییو زەبەلاحی کەمو کوریەکان دەکات، ئەمە ئیتر گومانێکە لەنێو هەناوی گۆڕانو دەرگا کراوەکانی بەردەمی هەمووماندا رەگی داکوتاوە، خەڵکی کوردستان دەپرسێو دەڵێ لەپای چی جارێکی تر بکەوینە نێو گەمەیەکی تری ململانێی دوور لە هەستی لێبووردەیی؟

(نما)

٢٠٠٤/١١/٢٠

# "ئایینو سیاسەت" تێکەڵاوبوونی دوو دنیای جیاواز

نەوزاد جەمال-ئەمستردام

لێرەدا دەمەوێ کێشەی بەسیاسەتکردنی ئایین و بەئایینکردنی سیاسەت بخەمە ژێر پرسیار و توێژینەوە وە، کە تا چ ڕادەیەك ئەم دیاردەیە "نوێیە" لەبواری سیاسی و بەڕێوەبردندا لەم چەند ساڵانەی دوایيدا وەك دیاردەیەکی زەق و سەرنج راکێشەر چەندین گرفتی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ناو سیاسەتی کوردی و بیرکردنەوە بەگشتی. لەلایەکیترەوە چۆن ئەم رەوشە بووەتە هۆی بارگرانکردنی ئاستی رۆشنبیری ئێمە بەتایبەتی لەم ساتە وەختەدا!

ئەمڕۆکە چ لە دنیای سیاسەت و چ لەئایینندا بەئاشکرا تێکەڵاوخوازییەکی بێسەر دەبینرێت لەنێوان دیدی سیاسی و ئایینیدا و، ئەم دووکایەیە بۆخۆیان بوونەتە تەم و مژێکی رەش و بەرچاو لەبەردەم هەموو ئاسۆیەکی جیهان بینیدا. کاتێك بابایەکی سیاسی کار و هەڵسوکەتەکانی (سیاسی) بەرگی ئایین و پیرۆزی لەبەردەکات و رەفتار و گوتارە سیاسیەکانیشی پێ رووکەش دەکات، چیتر هەڵگرانی ئەم شێوازە بیرکردنەوە، یان جەماوەری خەڵك توانای جیاکردنەوە و تێگەیشتن لەئامانج و بەرنامە سیاسیەکانیاندا نامێنێت. بەهەمان شێوەش ئایینداریك شێوان و تێکەڵکردنێك لەنێوان ئەرکی پەرستی و سیاسیەکاندا دەکات، ئیتر سنوورێك نامێنێتەوە کە لێوەی بزانرێت ئایا کە ئەم رەوتە سیاسیە یان ئایینیە یاخود ئەم مرۆڤە ئاسمانییە، لە لیتاوی سیاسەتبازیدا گیری خواردووە!؟

گەربێت و سەرنجی خێرایی سیکۆلاریزم بدەین، کە گوتاری ئایدیۆلۆژی پێشکەوتنخواز و نوێخوازە، دەبینین پێداگرتن لەسەر جیاوازی خستنە نێوان دەوڵەت-ئایین سەرەکیترین بنەمای سیاسی بەرجەستە دەکات لەتەك بنەماکانی تردا، کە هاوشان و بەهەمان پلە گرنگ و بایەخدارن بۆ دەوڵەتێکی نوێ، بەڵام ئەم شێوازە بیرکردنەوە و تیۆرە لە دنیای سیاسی کورد دا زۆر بەپێچەوانەوە پراکتیزە دەکرێ و هەڵگرانی ئەم تەرز و نەریتە دروشم و گوتارەکانیان بێپەڕوا لەگەڵ ئایین و نەریتە  باوەکاندا تێکەڵ دەکەن، نەك ئەوەندەش، بەڵکو خۆیان دەبنە بڵندگۆیەکی ئایینی-سیاسی یاخود گوتاری سیکۆلاریزمیش دەکرێتە ئایینێکی نوێ کەئەمەش بۆخۆی گرفتێکی ترە.

گەربێت و مەسەلەی ئاوێتەکردنی ئایین-سیاسەت وەك شێوازێکی ساکار و سەرلێشێواو بەمۆدێلێکی سیاسی دابنرێت کە زۆر تا کەم لەخۆرهەڵاتدا ( وڵاتانی هەرێمی و نزیك) باوە، چونکە سیاسەت (دەوڵەت) لەم ناوچانەدا تۆتالیتاریزمیانەیە لەبیرکردنەوەدا و پەلدەهاوێژێت بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆڵ و هەوڵی کۆنترۆڵی سەرتاسەری و، هەر پانتاییەك دەدات لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی. دەبێت هەموو بیرکردنەوە و دیدێك (هەر چۆن

بێت رەنگ و بەشی) لەکارگەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی خۆیەوە سەرچاوە ببەستێت، لەبەرئەوە ئایینیش گەرچی کایەکی کۆمەڵایەتی جەماوەرییە و، لەم هەڵمەت و شالاوە بەدوورنابێت. پەلکێشی سیاسەت و دەوڵەت درێژ دەبێتەوە بۆناو هەناوی کۆمەڵ و ناخی مرۆڤەکان، تەنانەت تاکەکانی کۆمەڵیش دەبنە قوربانی ئەم رەوش و ستراتیژیەتە و دەخرێنە ناو پاوانەی چاودێری و رکێفییەوە.

یەکێك لەهۆکارەکانی تێکەڵخوازی گەر لە دەم و زوبانی سیاسەتمەدارەکانەوە وەربگیرێت تەنیا بیانوویەکی جوانە؛ ئەویش لەبەر چاوگرتنی بیر و باوەڕی جەماوەر و کۆمەڵگایە و رێزگرتنە لەو سامانە کولتووری و ئایینییە!؟ لێرەدا دەرفەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەم قسەلۆکە نییە، تەنیا ئەوەندە بووترێ کە سیاسەتی کوردی (پارتەکان) هێندەی بلێیت کۆنفۆرمیزسن (خۆ گونجێنەر) لەهەموو رووەیەکەوە بەتایبەت ئایین. بێگومان جەماوەر و رای گشتی بۆ خۆی تابلۆیەکی سپی پڕنەکراوەیە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی پێکهێنان و ئاراستەکردنی دەدرێت و، لەلایەکیترەوە زۆر تەلیسماوی و ئەبستراکت لێك دەدرێتەوە. وامان حاڵی دەکەن بەشێکی رێزی رای گشتییە لەرێی ئەم تێکەڵاوخوازیەوە، کە بۆ خۆی لەسەروو هەموو بنەما و بیرێکی پێشکەوتنخوازانەوە دەوەستێت!، بەڵام خودی ئەم لەبەر چاوگرتن و رێزدارییە بۆ (جەماوەر) کەبوونی نییە، لە واقیعدا رەفتار و کردەوەی رۆژانە و سیاسەتی ئێمە هەڵتەکێنەری ئەم رستە پیرۆزەن، مەگەر تەنیا مەسەلەکە کێشکردنی هەست و سۆزی زۆرینەبێ لەپێناوی دەسەڵاتخوازیدا. گرفتەکە لەوەدایە کە لاف بەباڵای مۆدێرنییەت و ناوەکانی تردا لێدەدرێت و کاری پێناکرێت لەهەمانکاتدا داوا یان چاوەڕوان دەکرێن لەدەرەوەی ئەم پارت و رێکخراوانەوە کە بەهیچ جۆرێك مامەڵەی سیاسی بەئایینەوە نەکرێت، لەکاتێکدا خۆی پێشەنگی تێکەڵاوخوازیەتی چەواشەیە: شایەنی باسە ئەم دیاردەیە تەنیا دنیای سیاسی ئێمەی نەتەنیوە، بەڵکو پەراوێزێکی پان و بەرینی هەیە لەهەرێمەکانی دەوروپشتمان. ئەمەش بۆ خۆی هۆیەکی ترە لە تەنینەوەی ئەم درمە بۆ ناو بیری سیاسی کوردی. بێگومان جیاکردنەوەی ئایین-سیاسەت لەمڕۆدا هەروا کارێکی سانا نییە، چونکە دیاردەکە هۆکاری مێژوویی و کولتووری دەوروپشتمان لەپشتەوەی دەوەستێ و دەستبەردابوونیشی هێندە ئاسان نییە، بەڵام گرنگ هەنگاوێکی نوێ دەبێت لەمێژووی بیرسیاسی و حوکمڕانیدا. ئاشکرایە دۆخی سیاسی ئێمە درێژبوونەوەیەکی مێژوویی خۆی هەیە لە ناوچەکەدا و، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی باڵادەستبوونی ئایین و حوکمڕانی ئایینی. پاشان بانگهێشتن بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵات و باوەڕ گەر بناخەیەکی یاسایی و زانستی دارێژراو نەبێتو دەسەڵاتە لۆکاڵەکانیش بۆ خۆیان جوداکردنەوەی کایەکان پێشێل بکەن، ئەوسا هەر بانگەوازێك کە دەکرێت مایەپووچی بۆ دەمێنێتەوە، گەر هەر پارتێك لەڕاست بۆ چەپ بەدەستێك دەست نوێژ بشۆن و شایەتمان بێنن و بەدەستێکی تر هەڵگری ئالای

مۆدێرنیەت و... هتد بێت، بۆ دەبێت پارتەکان دەزگای فتوای ئایینی و پیاوانی خۆیان هەبێت بەو کارانە هەڵبستن؟ لێرەدا کێ باوەڕ بەکێ بهێنێت؟ ئەمە جگە لە کۆمیدیای سیاسی نەبێت، چیدیکە ناگەیەنێت، کاتێك سەرکردەیەکی سیاسی، نەك سەرکردەی پارت و ناوچەیەك بێت، بەڵکو خۆشی وەك پێشەوایەکی ئایینی و ئیمام ئاسا بنوێنێت! لەبەر ئەمە جارێکیتر گومان لەسەرکردەی سیاسی دەکرێت، کە تائەم ساتەش لەبەرگە کلاسیکی و کۆنەکان دەرنەچووە و توانای خۆ گۆڕانی نییە. گومانی تێدانییە سەرکردەی کوردی سەردەمی رابردوو یان نیوسەدەش لەمەوبەر کەسانێك بوون یاخود ئاوێتەیەك بوون لەسیاسەت و ئایین، کەئەوەش وەك باسکرا هۆکاری مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی لەپشتەوە هەبوون. لەمڕۆدا ناکرێت چاو لەم راستییە بپۆشرێت کە تێکەڵاوکردن و نەبوونی ستراتیژیەتی روونی سیاسی و کارکردن و وشیارێتی سەرکردە و سیاسەتمەدار کەمدەکاتەوە. هەمان تێکەڵخواز بۆ هەڵگرانی ئایین راستە کە تەنیا بە پۆستی پێشەوایەتی رۆحی و ئایینی قایل نابن، بەڵکو بەهەموو رێگایەك هەوڵدەدەن ببنە سەرکردەیەکی سیاسی و دەوڵەت! نەك تەنیا دوارۆژ مسۆگەربکەن، بەڵکو لەپێشدا دنیاش قوتبدرێت.

چەمکی کۆمەڵگا - دەوڵەتی نوێ لەم سەردەمەدا بەئاشکرا و روونی توانیویێتی سنوورێکی جیا لەنێوان پەرستگا/دەوڵەت دابنێت، کە نەدەوڵەت توخنی کاروباری ئایینی بکەوێت و بەکاربهێنرێت لەسیاسەت و بەرژەوەندییەکانداو نە ئایینیش نوێنەرانی خۆیان لەکاروباری دەوڵەت و یاسا هەڵبقۆرتێنن. ئەم سنووره یاساییە دەوڵەت وەك دەزگایەکی سیاسی لێگێستیم لەدەستتێوەردان دەپارێزرێن و دەچێتە کایەی ژیانی تاکە کەسەوە.

ئەم خاڵە گرنگە کاتێك باس لە دەوڵەتی سێکۆ لاریزم دەکرێ، کەچی زۆر لەبیردەکرێن لە باس و لێکۆلینەوەکاندا. هەروەها وەك رەوشێك لە یاساناسی و رۆشنبیری سیاسی کۆمەڵگای مۆدێرندا رسکاوە. ئاوێتەکردنی ئایین بەسیاسەت چ وەك تاکتیك بێت یان شێواندنی سیاسی و ئایینی سەرگەردانی سیاسەت و ئایین دەگەیەنێت لەپێش هەموو شتێکدا.

خۆ ساغ نەکردنەوە لەو نێوانەدا جگە لەگەمەیەکی دێماگۆجی و دەمامك، چیتر نادات بەدەستەوە لەبەردەم رای گشتیدا. کاتێ بانگەشەی ئازادی و سەربەستی بیروڕا دەکرێت دەبێت ئەو ئازادییە ئەوپەڕی روونی و هەڵمالینی رووخسار و کات بکات و کەشێکی سیاسی بێ پەردە و پێچا و پێچ بێت، مسۆگەری ئەوەبدات کەهەموو بیرەکان بە جیاوازیانەوە بتوانن و بوێرن خۆیان نیشانبدەن و، چیتر مرۆڤ یان بیروڕایەك هەست لە بیرۆکە و خواستە سیاسیەکانی نەکات و، بسلەمێتەوە لە بەردەم ئەو دادگایەی، کە ناوی رای گشتییە و، لە لایەن دوو دەسەڵاتەوە پیادە دەکرێن و، پەنا بەرێتە بەر روکەشکردنی بەرنامەکانی بە باوەڕی ئایینی ...هتد. مەترسی لەوەدانییە، کە هەموو پارت و رێکخراوێك ناسنامەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بخاتە بەردەم و هەوڵی خزمەتکردن بدات لە رێوەی. پێم وایە کۆمەڵگا هیچ ئایدیایەك رەت ناکاتەوە. لەبەر هۆکاری بیروباوەڕ، چونکە ڕای

کۆمەڵ هیچ کاتێك بڕیاردەر و خاوەنی بڕیاری سیاسی مانەوە و هەڵوەشاندنەوەی نەبووە لە مێژووی ئێمەدا، پاشان خواست و داخوازییەکانی کۆمەڵ لە پێشدا داواکاری ئایدیۆلۆژی نین و، ئەوەی چاوی کۆمەڵ بەدی دەکات و، سەیری دەکات خودی ئەو ئایدیۆلۆژیا و، دروستانە نین، کە لەپشت کارەکانەوە وەستاون. وەك زۆرکەس تێدەگات، بەڵکو چاوی جەماوەر لە خزمەتگوزاری و کارکردنە، هەمیشە پرسیاری کۆمەڵ لە سیاسەت و پارتەکان لە چی نەکەن و، یان چیان بەجێهێناوە کۆدەبێتەوە، نەك لەریزکردنی رستە جوان و بڵند ئامێزەکان. گەر پارتێك، یان سیاسیەك خۆی یەکلابکاتەوە و، بە ئاشکرا باس لەوە بکات، کە کاری ئەم باوەڕی و ئایینییە، بەڵکو سیاسەت و ئەو دنیایە، کە بەندە پێوەی. هیچ ئاکامێکی ترسناك نابێت، هەروەها ئایندارێك ئەوە بخاتە بەرچاوی خۆی و، خەڵکی، کە ئەو بە ئاشکرا خەریکی سیاسەتە و، چالاکی پارتایەتی هەیە. یا خۆشی وەك هەرکەسێکی ئاسایی خاوەن بڕوایەکی ئایینیش مافی خۆیەتی، بەڵام وەك کەسێکی سیاسی و دەزگاو فەرمانگەکاندا کارێکی تر لەسەر شانەو، پەیوەست نییە، بە باوەڕ و ئایین و پارتەوە. لادانی پەردەو دەمامك لە روخسارەکان و تێکەڵاونەکردنی دروشم و باوەڕ و بەکار نەهێنانی هەست و سۆزی ئایینی کۆمەڵانی خەڵك ئەو پەڕی راستگۆیی و جەربەزەییە.

سەرەڕای ئەوەش تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت هۆیەکە بۆ دابەشکردنی خودی کەسی ئاییندارو، دروستکردنی هەندێك کێشەی دەروونی بۆی. ئەستەمە مرۆڤ لە یەك کاتدا هەڵگری پەیامی ئایینی بێت و پابەند بێت بەڕێو رەسمەکانی، کە بۆ دنیایەکی تر بێت، خۆی لە ناو دنیای سیاسەت و تاکتیکدا بگەوزێنێت. پرەنسیپەکانی سیاسەت بە هیچ شێوەیەك لە ئایین نزیك ناکەونەوە. لە پاش بڕینی چەندین سەدە لە دەست لەململانێی نێوانیانو، پاشان جەنگی خوێناوی درك داماڵین لە یەکتری.

ئەم جیاکردنەوەیەش لەسەر بناخەی چەمك و واتای (ئایین-سیاسەت) لە شێواز و ئەنجامدان و پاشان ئامانج و مەبەستەکانیاندا دێتە دی. بە پێی ئەم سێ تەوەرەیە دەتوانین ئایین\سیاسەت لە یەکتری جیابکرێتەوە و، ئاوێتەکردنی هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە هەردوو کایەکە دوو توخم یان رەگەزی جیاواز و سەربەخۆن، لە بنەڕەتدا تێڕوانینییان تەواو دوورە لە یەکەوە. چەمکی ئایین لە دەرەوەی کات (زەمەن) و شوێن دا دەوەستێت و کاری پەرستیش و پتەوکردنی پەیوەندی خودە بە دەرەوە لە ڕێی ئەنجامدانی پەرستن و بەڕاستگۆیی و ئامانجیش تێیدا ڕەزامەندی بەرستراوە بەتێرکردنی پێداویستیە رۆحییەکانی مرۆڤ لە پاکژی و ساف و ..هتد. بەڵام سیاسەت بەهیچ شێوەیەك لەم ڕێورەسمەدا بەشدار نابێت و، کار بەم پرەنسپ و واتایانە ناکات. سیاسەت تا ئەو پەڕی توانای دنیایی و ، هەنووکەییە، لەسەر بەرژەوەندی و قازانج راوەستاوە. لە کاتێکدا ئایین چاو لەم بەرژەوەندی و قازانجە کورت و کاتیانە دەپۆشێت بۆ دوارۆژێکی هەتا هەتایی.ئایین ترانسێندێنتاڵە، لەبەر ئەوەش دەبینین ڕەفتار و کارە سیاسیەکان پشت بەهیچ پێودانگێکی ئایینی نابەستن و، سەرچاوەش نابن بۆیان. جیاکردنەوەی ئەم دوو بوارە، تەریکردنی ئایین لە کۆمەڵگای مرۆڤ ناگەیەنێت. وەك ئاماژەم پێدا ئایین بۆ خۆی ترانسێندێنتاڵە، لەبەر ئەوە هیچ ئەلتەرناتیڤ وجێگرێکی ترنییە لە ژیاندا

بۆی، چونکە باوەڕی ئایینی راستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ویژدان و نەستی مرۆڤەوە، هەمیشە مرۆڤە بە درێژایی مێژووی هەڵگری هەستێکی خۆرسکی ئایینی و باوەڕەوە لەچەندین فۆرم و، شێوازی جیاوازدا ئەم هەستو دیدەی بەرجەستەی کردووە. چەندین قۆناخی تێپەڕاندووە. وەك پێداویستییەکی دەروونی، کە بۆخۆی مافێکی سروشتی مرۆڤە بەگشتی. کاتێك ئایین دەکرێتە ئەلتەرناتیڤی سیاسەت یان بە پێچەوانەوەشەوە ئایین لە بەرگی راستەقینەی خۆی دادەماڵرێت و، دەبێتە کەرەستەیەکی بازرگانی بۆ ململانێو، ڕامکردنی لە پێناو بەرژەوەندییەکاندا. لێرەدا ئایین لە کارو فەرمانە سروشتیەکانی دەکەوێت وەك ئاینێكو، چیتر توانای وەڵام و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی ئێستای نابێت و، خۆشی دەبێتە بەشێك لە گرفتەکان، لە بەرئەوەی ئایین لە دەرەوەی زەمەن بە ڕەهایی و سەربەخۆیەکی بالاوە هەڵدەسوڕێت، ناتوانێت لە بەرامبەر پێداویستییەکانی ئەمڕۆدا خۆ بگرێ و، لە بەرامبەر ئەو هەموو ئەلتەرناتیڤ و ئەزموونانەی، کە دەخرێتە بەردەم بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەرسەختەکانی رۆژگار بووەستێت و، خۆی بکاتە یاسا و، لە دەقێکی ئاشکرادا بۆ ساتێکی دیاریکراو کاری پێبکرێت.
هەر هەوڵێك لەمڕووەوە، تەنیا خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆیە بۆ تێکستەکان، کە دەیەوێت ئایین بخزێنێتە ناو چوارچێوەیەکی تەسك و بیکاتە وەڵامێکی خێرا بۆ کێشەکان. وەك ئەلتەرناتیف لە کاتێکدا خودی تێکستەکان نووسراوێکن پەیوەندییان بە گرفت و، کێشەکانی رۆژگارەوە نییە، بۆیە ئەم هەوڵدانە بۆ خۆ نزیك خستنەوە و، لێکچواندن ڕاڤەکردنێکی ئایدیۆلۆژییە لە پێناو گەڕان بەدوای چارەسەردا. ئەم کارە دژ بە ئایین دەوەستێتەوە لەلایەك و، دژ بە سیاسەتە لەهەموو ڕوویەکەوە و، لە دەستدانی کێشەکانی ئێستایە و، لەبیرچوونەوە و بایەخ نەدانە پێیان. پاشان کوشتنی ئەم دوو جیهانەیە لە ژێر لێکدانەوەیەکی دۆگمایی و، بەرژەوەندییە سەرسەختەکانی ئەمڕۆدا.
پێویستە پرسیارێك بکرێت ئەویش ئەوەیە؛ لە جیاتی ئەوەی رووناکبیری کوردی لە گێژاوی ئەم باسانەدا بخولێتەوە، کە بەهیچ شێوەیەك سەر بە کێشەکانی کۆمەڵگای ئێمە نییە و گرفتی سەرەکیمان نییە. گەرچی بەم شێوە دەکرێتە کێشەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، سەرقاڵی بابەتی گرنگتر و، چارەنووسساز بێت، کە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، داهاتووی مرۆڤی کوردی پێوە بەندە.
تێبینی:
١-جێی خۆیەتی لێکۆڵینەوەیەك بەتایبەتی لەمەڕ مۆدێلی سیاسی کوردی بەئەنجام بدرێت، کە لەکام سەرچاوە وە هەڵدەقوڵێن و لەژێر کارتێکردنی کام مۆدێلی سیاسی دایە.
٢-تۆماس هۆبز لەتیۆری دەسەڵاتدا لە پەرتووکە بەناوبانگەکەیدا (Leviathan) باس لە لێکدانەوەی تێکستی ئایینی دەکات، کە چۆن دەچێتە ژێر جۆرە دەسەڵاتێکی تر، کە بەدەسەڵاتی لێکدانەوە و ڕاڤەکردن ناوی دەبات. ئەمەش بۆخۆی دەبێتە هۆیەك بۆ ڕاڤەکردنی ئەو تۆریتاتێکە، کە لەدەرەوە دەسەڵاتی ڕەوا و یاسایی و هەڵدەستێت بە دانانی یاسا و داوای ملکەچ کردن و، گوێڕایەلی دەکات و، لە شوشین کە دەتوانی لەم حاڵەتەدا دووجۆرە دەسەڵات دێتە کایەوە، دەبێتە هۆکارێك بۆ ململانێ و جەنگ.

# حەقیقەت و لێکبوردن لەرووی مێژووییەوە

سەعدوڵلا برایم خان

ئەم دوو چەمکە لەڕووی مێژووییەوە بەردەوام جێگای مشت ومڕبوونو زۆربەی بیرۆکەو میتۆدیش لە ناواخنی ئەمانەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم دوو چەمکە بەرهەمهێنەری ئایینی، توتالیتاری، دیموکراسیو.... هتد بوون. ئێمە لێرەدا هەریەکەیان لەڕووی تیۆلۆژیو فەلسەفیو مێژووییەوە راڤە دەکەین، دواتر دەیانخەینەوە ئەو سیاقە مێژووییەی کە لەسەر زەمین ئینعیکاسی یەکتری بوونەتەوە.

## حەقیقەت لەرووی مێژووییەوە

لەسەرەتای سەرهەڵدانی ژیانەوە، مرۆڤ لەبەردەم هەژموونی سروشتدا لەدەروونی خۆیدا شوێنێکی زۆری لەدەستداوە، کە پانتاییەکەی بەترس بنیاتنراوە. بۆ خۆ دەربازکردن لەترسو دڵەڕاوکێ، بەردەوام بەدووای زانینو پەیبردن بە دنیای ئەزەلیو چۆنێتی بونیاتنانو دروستکردن بووە. بەمەش لەکۆ خەیاڵیدا چووەتە ژێر کۆمەڵێك تەفسیرو پێدراوەوە، کە ئاسوودەگیری پێبەخشیوە، ئەویش خورافەیە، چونکە خورافە بەرمەبنای هەبوونی ئەو رێژە سۆزدارییەیە کە لەوەهمی بیرۆکەی مرۆڤ بەسەر خۆیەوە بەرهەمی دەهێنێتو هەر خۆیشی فۆرمی دەداتی، لەهەمان کاتدا خودی مرۆڤەکە هەڵدەستێت بە وەزیفەی بەخشینی مانا، بە تێکستی ئەم وەهمە، کە لەخەیاڵی ئەودا فەراهەمو بەرهەمدێت. لەئەنجامی بەخشینی ئەم وەزیفەیەش، مرۆڤ لەبەر بوونی ئەم سۆزدارییە بەرێژەی جیاوازەوە مرۆڤەکان بەهۆیەوە هەر مەسەلەیەکی ناعەقلانی، بێئاگایی لەهۆکارە سروشتیەکان، رەمزەکانی بەشێوەیەکی سەروو عەقلانی سیستمی سروشت، لەسەر بنەمای رێخستنێکی باکگراوەندکراو بەئەنجامێك لەئەنجامەکان دیاری دەکاتو تەفسیری دەکات. وەزیفەیەك بە تێکستی ئەم کۆ خەیاڵیە دەبەخشێت کە ناوی دەنێت، "ئیلهامی قەدەر" کە لەسەروو عەقلانییەکانەوەیە، چونکە مرۆڤ بڕوای یەقینی بەوە هەیە کە قەدەر کاریگەرترە لەخودی خۆیان لەم نێوانەدا دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام هەیە کە لەنێوان ترسو ئومێددا گەمەدەکات. دواتر ئەم ترسو ئومێدە فۆڕمەڵەی یەکتر دەکەنو پەنا بۆ دەسەلاتێك دەبەن کە لەبڕوای خۆیان بەهێزترە. کەواتە ناسینەوەی حەقیقەت بەر لەهەر شتێك بەستراوەتەوە بەپێش داوەرییەکانی زانایانی ئایینی، واتا بلۆککردنو کۆنکریتکردنی چوارچێوەی حەقیقەت لەوێوە کۆنکریت دەکرێتو دەخرێتە سەرووی عەقلانی مرۆڤەوە. هەر خودی مرۆڤیش لەم نێوانەدا هەردوو دەوری ئیژێکتو سۆبژێکت ببینێت. مەبەست

لەوەیە، مرۆڤ خۆی لەسەرەتاوە باوەڕ بەم حەقیقەتە کۆنکریتکراوە دەهێنێت، دواتر خۆیشی دەبێتە کاراکتەرێکی ئاکتیڤی چاندنی حەقیقەتەکە لەناو زیهنی مرۆڤەکانیتر. بەهەردوو قۆناغی ئبژێکتو سۆبژێکتدا لەهەرەمە ناعەقلانیەکەوە ئاڕاستە دەکرێت، لەوێدا لەفەزایەکی لەم چەشنەدا مرۆڤ عەقڵی لەکاردەخرێتو مێشکی بەم شێوەیە وێنا دەکات. کە ئەو لەدڵەڕاوکێو دوودڵی رزگاری بووبێتو ئیتر ئەو مرۆڤە ئەم گەنجینەیەی دۆزیوەتەوە کە بەدوایەوە وێڵبوە. ئەو بۆخۆی بەر لەمرۆڤەکانیتر گەیشتووەتە ئەو حەقیقەتە کە لەهەستو نەستی ئەودا مرۆڤەکانیتر هێشتا پێینەگەیشتوون، ئەو وەك قۆناغی یەکەم ئۆبژێکتە، بەلاّم خۆ حەقیقەت تەنها بەوەوە ناوەستێت کە مرۆڤەکە تەنها لەچوارچێوەی کۆنەستی خۆیدا ئەو رێوڕەسمو سرووتی ئایینی، مەزهەبی، نەتەوەیی، خێڵگەرایی... هتد، مومارەسە بکات، بەڵکو ئەو دەبێت بپەڕێتەوە بۆ قۆناغی دووەم، کە قۆناغی سۆبژێکتە. واتا بەرکردارو بەرفرمانو ببێتە سەربازو قوربانی لەپێناو چاندنی ئەم بیرۆکەیەدا بدات. ئەو فەرموودەیەی کە دەڵێت: بۆ پایەدارکردنی ئایینی ئیسلام، پێویستە بەهێز لەگەڵیدابیت. ئەگەرنا بەکردەوە، ئەگەریش نەڕەخسا بەدڵ، واتا لەهەرسێ بوارەکەدا مرۆڤ بەرفرمان دەکرێت بۆ بلاّوکردنەوەی بیروباوەڕەکەی. تەعبیری حەقیقەت وەك پێگەو هێزو دەسەلاّتی سیاسی وایە، بەوەلاّمدانەوەی شێوەیەکیتری بیرکردنەوە وەك تاوانێك لەتاوانەکان بزانێت، چونکە ئەوەی دەچێتە ژێرباری بەرفرمانباریەتی حەقیقەت لەزیهنی ئەودا ئەو حەقیقەتەی کە باوەڕی پێهێناوە، هەموو حوکمێکی تیۆری بڕاوەی لەخۆیدا هەڵگرتووە. ناوەڕۆکەکەشی بریتییە لە: تێزە تەشریعیەکانو ئەخلاقییەکان، واتا ئەخلاقیە هەمەکیەکانو دەستوری کردارکردن، کە باکگراوەندە بە دادپەروەریو لەبڕوای ئەودا حەقیقەت شتێکی نەگۆڕەو قابیلی دەستکاریکردن نییەو سازشکردنیش لەسەری واتا لادانە لەرێسا ئەخلاّقیەکان، بۆ مرۆڤ چونکە بەکردارێکی لەنگ دەستنیشان دەکرێت، چونکە لەزیهنییەتی ئەواندا وەك وتمان حەقیقەت نەگۆڕەو بەردەوامیو نەمری شوێنە پیرۆزەکان پێوەری حەقیقەتو زامنی گشتگیری حوکمەکانی شوێنی تەقدیسکراو. لەوێدا ئەو دامەزراوە دەبێتە پارێزەری حەقیقەت لەبەرامبەر هەر گۆڕانکاریەکداو بەزنجیرە پلەی هەمیشەیی خۆی خوازیاری فەرمانداری پەیڕەوەکانیەتی، واتا بێ قەیدو شەرت هەر گۆڕانێك لەسیستمەکەدا ئاشکراکاری هەڵەیە، کەواتە هەر گۆڕانێك یاخود شرۆڤەکردنێك بۆ ئەو شتەی ئەو باوەڕی پێیەتی، چوەتە ژێر هەژموونی دەقەکە یاخود قسەکردن لەسەر سیمبولی ئەو راستەوخۆ بەلادەر لەقەڵەمدەدرێت، ئەمە مێژوویەکی خوێناوی لەنێوان چ ئایینەکانو یاخود ناواخنی تێکستە ئایینیەکەدا بەرپاکردووە، ئەو مێژووە تراژیدیایەی لەنێوان مەزهەبەکاندا هەبووە،

رەنگە زیاترو دژوارتربێت، لەنێوان ئایینێك بۆ ئایینێکیتر، شەڕی نێوان کاتۆلیك، پرۆتستانت، ئەرسەدۆکس، هەروەها شەڕی نێوان شیعە واتا رافزییەکان، سوننە، خەواریج، ئەمانە گشتی لەحەقیقەتێکی رەهاوە سەرچاوە دەگرێت، کە ملیۆنەها مرۆڤ بوونە قوربانی حەقیقەتی رەها. تاکو گالیلۆو کۆپەرنیکۆس‌و نیوتن، ئەم زانستانەیان یەکلانەکردەوە، لەپێش ئەواندا مێژوو سەرپای لەناو حەقیقەتێکدا دەژیا کە لەدرۆیەکی گەورە شتێکیتر نەبوو، نیتشە ئاماژەیەکی جوانی بەحەقیقەت داوە کە دەڵێت: ئاخ حەقیقەت چەند درۆیەکی گەورە بوویت لەمێژوودا... ئەم تیۆرەی حەقیقەت هەر بەتەنها لەناو تێکستە ئایینیەکاندا نەبووەتە کاراکتەری هزری توندوتیژی، بەڵکو لەقۆناغی مۆدێرنەشدا لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، هزری نەتەوەیی لەفۆرمێکیتردا تەئویلکرایەوە، کە ئایدۆلۆژیا رەگەزپەرستی بوو، هەریەك لەفاشیەکانی ئیتاڵیاو ئەڵمانیای بەرهەمهێنا، کە بەرێگای باوەڕی نەگۆڕەوە بەگەڕانەوە بۆ رەگەزی ئاری‌و بەهەڵە بەکارهێنانی تیۆری نیتشەی مرۆڤی سوپەرمان هزری توندوتیژی لەسەر زەمین پراکتیزە کرایەوە.

کێشەی سەرەکی لەباوەڕی نەگۆڕ لەوەدایە کە مرۆڤ هیچ مەسافەیەك لەنێوانیخۆی‌و ئەو باوەڕە دانانێت کە ئەو بەرفرمانیەتی، واتا بەشێوەیەکی عیرفانی کراوەو هەڵدەستێت بە پراکتیزەکردنی بێقەیدوشەرتی ئەم ئایین‌و، یاخود ئەم مەزهەبە، یاخود ئەم ئایدۆلۆژییە...هتد. کە ئەمە بۆخۆی بەرهەمهێنەری گرفتەکەیە بەبەردەوامی. ئێمە ئاماژەمان بەکۆنکرێتکردنی بنەماکانی تیۆلۆژیدا کەلەرێیەوە مرۆڤ دەبێتە (بکەر)و قوربانی، واتا هەر ئاماژەیەك لەدەرەوەی فلتەری عەقڵی ئەوەوە دەخرێتە بواری پراکتیکییەوە، ئەفسانە ئایینیەکان لەرێگای نەخشاندن‌و وێناکردنی سروشت (میتافیزیکا) ئەم نەریتەیان داهێناوە. کۆمەڵێك ئەفسانە هەن ستراکتوری کۆمەڵگا بەشێوازێك بونیاتدەنێن کە لەشێوازی قەدەرگەرایە، یاخود چۆکدادان‌و تەسلیمبوونی بێقەیدوشەرتی سروشت. دەتوانین ئاماژە بەئەفسانەی ئیبراهیم بکەین، کە لەزیهنی ئەودا لەژێر فەرمانی خودادا دەیەوێت ئیسماعیلی کوڕی سەربڕێت، واتا ئەمە عیرفانیبوون‌و فەناتیزمبوونی مرۆڤە بێقەیدوشەرت. ئەم جۆرە ئەفسانانە مرۆڤ زیاتر ملکەچدەکەن بۆ چۆکدادان‌و جێبەجێکردنی فرمانەکان. کە لەکۆخەیاڵی ئەواندا خودا لەرێگای نێردراوێکەوە قسەیان لەگەڵ دەکات.

فالاچی لەکتێبەکەیدا، لەئەنجامی دیدارەکانی لەگەڵ خومەینی‌و شادا، ئاماژەی بەدوو حەقیقەتی ئایینی کاریزمی کردووە... لەشوێنێکدا پرسیار لەخومەینی دەکات، پێی دەڵێت: "بەهەزاران مرۆڤ لەبەردەمی دیدارێکی تۆدا چۆکیان داداوە، ئەم خەڵکە ئازار دەکێشن بۆ تەنها وتەیەك یاخود روئیایەکی تۆ، تۆ ئەمە چۆن هەڵدەسەنگێنی...؟

بەدیوەکەیی‌تردا ئەم عیرفانیەی ئەوان بۆ تۆ لەچی‌یەوە سەرچاوە دەگرێت...؟ ئەم حەقیقەتە چی‌یە کە ئەوان بێ قەیدوشەرت فەناتیزمی ئەم شێوە عیرفانیە دەبن...؟"

خومەینی بەم شێوە وەڵامی فالاچی دەداتەوە: "ئەوانە خەڵکی باوەڕدارن‌و باوەڕیان بەهێزەو، بەڵێ لەگەڵتم، ئەوان خەڵکی عیرفانین، دەیانەوێ گوزارشت لەناخی خۆیان بکەن، ئەم شێوازی خودا پەرستیە ئەوان دەیانەوێت لەرێگای ئیمامەوە بیکەن، کە منم.... واتا ئەمە حەقیقەتێکەو ئەوان باوەڕیان پێیەتی..."

(شا)ش لەوەڵامی هەمان پرسیاریدا دەڵێت: "من کە بووم بەشای ئێران، خەڵکی ئێران پێنج کیلۆمەتر ئۆتۆمبێلەکەیان لەسەر شان بۆ کۆشك دەبرد، من جێگای فەرامۆشی‌و ئاسودەیی‌و زامنکردنی ئایندەی ئەوانم، واتا ئەوان لەرێگای منەوە لەهەرێمی حەقیقەت نزیکدەبنەوە. شتێك لای ئەوان جێگرە، واتا حەقیقەتە، کە مانەوەی من ئەوان دەگەیەنێتە ئامانج"... ئەم دوو کەسایەتیە هەریەکەیان لەفەزایەکی جیاوازدا لەدنیاو جیهان دەڕوانن، واتا حەقیقەت دیاردەیەکی رێژەییەو بنەماو ستراکتۆرەکەش لەزیهنیەتی مرۆڤەوە لەسەر زەمین دەستنیشان دەکرێت، واتا سنورێکە کە بۆ جیهان‌و ژیان‌و دیاردەکان کێشراوە، کە مرۆڤ خۆی کێشاونی، بەلام لەئەنجامی نایفی‌و سادەیی خۆیەوە لای دەبێتە حەقیقەتێکی مێژوویی، زۆرجار چەندین سەدە حەقیقەتێك کە جگە لەدرۆیەکی گەورە شتێکی‌تر نەبووە، کە هەیمەنەی خۆی بەسەر مێژوودا فەرزدەکات، وەك سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا، کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، چەندین سەدە مرۆڤایەتی لەژێر درۆیەکی تیۆلۆژی لەم چەشنەدا ژیانی بەڕێکردوە. کە دواتر حەقیقەتە ئاوەژوو کراوەتەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەیەهودیەکان بپرسە دەڵێن: "ئێمە گەلی هەڵبژێردراوی خواین" ... لەشیعەکان بپرسە دەڵێن: "جەوهەری ئیسلام لەمەزهەبی ئێمەدایە"... لەمەش ترسناکتر جیهانبینی شیعەکان بۆ ژیان زۆر لەدارشتنەوەی سیناریۆیەك دەچێت‌و ئەوان ئەکتەرەکان دەستنیشان دەکەن، وەك ئەو بیرۆکەیەی مهدی چاوەڕوانکراو. کە ئەمە لەزیهنیەتی ئەواندا بووەتە حەقیقەتێك کە ناکرێت سازشی لەسەر بکرێت، حەقیقەتی مەزهەبی لەناو ئایینی ئیسلامدا ئێستاشی لەگەڵدابێت لەئەوجی پراکتیزەکردندایە، بۆنمونە: سونەی کەمینە لەئێران دەچەوسێتەوە، شیعەی کەمینە لەژێر دەستی وەهابیەکان دەچەوسێنەوە، هەرچی پلۆرالیزمی ئایینی‌بێت لەم ناوچانەدا ئامادەگی نی‌یە، ئەمە لەڕووی ئایینیەوە. لەڕووی ئایدۆلۆژیشەوە تاکو ئێستاش نەتەوەی تورك دان بەمافی گەلی کورددا نانێت، فارس‌و عەرەبیش بەهەمان شێوە. هەریەك لەم نەتەوانە، ئایینانە، مەزهەبانە، گروپانە، بەبڕوایەکی نەگوڕەوە چونەتە ژێرباری حەقیقەتێك کە ئامادەن لەپێناویدا خەڵکی تێدا بچەوسێننەوە، کە ئەمە لەمێژووی فرەخودایەوە تاکو قۆناغی

یەکتاپەرستیو دواتریش لەقۆناغی مۆدیرنێتەدا لەسەردەستی ئایدۆلۆژیستەکان، دواتریش ئیسلامی هاوچەرخ دووبارە بووەتەوە. ئەوە ململانێی ناو مەزهەبەکان زۆر لەململانێی نێوان شارستانێتییەکان، ئایینیەکان، نەتەوەکان، تراژیدیاترو ترسناکتربووە. ململانێی نێوان پرۆتستانت- کاتۆلیك- ئەرسەدۆکس، ململانێی نێوان سوننەو شیعەکان، کە دواتر ململانێکە رۆژ بەرۆژ چڕتربووەتەوە، تاکو گەیشتووەتە بنیاتنانی مەزهەب لەشێوەی حزبی، وەك خەواریجەکانو لەناو ئەوانیش چەندین گروپو لایەنی توندڕەوی بەکارهێناوە، تاکو دواترۆپکی ناعەقلانیەتی ئەو گروپانە کە گەیشتە دیاردەی خۆکوژی. ئەمانە هەمووی قەیرانی مرۆڤە لەبەرامبەر تێگەیشتنو جیهانبینی خوێندنەوەی ئەم مرۆڤە بۆ جیهانو دیاردەکان، دادگای پشکنینی سەدەکانی ناوەڕاست، لەژێر هەژمونی کلێسادا پابەندبوون بوو بە حەقیقەتێك کە ئەوەی لەناو جەوهەری تێکستی ئایینی مەسیحیو دواتریش مەزهەبەکەیدایە، هەر ئەم بڕوانەگۆڕەو جێگیربوونە حەقیقەتە بوو کە دەرفەتی لەبەردەم گۆڕانکاریو سەرکەوتنی رێنیسانس لەناو جیهانی ئیسلامیو عەرەبیدا نەداوە، کە قۆناغەکانی ئایینی، مەزهەبی،. نەتەوەیی، خێڵەکی، لەرێگای تەوافوقو راگرتنی بالآنس تێبپەڕێت.

ئەم نەخۆشییە دواتر لەرۆژهەلآتدا دەگوازرێتەوە بۆ ناو پرۆسەی حزبایەتی، لەوێشەوە بۆناو توێژە کۆمەلآیەتییەکانو بووەتە نەریتێکی سیاسی کۆمەلآیەتی، کە مرۆڤ بە باوەڕی نەگۆڕەوە چی لەبواری فیلۆلۆژیستی ئایینی ئایدۆلۆژی حزبی، هەیمەنەی نەتەوەیی، تاکو ئێستاش هەریەك لەمانە بڕوای بە حەقیقەتێکە، کە لەدەرەوەی ئەودا هیچ تێزێك، میتۆدێك، ئایدۆلۆژیایەك، مێژوویەك راستیە، جگە لەخودی مێتۆدەکەیو مێژووەکەی خۆی.

ئێستاش تورکەکان کوردەکان بە تورکی شاخی دەستنیشان دەکەنو وای تێدەگەن، واتا وا پەروەردەکراون، ئەمە لەرێگای هەڕەمی نەتەوەپەرستی تورکەکانەوە بونیاتنراوە، واتا لەرێگای هەڵەیەکی مێژوویی مەبەستدار لەلایەن رەگەزپەرستەکانی تورك، ئەم مێژووە دۆزراوەتەوە، یاخود داتاشراوە، چونکە لەناو بیرۆکەی رەگەزپەرستیدا مێژوو دادەتاشرێتو بەردەوام رەگەزپەرستەکان وەك نەریتێکی سیاسی کۆمەلآیەتی بەدوای غروریی مێژوویی خۆیدا دەگەڕێن، واتا دۆزینەوەی مێژووی غرووری ئێستاشی لەگەڵدابێت، عەرەب وەك نەتەوەیەکی خاوەن شارستانیەتو خاك، لەکوردو مێژووەکەی رانامێنێت، ئەمە ئەو حەقیقەتە ترسناکەیە کە مرۆڤی پێگۆشکراوەو پێی وایە لەدەرەوەی مێژووی ئەو، تێزی ئەو، ئایدۆلۆژیای ئەو، شتێکیتر نییە....

دوای ئەوەی شرۆڤەی چەمکی حەقیقەتمان کرد، لەبەردەم کێشەیەکیتریش رادەوەستین، کە نەبوونی هونەری راگرتنی بالآنسە لەنێوان بڕوابوون بە حەقیقەتو پیادەکردن لەگەڵ حەقیقەتەکانیتر، واتا دەنگە جیاوازەکان،

نەخۆشی ئەم مرۆڤانە لەوەدایە لێکبوردن بە تەسلیمبوونو سازشکردن وێنادەکەن، ڕەنگە مرۆڤێك بڕوا بەڕای بەرامبەرەکەی نەکاتو تاسەر ئێسقان ناکۆکی لەگەڵ بیرۆکەکەیدا هەبێت، بەلاّم لەبواری سیاسی، فیکری، کۆمەلاّیەتی لێیدەبووریّت، چونکە لێکبوردنولێکتێگەیشتن بەو مانایە نایەت کە بچیتە سەر بڕوای کەسی بەرامبەرەوە، واتا نەبوونی هونەری پێکەوە ژیان گەورەترین کێشەی مرۆڤی ڕۆژهەلاّتیە.

## لێکبووردن

هەندێك لێکبوردن بە فەزیلەتێکی مرۆیی، هەروەها کۆمەلاّیەتی دەستنیشان دەکەن. لەهەمان کاتدا لێکبوردن خەسڵەتێکی مۆڕاڵیە، چونکە دەچێتە چوارچێوەی موداراکردنو چاوپۆشی لەهەڵەی مرۆڤەکانی بەرامبەر. ڕەنگە لەزۆر ڕووەوە لێکبوردن لەگەڵ یاسادا یەکانگیر نەبێت، چونکە لێکبوردن بەدان بەخۆداگرتن لەبەرامبەر مرۆڤە لادەرو سەرپێچیکاران لەیاسا، لەقەڵەم دەدرێت، چونکە لێرەدا لێکبوردن پرۆسەیەکی دوولایەنەیە، لەلایەکیان دڵفراوانیو پشوودرێژیمان فێردەکات، لاکەیتریش چاوپۆشیو فرتوفێڵو خود هەڵخەڵەتاندنمان فێردەکات، بەلاّم چەمکی لێکبوردن لەزۆر ڕووەوە دەبێتە بەرنامەیەکی درێژخایەن بۆ جولاندنی کۆنەستی مرۆڤەکانو کۆلێکتیڤکردنی کێشەکان لەبەرامبەر پەرگیریدا.

ئەگەر ڕووداوەکەی کالاّس بەنموونە بهێنینەوە لە ١٧٦٠ز سیڕۆنو ڕووداوی شوالیە دۆلابارم کە ڤۆڵتێر لەکتێبی وتارێك لەبارەی لێکبوردنەوە باسی دەکات، لەم کێشەیەدا ڤۆڵتێر هەر بەتەنها لەناو جوغزی خێزانێکدا نامێنێتەوە کە لەو سەردەمەدا بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە دادگایی دەکرێن، بەڵکو ڤۆڵتێر لەوێدا لەروئیایەکی فراوانترەوە لەجیهانبینیەکی نوێترەوە لەم کێشەدەڕوانێتو فۆڕمێکی تازەی دەداتێ. کە دەیەوێت تەواوی مرۆڤایەتی لەوە ئاگاداربکاتەوە کە پەڕگیریو دەمارگیری کاسۆلیك بۆ ئەم سەردەمە چ هەژمونێکی ترسناکیان بەسەر مرۆڤایەتیەوە هەیەو ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە بە بەربەستێك بونیات بنرێت لەبەرامبەر توتالیتاریەتو بەربەریەتی عەقڵیەتی شەمپازیی قەشە کاسۆلیکەکان. دیارترین ڕستەش کە ڤۆلتێر ئاماژەی پێکردوە: لەئەنجامی بێزاریەکی زۆرەوە دەریدەبڕێتو دەڵێت: "مەسیحیەت مێژووی شانزە سەدە بەربەریەتە" واتا لێکبوردن لەم کێشەیەی ڤۆلتێر ئیبرازی کرد بونیاتی سیستمێکی تازەی هێنا، لەسەر تیرازی یەکتر قبوڵکردن، کە ئەمە بۆ یەکەمینجاربوو ئەم وردە کێشانە سەنترالیزمێك پێکبهێنن، ئەگەر بەپێی پێدراوەکانی سەردەم قسەی لەسەر بکەین، دەتوانین لەشێوازی دروستکردنی ڕای گشتی وێنای بکەین. هەروەها کێشەی دریفوسیش هەمان مۆدیلو نموونەی ئەم کێشەیەبوو. ڤۆڵتێر لەنووسینێکیتردا ئاماژە بەوە دەکات، کە نەزانین بەهرەیەکی گشتیە، یاخود خەسڵەتێکی

فـــیزیکیو تـــیۆلۆژیە، کەواتـــە مـــرۆڤ دەبێـــت لەبەرامـبەر مرۆڤەکەیتـردا لێبوردەبێت، چونکە مـرۆڤ لای ڤۆلتـێر بوونەوەرێکی سادەو بێتوانایە دووچاری هەڵەو گۆڕین دەبێتەوە، بۆیە ناکرێت لەبەرامـــبەر هـــەر هەڵەیـــەکی بچـوك یـــاخود گـەورەش راستو چـەوتێك بەسـەر ئەم مرۆڤەدا بهێـنین، بـەڵکو دەبێت هەوڵبدرێت ئـەم مـرۆڤە لەئاستێکەوە بـۆ ئاستێکی باڵاتـر رەوانەبکرێـت، ئـــەم جەنگـــەی ڤۆلتـــێر بـــۆ لێکـــبوردن ١٧٦٣ لەمـــیانەی پەیامەکەیـــەوەو نووســـینی کۆمەڵـــە مەوسوعیەکان بوو بە کاراکتەرێکی گرنگی ئایین بینـیو ئـەو تێڕوانیـنە تایبەتـیەی کـە لەئاسـتی جیهانبیـــنیو ئایيـــنی لـەئارادابوو، ئەمـە بـووە کاراکـتەرێکی گـرنگی هەرسـکردنو سـەرکەوتنی ڤۆنـــاغی رێنێســـانس. تـــاکو بەرهەمهێـــنانی مەزهەبـە پۆزەتیڤیستەکان کـە لـەناوەرۆکی ئـەم مەزهەبانـەدا یەکێـتیو بـرایەتی جـیهان بـوو. دیـارە لێکبوردنیش فۆرمێکی تازەو پێدراوی تازە وەردەگرێـت، ئەگـەر پێشـتر لێکـبوردن لەبـەر کاراکـتەری سادەییو سستیو پاسیڤی مرۆڤەکان بووبێت، ئـەوا لێرەداو لەفۆرمێکیتردا لێکبوردن دەبێـــــتە فەزیلەتـــــێکی مـــــرۆییومۆڕاڵیو کۆمەڵایـــەتیو بـــە کۆلێکتـــیڤکردنی کێشـــە کۆمەڵایەتیەکان دەستنیشان دەکرێت.

لێکـــبوردن هـــێواش هـــێواش لەگـــەڵ پەرەسـەندنی مرۆڤایەتـیدا بووەتـە پێویستیەکی مـێژوویيو حـەتمی، بەڵکو بووەتە ئەو کاراکتەرە گـرنگەی کە سیستمی سیاسی لەسەر بونیاتنراوە، چـــونکە تـــاکو مـــرۆڤایەتی پەرەدەســـێنێتو گەشـەدەکات، کێشـەو ململانێکانـیش لەفورمـێکی تـــازەدا زیـــاددەبنو بەرژەوەندیەکانـــیش روو لــەزیادبوونن. واتـا لەبەرامبەریشـدا لێکـبوردن هـــێواش هـــێواش پەرەدەســـێنێتو لەفۆرمـــە دێرینـەکانەوە بـۆ فۆرمە تازەکان دەگواسترێتەوە، بـە توخمـە فەلسـەفیە تازەکـان دەچـێتە نـێوان توێـــــژە کۆمەڵایەتـــــیەکان، پەیوەندیـــــە کۆمەڵایەتـیەکانی لەسـەر بونیاتدەنرێت، چەمکی لێکبوردن جیهانی ئیسلامیشی گـرتۆتەوە، زۆرن ئـەو بیریارانەی لەهەوڵی خاوکردنەوەی پەڕگیری مەزهـــەبی ئیســـلامیەکاندابوون، وەك کـــەندیو فـــارابیو ئـــیبن روشـــدو بزوتـــنەوەی ئـــیخوان ئەلســـەفاو موعـــتەزیلەکانو...وهـــتد کـــە لەنووسـینەکانیاندا ئاماژە بەوەدەکەنو جیهانی ئیسلامی لـەوە ئاگاداردەکەنەوە کە دژایەتی هیچ زانستێك لەزانستەکان نەکەنو سوکایەتی بەهیچ کتێبێك یـاخود تـێزێکی نـوێ نەکـەن. لەهـەمان کـاتدا هـیچ ئایینزانێکـیش بـە دوژمـنی خۆیـان دەستنیشـان نەکـەن. کـە ئامـاژە بـەوە دەکـەن حەقـیقەت هەرچـەندە دەرکەوتـەکانی جـیاوازو هەمـــەجۆرن، بـــەڵام لەکۆتایـــیدا هەرهـــەموویان لەیـەك سەرچاوە شەرعیەت وەردەگرن، هەروەها مەنسـوری حـەللاجو محـێدین ئـیبن عـەرەبی دەورێکـی بەرچـاویان هـەبووە لەجـێگیرکردنی بـنەمای لێکـبوردن. بەتایـبەتی لەســـەدەکانی کلاسـیکی ئیسـلامی بـڕێکی زۆر لـەم چـەمکە بەکاراکـتەری جیاوازەوە لەهـەوڵی جێگیرکردنی بنەماگەلێکی لەم چەشنەدابوون، بەڵام بەداخەوە لەرۆژهـــەڵاتی ناوەڕاســـتدا ئـــەم ســـەرکەوتنەی

بەدەست نەهێنا. ئەویش لەبەر چەندین هۆكار كە نامانەوێت لەم باسەماندا رۆبچینە ناویان، مەبەستی ئێمە زیاتر شرۆڤەكردنی چەمكەكەیە.

لێكبوردن بەو مانایەیە كە مرۆڤێك، گروپێك...هتد كە لەئایدیایەكی جیاواز دەبورێت، بەو مانایەنابێت ئەو چوبێتە سەر هەمان بیروباوەڕ، بەڵكو ئەمە بەهونەری بەڕێوەبردنی ژیان دەژمێردرێتو بە مامەڵەیەكی عەقلانیو ژیرياری لەگەڵ نەیارەكاندا وێنادەكرێت، كە لەهەندێك ئایدیای جیاواز لەكۆنەستی خۆیەوە لەبەرامبەرەكە دەبوورێتو قبولّی دەكەیت. وەك وتمان قبولّكردنی دەنگی نوێ لەڕووی سیاسیەوە بەمانای (التعایش السلبی) دێت واتا پێكەوە ژیانی بەناچاری لەڕووی كۆمەلآیەتیەوە... لێكبوردنی هەستی مرۆڤی بەرامبەرەكەت كە رەنگە ئەم مرۆڤە وەك پێویست هەستو كۆنەستی یاخود هێزی ئیدراكی بەهێز نەبێت، كە جیهانو دیاردەكان بەشێوازێكی باش هەڵبسەنگێنێت، بەدیوەكەیتردا رەنگە تێڕوانینی ئەو جیاوازبێت لەگەڵ یەكێكیتر، چونكە هەر مرۆڤەو پێوەرێكی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی جیهانو جیهانبینی تایبەت بەخودی خۆی هەبێت، رەنگە مرۆڤێك لەژێر كاریگەری خورافەوە بكەوێتە ژێر ترسو گەورەیی دنیای ئەزەلی، بەلآم مرۆڤێكیتر بەكۆمەڵێك پێدراو جیهانو دیاردەكان هەڵبسەنگێنێتو خوێندنەوەیەكی جیاواز لەویتری هەبێت.

كێشەكە لەوەدایە هەندێك تێڕوانینی رەهاو شاقوڵی بەرەو ئاراستەی پەڕگیری هەنگاو دەنێتو حەقیقەتێك لای ئەو بەرهەمدێت كە جێگای هیچ شرۆڤەیەكو هەڵكۆڵینێك نابێتەوەو لەئەنجامی پەڕگیریەكەشی ناتوانێت لەبەرامبەرەكەی ببورێت، وەك ئەوەی خەواریجەكان لەعلیيان قبولّ نەكرد كاتێك ویستی بەشێوزاێكی عەقلانیو لەڕێی دیالۆگەوە لەگەڵ معاویەدا بگاتە ئەنجامێك، ئەوەبوو لەئەنجامدا هەردووكیان لەلایەن خەواریجەكانەوە تەكفیركران. ئەگەر هاتباو خەواریجەكان هێندە نەچووبانە ژێر هەژموونی ئەو حەقیقەتەوە كە لەزیهنیەتی ئەواندا بونیاتنرابوو، رەنگە مێژووی ئیسلام بەئاقارێكیتردا هەنگاوی بنابایە.

لێكبوردن زیاتر لەبەردەم بیرۆكەی هەڵگەڕانەوە تووشی ئیشكالیات بووەتەوە، كە زۆر لەمەزهەبە ئەرسەدۆكسییەكان دەقو فەرموودەكان بەدەقێكی نەگۆڕ وێنادەكەنو رێگا نادەن هیچ شرۆڤەیەكو ئیجتیهادێكی تێدا بكرێت، ئەو وەزیفەیەی ئەوان بەخۆیانی دەبەخشن، جێبەجێكردنی بێقەیدوشەرتی دەقو فەرمودەكانەو زەمەنێكی پیرۆزیش لای ئەوان هەیە كە دەبێت رەوتی ژیانو جۆری بیركردنەوەو سیستمی سیاسی كۆمەلآیەتی لەسەر هەمان مۆدێلو شێوازی ئەم زەمەنە بێت، كە زەمەنی پیرۆزە، ئەمە زیاتر هێزە فەندەمێتالیزمە ئیسلامیەكان باوەڕیان پێیەتی.

که ئێستاش ئیسلامی سیاسی هاوچەرخ لەسەر ئەم میتۆدە کاردەکەن، لێرەدا لێکبوردن ناتوانێت وەك چەمك میتۆد ئامادەیی هەبێت، چونکە لەناو تێکستی ئەم مەزهەبانەدا عەقڵیەتی فراوانو تێپەڕاندنو ئیجتیهادات بونی نییە.

ئەوەی کە هەیە هەڕەمێکی شاقوڵیە بڕیارەکانی خەلیفە لەسەر زەوی بێ قەیدوشەرت دەبێت پراکتیزە بکرێت، جگە لەکەسی ئیماندار کەسێکیتر جێگای ڕێزو حەقی ئەوەی نییە لەپرۆسەی ژیانیدا بەردەوامبێت.

لێکبوردن لەبەرامبەر حەقیقەتی یاساییشدا تووشی بڕێك لەئیشکالیات دەبێت، بەتایبەتی ئەو یاسا کلاسیکیانەی ڕۆژهەلاَت کە کەمتر ئیجتیهادو بواری گەمەکردنی لەنێودا ئامادەنییە. بۆنموونە تائێستاش لەهەموو وڵاتە عەرەبیەکانو ئیسلامیەکان ئامادەیی هەیە جگە لەوڵاتی مەغریب. بوونی یاسای لەسێدارەدانیش دەربڕی ئەوەیە کە تاکو ئێستا سیستمی لێکبوردن لەڕووی جینائیو سیاسیەوە کەمتر ئامادەیی نییە، لەڕووی سیاسیەوە وتمان تاکو ئێستا دیموکراسی لەزۆربەی ئەم وڵاتانەدا بوونی نییەو کەمتر دەرفەتی لەبەردەمدا نییە، لەڕووی جینائیشەوە وەك وتمان تاکو ئێستا چارەسەری ریفۆرمی مرۆییو بەشێوەیەکی زانستی بوونی نییە.

بوونی یاسای لەسێدارەدان وەك وتمان دەربڕی بوونی بنەمای یەکتر قبولکردنو لێکبوردنە، هەروەها لەڕووی پلورالیزمی ئایینیش بەهەمان شێوە ئامادەیی نییە، سەیرکە تاکو ئێستاش کەمینەی شیعەکان لەژێر جەورو ستەمی وەهابیەکان دەچەوسێنەوە، کەمینە سوننەییەکان بەهەمان شێوە لەئێران سوکایەتیان پێدەکرێت. واتا بنەماو چەمکی لێکبوردن بەشێوازێکی زانستیانە نەتوانراوە لەناو ڕەهەندە کۆمەلاَیەتیەکاندا فۆرمەڵەبکرێتو موتوربەی یەکە کۆمەلاَیەتیەکان بکات کە ناوەڕۆکی بریتیە لەهەڵەکردن لەگەڵ کەسی بەرامبەر وەك دڵ گەورەییو سینگ فراوانی مرۆڤەکەیە بەرامبەر بە مرۆڤێکیتر، کە ئەمە بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی هیومانیستیەو لەژێر چەتریدا ڕەنگی جیاوازو ئایینی جیاواز...هتد. بە یەکێتیەکی باکگراوەندکراو بە لێکبوردنو پێکەوەژیان بونیات بنرێت.

سەرچاوە

اين هو فكر العرب المعاصر (محمد اركون)

اخوان صفاء (د. فؤاد معصوم)

سەردەم ژمارە ١٦-فۆلتێر لێکبوردن لەبەرامبەر یەکتریدا

فەریلەتی گشتی-فەریلەتی تایبەتی سنوری لێکبوردن زەلی سادزاندرۆی وەرگێڕانی لەفارسیەوە ڕێبین ئەحمەد هەردی ژمارە ١٦

النص ٢ السلطة ٢ الحقيقة د.ناصر حامد ابو زيد.

# یۆرگن هابرماس و تیۆری کۆمەڵایەتی

ن: ئیان کریب
و: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

دەسپێك:

هابرماس چەند ساڵێك لەسەر دەستی ئەدۆرنۆ خوێندوویەتی، بەگشتیش بەجێکەوتی سەرەکی پاشماوەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دادەنرێت. ئەگەرچی چەندین بیرو بۆچوونی هاوبەشی هەیە لەگەڵ ڕابەرانی ئەو قوتابخانەیەدا، بەڵام هابرماس ئەو قوتابخانەیەی بەلایەکی تردا برد. من لۆکاش ـ م وا وەسفکرد کە نوێنەری نەزعەی گەشبینانەی و هەریەك لەئەدۆرنۆو هۆرکهایمەرو مارکۆزەشم بەراوردکردن بەو سیفەتەی نوێنەری نەزعەی ڕەشبینانەن، ئەوەش لەنێو چوارچێوەیەکی هزری هاوبەشدا. باسی ئەوەشم کرد کە ئەوەی ئەوانە بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، بایەخدان بوو بەئازادی مرۆڤ، هەرچەندە ئەگەر ئەو ئازادییە لەواقیعیشدا نەبێت و دوور بێت، کەچی لەنێو کارەکانی هابرماس ــ دا ئەو سەرگەرمییە بۆ ئازادی ئەگەرچی بوونی هەیە، بەڵام کەمتر دەردەکەوێت. هابرماس خۆی لەهەڵکشان و داکشانی نێوان گەشبینی و ڕەشبینی بەدوور دەگرێت و زیاتریش جەخت دەکاتە سەر شیکردنەوەی کردەو بونیادە کۆمەڵایەتییەکان و هەوڵدەدات بگەڕێتەوە سەر شتێك هاوشێوەی ئەو نموونە شیکارییە بێت کە لەپێشەکی ئەو کتێبەدا باسمانکردو واقیعیش دەکاتە کۆمەڵێك پارچەو بەشی جیاوازو ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە پێوەندییەکی زۆر گشتی لەنێوان ئەو بەشانەدا هەیە.

هابرماس دێت سیستەمێکی تر بۆ فایلەکان پێشقە دەبات ــ کە شێوەی سیستەمەکەی پارسۆنز ئاڵۆز نییە، بەڵام هەرچۆنێك بێت سیستەمێکە بۆ مەلەفات ــ لەبەرئەوەی حەز بەتەرتیبکردنی شتەکان دەکات بەشێوەیەکی سێیانەیی، لەشێوەکانی مەعریفەوە بۆ قۆناغەکانی پێشقەچوونی کۆمەڵایەتییەوە.

چەپڕەوی هابرماس جێگای وتووێژو قسە لەسەر کردن نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕەخنە لەو دابونەریتە هزرییانە بگرێت کە پێڕەویان دەکات، بەوەش خۆی لەو بزوتنەوە قوتابیانەیە بەدوور گرت کە لەشەستەکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدا. ئەو دێت ڕەخنەیەکی ڕیشەیی لەمارکسیزم دەگرێت و دەگەڕێتەوە سەر زۆر لەبۆچوونەکانی پارسۆنز. دەشێت لەچوارچێوەی ئەو کتێبەشدا وا تەماشای هابرماس بکرێت، یەکەم: وەکو ئەوەی هەڵگری وێناکردنێکە بۆ ئاوێتەکردنی بونیادو کردە لەنێو یەك تیۆری هەمەکیدا، ئەوەش بەدی دەکەین کە ئەو هەوڵێستەی دەبێتە سەرچاوەی بنچینەیی ڕەخنەگرتن لەکارەکانی. دووەم: بەو سیفەتەی هابرماس بەرگری لەپڕۆژەی مۆدێرنە دەکات،

بەتایبەتیش لەهەردوو بیرۆکەی عەقڵو ئەخلاقی هەمەکی. پاساوەکەشی ئەوەیە کە پرۆژەی مۆدێرنە شکستی نەهێناوە، بەڵکو تاوەکو ئێستاش بەرجەستە نەبووە، بۆیە مۆدێرنە هێشتا تەواو نەبووەو کۆتایی نەهاتووە. پێدەچێت ئەو هەڵوێستەی هابرماس بیخاتە رووگەیەکی تەواو ناکۆکو دژکار لەگەڵ رابەرانی سەرەتایی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا، بەتایبەتیش لەبارەی هەڵوێستیان لەرەخنەگرتن لەعەقڵی رۆشنگەری. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستەکەی هابرماس جەختکردنەوەی تێدایە لەسەر دیالیکتیکی رۆشنگەری، واتا کردەی رۆشنگەری کردەیەکی دوو لایەنەیە. یەکێکیان بریتییە لەبیرۆکەی بونیادی هەرەمیو بەکۆیلە کردن، وەکو ئەوەی نووسەرانی پۆست مۆدێرنە بانگەشەی بۆ دەکەن، کەچی لایەنەکەی تر بریتییە لەتواناکاری بونیادنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد کە بەلایەنی کەم هەموو تێیدا بەختەوەر بن. تیۆری پۆست مۆدێرنە ئەو توخمەی دوایی تێدا نییە، ئەویش خۆی کەوتۆتە نێو تەڵەزگەیەکی ترەوە کە بریتییە لەوەی لەرەتکردنەوەیدا بۆ عەقڵ پشت بەخودی عەقڵ دەبەستێت تاوەکو پاساوی ئەو هەڵوێستەی بۆ بداتەوە، لەوەشدا هەر وەکو تیۆرەکانی ترە.

ئەوەش بەدی دەکەین کە هابرماس تەبەنای ئەوە دەکات کە ئێمە ناومان نابوو بزاڤی "گۆرانی زمان"و پێی وایە نابێتە هۆی دەسبەرداربوون لەهیوای بەدیهێنانی مەعریفە یا ئەخلاقی هەمەکی، بەڵکو بەمانایەکی تر، دەشێت لەنێو فەلسەفەی زماندا ــ یا لەنێو خودی زماندا ــ هەمان ئەو پێوەرانەی مەعریفەو ئەخلاق بدۆزینەوە.

## تێروانینی هابرماس بۆ تیۆری رەخنەیی

هابرماس لەکارە بەرایییەکانی خۆیدا سێ جرو سێ شێوە تیۆر لەیەکتری جیا دەکاتەوەو پێشی وایە هەر هەمووشیان بۆ پێشڤەچوونی مرۆڤ گرنگن. ئەو سێ شێوەیەی تیۆر لەسەر سێ "بەرژەوەندی مەعریفی" بونیادنراون. مەبەستی هابرماس لەبەرژەوەندی مەعریفی ئەوەیە کە ئێمە بەردەوام مەعریفە لەپێناو مەبەستێکی دیاریکراودا پێشڤە دەبەین، بەدیهێنانی ئەو مەبەستەش بنچینەی بەرژەوەندی ئێمەیە لەمەعریفەکاندا. ئەو بیرۆکەیە جیاواز نییە لەو قسەیەی کە دەڵێت قوتابی بەرژەوەندی لەجۆرێك لەجۆرەکانی مەعریفەدایە تاوەکو بتوانێت مەبەستەکەی خۆی تێدا بەدیبێنێت کە بریتییە لەبەدەستهێنانی بڕوانامەو دامەزراندن یا وەرگرتنی وەزیفەیەك. بەڵام ئەو بەرژەوەندییانەی هابرماس باسیان لێوە دەکات، بەرژەوەندییەکی هاوبەشە لەنێوانماندا بەحوکمی ئەوەی هەمووومان ئەندامین لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. ئەو بانگەشەیەی هابرماس رەگورپیشەکەی بۆ کارە بەرایییەکانی کارل مارکس دەگەرێتەوە، ئالێرەدا دەکرێت هەست بەسەرەتاکانی رەخنەگرتنی لەتیۆری مارکسیزم بکەین. چونکە پێی وایە کار تەنیا

شت نییە کە مرۆڤ لەئاژەڵ جیا بکاتەوەو توانای گۆڕینی ژینگەی دەوروبەری پێبدات، بەڵکو زمانیش، یا بڵێ توانای مرۆڤ لەسەر بەکارهێنانی ئاماژە بۆ بەردەوام بوون لەنێوانماندا. ئەوەش بیرۆکەیەکە جیاواز نییە لەوەی لای جۆرج هربەرت مید هەیە. ئەو دوو توانایەی مرۆڤ، توانی لەسەر کارکردنو توانای بەردەوام بوون لەگەڵ یەکتری، دەبنە هۆی سەرهەڵدانی دوو جۆری جیاواز لەشێوەکانی مەعریفە، کە بریتییە لەکۆنترۆڵکردنی کارە سروشتییەکانو ئیستیغلالکردنی لەپێناو بەرژەوەندی خۆماندا. بۆ نموونە، ئێمە هەموومان بەرژەوەندیمان لەوەدایە کارەبا پێشڤە بچێتو زیاتر گەشە بکاتو بەکاری بێنین، چونکە هەموومان لێی سودمەند دەبین.

ئەو بەرژەوەندییە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەوەی هابرماس ناوی دەنێت زانستە شیکارییە ئەزمونگەرییەکان، ئەو زانستانەی نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرنکفۆرت ناویان نابوو زانستە پۆزیتیڤیستەکان، ئەو زانستانەی هەردوو لاش بەیەکەوە ناوی دەنێن عەقڵی ئامێرگەرایی.

بەڵام هابرماس جەخت دەکاتە سەر شوێنگەی ئەو زانستانە لەنێو ژیانی مرۆڤدا ـ تەنانەت کاتێك بەسەر ژیانی مرۆڤیشدا پراکتیك دەکرێت ـ لەبەرئەوەی ئێمە هەموومان دەکەوینە ژێر کاریگەری ئەو کردە سروشتییانەی لەدەرەوەی وشیاریماندا ڕوودەدەن، ئەو کردانەش کردەیەکن ئێمە دەسەڵاتمان بەریاندا نییە.

کەچی تیۆریستە بەراییەکان گاڵتەیان بەو جۆرە مەعریفانە دەهات. هەموو بەرژەوەندییەك لەو نێوەندەدا گەشە دەکات کە هابرماس ناوی دەنێت" نێوەند ـ Media"، ئەوەش ئەو بوارەیە کە تێیدا بەرژەوەندی دێتە واری پراکتیك کردن. بەرژەوەندی تەکنیکی لەنێو کاردایەو لەڕێگای ئەویشەوە گەشە دەکات، بەڵام کێشە لەگەڵ عەقڵی ئامێرگەرایی لەوەدا نییە کە ئەو عەقڵە گەندەڵە یا بەرەو کۆنترۆڵکردن دەڕوات، بەڵکو لەوەدایە کە ئەو عەقڵە لەنێو کۆمەڵگا تازەکاندا کەوتۆتە پێش شێوەکانی تری مەعریفە.

زمانیش کە شێوەکەی ترەو لەسایەیەوە مرۆڤ ژینگەی خۆیان دەگۆڕن، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەوەی هابرماس ناوی دەنێت" بەرژەوەندی کردەیی"، ئەوەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی زانستە تەئویلییەکان. " بەرژەوەندی کردەیی" بایەخ بەکارلێکردنی مرۆڤ دەدات ـ واتا شێوەی تەئویلکردنی کارەکانمان بەرانبەر بە یەکتریو شێوەی تێگەیشتنمان لەیەکتریو ئەو شێوازانەی لەسایەیەوە لەچوارچێوەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە کارلێك دەکەین. هێرمینیۆتیکا ـــ Hermeneutics بەمانای زانستی تەئویلکردن دێت، دەشێت هەندێك لەو ڕوانگانەی پێشتر خستمانە ڕوو بەڕوانگەی تەئویلی دابنرێن وەکو: کارلێکردنی ڕەمزی، میتۆدگەرایی سیستەمی کۆمەڵایەتی، شیکردنەوەی بونیادیانەی کولتوور،

ڕەوتی پۆست بونیادگەری، چونکە هەر هەموویان بەشێوەیەك لەشێوەکان بایەخ بەو شتانە کە مرۆڤ دەیاندرکێنێتو بیریان لێدەکاتەوەو پێوەندیان بەکارەکانیانەوە. ئەو زاراوەیە یەکەمجار لەگەڵ تەئویلکردنی دەقە پیرۆزەکان سەری هەڵداوە، وتا بۆ تێگەیشتن بووە لەپەیامە خواییەکان، بەڵام ئەمڕۆ زۆرجار پەیوەستە بەجۆرێك لەوتوویژی ئەپستراکتی فەلسەفیو بایەخ بەو شتە دەدات کە ئێمە ناوی دەنێین" تێگەیشتن"و چونییەتی پێگەیشتن پێی. هانز جۆرج گادامێر ـ H ans G eorg Gadamer بە پسپۆری ئەو زانستە دادەنرێتو هابرماس ــ یش لەگەڵیدا ڕۆچووەتە نێو وتووێژێکی دوورو درێژ لەبارەی سروشتی تێگەیشتنەوە. بەرژەوەندی کردەیی لەنێو نێوەندی کارلێکردندا گەشە دەکات، یەکێ: لەبیرۆکە سەرەکییەکانی هابرماس مەبەستییەتی ئەو شێوازە بدۆزێتەوە کە لەسایەیەوە بونیادە کۆمەڵایەتییەکان دێن ئاژاوەو هۆسە دەخەنە نێو کردەی کارلێکردنو دەیشێوێنن، لەبەرئەوەی تێك نەگەیشتن شتێکە لەنێو مرۆڤدا هەیەو دەکرێت بەشێوەیەکی ڕێکخراو فریو بدرێن بخەڵەتێنرێن. ئەو شێواندنە ئایدیۆلۆژییە وەکو ئەوەی هابرماس دەڵێت ناکرێت لەمیانەی کارەکانی گادامێرەوە تێگەیشتراو بێت.

هابرماس وای بۆ دەچێت کە بەرژەوەندی زانستی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێکی تر لەبەرژەوەندی کە بریتییە لەبەرژەوەندی ڕزگاریو ئازادبوون. ئەو جۆرە بەرژەوەندییەش پەیوەستە بەزمانو هەوڵدەدات کارلێکردنو بەردەوامبوون لەو توخمانە ڕزگار بکات کە دەیشێوێنن. بەرژەوەندی ڕزگاریو ئازادبوون دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی زانستە ڕەخنەییەکانی وەکو دەروونشیکاری کە هابرماس وەکو نموونەیەك باسی لێوە دەکات. زانستە ڕەخنەییەکان دان بەوە دادەنێن کە ئێمە توانای بیرکردنەوەمان هەیەو دەتوانین وشیاربین بەهەموو ئەو شتانەی ئەنجامیان دەدەینو لەکاتی بڕیاردا شتەکان هەڵدەسەنگێنینو بڕیاری ڕاستو دروست هەڵدەبژێرین، ئەوەش لەسەر بنەمای ئەو ڕووداوانەی لامان دیارو ئاشکرایە لەبارەی حاڵەتەکانەوەو لەو سۆنگەیەوە کە ئێمە بنەماکانی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی قەبووڵکراو ئیدراك پێدەکەین. ئەو کاتە شێواندن ڕوودەدات کە هەندێك ڕووداوی دیاریکراو لەهەندێك یا هەموو بەشداربووان لەکردەی کارلێکردندا دەشاردرێتەوە، ئەوکاتە یاساکان بەشێوەیەك لەشێوەکان دەبنە بەربەست لەبەردەم ئەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی تەواو بەشداری لەکردەی وەرگرتنی بڕیاردا بکات. مەبەستی زانستە ڕەخنەییەکان کە لەسەر بەرژەوەندیی ئازادبوون دامەزراون ئەوەیە کە ئەو شێواندنە ئاشکرا

بکەن کە لەنێو کردەی کارلێکردنو بەردەوامبووندایەو چارەسەری بکەن.
ئەو بیرۆکەیە بنچینەی تیۆری ڕەخنەیی هابرماس ـ ەو لەوەوە دەست پێدەکاتو هاوشێوەییشی لەگەڵ تیۆری ڕەخنەیی دیارو بەرچاوە. ئەو نێوەندەش کە تێیدا ئەو بەرژەوەندییە گەشە دەکات بریتییە لەنێوەندی هێز، کە خۆی لەو ململانێیەدا دەردەخات کە لەنێو هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، ململانێیەك کە ئامانجی کۆتایی ئەوەیە هەمووان بەشداری پێبکات لەوەرگرتنی بڕیاردا. دەروونشیکاری وەکو نموونەی زانستە ڕەخنەییەکان وەرگیراوە، چونکە دەیەوێت نەخۆش لەو کردە نەستییانە ئاگادار بکاتەوە کە کردەکانی ئاراستە دەکەنو بیخاتە ژێر جۆرێك لەچاودێری وشیارانە لەکەشێکدا کەتێیدا هێدی هێدی پێوەندییەکی هاوسەنگ لەنێوان نەخۆشو دەروونشیکاردا گەشە دەکات.
هابرماس لەکارە دواییەکانیدا ـ بەتایبەتیش لەنێو" تیۆری کردەی پێوەندی ـ The Theory Of Communicative Action "دا ـ ڕووەو فەلسەفەی زمان دەچێت بەمەبەستی ئەوەی بنچینەی تیۆری ڕەخنەیی فراوانتر بکاتەوە، تێزێکی فورسیشی خستۆتە ڕوو کە ئێمە لێرە لەسێ قۆناغدا کورتی دەکەینەوە:

١) هابرماس بانگەشەی ئازادبوون دەکات لەوەی ناوی دەنێت" فەلسەفەی وشیاری"، مەبەستیشی ئەو فەلسەفەیەیە کە پێوەندی نێوان زمانو کردە وەکو پێوەندی نێوان خودو بابەت دەبینێت ـ بەگوزارشتێکی ئەلتۆسێریانە دەڵێین ئێمە پێویستیمان بە ئازادبوون هەیە لەسیستەمی هزری ئەزموونگەرایی. تەماشاکردنی جیهان بەو شێوەیە وامان لێدەکات ببینە دیلی دەستی عەقڵی ئامێرگەرایی ـ چونکە خود کارێك بۆ بابەتەکە دەکات ـ و ئەو نەزعە ڕەشبینانەی کە باڵی بەسەر ئەدۆرنۆو بەشێوەیەك لەشێوەکان ماکس ڤێبەریشدا کێشابوو. دەربازبوونو ئازادی لەو ڕێگایەو هەڵوێستەوە دەسگیرناکرێن.
٢) دیڤید ڕاسمسن ـ David Rasmsussen زۆر لەمن باشتر بەم شێوەیە قۆناغی دووەم کورت دەکاتەوە: دەشێت کردە دوو وێنە وەربگرێت، کردەی ستراتیژیو کردەی بەردەوامبوون. یەکەمیان بریتییە لەکردەی مەبەستداری عەقلانی، لەکاتێکدا کردەی بەردوامبوون ئەو کردەیەیە کە مەبەستی گەیشتنە بەتێگەیشتن. بەم مانایەش بێت کردەی بەردەوامبوون کردەیەکی نا ئامرازییە. "هەر جۆرە تێگەیشتنێك کە لەڕێگای بەردەوامبوونەوە پێی دەگەین بنەمایەکی عەقلانی هەیە: چونکە ئەوە لێك تێگەیشتنێکە ناکرێت لەلایەن هیچ لایەکەوە بسەپێنرێت، جا ئامرازی بێتو

لەڕێگای دەست تێوەردانێکی ڕاستەوخۆدا بێت یا ستراتیژی لەڕێگای کارتێکردن لەبڕیارەکانی لایەنی نەیارەوە بێت". ئەو جۆرە کردەیە لەناوەخۆیدا بانگەشەی هەڵگرتنی ڕاستگۆیی دەکات، ئەو بانگەشەکردنەش، وەکو پرنسیبێك دەکرێت ڕەخنەی ئاراستە بکرێت، بۆ نموونە، ئەو کەسەی ئەو کردەیەی ئاراستە دەکرێت دەتوانێت بەئارەزووی خۆی بە بەڵێ یا نەخێر وەڵام بداتەوە. بەم مانایە کردەی بەردەوامبوون کردەیەکی بنچینەییە ناکرێت ــ وەکو ئەوەی دەڵێن ــ بۆ کردەی مەبەستدار کورت بکرێتەوە. ئەگەر ئەو کردانە کردەی مەبەستدار بووان، ئەوە مرۆڤ دەبووایە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ئیشکالییەتی فەلسەفەی وشیاری.

٣) کاتێك پێشینەیی دەدەینە کردەی بەردەوامبوون، ئەوە دەبێتە هۆی کۆمەڵێك شت:

یەکەم: بەو مانایە بێت، عەقڵانییەت نموونەیەك نییە لەئاسمانەوە دەسگیری بکەین، بەڵکو شتێکە لەنێو خودی زمانی خۆماندایە، گرنگترین سیفەتیشی ئەوەیە کە هابرماس لەوتوویژی لەگەڵ لایەنگرانی پۆست مۆدێرنەدا جەختی لەسەر دەکاتەوەو بریتییە لەوەی ئەو عەقڵانییەتە پێویستی بەسەمتێکی کۆمەڵایەتی دیموکراتی هەیە کە هەمووان بگرێتەوەو کەس فەرامۆش نەکات، ئامانجی کۆنترۆڵکردن نییە، بەڵکو ئامانجی گەیشتنە بەلێك تێگەیشتن.

دووەم: سیستەمێکی ئەخلاقی هەیە هابرماس گەرەکییەتی ئاشکرای بکاتو پەردەی لەسەر هەڵبداتەوە ــ مەبەستم ئەخلاقی هەمەکییە، ئەوەش بیرۆکەیەکە وەقعێکی خراپی لای کۆمەڵناسان هەیە: چونکە چۆن دەکرێت بیر لەبوونی سیستەمێکی ئەخلاقی بکەینەوە کە بەسەر هەموو مرۆڤ پراکتیك بکرێت بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە؟ کەچی من پێم وایە سیستەمی ئەخلاقی چارەسەرییەکی هەرە زیرەکانەیە، ئەگەرچی شارەزایی زۆریشم لەبارەی فەلسەفەی ئەخلاقەوە نییە، بۆ ئەوەی ئەو ڕایە هەڵسەنگێنم یا تەنانەت بەشێوەیەکی ڕاستیش ڕاڤەی بکەم. زۆرجار ئەو سیستەمە ئەخلاقییە بەناوی" ئەخلاقی ئیجرائی" ئاماژەی بۆ دەکرێت کە ڕووەو شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پێوەرەکان ناچێت بەو ڕادەیەی ڕووەو شێوازی گەیشتن پێیان هەنگاو دەنێت. ئەو پێوەرانە لەو بارودۆخەی کە هابرماس باسیان لێوە دەکات لەڕێگای دیالۆگێکی عەقڵانی ئازاد بەرهەم دێت کە تێیدا بەپشت بەستن بەتایبەتمەندی هەمەکییەوە لەئەنجامی هەر یەکێك لەو پێوەرانە دەکۆڵرێتەوە: واتا ئایا ئەو پێوەرانە لەڕێگای ڕازیبوونو ئازادی عەقڵییەوە قبووڵ دەکرێن، یا لەڕێگای هێزو زەبرو زەنگدا؟ بەڵام ناوەڕۆکەکەی ــ بەپێی تێگەیشتنی من ـ پشت بەبارودۆخی تایبەتی کۆمەڵگا دەبەستێت.

جارێکی تریش ڕەنگە وا تەماشای ئەو کارانەی هابرماس بکرێت کە هەوڵێکە بۆ دەربازکردنی مۆدێرنە، ئەو مۆدێرنەیەی دەخوازێت سیستەمی ئەخلاقی لەسەر بنچینەیەکی عەقڵانی بونیاد بنرێت، نەوەکو لەسەر بنەمای دابونەریت کە بەردەوام جێگای پرسیارە. ئەوەی لەو سیاقەدا گرنگە پرسیارکردن نییە لەبارەی ناوەڕۆکی هەڵبژاردنی ئەخلاقی، بەڵکو ڕێگاو شێوازی گەیشتنە بەو هەڵبژاردنە.

سێیەم: ـ ئەوەش مەسەلەیەکە پێشتر باسم لێوە کردووە ـ بیرۆکەیەك هەیە لەبارەی هەبوونی کۆمەڵگایەکی بەڕاستی دیموکرات، تێیدا هەر هەمووان دەرفەتی هاوبەش و هاوسەنگیان لەبەردەمدایە بۆ گەیشتن بەئامرازەکانی عەقڵ، وەکو بەشداریکردن لەوتوویێژو دیالۆگو هەموو کەسێك خاوەنی دەنگێك بێت کە گوێی لێبگیرێت و لەکاتی بڕیاری کۆتاییدا حیسابی بۆ بکرێت.

کەواتە تیۆر لای هابرماس بەرهەمی کردەی مرۆڤەو خزمەت بە مەبەستەکانی ئەو کردەیەش دەکات. بەشێوەیەکی سەرەکیش ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی زیاتر بۆ مرۆڤو لەسەر کۆمەڵێك ئاست گەشە دەکات. بەوەش هابرماس لەکارە دواییەکانی هەریەك لەهۆرکهایمەرو ئەدۆرنۆو لایەنگرانی ڕەوتی پۆست بونیادگەریمان دوور دەخاتەوە، کە مەعریفەی لای ئەوان پەیوەستە بەکۆنترۆڵو باڵادەستیو کۆیلایەتی. تیۆرەکەی هابرماس پێشڤەبردنی کارە بەراییەکانی مارکس ـ یش لەخۆیەوە دەگرێت بەوەی لەجەختکردنەوە بلەسەر کارەوە بازدەدات بەرەو جەختکردنە سەر زمانو بەردەوامبوون. ڕەخنەکانی هابرماس بۆ مارکس ـ یش ئەو بابەتەیە کە ئێستا ئاوڕی لێدەدەینەوە.

## ڕەخنە لەمارکسیزمو تێڕوانینی هابرماس بۆ پێشڤەچوونی مرۆڤ

بەشی هەرە داهێنەرانەی کارەکانی مارکس، لای هەریەك لەهابرماسو ئەندامە کۆنەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، لەژێر باری نەزعەی ئامێرگەراییو پۆزیتیڤیزمدا ژێر خاك نرا. هابرماس پێی وایە بەرپرسیارێتی ئەو مەسەلەیەش لەئەستۆی خودی مارکس ـ دایەو زیاد جەختی کردۆتە سەر کار گوایە تایبەتمەندێتی جیاکراوەی مرۆڤە. ئەگەرچی هابرماس پێی وایە کارو عەقڵی ئامێرگەرا دوو ڕەهەندی گرنگی ژیانی مرۆڤن، بەڵام لەو باوەڕشدایە کاری ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی بەتەنیا بەس نییە بۆ دەستنیشانکردنی ڕەوشی مرۆڤ، بەڵکو لەواقیعدا زمانو بەردەوامبوون دوو فاکتەری یەکلایی کەرەوەن. هابرماس پێی وایە ئاستی باڵادەستی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی لەنێو

کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا تەنیا لەقۆناغە بەراییەکانی سەرمایەداریدا بوونی هەیە، وەکو ئەڵتۆسێر ـ یش پشت بەو بیرۆکەیە نابەستێت کە دەڵێت ئاستی ئابووری پێوەرێکە لەدوا ئاستدایە، بەڵکو بەرەو ئەوە دەچێت کە ئەو سەرنج بۆ فاکتەرێکی تر ڕادەکێشێت، فاکتەرێکی تر لەئاستەکانی پێکهاتنی‌ت کۆمەڵایەتی لەپێناو تێگەیشتن لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، ئەوەش ئەو خاڵەیە کە تێیدا هابرماس ڕووەو پارسۆنز هەنگاو دەنێت. بۆ نموونە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەموو جۆرێك لەجۆرەکانی کۆمەڵگا مەحکومە بەتۆڕێکی دامەزراوەیی دیاریکراو: دەشێت دامەزراوەی ئابووری بن وەکو ئەوەی لەقۆناغە بەراییەکانی سەرمایەداریدا هەیە، یا دامەزراوەی دەوڵەت بێت لەقۆناغە دواییەکانی سەرمایەداریدا، یا خزمایەتی‌و نزیکی خوێن بێت وەکو ئەوەی لەکۆمەڵگا هۆزگەراییەکاندا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت وا تەماشای ئەو دامەزراوانە بکرێت وەکو ئەوەی دەیبینێت گوایە بەشێوەیەکی لولەیی بەرەو بەرزو باڵاتر گەشە دەکات‌و کۆمەڵگابەشێوەیەکی بەرچاو.

با بەیەکەوە بیرۆکە بەشێوەیەکی تر بخەینە ڕوو، دەڵێین کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەدەوری چەند بیرۆکەیەکی دیاریکراودا کۆك‌و تەبا دەبێت ـ بەها، پێوەر، یا هەر شتێکی تری لەو بابەتە. ئەو بیرۆکانەش لەسایەی مێژووەوە وایان لێدێت زیاترو زیاتر بواری پراکتیك بوونیان بێتە پێشەوە. لێرەدا هابرماس لەمەسەلەی وێناکردنی بۆ مەسەلەی بەعەقلانیکردنی مێژوویییەوە قەرزاری ماکس ڤێبەرە. گەشەکردنی مرۆڤیش وەکو نموونەیەك بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی تەماشا دەکات، چونکە ئێمە لەمنداڵیماندا سەرەتا فێری ئەوە دەبین هەندێك شتی دیاریکراو دەستنیشان بکەین‌و ناویان بنێین: بۆ نموونە ئەو ئاژەڵە ماڵییەی نێو ماڵ ناو دەنێین "سەگ"، دواتر لەو قۆناغە بەسەر دەکەوین‌و دەچینە قۆناغێکی ترەوە کە تێیدا توانای ئەوەمان هەیە ناوی "سەگ" بۆ جۆرێك لەئاژەڵ بەکار بێنین کە زۆر جۆرو شێوەیە، بۆ ئەوانە نا بەتەنیا کە لەسەگەکەی ماڵی خۆمان دەچن، بەڵکو بۆ هەموو سەگێك بەبێ ڕەچاوکردنی جۆرو شێوەو ڕەنگیان. ئەگەرچی پراکتیك کردنی ئەو نموونەیە بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەشێت ببێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەنجامێك تەواو پێچەوانەی تێڕوانینەکەی مارکس بێت، بەڵام هابرماس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو میکانیزمانەی دەبنە هۆی گواستنەوە لەقۆناغێك بۆ یەکێکی تر لەپێشڤەچوونی کۆمەڵایەتیدا میکانیزمی کولتووری نین بەڵکو ئابوورین، ئەگەرچی ڕەخنەگرانی پێیلان وایە بەشێوەیەکی تەواو ئەو میکانیزمانەی

دەستنیشـــان نەکـــردووە. هـــەر قۆناغـــێك لەقۆناغـــەکانی پێشفەچـوونی ئـەو کـردیەدا کۆمەڵێك کێشەو تواناکاری تازە ئافرێدە دەکات، هابـرماس ــ یـش وەکـو ئـەوەی پێدەچێت ئـەو بیرۆکەیـە دەخاتـە ڕوو کـە گـۆڕان ئەوکاتـە ڕوو دەدات کـە مـرۆڤ هـەموو تواناکاریـیەکانی خـۆی بەکاردێنێت بۆ چارەسـەرکردنی کێشەکان، بەڵام کێشـەکان هـەر وەکـو خۆیـان دەمێنـنەوە. بەڕاسـتیش ئـەو ئامـاژە بـۆ" هـێزێکی پاڵـنەرو پێشفەچوونخوازی چاوەڕوان نەکـراو" دەکات کە کۆمـەڵگا دەکوازێـتەوە بـۆ قۆنـاغی ئایـندە. ئـەو قسـەیەش هەرچـەندە ئـەودیوو ئەودیوی پێبکەم ناکرێـت دەستنیشـانکردنێکی وردی میکانـیزمە کاراکانی نێو کردەی پێشفەچوون بێت.

ئـەو شیکردنەوەیەی کـردەی پێشفەچوون بەرەو ئاسـتی ئایدیۆلۆژیمـان دەبـات، نـەوەکو ئاسـتی ئـــابووری پێکهاتـــنی کۆمەڵایـــەتی، ئالـــێرەدا هابـــرماس بەشـــێوەیەکی سەرنجڕاکێشـــانە بۆچوونەکانی فـرۆید بەکاردێنێت. فـرۆید ئەوە ڕوون دەکاتـەوە کـە دامـەزراوە کۆمەڵایەتـیـیەکان تەنـیا بـۆ ئـەوە بوونـیان نـیـیە تـاوەکو کـردەی بەرهەمهێنان ساناتر بکەنو پارێزگاری لێبکەن، بـەڵکو بـۆ ئـەوەش دامـەزراون ئـەو ئارەزووانـە خەفـە بکـەن کـە ژیـانی کۆمەڵایـەتی ئەسـتەم دەکەن. وەکو مـارکۆزەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کـــە پلـــەی ئـــەو خەفەکـــردن پێویســـتە

لەکۆمەڵگایـەك بـۆ یەکێکی تـرو لەچینێکەوە بۆ چـینێکی دەگۆڕێت. خەفەکـردنی پێویسـت بـۆ ژیـانو بەردەوامبوونی کۆمەڵگا شێواندنی کردەی بەردەوامـبوونو کارلـێکردن لەخۆیـەوە دەگرێـت، ئەگـەر ئـێمە ئاگاداری ئەو هێزە نەستیانە نەبین کـە کـار یـا دەستنیشـانی ڕەفـتارەکانمان دەکـەن. ڕێـڕەوی پێشفەچوون ڕووەو سیستەمێك هەنگلو دەنێت کـەمتر شێواندنو خەفەکـردن لەخۆیەوە بگرێـت، لێرەشـدا هابـرماس دووبـارە نموونـەی گەشـەکردنی مـرۆڤ دێنێـتەوەو لەسـەر سـێ بواریشـدا مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو پێشفەچـوونەدا دەکـات: لـەبواری زیاتـر بوونـی سـەربەخۆیی تاکەکەسـی، زیـاد بوونـی توانـای بـڕیاردانی ئـەخلاقیو ڕەفـتار کـردن بەپـێی ئـەو بـڕیارانە، دواتـریش گەشـەکردنی مۆرکـی هەمەکـیانەی سیستەمە ئەخلاقیو یاساییەکان.

هابـرماس لەچـەند گۆشـەنیگایەکی تریشـەوە دەڕوانێـتە کـردەی پێشفەچـوونی کۆمـەڵگا مرۆڤایەتیـیەکانەوەو دەگاتـە پۆلێنکردنـێکی سـێیانە. ئـەوەی منـیش لـێرەدا مەبەسـتمە شـیکردنەوەیەکی وردو درێـژی ئـەو کـردانەی پێشفەچوون نییە، بـەو ڕادەیـەی ئارەزوو دەکەم جەخـت بکەمـە سـەر ڕادەی پاشەکشـە کـردنی تیۆری ڕەخنەیی لەسەر دەستی هابرماس ـ دا بۆ شێوەیەکی تەقلیدیتر لەشێوەکانی تیۆری کردە. لـەم حاڵەتـەدا وا تەماشای کۆمـەڵگا دەکرێت کـە

بەرهەمی کردەی مرۆڤەو لەسەر پێوەرو بەها بونیادنراوە، بۆ ئەوەی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیش تێبگەین دەبێت تەماشای پێشفەچوونی ئەو پێوەرو بەهایانە بکەین. بنچینەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش لەو مەبەستەدایە کە دەمانەوێت پێشفەچوونی کۆمەڵایەتی ڕووەو ئەو هەنگاو بنێت کە بریتییە لەکۆمەڵگایەکی عەقڵانی هەمەکی هەموو بەیەکسانی بەشداری تێدا دەکەن، ڕەوشێك بێتە ئارا کە تێیدا بەردەوامبوون شێوێندراو نەبێت، واتا ڕەوشێکی نموونەیی بێت بۆ دیالۆگ، ئەوەش ئەو ڕەوشەیە کە هابرماس بەردەوام جەختی دەکاتە سەر. دەسکەوتەکانی ئێمە لەهابرماس وەکو دەسکەوتەکانمانە لەپارسۆنز، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە دەبینە خاوەنی وێناکردنێك بۆ ئاستەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە شایانی باس نییەو تێیدا ئاستی کولتووری باڵادەستە بەسەر ئاستەکانی تردا، بەبێ ئەوەی فاکتەرەو هۆکارەکان بزانین، ئەوەش لەشێوەی پۆلێنکردنێکی گشتییەوە نەوەکو بەشێوەی ڕاڤەکردن.

### شیکردنەوەی هابرماس بۆ سیستەمی نوێی سەرمایەداری

وتووێژەکانی هابرماس لەبارەی سەرمایەداری نوێ ئەو سەرگەرمییەی تێدا نییە کە بەکارەکانی نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە دیار بوو. هابرماس پێی وایە سەرمایەداری لەبنچینەدا قۆناغێکە لەقۆناغەکانی پێشفەچوون ـ قۆناغێك دەشێت لابداتو ببێتە هۆی نانەوەی کارەساتێك ـ بەڵام لای ئەو سەمتێکی کۆمەڵایەتییە نەوەکو شەڕێکی چارەنووسساز. هابرماس هەر وەکو نەوەی یەکەمی فرانکفۆرت جەختی کردە سەر دیاردەی باڵادەستی تەکنیكو عەقڵی ئامێرگەرایی باوی نێو ئەو سیستەمە، لێرەدا دەتوانین لەنێو کارەکانیدا هەست بەجۆرێك لەحەنین بکەین بۆ قۆناغی یەکەمی سەرمایەداری، کە دەکرێت بەگوێرەی قسەکانی ئەو سەرەتاکانی پێکهاتنی" ڕای گشتی" ڕاستەقینە بەدی بکەین: لەشوێنە گشتییەکاندا، لەنێو چایخانەکان، لەسایەی بوونی ژمارەیەکی زۆر لەگۆڤارو ڕۆژنامە، ئەوە جگە لەبوونی هەندێك کەسی دیاریکراو کە دەیانتوانی زۆر ئازادو ڕاشکاوانە باسی مەسەلە گشتییەکان بکەن. دەکرێت ئەو ماوەیە لەبەریتانیا بەکۆتایی سەدەی هەژدەیەمو سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم دابنرێت، چونکە ئەو ماوەیە زۆر لەو ڕەوشە نزیکە کە هابرماس ناوی دەنێت ڕەوشی نموونەیی بۆ دیالۆگ. بەڵام ئەو پرۆسەیە لەچوارچێوەیەکی سنووورداردا بووە، لەبەرئەوەی بونیادی چینایەتی ئەو قۆناغە بەرایەی سەرمایەداری وایکردبوو بەشداریکردن

لەدروستکردنی ڕای گشتی وەکو ئیمتیازێك بێت بۆ کەمایەتییەك، چونکە پێشفەچوونی سەمتی ئابووریو بونیادی چینایەتی کە ئەو ڕای گشتییە پشتی پێدەبەستا بووە هۆی کەمکردنەوەی بوارو دەرفەتەکان. هابرماس پێی وایە سەرمایەداری نوێ بەوە جیا دەکرێتەوە کە تێیدا دەوڵەت کۆنترۆڵی ئابووریو بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی دەکاتو پرسەکانی ژیانی گشتی وا تەماشا ناکرێت کە جێگای وتووێژو هەڵبژاردن بێت، بەڵکو وەکو کێشەیەکی تەکنیکی تەماشا دەکرێت کە لەڕێگای ئەو پسپۆرو شارەزایانەوە چارەسەر دەکرێت کە لەکارەکانیاندا عەقلگەرایی ئامێری بەکار دێنن.

دەستتێوەردانی دەوڵەتو گەشەکردنی عەقڵی ئامێرگەرایی گەیشتۆتە ئاستێکی ترسناك ـ وەکو ئەوەی هابرماس پێی وایە ــ بەشێوەیەك" یۆتۆپیای نێگەتیف" بۆتە شتێکی مومکین. بەعەقلانیکردنی ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بەڕای گشتی گەیشتۆتە ئاستێك کە کۆمپیوتە ڕێگای پێدراوە لەبری ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، ئەوەش بۆتە هۆی دوورخستنەوەی ئەو بڕیارانە لەوتووێژی گشتیو قسە لەسەر نەکردنیان. ئەو ڕەوشەیە پارسۆنز وا لێدەکات هەر بەتەواوی جەخت بکاتە سەر تیۆرەکەی خۆی، بەڵام سەرەڕای لێکچوونی ئەو ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامەکەی پارسۆنز، کەچی هابرماس هەڵوێستێکی ڕەخنەیی لەبەرانبەر ئەو ڕەوشەدا وەردەگرێت. هابرماس پێی وایە ئابووریناسیو کۆمەڵناسی مارکسی تەقلیدی لەڕێگای جەختکردنەوەیان لەسەر ململانێی چینایەتی چیتر ناتوانن لەو ڕەوشە تازەیەی ئێمە تێبگەن. ڕاستە ناکۆکی لەبارەی کرێو چاککردنی مەرجەکانی کار هێشتا لەئارادایە، بەڵام ململانێ ڕاستەقینەو گرنگەکان لەشوێنێکی تری نێو پێکهاتنی کۆمەڵایەتی هەڵدەقوڵێن، ئێمەش ئەگەر ویستمان مرۆڤ کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی لەدەست نەدات، ئەوە دەبێت بەو شێوە تازانەیانەوە تەماشای ئەو ململانێیانە بکەینو لێیان تێبگەین. ئەو خاڵەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە ڕووەو یەکێك لەگرنگترین بەشدارییەکانی هابرماس لەشیکردنەوەی کۆمەڵگای نوێ بچین، مەبەستم تیۆرەکەیەتی لەبارەی قەیرانەکان.

واچاکە بەرلەوەی بچینە نێو ئەو بەشەی کارەکەی، هەندێك خاڵ بووروژێنین. یەکەمیان ئەوەیە کە هابرماس پێی وانییە پێوەندی لەنێوان گواستنەوە لەقۆناغێك بۆ قۆناغێکی تری پێشفەچوون لەگەڵ دابەزینی ئاستی خەفەکردنی پێویست ــ بۆ بەردەوامبوونی کۆمەڵگا ـ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، چونکە هەر قۆناغێك لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك کێشەی

نوێــیو جــۆری تــازەی خەفەکــردن شــێواندن بەرهەم دێنێتو دەست دەکات کردەی نوێ بۆ گۆڕان دەبزوێنێت. تیۆرەکەی هابرماس لەبارەی قەیران هەوڵدەدات بەدوای ڕەگوو ڕیشەی ئەو کــردانە دابڕێــت لەمــیانەی پێشقەچــوونی سەرمایەداریدا.

دووەم، هابرماس ئەو زاراوانە بەکاردێنێت کە پێوەندییان بەپارسۆنزەوە هەیە وەکو تەواوکاری سەمتو تەواوکاری کۆمەڵایەتی. تەواوکاری کۆمەڵایەتی ــ بەپێی تێگەیشتنی خۆم ــ ئاماژەیە بۆ ئەو سەمتە دامەزراوەییانەی کە مرۆڤ پێیانەوە پەیوەستە، واتا پەیوەستە بەو ئەزموونەی خەڵك لەپێوەندی لەگەڵ یەکتریداو لەگەڵ خۆیاندا هەیانە. کەچی تەواوکاری سەمت ئاماژەیە سەمتی ئەو دامەزراوانەی کە تێیدا خەڵك لەگەڵ یەکتردا لەپێوەندیدا دەبن، ئەوەش بریتییە لەمیکانیزمەکانی ئاراستەکردن کە بەیەکەوەیان کۆدەکاتەوەو لەپێوەندی لەگەڵ یەکتریدا ئاراستەیان دەکات، ئالێرەدا زاراوەی ــ پاراستنی سنوور ــ بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیەو دوای کەمێکی تر دەگەڕێمەوە سەری. خودی وشەی قەیران خۆی بۆ ئەوە بەکار دێت تاوەکو ئاماژە بۆ گۆڕان لەسەمت بکات کە مرۆڤ لەسەر ئێوەی هەڕەشەکردن لەسەر ناسنامەی کۆمەڵایەتی تەماشای دەکات لەسەر ئاستی تەواوکاری کۆمەڵایەتیدا. وەکو ئەوەی هابرماس ــ یش بۆی دەچێت، ئەو دوو ئاستەی کە لەواقیعدا ناسراون بە بونیادو کردە دەبێت بەیەکەوە کۆ ببنەوە تاوەکو توێژینەوەیان لێبکرێت.

وەکو ئەوەی پێشبینیش دەکەین هابرماس سێ جۆرە قەیرانی دەستنیشان کردووە کە زۆر پەیوەستن بەسیستەمی سەرمایەداری. لەهەر قۆناغێك لەقۆناغەکانی سەرمایەداریدا جۆرێك لەو قەیرانانە دێنە سەر ڕوو دەردەکەون، بەبێ ئەوەی مانای وابێت قەیرانەکەی پێشووتر لەناو بردرابێت. شیکردنەوەکەی هابرماس بۆ قۆناغی بەرایی سەرمایەداری لەگەڵ شیکردنەوەکەی مارکس لێکدەچێت، چونکە قەیرانە ئابوورییەکان لەپێشەوەن. کەچی دەشێت سیستەمی سەرمایەداری وەکو ئاوێتەیەك لەکۆمەڵێك سەمتی لاوەکی تەماشا بکرێت ــ ئابووری، سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی ــ قەیرانەکانیش تێیدا لەگەڵ پێشقەچوونی سیستەمدا لەسەمتێکەوە بەرەو سەمتێکی تری لاوەکی دەچن. ئەو قەیرانە ئابوورییانەی کە دەبنە هۆی ململانێ لەنێوان کارو سەرمایە قەیرانێکن لەنێو هەناوی سیستەمی سەرمایەداریدان. زێتر بوونی هێزی دەوڵەتو دەست تێوەردانیشی هەر بەرسڤێکی ئەو قیرانانەیەو هەوڵێکە بۆ کۆنترۆڵکردنیان ــ بەگشتیش هەوڵی سەرکەوتوون ــ ئەگەرچی

هابـرماس بانگەشـەی ئـەوە ناكـات كـە قەیـرانە ئابوورییەكان ونبوونو نەماون، چونكە زەحمەتە لەبارودۆخێكی ئاوادا دەست بەڕایەكی وا بگریت. زێـدە دەسـت تـێوەردانی دەوڵـەت دەبێـتە هـۆی ئـــەوەی هابـــرماس نـــاوی دەنێـــت قەیـــرانی عەقلانییەت، ئەوەش یەكێكە لەقەیرانەكانی ناو هـەناوی سیسـتەمی سـەرمایەداریو ئەوكاتـە سـەرهەڵدەدات كـە دەوڵـەت بـەردەوام بـۆ جێبەجـێكردنی ئەركـەكانی خـۆی قـەرز دەكـات، ئـەوەش دەبێـتە هـۆی سـەرهەڵدانی قەیرانـێكی دارایـی گـەورە. ئـەوە قەیرانـێكی عەقلانییانەیە، چونكە لەئـەنجامی كۆتاییدا كێشـەكان لەوە دایە كـە دەوڵـەت ناتوانێـت هاوسـەنگییەك لەنـێوان بەرژەوەندییە جیاوازو ناكۆكەكانی سەرمایەداری تایـبەت ڕابگرێـت. ئـەو سـیمایە جەوهەریـیەی ناعەقلانیـیەت لـەوە سـەرهەڵدەدات كە ـ ماركس نـاوی دەنێت ئاژاوەی بازاڕ ـ لەبیرۆكەیەی دەڵێت دەكرێـــت لەبـــەرژەوەندی تایـــبەتی نـــاكۆكدا كۆمەڵگایەكی جێگیرو ڕێكخراو بونیاد بنرێت.

لەسـەر ئاستی تەواوكاریدا، قەیرانی عەقلانییەت وەكو قەیـرانی شـەرعییەت دەردەكەوێت، چونكە ئەگـەر دەوڵـەت نەتوانێـت شـێوازی گونجـاو بـۆ بەیەكـەوە هەڵكردنی نـێوان بەرژەوەندی ناكۆكی ئـەو هاوڵاتـیانە بدۆزێتەوە كە حوكمیان بەسەردا دەكـات، ئەوكاتـە شـەرعییەتی خۆیشـی لەدەسـت دەدات، چـونكە لـەكاری سـەرەكی خۆیـدا شكسـتی هێـناوە، بۆیـە پاسـاوی مانـەوەی ئـەو حكومەتـە دەبێـتە جـێگای پرسـیار. ئـێمەش دەتوانـین زۆر بەسـانایی تێبیـنی هـەردوو ئاسـتی قەیـرانەكان بكـەین كـە هابرماس باسیان لێوە دەكات لەڕێگای بـەدوا داچـوونی سیاسـەتی كارگـێڕی هـەردوو ئـیدارەی مارگرێـت تاتشـەرو ڕۆنـاڵد ڕیگـان ــ دا، چـونكە هەردووكـیان پاسـاوی بوونـی خۆیـان لەسـەر بـنەمای بانگەشـەكردن بـۆ كەمكردنـەوەی دەسـت تـێوەردانی دەوڵـەت لـەئابووریو قـەرز نەكـردن لەنەختیـنەی گشـتیو دژایەتـیكردنی هەڵاوسان، دەدەنەوە. هەردوو ئیدارەش خۆیان وا دەردەخـەن كـە پشت بـەو شـەرعییەتە دەبەستن كە لەدەسەڵاتی هەڵبژێردراو وەرگیراوە.

ئەگـەر توانـرا لەسـەر ئاسـتی سـەمتی سیاسـی لاوەكیدا ئیدارەی قەیـرانی عەقلانییەت بكرێت، ئەكاتـــە دیمـــەنی قەیـــرانەكە دەگۆڕێـــتو دەگوازرێتەوە بۆ سەمتی كۆمەڵایەتیو كولتووری لاوەكـی تـاوەكو لەسـەر شێوەیەكی تر دەربكەوێت كـە بریتیـیە لەقەیرانی پاڵنەرێتی.مادام قەیرانە ئابووریـیەكان قەیرانـێكن لەتـەواوكاری سـەمتدا، قەیـرانەكانی عەقلانییەتـیش قەیـرانی سـەمتو تـەواوكاری كۆمەڵایـەتی بـوون، ئـەوە قەیـرانی پاڵنەرێـــتی تەنـــیا قەیـــرانی تـــەواوكاری كۆمەڵایەتیـــیە. باڵادەســـتیو دەستڕۆیشـــتنی دەوڵـــەتو زیاتـــر بوونـــی باڵادەســـتی چـــینی تەكـنۆكراتی، ئـەو باڵادەسـتیو كۆنتڕۆڵـەی بـۆ

ئـيدارەكردنی قەيـرانەكانی تـر پێويـستن، كـار لــەلاواز كــردنی پاڵــنانی خــەڵك دەكــەن بــۆ بەشــداريكردنێكی چــالاكانە لــەو سيســتەمەدا. پاڵـنەری ململانـێی ئـابووری هـێدی هـێدی لەپاڵ برواهێــنان بــە بــەهای كــار لــەدەروونی خــەڵك ڕيشــەكێش كــراوە، ئــەو نەســتە ناوەكـيـيەی بـۆ پێداويستی كار پێويستە. ئەو هەستە ئێستاكە وا خەريكـە ون دەبێـت، چـونكە كـار بۆتـە شـتێكی بـێزاركەرو ڕۆتينـی، ئـابووريش ــ وەكـو ئـەوەی ديـارە ـــ دەتوانێــت لــەڕێگای هــێزی خۆيــەوە بـەردەوام بێـت. جگـە لەوەش گەشەكردنی هێزی دەوڵــەتی ليــبراڵی بەشــداريكردنێكی بەپيــت لەكردەی بڕياردانـدا لاواز دەكات، ئەوەش لەڕێگای دامــەزراوەی ديموكــراتی وەكــو حــزبەكان يــا هەڵـبژاردن. ئـەو نـاوەش كـە حـزبی دەسـەلاتدار هەڵـيگرتووە ئێستا وەكو پێشووتر كاريگەرييەكی زۆری لەسـەر ڕووداوەكـان نـيـيە. ڕەنگە باش بێت ئەگەر چاو بەهـەندێك بزاڤی كۆمەلايەتی نوێدا بگێڕيـن بـەو سـيفەتەی كـە نموونـەی نيشـانەی قەيــرانی پاڵــنەرين، وەكــو بــزاڤی قوتابــيانی شەســـتەكانو بــزاڤی ئافــرەتان كــە لــەماوەی ڕابــــردووی نــــزيكدا هــــەبوو لەگــــەڵ بــــزاڤی لايەنگـرانی ژيـنگەو بـزاڤی دژ بـە بەكارهێـنانی گەرد.

هابـــرماس لەنـــێو كتێـــبی" تـــيۆری كـــردەی پـێوەندی" زۆر لـەو بيرۆكانـەی خـۆی بەشـێوەی كەمـێك جـياوازتر نمـايش دەكـات. لـێرەدا ئـەو وردتــر دێــتە سەرباســی ئــەوەی نــاوی دەنێــت چەمكی" ژيانی ڕۆژانە ـ Life World"، وەكو ديلريشــە ئــەو چــەمكە بەشــێوەيەكی جوزئـــی لەگەڵ چەمكی هۆسرڵ لەبارەی بواری ئەزموونی ڕاســـتەوخۆ هاوشـــێوەيە، هـــەروەها لەگـــەڵ چـەمكێكی تـريش لەچـەمكەكانی زمانـزانی كـە چەمكی"جۆری ژيـان ـ Form of L ife"ەو لەفيتجنشــتاين خــوازراوە. لای هابــرماس ئــەو چەمكەی ژيـانی ڕۆژانـە زۆر بەڕوونی پەيوەستە بەچـــەمكی تـــەواوكاری كۆمەلايـــەتی، كەچـــی بەشـــێوەيەكی پارســـۆنزيانەی ئاشـــكرا بـــا لەتـەواوكاری سـەمت دەكـات. سـەبارەت بـەژيانی ڕۆژانـەوە، مۆدێـرنە مانـای ئەوەيـە كـە كۆمەڵێك بـوار لەنـێو ژيانی كۆمەلايەتيماندا وايان لێهاتووە لەسـەر تەقاليد يل بگرە لەسەر لێك تێگەيشتنی عـەقلانی هاوبـەشو بەردەوامبوونـێك دامـەزراوە كـە حــيكمەتو حــيجەتو لۆژيــك حوكمــيان دەكــات.ڕەنگــە ئــەوەی تــيۆری ڕەخــنەيی لای ئـەدۆرنۆو مـاركۆزە بناسـێت درك بەوە دەكات كە بيرۆكــەی بەعەقلانــيكردنی ژيــانی ڕۆژانـــە، لـــەناوەخۆيدا هەڵگـــری مانـــای ســـەركەوتنی عەقلانيـيەتی ئامێرگەرايـيە لای ئەوانـە، بـەلام لای هابرماس دياردەكە پێچەوانەيە.

كەچـی لەڕوانگــەی ســەمتی كۆمەلايەتيــيەوە، مۆدێـرنە كـردەی جـياكاریو ئاوێـتە بوونـە ـــ

بەتایبەتیش لەمیانەی پارەو هێزەوە. ئەوەش کردەیەك پێشتر لای پارسۆنز ڕێکەوتمان کردووە، سەمتی کۆمەڵایەتی لەڕێگای" عەقڵی فرمانگەرایی"یەوە پێشقە دەچێت کە بەبڕوای من شێوەیەکە لەشێوەکانی عەقڵی ئامێرگەرایی کە لەڕێگایەوە هەمان سەمت بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنێت. هابرماس لەڕێگای جیاکردنەوەو دابڕاندنی ژیانی ڕۆژانە لەسەمتی کۆمەڵایەتی ـ ئەگەر بەشێوەیەکی شیکارییانەش بێت ـ توانی جۆرێکی تر لەجۆرەکانی فرمانگەرایی ڕەخنەیی پێشکەش بکات. هابرماس پێی وایە ئەو جیاکردنەوەو دابڕانە پارێزگاری لەو شتە بەسودانە دەکات کە مارکس لەنێوان ژێرخان و سەرخان بونیادی ناوە، بەبێ پەیوەستبوون بەو مەزموونە حەتمییەو بەعەقڵی ئامێرگەرایی کە پاشکۆی سەرخانن. بەڵام بنەمای ڕەخنە ئەو شێوازەیە کە لەڕێگایەوە عەقڵی فرمانگەرایی سەر بە سەمتی کۆمەڵایەتی هێرش دەکاتە سەر ژیانی ڕۆژانەو ــ لەتێڕوانینی سەمتدا مانای پێشکەوتن دەگەیەنێت ــ عەقڵی بەردەوامبوون لاواز دەکات. واتا ڕەخنەکە لەبارەی شێوازی بەدیهێنانی کردەی پێشقەچوونە لەنێو ژیانی ڕۆژانەماندا، ئەو کردەیەی لەڕێگای هێزو پارەوە بەدەست دێت.

با نموونەیەك بێنینەوە لەبارەی سیستەمی دادوەرییەوە ــ کە سیستەمێکە لەسەر دەسەڵات و هێز بونیاد نراوە ــ هابرماس جیاکاری دەخاتە نێوان یاسای ڕێکخراوو ـ Regulative Law یاسای پێکهاتەیی ــ Constitutive Law. یەکەمیان وەکو ئەوەی تێگەیشتووم دان بەو پێوەندییانەدا دەنێت کە لەنێو ژیانی ڕۆژانەدا بوونیان هەیە ڕێکیان دەخات، لەکاتێکدا ئەوەی دووەم شتێکی تازە بەرهەم دێنێت. من لێرەدا دوو نموونە لای خۆم دێنمەوە: مرۆڤ لەنێو ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا پێوەندی سێکسی دروست دەکەن و کۆتاییشی پێدێنن. ئەو پێوەندییانە هەندێکجار منداڵی لێ دەکەوێتەوەو پێشم وایە یاسا ڕێکخراوەکانی تایبەت بەسیستەمی زەواج و تەڵاق و دایەنی و ..تاد، کە بایەخ بەپاراستنی ئەو لایەنانەدات لەجۆرەها زوڵم و زۆری و غەدرو دانانی چوارچێوەیەك بۆ دیالۆگی عەقڵانی و ڕێککەوتنی هاوبەش لەبارەی دابەشکردنی کەل و پەل و پەروەردەکردنی منداڵ و شتی لەو جۆرە.

کەچی یاسا پێکهاتەییەکان پێوەندییەکی دیاریکراو بونیاد دەنێت کە ئەگەر ئەو نەبێت نایەتە دی، نموونەی ئەوەش بەخشینی مافی پەروەردەکردنی منداڵە بەیەکێك لەدایك و باوکەکان" زۆرجار هەر دایکە". پێدەچێت هابرماس لەدیاردەیەکی زیاتر قووڵ نزیك بێتەوە کە دیاردەی ئەوەیە بواری تەواوی پێوەندییە کەسایەتییەکان، بەتایبەتیش لەمیانەی پێشقەچوونی دەوڵەتی خۆشگوزەراندا،

دەكەوێتە ژێر حوكمی یاساو پێداویستییەكانی، ئەوەش شتێكە وا دەخوازێت هەموو ئەو پێوەندییانە لەسیاقی كۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتی خۆی دابڕێندرێت. ڕەنگە مرۆڤ بتوانێت ئەو خاڵە وا وەسف بكات كە" چركە فۆكۆییەكەی هابرماس"ە. هابرماس پێی وایە جۆرێكی تر لەكولتوور دێت شوێنی ئایدیۆلۆژیا جیا جیاكان دەگرێتەوە كە" كولتووری ئەهلی تایبەتمەندییە Expert Culture"، ئایدیۆلۆژیاكان بەلایەنی كەم ڕێگای ئەوەیان پێدەداین هەوڵبدەین بەگشتی شارەزای ڕووداوەكانی دەورووبەرمان بین. كەچی ئەو كولتوورە نوێیە، لەژێر باڵیدا هێدی هێدی ملكەچی هەندێك چوارچێوەی مەعریفی جوزئی دەبین كە خەڵكی تر بێجگە لەخۆمان حوكمی لێدەكەن، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستكردنی وشیارییەكی بەش بەشكراو.

ئەوەی خستمان ڕوو نمایشێكی بەپەلەی ڕاو بۆچوونەكانی هابرماس بوو، هیوادارم ئەوەندە بەس بووبێت بۆ بەخشینی بیرۆكەیەكی گشتی لەبارەی خستنە ڕوو وباسكردنی تیۆرو تێڕوانینی لەبارەی پێشڤەچوونی كۆمەڵایەتیو شیكردنەوەی بۆ كۆمەڵگای نوێ. ئەوەی ئێستاش گەرەكمە كۆكردنەوەی ئەو مەسەلانەیە كە خستمە ڕوو لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی كارەكانی كراوە.

كۆتایی: سوودەكانی نارۆشنی

لەژێر ڕۆشنایی بیرۆكەی گشتی ئەو كتێبەدا، پێم وایە هابرماس خەریكە دەست بەهەردوو جەمسەری ژیانی كۆمەڵایەتیدا بگرێت كە كردەو بونیادە، بەبێ ئەوەی هیچ یەكێكیان بگۆڕێت بۆ ئەویتریان، ئەگەرچی پێم وایە ئەو خۆی بەو هەڵوێستە شادومانە، چونكە پێم وایە، بەلایەنی كەم لەبواری سیاسیدا، زیاتر بایەخ بەعەقلانیكردنی ژیانی كۆمەڵایەتی دەدات، جگە لەوەی توێژینەوەیەكی كۆمەڵایەتیمان پێشكەش دەكات لەبارەی دیاردەی بەش بەشبوون.

ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی هابرماس كراون زۆر مەسەلەیان گرتۆتەوە، بەڵام من تەنیا باشس لەدووانیان دەكەم كە پێم وایە لەئەوانیتر گرنگترن. مەسەلەی یەكەم كەمێك بەكورتی دەخەمە ڕوو، بەڵام بەدرێژی باسی ئەوەی دووەم دەكەم. هابرماس نەیسەلماندووەو ناتوانێت بیسەلمێنێت كە كردەی پێوەندی دەكەوێتە بەر لەكردەی ستراتیژی. من خۆیشم بڕوام بەوە نییە كە ئەو پێویستە بەشێوەیەكی ڕەها بیسەلمێنێت، ئەوەی گرنگە خودی بیرۆكەی بەردوامبوونە بەوەی لەزمانەوە هەڵدەقوڵێت. ئەو بیرۆكەیە توانای ئەوەمان پێدەدات نموونەیەكی باڵامان هەبێت لەسایەیەوە شتەكان بپێوینو ڕەخنەیان

ئاراسته بکەین. جگە لەوەی وێناکردنێکی ترمان لەبارەی عەقڵ پێدەدات. دوای کەمێکی تر ئەوەش ڕوون دەکەمەوە کە بەخشینی بەرایی بەکردەی بەردەوامبوون دەمانگێڕێتەوە بۆ هەمان ئەو کێشە کۆنانەی پەیوەستن بەتیۆری کردە.

کەچی ڕەخنەی دووەم دیڤید ڕاسمسن کورتی دەکاتەوەو پەیوەستی دەکاتەوە بەڕەخنەکەی یەکەمەوەو دەڵێت:" مرۆڤ دەتوانێت لەتێڕوانینێکی خێرادا بەهەندێك لەو ڕەخنانەی ئاراستەی کارەکانی هابرماس دەکرێن بگاتە ئەوەی کە تێزەکەی لەبارەی ئازادیو کۆیلایەتی نەسەلمێنراوە. هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو هەوڵدان بۆ بونیادنانی ڕەخنە لەسەر جیاکاری نێوان سەمتو ژیانی ڕۆژانە، ئەو ڕەوشەی ئازادبوون پوچەڵدەکاتەوە کە بانگەشەی بۆ دەکاتو هەر لەبنەڕەتدا ڕەوشێکە جێگای گومانە. بۆیە وا پێدەچێت کە سەرجەم پڕۆژەکەی هابرماس بەدەست دژکاری ئامانجەکانەوە دەتلێتەوە. ئەگەر بەڕوونترین شێوە پڕۆژە گەورەکەی وەربگرین، ئەوە دەردەکەوێت کە هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێشینەیی بەردەوامبوون لەنێو فەلسەفەی زماندا، ئەو جیاکارییەی نێوان سومتو ژیانی ڕۆژانە لەباری دەبات، چونکە ئەو جیاکارییە کۆتو پێوەند دەخاتە سەر کۆمەڵێك بواری بنچینەیی لەئەزموونی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا لەپێکهاتن لەکردەیەکەوە کە لەبەردەوامبوون دەست پێدەکات، بەڵام ئەگەر لەلایەنی سەمتی کۆمەڵایەتییەوە تەماشای پڕۆژەکەی بکەین، ئەوە تەنیا چەند دیاردەیەك هەیە دەشێت لەژێر ناوی کۆدەنگیدا پۆلێن بکرێن. بۆیە پاساوەکانی کە پاڵپشتی لەگۆڕانی زمانەوانی دەکەن بەرەو تیۆری کۆمەڵایەتیو ئەو پاساوەی کە پاڵپشتی لەبونیادنانی جیاوازی لەنێوان سەمتی کۆمەڵایەتیو ژیانی ڕۆژانەدا دەکات، دوو پاساوی ناکۆكو دژیەکن. لەبەرئەوەی ئارەزوو لەدابینکردنی پێشینەیی ئازادبوون لەچوار چێوەی یەکەمدا" زمان" پووچەڵبۆتەوە بەو هەوڵەی کە بۆ سنووربەندکردنی ئازادبوون دراوە لەنێو چوارچێوەی دووەمدا" کۆمەڵگا". منیش پێم وایە ئەو ڕەخنەیە ڕەخنەیەکی ڕاستو دادپەروەرانەیەو لەگەڵ ئەو بۆچوونەی منیشدا تەبایە کە بەردەوام لەنێو ئەو کتێبەدا دووبارەی دەکەمەوەو بریتییە لەوەی ئەگەر ئێمە پێشینەیی ببەخشسینە لایەنێك لەسەر حیسابی لایەنی دووەمی نێو هاوکێشەکەدا" کردە ــ بونیاد" ئەوە تیۆرەکە لەنێو عەرشی خۆیدا پوچەڵ دەکەینەوە.

ئەگەر ئێمەش، بەپێچەوانەی هابرماس، هەوڵمان نەدا پێشینەیی بەهیچ لایەك ببەخشین، بەڵکو وا تەماشای پێوەندییەکانمان کرد وەکو ئەوەی

لەنێو کۆمەڵێک کردەی دژکارو ناکۆکی ژیانی ڕۆژانەدا بێت، ئەوە دەتوانین بە بەکارهێنانی بیرۆکەکانی ئەو بنچینەیەک بۆ ئازاد بوونو بنچینەی شکست لەئازاد بوون بدۆزینەوە ــ ئەوەش هەڵوێستێکە گوزارشت لەو ناڕۆشنییە دەکات کە هەموو تێڕوانینێکی سیاسی واقیع بینانە دووچاری دەبێتەوە، ئەویش کێشەی پارێزگاریکردنە لەپێداویستییە دژکارو بەها ناکۆکەکان. وەکو ئەوەی وایت ڕوونی کردۆتەوە، دژکارییەک لەنێوان سوودەکانی مۆدێرنەو ژیانی ڕۆحیو ئەخلاقی ئێمەدا هەیە، دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بەرەو بەدیهێنانی بەهای هەمەکیمان دەبات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەندێک لایەنی ژیانمان لێدەسەنێتەوە کە ڕێگامان پێدەدەن مومارەسەی توانا مرۆڤایەتییەکانمان بکەین لەدروستکردنی ئەو ژیانەی گەرەکمانە لەگەڵ خەڵکانی تردا. ڕەنگە جەختکردنە سەر شێوازەکانی هاوسەنگی نێوان ژیانی تازەمان، کە بەردەوام لەگۆڕاندایە، یەکێک بێت لەو پرسانەی پێویستە لەلایەن هێزە سیاسییەکان بخرێتە ڕوو، بۆیە دەبینیت ئێستاکە من زیاتر پشتگیری لەهابرماس دەکەم لەوەی بەر لەدەساڵ پێش ئێستادا. ئەوەی هابرماس پێی هەڵدەستێت زیاترە لەوەی گەڕانەوە بێت بۆ کۆگای فایلەکانی پارسۆنز. لەبەرئەوەی پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەو کۆگایەی فایلەکان پێویستی بەوە نییە هەموو شتێکی پتێدا بێت، ئەوەندەی بەسە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە ـ یا ئەگەر بمانەوێت زمانی بەشی ڕابردوو بوکار بێنین ــ دەڵێین جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە هیچ دەروازەیەک بۆ چوونە دەرەوە بوونی نییەو پێی وایە ئێمە هەر ئەوەندەمان لەدەست دێت نەهێڵین دیوارەکانی دەوورەمان لێک نزیک بکەونەوەو لەنێوان خۆیاندا بمان پلیشێننەوە، یا هەر بەیەکجار بەسەرماندا دابڕمێن.

تێبینی: ئەو نووسینە بەش دوازدەیەمی کتێبی" تیۆری کۆمەڵایەتی ـ لەپارسۆنزەوە بۆ هابرماس" ە و ئیان کریب نووسیویەتیو لەلایەن دەزگای چاپو پەخشی ڕێبین بەم زووانە چاپو بلاو دەکرێتەوە.

# تواناكانی تاكو... دەسەلات

ن: برتراند راسل
و: ئەژین عبدولخالق

هەوڵ دەدەم تیشك بخەمە سەر ئەو پاڵنەرو ئارەزووانەی دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك كەس لەناو كۆمەڵگادا لەڕووی قازانجو زیانەوە. ئەو جۆرە پاڵنەرو ئارەزووانەی تاك ڕۆڵێكی گەورە دەگێڕن لە كۆمەڵگا سەرەتاییەكاندا، لەڕابردوودا هەندێك لەتاكەكانی كۆمەڵگا چالاكتر بوون لەوانی تر لە پیشەی ڕاوو جەنگ (كە ئەوكات گرنگترینو باوترین پیشە بوو) زۆربەی تاكەكانی كۆمەڵ پێوە خەریك بوون هەرچەندە چالاكی تاك ڕەزامەندی تاقمو گرووپەكانی دەوروبەری بەدەستنەهێنابووایە كەمتر خەڵك سەرقاڵی چالاكی خودی خۆی دەبووو كەمتریش هانی دەدا. هەرچەندە ئەم جیاوازیانە زیاتر بوون. كۆمەڵگاش پێویستی بە پێداویستی زیاتر بوو بۆئەوەی سودیان لێوە ببینێو ئاراستەیان بكات. هەموو پێشكەوتنێكی ڕۆشنبیریو هونەریو داهێنانێك پشت دەبەستێت بە تاكە خاوەن بەهرەكان كە چالاكیان تا ئێستاشو بەردەوام فاكتەرێكی یەكلاكەرەوە بووە بۆ گواستنەوەی مرۆڤایەتی لە هەمەجیەتەوە بۆ شارستانییەت ڕادەی سود وەرگرتنی كۆمەڵگاش لە بەهرەی تاكەكانی لەسەر ڕادەی پێشكەوتنی ئەم توانایانە دەوەستێت بەڵام لە كۆمەڵگا ڕێكخراوەكان ئارەزوویێكی ئاشكرا هەیە بۆ دیاریكردنی پالاكیو بەهرەكانیان. بەڵام گەر كۆمەڵگا لەلایەكی ترەوە كۆنترۆڵی تاكەكانی خۆی لەدەست بدا، ئەوە ڕەنگە ئەو تاكانە سەرقاڵی هەندێك كار بن كە زیان بەكیانی كۆمەڵگا بگەیەنێت. لێرەدا كێشەی گەورە كێشەی گونجانی نێوان ئازادی تاكو ڕێكخستنی كۆمەڵایەتییە. لەدەستدانی ئازادی بەرەو ڕكودو شڵەژانمان دەبات، كەمتەرخەمیش دەبێتە هۆی ئاژاوەو جیاوازی لەنێوان تاك بەچەند ڕێگایەك دەردەكەوێت. هەندێكیان ئاژاوە چینو هەندێكیشیان تاوانبارنو هەندێكیان بەهرەی هونەری گەورەیان تێدایە وەكو دادوەرو پیاوانی ئایینیو زانایانی ئەخلاقو...تاد. پێدەچێت تایبەتمەندێتیو پسپۆری لەوەزیفەكانی نێو مرۆڤدا ئەوەندە كۆن بێت بەقەد كۆنی مرۆڤ. ئەو وێنانەی لەسەر دیواری هەندێك ئەشكەوتەكان دۆزراوەتەوە دەلالەت لەوە دەكەن كە هونەر لەلای مرۆڤی كۆن هەبووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین كە هەموو تاكەكانی كۆمەڵگا ئەو كاتە ڕێزی هونەریان گرتووە. لەوانەیە هونەرمەندانی ئەوكات لە كۆمەڵگا دابڕابووبنو لەماڵ بووبن لە كاتێكدا كە تاكەكانی هۆزەكانیتر خەریكی ڕاوچیەتی بووینە.

دەتوانین بڵێین كە شێخی هۆزو ((كاهین))یش وەزیفەیان لەگەڵ ژیانی هۆزگەرایی دەستپێكردبێت ئەمە لەسەر پزیشكو ئەو پیشانەی لەم بابەتەشن هەر ڕاستە بەڵام هەر لەسەرەتادا ئارەزوو هەبووە بۆ دیاریكردنی هەموو چالاكیەكانی لەو جۆرە لەنێو چوارچێوەی دابو نەریتێكی دیاریكراو. وەزیفەی شێخ بۆتە وەزیفەیەكی پشتاوپشتو پزیشكەكانیش چینێكی تایبەت بەخۆیان

دروست کردووەو بەم شێوەیەش زۆر سەخت بوو بۆ کۆمەڵگاکان بەهرەمەندان بدۆزنەوە. چونکە دۆزینەوەی بەهرە ئاسان نییە.
هەوڵ دەدەم لەم بەشەدا نمایشێکی مێژووی پەیوەندی نێوان کەسی بەهرەمەندو کۆمەڵگا لەلایەکو ئەو بارودۆخەی کە دەکرێت لەسایەیەوە پەرە بە بەهرەکانی بدرێتو سودمەندبێت بۆ کۆمەڵگا لەلایەکی تر باس بکەم، یەکەم جاریش لە هونەر دەکۆڵمەوە دواتر دێمە سەر ئایینو ئەخلاق، لەکۆتاییشدا دێمە سەر زانست.
هونەرمەند لەوکاتەی ئێستادا بە بەراورد لەگەڵ رابردوو رۆڵێکی گەورە نابینێت. زۆرکەس مەیلی ئەوەیان هەیە رقیان لە شاعیری دەربار ببێتەوە بەگشتی بەچاوێکی سوک تەماشای دەکەن، بەلآم لەرابردوودا بارودۆخەکە جیاواز بوو. (هومەرو فرجیلو شکسپیر) شاعیری دەربار بوونو لەشعرەکانیاندا مەزنکردنی هۆزو دابو نەریتە باشەکانیان رەنگی دەدایەوەو پێیان هەڵدەگوت. بەلآم ئەوەی پەیوەستە بە شکسپیر پێم وانییە شاعیری دەربار بووبێ، بەڵکو دەقەکانی پێچەوانەی ئەوەن.
مێژوونووسە وێڵزیەکان بەباوکو باپیرانی شا ئارتەریان هەڵداوەو نەمریان دەکرد. نووسەرە فەرەنسیو ئینگلیزییەکانیش هەمان شتیان بۆ پاشاکانی خۆیان دەکرد شا هنری هەشتەمیش بۆ هەندێك مەبەستی تایبەتی خۆی هانی دەدان هەندێك نووسەر بە ئەمجادی بارتنۆنو کەنیسە کۆنەکانیاندا هەڵدەدا مۆسیقاش رۆڵی خۆی بینیوە. هەم لەهاندانی جەنگو هەم لە پەروەردەکردنی چێژ. بەلآم ئێستا بەشێوەیەکی گشتی رۆڵی هونەرمەندان کەم بۆتەوەو خەڵکیش رێزی هونەرمەندان ناگرن.چونکە پێیان وایە هونەر شتێکی دابڕاوە لە ژیان نەك شتێکی پەیوەست بێ بە ژیانەوە وە ئەم رێسایە تەنیا هونەری بیناسازی ناگرێتەوە لەبەرئەوە رێزی دەگیرێ. چونکە سودی زۆرەو پارێزگاری لە بەشێك لە هونەری کۆنیشی کردووە پووکانەوەی هونەر لەکاتی ئێستادا تەنیا بۆ ونبوونی شوێنو پێگەی هونەرمەند ناگەرێتەوە لەلایەنی کۆمەڵایەتیدا بەڵکو بۆئەوەش دەگەرێتەوە کە ئارەزووکردن لە بەکارهێنانی هونەر تائێستاش چێژ وەردەگرن لێی وەکو پێشتر پێداویستییەکی سەرەکی نییە. لەنێو چینە نەخوێندەوارەکان مەیل بۆ مۆسیقاو سەمای میللی هەیە تا ئێستاش زۆرکەس هەن مامەڵە لەگەڵ شیعر دەکەن بەلآم هەرچەندە ژیان پیشەسازی تر بێت زەحمەتتر دەبێت خەڵك مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.
بیرکردنەوە لە بارودۆخی ژیانو گوزەران کردن لە ژێر ئەو بارودۆخەی ئێستاماندا دیاردەیەکی ترسناکەو خەڵك لە بیرکردنەوە لەهونەر دووردەخاتەوە، ناکرێت ژیانی هونەریش زیندووبکرێتەوە تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە هونەر دەبێە ئارەزووێکی گشتی لای هەموو کەس. هەموو خەڵکە مەزنەکان لەبواری ئایینو ئەخلاق کاردەکەن. سەرەرای ئەو پیرۆزییەی کە هەندێك. چاکسازی پشت بە هەوڵدان بۆ خەڵك دوای مردنیان پێیان دەبەخشن. بەلآم ئەوانە لەململانێی بەردەوام دان لەنێو کۆمەڵگاکانی

خۆیان تێکشکاندنی دابو نەریتە توندو تیژو خراپوبۆماوەکان دەبەسێت بۆ گۆڕینیان بەدابو نەریتی باشتر لەگەڵ هەوڵدان بۆ چاککردنو خۆشکردنی پێوەندی نێوان خەڵکو بلاَوکردنەوەی خۆشەویستی لەنێوانیاندا. هەندێك لە فەیلەسوفانی یۆنان مزگێنی بەخشو بانگەشەکاری بلاَوبوونەوەی برایەتیو مرۆڤایەتی.

کۆیلــەبوون هەریــەك لــە مەســیحییەتو بودیزمــیش مزگێنــی بەخشــی ئــەم پرەنسیپانە بــوون. لەســەرەتای ئــایین فاکــتەرێك بــوو لــە فاکــتەرەکانی یەکێــتی کۆمەلاَیــەتی لەنــێو هۆزەکان، لەهەر هۆزێکدا ئاین سەری هەڵبدابا دەبــووە هــۆی ئــەوەی دووچــاری شــەڕو ئــاژاوەو مــلملانێ بێت لەگــەڵ هۆزەکــانی تــردا، لەهــەمان کاتیشــدا لــەناوخۆیدا بەشــێوەیەکی پــتەوتر هاوکاری دروست دەبوو، لەکۆتاییدا شێوەیەك وەردەگرێــت کــە لەســەرووی ســنووری هــۆزەو ڕووبــەڕووی چــەمکە ترســناکەکانی هۆزەکــەش دەبــۆوە، هــەر لەبەرئــەوەش لەسەرەتادا پیاوانی ئایینی دووچاری مەترسی دەبوونــەوە. چونکە هەوڵیاندەدا هــەندێك لــەو بیروبــاوەڕە باوانــەی خەڵك بەلاوە بنێین کەلێی ڕاهاتبوون.

لەتێڕوانینی ئایینیشەوە توندوتیژی هۆز شتێکی ناپەسندو ناشیرین بوو، کەچی بەر لەوکاتە شتێکی باش بوو خەڵك لەپێناویدا هەوڵو کۆششیان بوو ململانێی گەورە لەنێوان ئەوکەسانەدا سەری هەڵدا کە ئەخلاقی هۆزیان پێ باشتر بوو لەگەڵ ئەو کەسانەی بانگەشەی ئەخلاقی ئایینیان دەکرد. پیاوانی ئایینیو زانایانی ئەخلاق کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لەژیانی خەڵکدا. ئەگەرچی ئێمە لەو کاتەی ئێستاماندا دەبینین زۆر لە بەها ئەخلاقییەکان لە زۆر لە وڵاتانی دنیادا لەناوچوون ئەوەش دەلالەت لەسەر نەمانی ئەو بەهایانە دەکات لەهەموو وڵاتاندا. ئێمە قەرزارباری زانایانی ئەخلاقین لەبەرامبەر هەوڵەکانیان کە بۆئەوەی ئاستی ئەخلاقی جیهانی بکەنە فاکتەرێك لەسەرووی سنوورەکانی جوگرافیو هۆزەوە دەبێت وە بۆ دژایەتی کردنی کۆیلایەتیو ئەو هەستو نەستە جوانەیان بەرامبەر دیلی جەنگو دەستنیشانکردنی دەسەلاَتی پیاو بەسەر ئافرەتدا. هەڵوێستی گەورە لەبەرامبەر بچووکداو دانپێدانانیان بەوەی هەندێك لەگەلان لەسەرووی هەندێك گەلی ترەوەن دژایەتی کردنی هەردوو بیرۆکەی ئیمپریالیزمو ئیستغلال ئەم بنەمایانە لەداهاتوودا بلاَو دەبنەوەو پەیوەندی خەڵکیش لەنێو خۆیاندا ڕێکدەخات. بیریارانو پێغەمبەران بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەدەبێت ئەخلاق گرنگی بە لایەنەکانی خەڵك بدرێتو هەستی خەڵکیش پەروەردە بکرێت. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لەسەردەمی خۆیاندا نەتوانن بەبەختەوەری بژین. سوقرات چونکە مزگێنی بەخشی پرنسیپی نوێ بوو بۆیە ژەهر خوارد کرا.

ئێستا بارودۆخ لە وڵاتە دیکتاتۆرەکان شتێکی لە سەردەمی سوقراتو ڕۆژانی دوایی مەسیحیەت کەمتر نییە. لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکانی ئێستادا هەرکەسێك بیرۆکەیەك پەیڕەو بکات دژی بیرۆکەی دەوڵەت بێت خۆی دووچاری مەترسی

دەکاتەوە . کەواتە هەر گۆرانکاریيەك لە بيرکردنەوەی سياسی لە دەوڵەتە ديکتاتۆريەکاندا بەردەوام دەبێت لە رێگای حکومەتەوە بێت، کەچی حکومەتيش وەکو ئەوەی ناسراوە لە ئێستاو ڕابردوودا شتێك ناکات کە لە بەرژەوەندی خۆيدا نەبێت . لەبەر ئەوەی تەنيا پەيڕەوی يەك مەزهەب دەکاتو داواش لەسەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ دەکات ملکەچ بن بۆی. ئەمە دياردەيەکی نوێيە لەمێژووی مرۆڤايەتيدا کە لەسايەيەوە حکومەت زياتر کۆنترۆڵی ژيانی تاکەکانی دەکاو زانستی نوێش پشتگيری لێدەکات. ئێمەش پێمان وايە بڵاوبوونەوەی ئەم دياردەيە بێ هيوامان دەکات لەپێشکەوتنی مرۆڤايەتيدا. ئاسان نييە لەوکاتەی ئێستاماندا بليمەتێك بدۆزينەوە پانتايیيەك بەدی بکات بليمەتی خۆی تێدا دەربخات ئەگەر ناکۆك بێت لەگەڵ بەرژەوەندی دەسەڵاتداراندا.

لەبارودۆخی ئێستادا چوار ڕێگا لەبەردەم تاکدا هەيە بۆ دەرخستنی بەهرەکانی يەکەم: ئەگەر سياسييەکی گەورەبێت وەکو لينين. دووەم: يا خاوەنی سامانێکی زۆربێت وەکو رۆکفلر. سێيەميش: گۆڕينی سەر ڕووی زەوييە لە ڕێگای داهێنانی زانستی هەروەك ئەوەی زانايانی (گەرديلە) کرديان. چوارەميش: ئەوەی نەيتوانی دەروازەيەکی باش بۆ چالاکيە عەقڵييەکانی خۆی بدۆزێتەوە. کەواتە دەبێتە تاوانبار، تاوانباران لەڕووی دادوەرييەوە بەچاکسازی کۆمەڵايەتی دانانرێن وەهيچ گرنگیو ئەسەرێکيان لەسەر مێژوو نابێت لەبەرئەوە هەندێك لەو کەسانەی کە وشيارو خاوەن ئارەزووێکی زۆرن هەوڵدەدەن دەروازەيەك بۆ بليمەتی خۆيان بدۆزنەوە جگە لەتاوانکاری.

دەرکەوتنی زانايان لە کۆمەڵگادا دياردەيەکی نوێيە. زانايانيش هەوڵدەدەن وەکو پياوچاکانی تر ڕێگای خۆيان لەنێو ژياندا بکەنەوە. لەبەرئەوەش هەندێکيان دووچاری کوشتنو سوتانو نەهی لێکردنو شتی تر بوونەوە. زانايان نەياندەتوانی پارێزگاری لەژيانی خۆيان بکەن تەنيا ئەوکاتە نەبێت کە حکومەت هەستی کرد ئەم زانايانە لەڕێگای داهێنانە زانستييەکانيانەوە دەتوانن چەکی کۆمەڵ کوژ بەرهەم بێنن، شۆڕشگێڕە فەڕەنسييەکان (لافوازييە)يان لەسێدارەدا دواتر پەشيمان بوونەوە کاتێك زانيان دەيانتوانی هەندێك لەداهێنانەکانی لافوازی بۆ دروست کردنی تەقەمەنی بەکاربێنن بەڵام مەدەنييەکان ڕێزی زانايان دەگرنو داهێنانە زانستييەکانيان لەجەنگ بەکاردێنن حکومەتيش ئازاری زانايان نادات تەنيا ئەوانە نەبێت کە بەرهەمە عەقڵييەکانيان دەدەنە حکومەتە نەيارەکانيانو بەکاری دەهێنن. ئەو سەردەمەی کە تيايدا دەژين لەڕووی پێشکەوتنی زانستی لەبرەودايە بەبەراورد لەگەڵ سەردەمەکانیتر پێشکەوتنی زانستی لەسەر ژيانی ڕۆژانەماندا ڕەنگی داوەتەوە بە هۆی بەکارهێنانی هێزی کارەبايیو ڕاديۆو سينما. هەروەها کاريگەریو ئاسەواری زانست بەسەر پيشەسازيشدا ديارە بەهۆی بەکارهێنانی ئامێرو وزەی تر. لەئەنجامی ئەوەشدا لەکاتێکی کەم بەرهەمێکی زۆر بەدەست

دێت. ئەوەش بووە هۆی خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا زۆر ئاسانتر بێت هەروەها بۆتە هۆی ئەوەی لاوەکان بەبەراورد لەگەڵ پێشووتردا ماوەیەکی زۆرتر لەخوێندن بەسەربەرن لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستیش لەتواناماندایە زانیاری ڕاست لەناو خەڵکدا بلاّوبکەینەوە هەروەها دەتوانین فریویشیان بدەین ئەوەش لەڕێگای ڕادیۆو ڕۆژنامەو سینما. هەروەها لەڕێگای زانستەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئێستاش سەختە خەڵکی بتوانن لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتێك کە حەزی پێناکەن دەربازبن. هەموو دیاردەکانی ژیانی ڕۆژانەمانو دەزگا کۆمەلاّیەتییەکانمان بەرهەمی زانستین. ئێستا دەوڵەت ڕۆڵێکی زۆری هەیە لەپێشکەوتنی زانستیدا. بەلاّم لە ڕابردوودا دەوڵەت دژایەتی زانستو پیاوانی زانستی دەکرد ڕوسیای نوێش نموونەیەکی جوانە بۆ بەکارهێنانی زانست لەخزمەتی دەوڵەتدا. ئاسان نییە بیرلە توانای ململانێی نێوان حکومەتی ڕوسو زانایانی بکەینەوە لەبەرئەوەی حکومەتی ڕوس هێزێکی ڕەهای هەیە کە لەڕابردوودا زۆرداران خەونیان پێوە دەبینی. شوێنگەی زانستی لەڕابردوودا نامۆنەبوو ئەگەرهاتوو ئەو بارودۆخە بزانین کە زانایان چەند شتێکیان دۆزیەوە. کەناکۆك نەبوو لەگەڵ دابو نەریتو سەردەمی باو بەوەش ڕێگایان خۆش کرد گومان لەو بیروبۆچوونانە بکرێت کە باوبوونو کۆمەڵێك بیرو بۆچوونیشیان لەو پیرۆزیە داماڵی کە دەوری دابوو، بۆ نموونە ئەو بۆچوونە کۆنەی کە دەڵێت (خۆر بەردێکی سووری گڕگرتووە مانگیش لەمادەیەکی خۆڵی پێك هاتووە) خاوەنی ئەم بۆچوونە کە فەیلەسوفێکی یۆنانی بوو چەوسێنرایەوەو لە ئەسیناش دەرکرا. چونکە ئەو بۆچوونەی دژبوو لەگەڵ بیروبۆچوونی خەڵك کە ئەوکات باوبوو بڕوایان بە پیرۆزی مانگو خۆر هەبوو کە بۆچوونەکانی ئەم فەیلەسوفەیە بە (کفر) دانرا. ئەو هێزانەی زانست دایهێنا بۆ کۆنترۆڵکردنی سروشت دواتر تاکە فاکتەر بوون بۆئەوەی بەشێوەیەکی باشتر مامەڵە لەگەڵ زانایان بکرێت.

ئەم شێوازە لەمامەڵەکردنیش زۆر لەسەرخۆو هێدی بوو بەلاّم کاریگەریشی هەبوو. هەستی هەندێك کەس دژ بە زانست لەو کاتەی ئێستاماندا هەستێکی سەیر نییە ئەمەش ڕەنگە ئەنجامی ئەو مەترسییانە بێت کە دووچاری ژیانی مرۆڤایەتی هاتووە لە ئەنجامی دابەشبوونی گەریلەو پەیدابوونی چەکی (بەکتریۆلۆجی) بەلاّم هەرچەندە هەستی هەندێك کەس لەبارەی ئەم مەترسیانە گەورە بێت بەلاّم ناتوانن زانایان بنەبڕ بکەن مادام ڕوودانی جەنگ چاوەڕوانکراوە، چونکە یەك لە لایەنەکانی شەڕ دەتوانێت سەرکەوێت بەسەر لایەنەکەی تر بەهۆی مەودای ئەو چەکە کاولکارانەی کە زانست داویەتە دەستی. زانست وەکو ئەوەی کە بریتییە لە مەعریفەی شتێك لەخودی خۆیدا شتێکی باشە، زانست وەکو ئەوەی هونەرێکە پراکتیك دەبێ لەسەر ژیان گرنگیەکەشی لەسەر مەبەستی بەکارهێنانی دەوەستێ، کەوتە زانست لە (لایەنی چاکەو خراپەوە) شتێکی بێ لایەن نابێت نەلۆمەی

بکەین‌و نەپێی هەڵبدەین چونکە ئەو لەخودی خۆیدا نەشتێکی چاکەو نەخراپ بەڵکو وەکو باسمان کرد لەسەر ئەو کەسە دەوەستێت کە بۆ چ مەبەستێك بەکاری دێنێت. ڕەنگە جێکەوتی زانایان لەژیانی گشتی کۆمەڵەکاندا کەمتر بێت لەجێکەوتی سیاسەتمەداران، سیاسەتمەداران لەڕۆژگاری ئەمرۆماندا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ژیانماندا هەیە بەشێوەیەك لەمێژووی مرۆڤایەتیدا شتی وانەبووە پەیوەندی نێوان سیاسەتمەدارو زانایان لەپەیوەندی نێوان فاڵچی‌و جنۆکە دەچێت. کە بەدوای داخوازییەکانی فاڵچییەو بۆی جێبەجێ دەکات وەکو ئەوەی لە چیرۆکی هەزارو یەك شەوەدا هاتووە چونکە جنۆکە کۆمەڵێك کاری سەرسوڕهێنەر دەکات فاڵچی ناتوانێت بەبێ یارمەتی ئەو ئەنجامیان بدات، بەڵام جنۆکە ئەو کارە لەسەر داوای جادوکەر ئەنجام دەدات نەوەکو بۆ خۆی، ئەوەش هەمان حاڵەتی زانایانی گەردیلەی سەردەمی ئێستامانە. حکومەت هەندێك لەماڵی خۆیان‌و یا لە تاقیگەکانیان سنووربەندیان دەکات‌و داواو داخوازییەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ دەکات واتە ئەوان دەبن بەکۆیلەی حکومەت.

بەڵام سیاسەتمەداران بەپێچەوانەی ئەوانەن ژیانی لینین سەرکێشی زۆری تێدابووە دوای ئەوەی حکومەتی قەیسەری براکەی کوشت. لینین چەندین ساڵی لە تاراوگەو هەژاری بەسەر برد بەڵام توانی بەچەند مانگێکی کەم ببێتە سەرۆکی نەتەوەیەك، کە یەکێك لە مەزنترین نەتەوە هاوچەرخەکان بووە، ڕابەرایەتی لینین لە ڕابەرایەتی زۆر لە سەرکردەکان نەدەچوو ئەوانەی نوقمی چێژی تایبەتی خۆیان دەبن. بەڵکو ڕابەرایەتیەك بوو وڵاتێکی بەرفراوان. لەگەڵ پرەنسیپەکی دیاریکراودا گونجاوو بەپێی ئەوەش ژیانی دانیشتوانەکەی گۆڕی‌و جۆرێکی نوێی ڕێکخستنی سیاسی بەرهەم هێنا کە بووە هۆی ئەوەی کاریگەری بکاتە سەر زۆر وڵاتانی ترو بانگەشەی سەردەمێکی نوێ بکات. هەندێك کەس دژی بوون‌و هەندێك کەس خۆشیان دەویست بەڵام کەس نکۆڵی لە گرنگییەکەی نەدەکرد بە شێوەیەك زۆر لەسەرکردەکانی مێژوو خەونیان پێوە دەبینی ناپلیۆن دەڵێت: (مرۆڤ دەتوانێ هەموو شتێ بەنوکی حەربە بکات بەڵام ناتوانێت لەسەری دانیشێت) لینین سەلماندی کە دەتوانێت شتێکی وا بکات. هەموو مرۆڤە مەزنەکان سوودمەند نەبوون بۆ مرۆڤایەتی بەڵکو هەندێکیان زەرەرمەند بوون، هەندێکیشیان وەکو پیاوانی ئایینی‌و ئەخلاقناسان هەوڵیاندا بەزەیی‌و خۆشەویستی بلاوبکەنەوەو وە هەوڵیانداوە توندوتیژی‌و خراپەکاری لەمامەڵەکردنی خەڵك لەگەڵ یەکتردا کەم بکەنەوە. هەندێکی تریش وەکو زانایان زانیاری زۆریان پێداون کە پەیوەستن بە مەعریفەی هێزی سروشتی‌و ئەوەش شتێکی جوانە. بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی هەندێك کەس بەخراپی بەکاری دێنن‌و هەندێك کەسیش وەکو (شاعیرو گەورە مۆسیقاژەن‌و شێوەکاران) جوانیەکیان بە سروشت بەخشی کە خەڵکێکی زۆر چێژی لێی وەردەگرێت بەڵام خەڵکانی تر هەن کە خاوەنی هێزێکی زۆریشن بەڵام بەپێچەوانەی ئەوانە کاریان کرد. من ناتوانم

هـيچ ســوودێك لــه بوونــی (جنكـيزخان) يــا (رۆبسـپيێر) وەربگـرم واهەسـتيش ناكـەم كـە مـن قـەرزاری (لينين)م. بـەڵام هەريـەك لـەم پـياوانە سـيفاتی باشـەو خـراپەی خۆيـان هەيـەو مـن حەزناكـەم ئـەم سـيفەتانە لـەناو بچـن سـيفەتی قوربانــيدانو هــەوڵو تێكۆشــانو ســەربەخۆيی هــزریو دوور ڕوانـــينو بــاشو خـــراپی ئـــەم سيفەتانە پەيوەسـتە بـە شـێوازی بەكارهێنانـيان جياوازيـيەكی زۆر لەنـێوان تاوانـبارە گـەورەكانو سياسـەتمەدارە گـەورەكان نـيـيە (هەروەك خەڵكی پێيان وايـە) ئەگـەر خـەڵك توانيان كابتن (كيدو ئەسـكەندەری) گـەورە لـەكاتی لـەدايك بوونـيان بگۆڕنـەوە بەيـەكتری ئـەوە هـەر يەكـەيان ئـەو شـێوە ژيانـەی وەردەگـرت كـە ئـەوی تـريان وەری گرتبوو دەتوانين هەمان شتيش لەبارەی هەندێك هونەرمـەند بڵـێين، دەتوانــين بڵـێين ئەسـتەمە بەرهەمێكی مەزن لە جيهانی نوێدا بەرهەم بێت ئەگــەر تەنــيا پشــت بــە چــالاكی تاكەكــەس ببەستێتو دامـەزراوە كۆمەڵايەتييەكان هاوكاری نەكــەن، بــەڵام لەلايــەكی تريشــەوە ئەگـــەر تاكەكـەس توانـی خـۆی بكاتـە سـەرۆكی دەوڵـەت وەكو (لينين) يـا سـەرمايەدارێكی گـەورەی وەكو (روكفلـر) يـا پـارەدارێكی گـەورەی وەكـو (بـيير بونــت موركــان)ی گــەورە ئەوكاتــە دەتوانــن جێكەوتی گـەورە لـەو جيهانە جێبێڵين كە تێيدا دەژيــنو دەتوانــن ئەگـەر زانـا بــن هــەندێك لــە حكومەتـــەكان بێنــــە ئـــەو بـــاوەڕەی كـــە بەرهەمـــەكانی لــە جــەنگدا بەســوودن. لەگــەڵ ئەوەشـدا ئـەو پياوەی بەبێ يارمەتی دامەزراوێك يا ڕێكخـراوێك كاردەكات ناتوانێت بـەم شـێوەيە

ڕێگای خـۆی لـە نـێو ژيـاندا بكاتەوە وەكو ئەوەی پاڵپشـــتیو يارمـــەتی هـــەندێك دامـــەزراوی كۆمەڵايــەتی دەيكــات ڕێگايــەك بــۆ ژيــانی بدۆزێـتەوە، ئـەو قسـەيە چـۆن لەسـەر خـەڵكی ئاسايی پراكتيك دەبێت ئاوا بەسـەر زانايانيشدا پراكتـيك دەبێـت. لـە ڕابـردوودا زانايـان تەنـيا پشـتيان بەخۆيان دەبەستو كاريان دەكرد كەچی هاوڕێيانـيان لـە ئێسـتادا پێويسـتيان بـە ئامـێرو كەرەسـتەی وا هەيـە كە خۆيان ناتوانن بەدەستی بێـنن. بـەڵام لەڕێگای حكومەتەكانـەوە بەئاسانی دەسـتيان دەكەوێـت. يـا وەكـو ئـەوەی لەوڵاتـە يەكگـــرتووەكانی ئەمـــريكادا هەيـــە. لـــەڕێگای ڕازيكـردنی سـەرمايەدارانەوە دەستيان دەكەوێت بـەم پێـيەش كەسـی زانـا كـرێكارەكی سـەربەخۆ نـيـيە بەڵكو بەشێكە لە سيستەمێكی هەرە گەورە ئـەوەش لەبەدبەختی ئەوە ڕوودەدات چونكە ئەو كارانـەی مـرۆڤە مەزنـەكان دەتوانن بۆ خۆيان بە تەنـيا ئـەنجامی بـەردەوام بەسودترە لەو شتانەی كــە بەيارمـــەتی ڕێكخـــراوە كۆمەڵايەتـــيەكان ئـەنجامی دەدەن لـەكاتی ئێسـتادا سـانا نـيـيە تـاك بتوانێت ژيـانی خـەڵك بگۆڕێت، مەگەر كەسێكی سياســی بـــێو بـــارودۆخ لەباربێـــت بۆئـــەوەی سـەركردايەتی دەوڵەت بگرێتە دەستی يا زانابێت بەرهەمـــەكانی خـــۆی بفرۆشـــێتە حكومـــەتو خزمەتی بەرژەوەندييەكانی بكات.

ئـەوە تەنـيا لەسـەر زانايـانو بلـيمەتان پراكتـيك نابێـت بـەڵكو لەسـەر هـەموو كەسـێكدا پراكتـيك دەبێـت كـە خـاوەنی ژيريـيەكی ديارێكـراوە هەرچــەندە كەمــيش بێــت، بــۆ نموونــە ئــەو ســـەردەمانەی كـــە شـــاعيرە گـــەورەكانی تـــێدا

هەڵكەوتبوو، لەپاڵ ئەواندا شاعیری تریش كە هێندە مەزنیش نەبوون بەڵام دەركەوتبوون هەمان شتیش بۆ هونەرمەندانو شێوەكاران ڕاستە گەورە مۆسیقاژەنە ئەڵمانەكان ئەو كاتە سەریان هەڵدا كە خەڵك ئارەزووی مۆسیقایان هەبوو هەر ئەوكاتەش هەندێك مۆسیقاژەنی تریش دەركەوتن كە هێندەی ئەوان مەزن نەبوون. ئەو كاتە شیعرو وێنەو مۆسیقا شتی سەرەكی بوو لەژیانی ڕۆشنبیری خەڵكدا وەكو چۆن لەكاتی ئێستادا یارییە وەرزشیەكان وان هەمان شتیش لەبارەی ژیانی پێغەمبەرە مەزنەكان هەر ڕاستە، چونكە ئەوانە لە سەردەمێكدا توانیان دەربكەون كە تێیدا خەڵكانێك هەبوون لەوان كەمتر ناوداربوون كەمی سەرهەڵدانی ئەوانەش لەكاتی ئێستادا ئەنجامی كۆبوونەوەی دەسەڵاتەو زیاتر ڕێكخستنی كۆمەڵگایە بەڕادەیەك چالاكی تاكەكەسی پەكی كەوتووە. گەشەكردنی هونەر لەڕابردوودا بەهۆی ململانێی كۆمەڵگا بچووكەكان دەگەڕێتەوە بۆ منافەسە، بۆ نموونە شارە یۆنانییەكان لە ڕابردوودا شارە ئیتاڵییەكان لەسەردەمی ڕێنیسانسداو دەسەڵاتدارانی هەرێمە ئەڵمانیەكان لەسەدەی هەژدەیەمدا كە هەر سەركردەی ناوچە ئەڵمانییەكان لەسەدەی هەژدەیەم هەر میرێك مۆسیقاژەنێكی تایبەتی هەبوو لەڕێگای ململانێی ئەم مۆسیقاژەنانەوە (باخ) سەری هەڵدا. لەوجۆرە مەسەلانە ململانێ شتێكی باشە ڕۆڵێكی گەورەشی بینیوە لە بونیادنانی (كاتدرائییەكان)دا بە جۆرێك هەر ڕاهیبێك هەوڵی دەدا (كاتدرائیتەكەی) ئەو لەهی خەڵكانی تر باشتر بێت. شارە تازەكان زۆر پێویستیان بەم جۆرە ململانێیە هەیە نەك تەنیا بە هونەری بیناسازی بەڵكو بە مۆسیقاو وێنەكێشانو كارە هونەرییەكانی تریش ئەمەش شتێكە زۆر سەختە بێتەدی لەبەرئەوەی ئیمپریالیزم باڵادەستەو گەلان زۆر پێویستیان بەسەربەخۆییەو خودپەرستیش لەنێو تاكو كۆمەڵەكان بڵاوبۆتەوە لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بایەخ بە بڵاوكردنەوەی ڕۆحی ململانێ بدەین بەشێوەیەك ناوخۆیی مرۆڤ هەستی هاوكاری لە دەست نەدات مرۆڤی درندەی كۆن بەشێوەیەك ژیاوە كە كۆمەڵگا جێكەوتێكی زۆری بەسەر سنووردارکردنی چالاكییەكانییەوە نەبووە. چونكە چالاكی تاك هەر تایبەت بووە بەڕاوكردنو جەنگ. ئەگەر هاتوو تاكەكەس هەستی كرد مەیلی بەلای پزیشكیدا چوو پێویستە لەسەری پەیوەندی بەكەسێكی بەناوبانگ بكات لە پیشەی پزیشكی.

وە ئەگەر هەر كەسێك توانای تری هەبوو دەتوانێ لەهونەری تر بەكاری بێنێت هەروەك ئەنجامدانی هەندێك چاكسازی بەسەرچەكدا بكات.

یا هەندێك گۆڕانكاری بەسەر تواناكانی ڕاوكردندا بكات. هەموو ئەو كارانە وایان كردووە یارمەتی لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵگا شتێكی مومكینو پێویست بێت، بەڵام ژیانی پیاوی ئێستا جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لەڕابردوودا هەبوو. لە زۆر ڕووەوە سنوورو بەربەست دەخاتە بەردەم چالاكییەكانی مرۆڤ بۆ نموونە ئەگەر كەسێك لەشەقامو ناوبازاڕدا گۆرانی ووت دەڵێن

مەستە وە ئەگەر لەناو بازاڕیشدا دەست بەهەڵپەرکێ‌و سەما بکات ئەوە پۆلیسی هاتووچۆ دەستگیری دەکەن بەناوی ئەوەی گوایە ڕێی هاتووچۆی ئۆتۆمبێلی گرتووە. مرۆڤ مەگەر زۆر بەشانس بێت ئەگینا تەواوی ڕۆژی خۆی لە کارێکی میکانیکی سەرف دەکات کە هیچ چێژێکی هونەری تێدا نییە. تەنیا بایەخ بەوە دەدات کە لە بەرامبەر ئەو کارەدا چەندی پارە دەست دەکەوێت نەوەکو بایەخ بەخودی کارەکە بدات. جگە لەوەی کە مرۆڤ وەکو پێشتر ئەوەندەکاتی حەسانەوەی نەماوە ئەوەش لەئەنجامی ئەو جۆرە ژیانە نوێیەو تێیدا بیرکردنەوەی مرۆڤ لەنێوان ئەمڕۆو بەیانیشدا دەبێت لە ژیانی مرۆڤی ئێستادا بۆتە شتی میکانیکی، حزبی نازیەت هەوڵیدا خەڵك بخاتە نێو چوارچێوەیەکی دیاریکراو کە تێیدا هەموو شتێك بەئارەزووی دەوڵەت بێت کاری سیاسیش ئەوەندە توندوتۆڵ بوو بە شێوەیەك ڕێگا بەتاك نەدەدرا لەو فۆرمە لابدات کە دەوڵەت دەیویست بۆیە خەڵك بەشێوەیەکی بێ وێنە ملکەچی فرمانەکانی دەوڵەت دەبوون. بەلایەنی کەم وادەردەکەوتن بۆیە هونەرمەندو پیاوانی زانستی وا دەرکەوتن کە دەوڵەت هانی دەدان‌و تواناکانی ئەوان لەبەرژەوەندی خۆیدا بەکاربێنێت، مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو ڕوگەیەی کە دەوڵەت دەیگرێتە بەرو دەسەلاتیش ئێستا لە جاران زیاتر چالاکەو بایەخی پایتەخت‌و شارە گەورەکانیش لەزیادبووندایە خەڵك لەهەموو لایەکەوە ڕویان تێدەکەن بۆئەوەی گوزارشت لە تواناکانی خۆیان بکەن ئەگەر کەسێك هەوڵیدا ببێتە شێوەکار هەر بەتەنیا لە ڕێگای پێشبڕکێ‌و ململانێ کردن لەگەڵ ئەوکەسانەدا نابێتە هونەرمەند کە لەشارو ناوچەکەی ئەون بەڵکو پێویستە لەسەری بچێتە هەندێك دام‌و دەزگای ناوداری شێوەکاری ببێتە سەر بەو دەزگاو ڕەوتانە تاوەکو زۆربەی کە باوەڕ بەخۆبوونیان لەدەست دەدەن لەوێدا تواناکانی خۆی دەربخات زۆرجاریش کاتێك ڕاستەوخۆ لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکان بەریەك دەکەون بڕوای بە توانای خۆی نامێنێ‌و هونەر جێدێڵێت‌و ڕوودەکاتە شتێکی تر چونکە لەو شارو ناوچەیەی کەلێی نیشتەجێیە (ئەگەر هاتوو بچووکیش بوو) ناتوانێت ئەو شتانە بەدەست بێنێ کە یارمەتی دەرن بۆ داهێنان‌و پێشکەوتن-بەتایبەتیش ئەگەر شوێنەکە بچووك بوو پێچەوانەی ئیتالیای سەردەمی ڕێنیسانس کەواتە بۆئەوەی بتوانین ژیان لەوچەق بەستوویيەی خۆی رزگار بکەین دەبێت شێوازی وا هەبن مرۆڤ بتوانێت لەڕێگایەوە ببێتە خاوەنی چالاکی عەقلی‌و هونەری‌و گوزارشتیان لێ بکات. گوزارشت لەهەموو مەسەلە گرنگەکانی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی نابێت ئەو قسانەی من وا تەفسیر بکرێت گوایە من بانگەشەی رەتکردنەوەو بەلاوەنانی شێوازی نوێی ڕێکخستنی کۆمەڵگا دەکەم، من چەندە بڕوام بە ئازادی تاك هەیە ئەوەندەش بڕوام بەشێوازێکی نەرم‌و نیانی ڕێکخستن هەیە. ئازادی تاك بە گوزارشت کردن لە خودی خۆی لەناو نەبات بانگەشەی جۆرێك لە ئازادی دەکەم پەیوەست بێت بە ڕێکخستن‌و بەو ڕوگەیەدا بڕوات کە دەبێت بیگرێتە بەر.

سەرچاوە: السلطة و الفرد، برتراند رسل، ترجمة: نوري جعفر، بغداد.

# هیگڵو ڕۆژگاری ئەو

ن: رامین جیهانبەگلو
و: نەبەز محەمەد

هیگڵ ئەو رەوایەتو قابیلیەتەی بەخشی بەفەلسەفە کە لەجیاتی رازاندنەوەی چوارچێوەگەلێکی بۆش‌و بێمانای شوناس، یا واتای پوچو کۆنو بێبایەخ بیر لە ناوەرۆك بکەینەوە. تیۆدۆر ئادۆرنۆ: دیالەکتیکی رەوکەرەوە

بێخوێندنەوەو ناسینی پێشتری رۆگاری هەر فەیلەسوفێك تێگەیشتن لەهزری ئەو مەحاڵە. هیگڵ خۆی باشتر لەهەر کەسێ ئەم راستییە دەرئەبڕێ. ئەو دەڵێت: (هەرکەس کوڕی سەردەمی خۆیەتی. فەلسەفەیش بەهەمان شێوە، تەعبیر لەبیری رۆژگاری خۆی دەکات). کەواتە فەلسەفەی هیگڵ بەم پێیە گشتێتیو هەمەلایەنی (شمولی) بەرهەمی سەردەمێکی تایبەتە. بەڵام دەبێ روانینی ئەوسەردەمە لەچ روویەکەوە جیاوازی لەگەڵ رۆژگارەکانی تر هەبێ؟ سەردەمێ کە بیری هیگڵ لەدایکبوی پرۆژەو رووداوەکانیەتی یەکێ لەگەورەترین ساتەوەختەکانی شکۆفەی فەرهەنگی مرۆڤایەتیە.

ئەوکاتە، سەردەمی دەرکەوتنی شەوق‌و جۆش‌وخرۆشی گەورەی رۆمانتیك بوو، سەدەی گەشبینیو (ئەقڵ) بوو. بەرلەوە مرۆڤ هەرگیز تا ئەو ئاستە. لەکونجی هیچ قولاییەکدا رۆحی خۆی قایم نەکردبوو.

ئەگەر بەگشتی چاوێك بگێرین بەسەر ئەو چاخەدا کە بیری هیگڵ لەدایکبویەتی، سەرمانسوڕدەمێنێ لەو هاوسەنگیە ئاڵۆزەی ئەو، کاتێ لەگەڵ پەشێوی بازاڕی رووداوە فەلسەفیو ئەدەبیەکانی ئەوسەردەمە — رووداوگەلێك کە هەریەکیان لەشوێن هەماهەنگی تازەی نێوان مرۆڤو جیهان بوو — رووبەڕوودەبین، ئەو ئاڵۆزییە قوڵتر خۆدەردەخا.

بەکۆتاییهاتنی چاخی (رۆشنگەری) هیوا بۆ زوترگەیشتنی دنیای تازە، فەزای ئەڵمانیەکانی خۆشتر دەکرد لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا. رۆحی رۆمانتیك جێی بەرۆحی رۆشنگەری چۆڵ دەکات، جیهانی جادویی (زریانو هێرش) جێی بایەخی زاتی (رۆشنگەری) دەگرێتەوە. مەعنەویەتی تازە، ئەمجارەش شاعیرانەتر، لەشوێنی (خوداگری) رۆژانی پێش ئەو سەردەمە دائەنیشێت.

بەدەسکەوتەکانی رۆمانتیزم، هونەر دەگۆڕێ بۆ مەزهەب، یادی رابوردوەکان رۆحی بیرمەندەکان داگیردەکاتو ئەوە هەمان گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە یونانیو هیندییەکان. هۆڵدەرلین ئاینی دیونیزیسی سەرلەنوێ لەئەڵمانیا دەهێنێتەوەئارا. فویدریش شیلگل مرۆڤی لەشێوەی ئەفسانەی هیندۆیدا رێکدەخستەوە. ئەم روئیا سەرسوڕهێنەرانەی شاعیرانو رۆمان نوسانی قوتابخانەی رومانتیزمی ئەڵمانی بەجۆرێکی پەسەندئامێز، هاوڕێیە لەگەڵ جوانترین ئاوازی بەرهەمە گەورەکانی جیهانی مۆسیقادا. داهێنانە نایابەکانی وەکو شۆپان یان بتهۆڤن پشت ئەستور بەو وتەیەی هوفمانە کە دەڵێ: (رێك ئەو تامەزرۆییە بێکۆتاییە هەڵمان دەسوڕێنێ کە جەوهەری رۆمانتیزمە).

بەم شێوەیە، مناڵیو لاوێتی هیگڵ لەناو ئەم رووداوانەی رۆمانتیزمدا سەرچاویگرت کە ئەو دواتر لەکتێبی جوانی ناسی وەکو هونەری خودی مانەوی ناوی دەبات.

فکری هیگڵ لەگەڵ ئەم هەموو گەمارۆیەدا نەچووە ژێر کاریگەری سیحری خەیاڵی رۆمانتیکەوە، چونکە کاریگەری راستەقینەی ئەو لەسەرەتادا لەدوو لاوە بوو: یەکەم؛ دەسەڵاتی فەلسەفەی کانت لەسەر زەینی هیگڵی لاو، هەروەها روخانی (رژێمی پێشوو) لەفەرەنسا — کە (راگەیاندنی مافی مرۆڤو هاوڵاتی) رێبازی ئەوان بوو. کانت بیرمەندێکە کە هیگڵ هەم لەگەڵ ئەودا زۆر نزیك بوو هەم لەگەڵیدا زۆر دوور. کانت بەپێچەوانەی بیرمەندانی رۆمانتیك. فەیلەسوفێکە وابەستەی چاخی رۆشنگەرییەو ئەوەی کە هیگڵ (لەم فەلسەفەدا، بەر لەهەرشتێ. خۆی لێدەپارێزێ لایەنی سقراتی ئەوانە، نیگەرانیەکی تایبەت کە سەبارەت بەمرۆڤ هەیەتی، پرسیارێ کە دەربارەی دەسکەوتە ئازادییەکانی مرۆڤو ئەگەری ئازادبونی ئەو دەیخاتەڕوو) کانت جەرگەو ناوەندی هزری ئەوروپیو خاڵی گرنگو سەرەکی هەر بیرمەندێکی تازە بوو بەدرێژایی سەدەی هەژدەهەم. رەنگە هەر بەم هۆیەوە بوبێ کە هیگڵیش خوێنەرێکی بەبڕشتی بەرهەمەکانی کانت بوو. ئەو لەم سەروبەندەدا لەگەڵ هاوڕێی هاوڕێبازیدا. واتە شیلینگو هۆلدەرلین. بەشداربوو. دەتوانین لەیەکەم بەرهەمی هیگڵدا کاریگەری ئەو خوێندنەوە وردەی ئەو هەستپێ بکەین، لەو نوسینانەدا شوێنگەی بەرچاو لەبیرە رەخنەییەکانی ئەوی پێوەدیارە. لەناو بەرهەمەکانی کانتدا. یەکێ لەکارەکانی ئەم دواییەی ئەوە، واتە کتێبی دین لەسنوربەندی ئەقڵدا کە زۆرترین کاریگەریی لەسەر هیگڵ داناوە. هیگڵ لەنامەیەکیدا بۆ شلینگ. لەبەرواری (١٧٩٥)دا زۆر بەباشی شۆڕو شەوقی ئەو سەبارەت بەمە دەردەخات. هیگڵ دەنوسێت:

من ماوەیەك لەپێش خوێندنەوەی فەلسەفەی کانتدا شەیدای ئەوەبوم کە بتوانم گرنگترین سەرئەنجامەکانی ئەوان دەربارەی هزرگەلێك کە هێشتا بۆ ئێمە ئاساییو لەبەرپێدان (بێبایەخن) بەکاربهێنم: یا روناکییەك کە لەدەسکەوتی ئەو هزارانەدا هەن. بخەمە بەر شیکارو لێکدانەوە.

شتێك کە لێرەدا هیگڵ ئاماژەی پێدەکات، بۆچونگەلێکی فەلسەفەی ئەخلاقی کانتە کە ئەو بەئەنقەست ئەوانەی لەفەلسەفەی خۆیدا بەکارهێناوە. هیگڵ ئەو بۆچونانەی لەچەندین نوسینی سەردەمی لاوێتیدا دەربارەی (حیکمەتی ئیلاهی) کەڵك لێوەرگرتووە، بۆنمونە دەتوانین کتێبێکی ئەو سەبارەت بە (ژیانی مەسیح) لەسەرنج بگرین، هیگڵ لەم کتێبەدا هەروەکو دیدی کانت وێنەی مەسیح دەکات. یاسای ئەخلاقی کانت دەبێتە جیگرەوەی تەعلیماتی ئینجیلو مەسیح حکومەتێکی کرداری (عملی) رادەگەیەنێت.

دەبێ بزانین کە بیری هیگڵ کەم نیە لەجوانیو داهێنان. ئینجیلی لۆقا رەنگی لەهەقیقەتی کانت بەخۆوەگرتووە. هەمان شۆڕوشەوق کە هیگڵ سەبارەت بەئەخلاقی کانت دەردەبڕێ، دەتوانین لەنامەیەکی تریدا ببینینەوە کە ئەویشی لەهەمان ساڵدا بەناوی لایەنی کاندیدی دینی مەسیح نوسیوە. لەم کتێبەدا هیگڵ رایدەگەیەنێ کە (مەبەستو ناوەرۆکی هەر دینێکی راستەقینە رەوشتی مرۆڤە).

لێرەدا هیگڵ سەرلەنوێ لایەنی کانتو فەلسەفەی (رۆشنگەری)یەکەی دەگرێتەوەبەر. بەرای ئەو ئەحکامی بابەتی دینی مەسیح رەنگدانەوەی توانای عیسای مەسیحە. لەراستیدا هیگڵ لێرەدا توانای کڵێسا (گشتگیرتر لەپروتستانتو کاتولیک) لەژێر پرسیاردا رادەگرێ. بەرای ئەو، هەڵەی کڵێسا لەوەدایە کە هێزی ئەقڵی مرۆڤایەتی قبوڵ ناکات، خوداشی بەیاسای تایبەتی ئەخلاقی کە لەسەر پایەگەلێکی دین دامەزراوە، سنوربەنددەکات. بەقسەی هیگڵ، رەوشتی کڵێسایی داهێنراوی پێویستی رۆحی مرۆڤ نیە، بەڵکو لەتەعلیماتێکی کوێرانەی تایبەتەوەیە. کەواتە دەتوانین بڵێین کە رەوشتی مەسیحیەت بەهیچ شێوەیەك لەسەر بنەمای خۆفەرمای ویستی مرۆڤ دانەمەزراوە، لەم روانگەیەوە کە هیگڵ بەپێی ئەخلاقی کانتیانەوە دەڕوانێ لەبەرامبەر کڵێسادا، بەڵام ئاڵای کانت، بۆماوەیەکی دوورودرێژ، بەسەر جوگرافیای هیگڵدا بەهەڵەکراوی نەماوەتەوە. چوار ساڵ دواتر هیگڵ نامە تازەکەی ئامادە دەکات کە ئەمجارە لەسەر فەلسەفەی کانتە، ئەمەش سەرەتای قۆناغێکی نوێیە لەبیری هیگڵدا، ئەم نامە کۆمەڵێ لەنوسینەکانی سەردەمی لاوێتی ئەو دەربارەی (حکمەتی ئیلاهی) کۆتایی پێدەهێنێ.

کتێبی رۆحی مەسیحیەتو چارەنوسی ئەو بەرهەمێکی تایبەتە، هیگڵ لەم کتێبەدا، بۆ یەکەمین جار رەوشتی کانتیانە بەرامبەر رەوشتێك پشت بەستوو بەعەشقو ژیان رادەوەستێنێ. هیگڵ لەبەرامبەر چەمکی ئەرك دۆزی (ئەشق) دەهێنێتەپێش — کە تیایدا مرۆڤ لەگەڵ چارەنوسی خۆیدا پەیوەستو لەگەڵ یاساشدا رێکە.

(ئەوکاتەی یاسای کانتی یەکێتی مرۆڤ دەشکێنێ ئەویش هان ئەدا لەخۆی)، یاسای کانتی سەرچاوەی ململانێی نێوان هێزە رۆحیەکانی مرۆڤە، بەهەمان ئاراستە هیگڵ رەوشتی کانتی نزیك بەیاسای ئاینی یەهود دەبینی. بەباوەڕی ئەو ئەم دوو یاسایە هەردووکیان سەرچاوەی لێکترازانو پەرێشانین لەرۆحی مرۆڤەکاندا. تەنها ئەشق لەتوانایدایە یەکێتیو یەکپارچەیی مرۆڤەکان بپارێزێ. بۆچی؟ چونکە (ئەشق دەربڕی هیچ وەزیفەیەك نیە، شتێکی "گشتی" نیە لەبەرامبەر بەشتێکی "تایبەت" یەکەیەکی وێناکراو نیە، بەڵکو یەکەیەکە دروستکەری رۆح، شێوەیەکی ئاسمانیە بۆ بوون).

زۆرێك لەراڤەکارانی بەرهەمەکانی هیگڵ ئەم کارەی ئەو لەئاستی نوسینەکانی گۆتە، شلینگو هولدەرلین دەزانن. ئەوەی لەدواترین کارەکانی رۆژانی لاوێتی هیگڵدا دەربارەی (حیکمەتی ئیلاهی) شیاوی تێبینییە، رێگایەکە کە ئەو بۆدەرچون لەفەلسەفەی کانت دەیگرێتەبەر. ئەمە یەکەمین کۆششی هیگڵە بۆ بەرپەرچدانەوەی رەوشتی کانتی. ئەم کارە توانایەك بەخوێنەر دەدات تا شارەزاییەك دەربارەی رەخنەی هیگڵ لەدەوڵەتی کردەییەکانی — ئەوانەی کە دواتر لەنوسینەکانی تری ئەودا بەرچاودەکەوێ — پەیدا بکات. ئەو نوسینانەش بریتین لە:

١-باوەڕو زانست، ١٨٠٣.

٢-دیاردەناسی رۆح ١٨٠٧ (روانینی ئەخلاقی سەبارەت بەجیهان).

٣-کورتەی ئەنسکلۆپیدیای زانستی فەلسەفە (١٨١٧ — ١٨٢٧ — ١٨٣٠).

٤-وانەگەلێك دەربارەی مێژوی فەلسەفە، لەنێوان ساڵەکانی ١٨٢١ تا ١٨٢٨.
٥-نەریتی فەلسەفەی ماف، ١٨٢١ (رەوشتی زەینی).

لەراستیدا رەخنەی هیگڵ لەدەوڵەتی کردەیی کانت، رۆڵێکی گرنگی لەچۆنیەتی کاری نەزمی فەلسەفەی هیگڵدا هەبوو، ئەم رەخنە هەلی بۆ رەخساند تا هێڵی راستەقینەی چەمکی (رەوشتی بەرهەست) بخاتەڕوو. بەڵام لای هیگڵ رەخنەی ئەخلاقی کانتی تەنها قورسایی لەسەر ئەندێشەی (ژیانی ئەخلاقی) نیە.، کاریگەری راستەقینە لەم دۆخە هەرزەییەی (ناشی) پڕ رووداوە گەورەکانی مێژوی رۆژگاری ئەوە. بەشێکی زۆری پێکهاتەی نەزمی فەلسەفەی هیگڵ قەرزاری هەمان ئەو روادانەیە. ئەو لەتەواوی بەرهەمەکانیا، هەمیشە (راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ) ئاماژە بەم دیاردە مێژووییانە دەکات. تایبەتمەندیو راستێتی هەریەك لەو رووداوە مێژوییانە لەنوسینەکانی ئەودا رون دەبێتەوە، هیگڵ ئەو رووداوانەی لەزەینی خۆیدا بەوێنەی رێپێوانێکی جۆراوجۆری یەك (رێبازی ئەقڵانی) کە ناوی (مێژوو)یان لیدەنێ دروست دەکات. ئەوەی سەرنجی هیگڵ راکێشێ بۆ سەر مێژوی جیهان. لۆژیکی دەرونی مێژووە کە پێچەوانەی یاریەکی ترسناك کارەکتەرەکانی کە لەهەر قۆناغێکدا لەدروستکردنیدا رۆڵیان هەیە. مێژوویەك دەبوژێننەوە. لەبەرئەمەیە هیگڵ مێژوو وەکو (رێچکەیەکی ئەقڵانی پێویستی رۆحی جیهانی) پێناسەدەکات). (رۆحی جیهان) ئاشکراکەری یاسای مێژووە. ویستی ئەو هەمان ویستی مێژووە، واقعیەتی ئەو شێوەیەك لەئامانجی مێژووی جیهانە. وشیاری خود لەهەڵبژاردنو ئازادی، کە ئامانجێکی گشتیو تەواوی عەقڵە، تەنها لەم راستیەوەو لەرێگای ئەوەوە دەتوانێ وێنای خۆی بکات. کەواتە مێژووی مرۆڤ، مێژووی سەرلەنوێ ناسینی خودە بەناوی بوویەکی (ئازاد) بەڵام مرۆڤ ناتوانێ هەست بەدەسەڵاتی خۆی بکات، مەگەر ئەوکاتەی لەراستیدا ئازاد بێ. واتە وەڵامی (ویستی ئازاد)ی خۆی بداتەوە. وە بەبڕوای هیگڵ (تەنها شێوەی وەڵامی ئازادی بەهیچ شێوەیەك بێجگە لە نەزمی ئەخلاقی، کە دەوڵەتی فەرمانڕەوای ئەمە، خەونەکان ناهێنێتەدی.

دۆزی دەوڵەت بەوجۆرەی کە هیگڵ پێشنیاری دەکات، لەناو تایبەتکارانی فەلسەفەی ئەودا بۆتە بنچینەی گفتوگۆو مشتومڕی توند، گروپێك هیگڵ وەکو فەیلەسوفێکی خوازیار بەدەسەڵاتدارێتی رەها دەناسێنێ (بۆ نمونە لوکاچ) هەندێکی تر وەکو (رودلف هایم). بەهۆی دانانی ریزبەندیەکی رەها لەدۆخێکی پارێزگاری، داوای ئارامیو گەیشتنی سیاسی وەکو (دیکتاتۆرێکی فەلسەفی ئەڵمانی، سەیردەکەن. سەرەنجام کەسانێك هەن کە کاریان دەگاتە بێمانایی وتن (قسەکردنێکی نابەجێ) چونکە هیگڵ بەبیرمەندێ دەزانن کە بنەمای فەلسەفەی دەوڵەتی تۆتالیتاری تازەی هەڵتەکاندووە، سەدوپەنجا ساڵە کە لەنێوان راڤەکارانی فەلسەفەی سیاسی هیگڵدا ئەم مشتومڕە بەردەوامە، بێئەوەی رۆشناییەکی زیاتر بخەنە سەر ئەم کێشەیە کە هەتا ئێستا بەئالۆزیو دژواری ماوەتەوە.

فەلسەفەی هیگڵ لەبەرانبەر دیدگای ئێمەدا وەکو تاشێکی گەورە بالآیەکی بەرزی هەیە. کەچی ئێمە نیگەرانین لەبەرانبەر گەورەییو مانا تایبەتیەکانیدا، هێشتا بەتەواوی پەی بە فەلسەفەی هیگڵ نەبراوە، زۆر خاڵی گرنگ

دەربارەی ئەو هەیە کە دەبێ رۆشن بێتەوە، هەروەها ئەم قسەیە سەبارەت بەمێژوی تەواوی هزری بەشەریش راستە. بەڵام هزری هیگڵ هەم خزمەتکارو هەم خزمەتکراوی فەلسەفەیە. لەنێوان هیگڵو فەلسەفەکانی تردا تەنها درزێك نیە بەڵکو ئاژاوەیەکی قوڵ هەیە. هیگڵ نمونەی فەیلەسوفێکی مەزنە. فەلسەفە، دەکرێ لەجێیەکدا فەلسەفە لەگەڵ ئەودا رووەو کۆتایی بێ، بەوتەی هۆربرت مارکۆزە، لەگەڵ هیگڵ فەلسەفە دەگۆڕێ بەتیۆرێك دەربارەی کۆمەڵگا بەم پێیە فەلسەفە رووەدکاتە لایەنی تیۆرو کرداری کۆمەڵایەتی لەم حاڵەتەشدا، ئەم دوو هێزە ناکەونە دەرەوەی فەلسەفە، بەڵکو بەمیراتگرێکی راستەوخۆو رەوای ئەو دەژمێردرێن.

فەلسەفەی سیاسی هیگڵ، راگەیەنەری تیۆرێکی کۆمەڵایەتی تازەیە، لەسەنتەری ئەم تیۆرەدا هزری (ئازادی) بەرقەرارە، بەم شێوەیە، مێژوو خەونی وشیاری لەهەڵبژاردنو ئازادی بەدەرکەوتنی کۆمەڵگایەکی ئازاد دەگاتە ئاکام. بەم جۆرە هیگڵ لەبەرانبەر دامەزراوە کۆمەڵایەتیو سیاسیە کۆنەکانی دەسەڵاتدار بەسەر ئەوروپادا، نمونەیەکی تازە لەکۆمەڵگاو دەوڵەت پێشکەش دەکات. بەهاتنی هیگڵ سیاسەت رواڵەتی فەلسەفی پەیدا دەکات، فەلسەفەش هەروەکو تیۆرێکی سیاسی رون دەکاتەوە.

کەواتە بەرای هیگڵ، بەئامانج گەیشتنی فەلسەفە هەمووی هێنانەدی کەشێکی کۆمەڵایەتی – سیاسیە. بەبڕوای ئەو (ئەقڵ) لەهەمانکاتدا هەم فەلسەفیو هەم سیاسیە. ئەگەر (لۆژیکی فەلسەفی) لەگەڵ ئەندێشەو چەمکی (ئازادی) وێنەیەکی بەرهەست بدۆزێتەوە، (لۆژیکی سیاسی)یش بەدەرکەوتنی کۆمەڵگای مەدەنیو پێکهێنانی دەوڵەتێکی تازە بەئامانجەکانی رادەگا، لەفەلسەفەی هیگڵدا (شێوەی کامڵی پەیپێبراوی ئازادی) بەئەنجامی خۆی دەگات. لەم رووەوە میراتگرێکی رەواو یاسایی هزری شۆڕشی گەورەی فەرەنسایە. هیگڵ (بیرمەندی) شۆڕشی فەرەنسایە.

فەلسەفەی ئەو بنچینەو بناغەی ئەو شۆڕشە نیە، بەڵکو دەرەنجامی ئەو شۆڕشەیە. شۆڕشی فەرەنسەی بەتەواوی خستبووە چوارچێوەی فەلسەفەکەیەوە (هیچ فەلسەفەیەك تا ئەم ئاستەو بەم قوڵیە فەلسەفەی شۆڕشی فەرەنسە نەبووە). تا ئێستا هیچ شۆڕشێك نەیتوانیوە بەم شێوەیە دۆخێکی سیاسی کۆمەڵایەتی پێویست خۆش بکات بۆ دەرخستنی پەیبردنێکی فەلسەفی تازە لەکۆمەڵگا. ئەگەر شۆڕشی گەورەی فەرەنسا بەپچڕانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکان لەدنیای کۆن درزی خستە دڵی مێژووەوە، فەلسەفەی هیگڵیش بەلێکترازانێکی رەوش ناسی لە (زانست)ی کۆن پایە ناسینە کۆنەکەی لەبنەوە هەڵکەند.

# ژاك دریداو رۆشنگەری ئایندەی ئیسلامو عەرەبو جیهان

ن: هاشم سالّح
و:دلێر محەمەد

ئەو رۆژە لەكاتژمێرێكی درەنگی شەودا ویستم تەلەفۆنەكەم خامۆش بكەمو بخەوم، كاتێك بینیم كتوپڕ دەموچاوی جال دریدا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەكە دەركەوتو سەرقاڵی خۆ ئامادەكردن بوو بۆ سیمیناری دۆبریەو دەویست وەڵامی پرسیارەكانی رۆژنامەنووسی لێپرسراوی بەرنامەكە بداتەوە. بۆیە گوتم ئەمە خوانێكی رۆناكبیری گرنگەو پێویست ناكات لەكیسم بچێت، هەتا ئەگەر لەهیلاكیشدا بمرم...! بەم شێوەیە تا دوا چركەساتەكانی بەرنامەكە ئەگەرچی درێژیش بوو دانیشتمو گوێبیستی بووم، لەسەر ئەمەش هیچ چەشنە بێزاریەكم نەنواند لەبەر ئەوەی كە زۆرجارو بەردەوام جاك درێدام خۆشویستووە، بەلاك ئەو شەوەی هەفتەی رابردوو پێی سەرسام بووم، چەنكە ئەو بۆ یەكەمینجار دانی بەگرنگیو بایەخی رۆشنگەریدا نا، هەروەها گرفتەكە لەتێڕوانینی ئەودا بریتیبوو لەوەی‌جیهانی ئیسلامی تا ئێستا رۆشنگەری بەخۆیەوە نەدیوە... وەك چۆن لەئەوروپادا فەراهەم بووە، هەر لەبەرئەمەش پێكدادان روودەدات لەنێوان جیهانی ئیسلامیو رۆژئاواداو ئەم پێكدادانەش بەردەوامە مادام سیستمی بەها باڵاكان یاخود باكگراوەندەكان جیاوازو ناكۆكن لەهەردوو جیهانەكەدا، چونكە لەجیهانی رۆژئاوادا باكگراوەندی فەلسەفیو سیاسی مۆدێرن باڵادەستە كە بیری ئایینی لەسیاسەت جیاكردۆتەوە، بەلاّم لەجیهانی عەرەبیو ئیسلامیدا تا هەنوكەش هێشتا ئەم جیاكاریە ئەستەمە، بەلاّم درێدا بەئاگابوو لەو تێكەڵكردنە لەنێوان بن لادنو گروپی تاریكیدا لەلایەكەوەو لەنێوان عەرەبو موسوڵمانەكاندا بەگشتی لەلایەكیترەوە، چونكە لەجیهانی عەرەبیدا ژمارەیەك رەوتی فیكری بوونیان هەیە، هەروەها كۆمەڵێك رۆشنبیری مۆدێرنو مامۆستای زانكۆو رۆژنامەنووسو ژمارەیەك نووسەر هەن كەهیچ پەیوەندیەكیان بەو بزوتنەوە چەقبەستووەوە نییە كە بەلۆژیكی سەدەكانی ناوەڕاستەوە جەنگی دژ بەهەموو جیهان راگەیاندووە. پاشان دریدا توڕەیی خۆی لەبەرامبەر ئیدارەكەی بۆشو سیاسەتەكانیو كاریگەری فەندەمێنتالیزمی پرۆتستانتی دەربڕی لەسەر هەندێك لەئاڕاستە سیاسیەكانی، بەلاّم دریدا لێرەشجا بەئاگابوو لەوەی كە بۆشو بن لادن نەخاتە هەمان تای تەرازووەوە. لەسەر ئەم بۆچوونانەش ریجیس دۆبریە لەگەڵیدا هاوڕابوو، چونكە لەتێڕوانینی دریدادا هیچ ئومێدێك یاخود ئایندەیەك لەڕەوتی بن لادنو

بزوتنەوەکەیدا بەدی ناکرێتو بوونی نیە، بەڵام لەڕەوتی بۆشدا لەگەڵ هەموو شتێکدا ئەگەری چاکسازیو گەشەپێدانی جێکەوتی فیکریو سیایی بوونی هەیە. لەدڵنیایی لێدوانەکانی دریدا لەکۆتاییەکانی ئەو شەوەدا بونە مایەی بەستنیو بەسەهۆڵبونی سینگم، چونکە بۆیەکەمین جاربوو گوێم لەدریدا بێت کە بەئاشکراو راشکاوی دان بە وشەی رۆشنگەریدا بنێت.. ئەگەرچی لەواقیعدا پێویستی نەدەکرد هەرگیز سەرسام بم، یاخود دەکرا ئەم کارە بەشێوەیەکی ئاسایی وەربگرم، بەڵکو دەبوایە ئەم کارە وەکو بەرهەمی ئەوەی کە بەدەستهات وەربگرم، چونکە دەبێ رووی سەرسامی لەوەدا چی بێت کە فەیلەسوفێکی مەزن بەرگری لەرۆشنگەراییو عەقلانیەت بکات..؟ هەروەها ئایا جگە لەمە دەشێ بەرگری لەشتێکیدیکە بکات..؟ بەداخەوە بەڵێ، چونکە کارەکان بەم شێوەیە ئاسان نینو تێگەیشتن لێیان بەشێوەیەکی ورد شیاو نیە، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە بەئاگابین لە نهێنیەکانی کولتوری فەرەنسیو ئەوروپیو ئەمریکی، بۆ ئەمەش لەوانەیە پێویستمان بەچەندین سەرچاوەی قەبە هەبێت بۆئەوەی پاشخانەکانی ئەم مەسەلەیە بۆ خوێنەری عەرەبی شیبکەینەوە، بەڵام با لێرەدا بەچەند هێڵێکی نمایشکراو قایل بینو وازبهێنین. پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرنەتە واتا دریداو ژان فرانسوا لیوتاردو دوژیل دۆلۆزو مێشێل فۆکۆو قوتابیەکانیان لەئەمریکیو ئەوروپاییەکانو ئەوانیتر، بەڵکو هەتا عەرەبەکانیش وەك ئێدوارد سەعید بۆنمونە، هەر هەمویان زیادەڕەویان کردووە لەڕەخنەگرتنەکانیاندا لەمۆدێرنەو بەرهەمەکانی، لەمەش زیاتر مۆدێرنەیان بە ئیستعمارگەرێتیو ئیمپریالیزمو پاوانخوازیو هەژمەنگەریو یاخود بڵێین ئەمانە لەمەشیان تێپەڕاندووەو مۆدێرنەیان کورت کردۆتەوە، ئەم لایەنە بەتەنهاو هەوڵیانداوە بازبدەن بەسەر مۆدێرنەدا بۆ پۆست مۆدێرنە، بەو پاساوەی کە مۆدێرنە بریتیە لەفاکتەری سەرهەڵدانی فاشیزمو نازیزمو کۆلاگو دۆزەخی جوولەکەکان... هەروەها لیوتارد دەڵێت: ئەفسانە مەزنەکانی رۆشنگەریو پرۆژەی رۆژئاوایی لیبراڵیو مارکسی کەوتنو دووچاری شکستێکی گەورەبوون، بەڵکو پێش لیوتاردو لەگەڵ قوتابخانەی فرانکفۆرتدا واتا لە فەلسەفەی ئەدۆرنۆو ماکس هۆرکهایمەردا کار گەیشتە تۆمەتبارکردنی عەقڵ بەو پێیەی کە فاکتەری هەموو ئەو کارەساتو قەسابخانە بووە کە لەسەدەی بیستەمدا روویاندا، هەریەك لەهۆرکهایمەرو ئەدۆرنۆ زیاتر دەڕۆنو قسە لەسەر گیرانو ئاوابوونی یەکجارەکی عەقڵ دەکەن پاش ئەوەی کە رۆژئاواو جیهانی گەیاندە ئەم چارەنووسە.

هەروەها ئەوەش دەدەنەپاڵ فۆكۆ كە دەڵێت: ئەو رۆشنگەرییەی كە ئازادییەكانی خوڵقاند هەر ئەو رۆشنگەرییەیە كە چوارچێوەی ئاسنینو رقو خیانەتەكانی خوڵقاند، چونكە ئەو ژیارەی كە لەسەر پرنسیپەكانی رۆشنگەری كەڵەكەكرا ئێمەی گەیاندە كۆمەڵگا پۆلیسیو چاودێریكەرەكان بەشێوازێكی كامڵ لەرێگای ئامرازگەلێكی نهێنییەوە كە لەپشت پەردەوە كارەكان بەڕێدەكات، یاخود بە فشار خستنە سەر هێز... گەیشتینە ئەو كۆمەڵگا پۆلیسیە كابوسییەی كە جۆرج ئۆروێل خەونی پێوەدەدی، یاخود لێی دەترسا هەتا بەرلەوەی كە بێتەدی، هەر لەبەر زۆری ئەو رەخنانەی كە لەمۆدێرنە گیران، وامان لێهات كە خەون بە گەڕانەوەوە ببینین بەرەو سەدەكانی ناوەڕاست...! پاشان كە دریدا فەلسەفەكەی خۆی لەسەر شەستەكانو حەفتاكانی سەدەكانی رابردوودا لەسەر بیری عەقلانییەتی سەنتەریزمی رۆژئاوا هەر لەئەفلاتونو ئەرستۆوە تاسەر كانتو هیگڵ بونیاتنا، دواتریش كە رەوتە ناعەقلانییەكان پەرەیان سەند كە رەچەڵەكی خۆیان دەبردەوە سەر نیچەو گاڵتەیان بەمیراتی سەردەمی رۆشنگەری دەكردو ئەوەی كە دەربارەی رۆشنگەری دەدوا بەدواكەوتوو یاخود بە كۆنەپەرست تۆمەتباریان دەكرد...!! كتوپڕ ئەم هەڵوێستو جێكەوتە فیكریانە قلیبوونەوەو گۆڕانكاریان بەسەرداهاتو هەموو شتێك پێچەوانە بووەوە، بەڵام ئایا چی بەدەستهات...؟ لەواقیعدا فۆكۆ لەكۆتاییەكانی تەمەنیدا، هەڵوێستی خۆی لەمەڕ ژیاری رۆژئاوا گۆڕیو گەڕایەوە بۆ سەنگەری رۆشنگەری لەرێگای شیكردنەوە بەناوبانگەكەیەوە بۆ تێكستەكەی كانت: رۆشنگەری چییە...؟ هەر لێرەوە بۆیەكەمجار فۆكۆ بەرەو ئەوەچوو كە رەچەڵەكی خۆی بۆ میراتی كانتی رەخنەگرانەی عەقلانی بگێڕێتەوە. ئەمەش بووە مایەی سەرسامی زۆربەی بیرمەندان كە یۆرگن هابرماس كەمترینیان نەبوو.

ئایا لای فۆكۆ ئەمە هەستكردن بوو بە ئازاری ویژدان لەبەرئەوەی كە هەموو ژیانیرەخنەگرتن لەمۆدێرنەو روونكردنەوەیدا بەشێوازێكی ئاركۆلۆژی بردەسەر، یاخود ئایا بەمە دەیویست پۆزش بۆ حەماسی خێرای بۆ شۆڕشەكەی خومەینی بهێنێتەوە ساڵی ١٩٧٩، كاتێك وەك رۆژنامەنوسێكی سەرو ئاساییو لەبەر بەرژەوەندی "نۆڤێل ئۆبسەرفاتور"و بەكێك لەرۆژنامە ئیتاڵییەكان روویكردە ئێران...؟ هەندێك كەس دەڵێن، فۆكۆ بەم كردەیە گەورەترین گەوجییەتی ئەنجامدا كاتێك كە لایەنگری شۆڕشێكی سیاسی كرد كە لەسەر شانی پیاوانی ئایینیو فیكری سەدەكانی ناوەڕاستدا دەمەزرا لەفۆتۆكۆپیە شیعرییەكەیدا. هەروەها دەڵێن: فۆكۆ پاش ئەم كردەیە خۆی لەچاوەكان دەشاردەوەو بۆماوەیەكی درێژ لەماڵەكەیدا

نەهاتەدەرێ، چونکە شەرمی لەخەڵك دەرکرد دوای ئەوەی کە چارەنووسی ئەو شۆڕشەی بینی، کە لەسەردەستی قەسابو مەحافیزکارەکاندا بەرەو کوێ ملدەنێت. هەندێ کەسیتر لەفۆکۆ خۆشبوون، چەنکە مۆرکی میللیو هەڕەمەکی ئەم شۆڕشە لەسەردەمی سەرهەڵدانیدا هێندە مەزن بوو کە بەبێ ویستی خۆ سەرنجی مرۆڤی بەلای خۆیدا رادەکێشا. لەگەڵ هەموو ئەو کارەدا کە روویدا، تەقینەوەی بزوتنەوە ئوسولیەکان لەجیهانی عەرەبیو ئیسلامیدا، بە ئەوج گەیشتنی هەموو ئەمە بە لێدانی ١١ی سێپتەمبەر، وایان لەفەیلەسوفەکانی پۆست مۆدێرنە کرد کە لەگۆشەگیریدا بزربن، لەناویشیاندا فەیلەسوفێکی پەرگیر لەرەخنەگرتنیدا لەمۆدێرنەو رۆشنگەری کەبریتیبوو لە جان بۆدریار. کەپاشان رۆشنگەری گەڕایەوە بۆ گۆڕەپانی گرینگیپێدان سەرلەنوێو سەهەمەکانی بەرزبوونەوەو ئیدی کەس نەبوو بوێرێت رەخنەی لێبگرێتو هەڵیبووەشێنێتەوە، وەك چۆن پێشترو لەرابردوودا بەم کارە هەڵدەستان، بۆیە دەیانگوت: یاخود رۆشنگەری یان بیری سەدەکانی ناوەڕاست، یاخود ئیبن روشدو کانتو هیگڵ، یاخود بن لادن...! ئایا کێ دەیوێرا ئەوەی دواییان هەڵبژێرێت..؟ هەتا جان بۆدیار ناتوانێت ئەمە بکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە رقی لەبۆشو ئەمریکاو هەموو رۆژئاواش دەبێتەوە.

لەناو ئەم چوارچێوە گشتیەدا دەکرێت لەلێدوانەکانی ئەم دواییەی جاك درێدا تێبگەینو هەر لەبەر ئەم فاکتەرەش بوو ئەوە روویدا کتێبێکی هاوبەش دەربارەی ١١ی سێپتەمبەر لەگەڵ مەزنترین فەیلەسوفی رۆشنگەری ئەم سەردەمەدا بنوسێت: واتا لەگەڵ یۆرگن هابرماسدا، کە بەدڵنیایی بۆ یەکەمینجار کتێبەکە بەزمانی ئینگلیزیو لەژێر ناونیشانێکی بەکجار دەلالەت ئامێزدا بلاوبووەوە: فەلسەفە لەزەمەنی تیرۆرو تۆقاندندا (الفلسفه فی زمن الارهابو الرعب).. پاشان ئەمساڵو لەژێر ناونیشانێکیدیکەدا کتێبەکە وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەرەنسی کە زۆر سەسامی نەکردم، کە شێوازی دریدا خۆی سەفسەتەکەی زاڵبوو بەسەریدا: "چەمکی ١١ی سێپتەمبەر.. دیالۆگەکان لەنیویۆرك لەگەڵ دریداو هابرماسدا".. ئایا ئەمە بەو مانایە دێت هەموو ئەوەی کە بیرمەندانی پۆست مۆدێرنە پێی هەستان هەڵەبوو..؟ ئایا مانای وایە کە رۆشنگەری بێهەڵەیەو پێویست بەوە ناکات کە رەخنەی لێبگیرێت بەهەر شێوازێك بێت..؟ بەدڵنیایی نەخێر..ئەوە هەر هابرماس بوو کە بەتوندی رەخنەی لێگرت، مەبەستم لەوەیە کە رەخنەی لەئەزموونی رۆشنگەری گرت بەدرێژایی هەردوو سەدەی رابردوو، کاتێك کە لەچرکەساتێکدا پرۆژەی رۆشنگەری گۆڕا بۆ پرۆژەیەکی هەڵپەرستی پاوانخوازی مشەخۆر

لەسەردەستی چینێکی سەردارو لەخۆبایی‌بوودا کە بریتیە لەچینی بـرژوازی سـەرمایەداری کـە هەرگیز تێرنابێت، بەلاَم ئەم رەخنەگرتنە نابێت دەسـکەوتە پۆزەتـیڤە بنەڕەتـیەکانی مۆدێـرنە لەناوبەرێت: واتـا سیـستمی دیموکراسـیو ئـازادی ئـایینو دەوڵـەتی مـافو یاسـا، هـەروەها ناکرێـت یەکسـانیو لێکچـوون لەنـێوان کۆمـەڵگاکانی سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا کـە لەسـەر تەکفیرکـردنو سەربڕین دامەزرا ونو کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا کە لەسـەر فەلسـەفەی رۆشـنگەریو رەخـنـەگرتن لەهەر سیستمێکی داخراو دامەزراون بە دڵنیایی لەناویشیاندا کۆمـەڵگای مەسیحی، چونکە هـەر قـەدیس سـان بـرناربوو کـە لەسـەدەی دەیـەمی زاییـندا دەژیـاو مـرۆڤایەتی بـە تـەنها شـوێنکەوتوانی ئاییـنی مەسـیحی بـوون، ئەوانی‌تـریش مـافی کوشـتنو لـەت لەتکردنـیان هەیـە، بـەڵکو ئەمـە لـەو سـەردەمەدا ئەرکـێکی شـەرعی هـەموو بـڕوادارێك بـوو لەبەرئـەوەی کە نزیکی‌دەکاتەوە لەخوای گەورە...!!

ئایـا ئەمـە ئـەو سـەردەمە زێڕیـنەیە کـە فەیلەسـوفانی مۆدێـرنە دەیانەوێـت بگەڕێـنەوە بـۆی..؟ لەدواهـەمین چـاوپێکەوتنیدا "پـۆل ریکۆ"ی بیرمـەند دەڵێت: مـن بەهەموو جیهاندا گەڕاوم، لەچین‌ەوە بۆ ژاپۆنو لەناوچەکانی‌تری جیهان، ئـەوەم بینیوە کە ژیاری ئەروپی بەتەنها رێگا بـە ئـازادی بیرکردنەوەو رەخنەگرتن دەدات بـەمانای فـراوانو بـنەڕەتی وشـەکە، چـونکە لەهـەموو جـێگایەکدا کۆمەڵـێك بەربەسـت هەیـە لەسـەر ئـازادی بیرکـردنەوەو ویـژدان، بەتـەنها لەئـەوروپادا نەبێـت".. مـەزنیو تایـبەتمەندی رۆشـنگەری لێرەدایە وەك پـڕۆژەیەکی شارستانی کـە نمونـەی نیـیە لـە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەم فەیلەسوفە ئـیمانداره وادەبینێت، بەڵێ ئیماندار بەمانای قووڵی رۆحانیو میتافیزیکی وشەکە، کە مـەزنترین شـتێك کە ئەوروپا فەراهەمی کردبێت بریتـیە لەمـە: رزگارکـردنی سیاسـەت لـەداوو تەڵـەی لاهـوتو پاشـان دامـەزراندنی عـەقڵو رۆحـێکی رەخـنەگرانە وەك کـێوێکی بەرزو بڵند کە هیچ شتێك لەو بەرزو بالاَتر نەبێت...

*سەرچاوە: رۆژنامەی الشرق الاوسط، ژمارە (٩٣٥٦)، شـەممە ٢٠٠٤/٧/١٠، وتـاری "جـاك دیـریدا والتنویر: مستقبل الاسلام والعرب والعالم"

# ژاك دریدا

جوناتان كولەر
و: حسین لەتیف

سەرەڕای ئەوەی كارەكانی جاك دریدا هێزێكی گەورە لە دەمەتەقێی ئەدەبیو فەلسەفی هاوچەرخدا پێكدێنێت، بەلاَم پێشبینیكردنی ئەوەی كە ئایا گرنگترین بەشدارییەكان كامەن، هێشا زووە دیای بكرێت. ئەگەر پاش بیست یا پەنجا ساڵ یا سەدەیەك ئاوڕ بۆدواوە بدەینەوە، ئایا لەمێژووی فەلسەفەدا دەشێ دریدا سەردەمێكی نوێی داهێنابێت؟ ئایا بەرپرسیار دەبێت لە شێوەیەكی تازە لە خوێندنەوەو لێكدانەوە لەگەڵ تیۆرێكی هاوشان لەبارە سروشتی دەقەوە؟ ئایا وەكو كەسێكی سەرەكی لە پێشكەوتنی بزاوتی فیكریو دووبارە ئاراستەكردنیدا سەیر دەكرێت، بزاوتێك بێگومان بەناوێكی نوێ ناودەبرێت، بەلاَم زۆر گشتگیرترە لەوەی كە ئێمە پێمان وایە بونیادگەریو پاش بونیادگەری بێت؟ بەلاَم با لەپێشبینیدا سەبارەت بەو بایەخەی پێشكەوتنەكانی داهاتوو بەبەرهەمەكانی دەبەخشن سەركێشی ناكەین، چونكە باشترین میتۆد لێرەدا بیگرینە بەر، ئەوەیە لەچەند گۆشەنیگایەكەوە تەماشای نووسینەكانی بكەین، هەروەها لەتێكستەكانییەوە كەناوی ئەوی لەسەرە سێ كەسایەتی بخولقێنین هەلگری ناوی دریدا بن، یاخود سێ پرۆژە كە جێگەی گرنگی پێدانی ئەمرۆمانن.

یەكەم: بە سیفەتی فەیلەسوف یاخود خوێنەری تێكستە فەلسەفییەكان، دریدا سەلماندی ترادیسیونی فەلسەفی رۆژئاوا پڕە لە لۆگۆسێنترالیزم Logo centerism یاخود میتافیزیكای ئامادەبوون Metaphysicsو روونی كردەوە كەتیۆرە فەلسەفییەكانو تێزە جیاوازەكان داڕێژراوێكن كە خاوەن یەك سیستەمن، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین خەون بەپەناگەیەكەوە ببینین بۆ ڕزگاربوون لەو سیستەمە، بەلاَم بەلایەن كەم دەتوانین بارودۆخی ئەو فیكرە بناسین كەخۆی دەسەپێنێت بەوەی گوێ لەو شە بگرین كە ئەو سیستەمە هەوڵدەدات بەدەستی بێنێت. ئەگەرچی ناتوانین خەیاڵی كۆتایی میتافیزیكا بكەینو سنوورێكی بۆ دابنێین، بەلاَم لەتواناماندا هەیە لەناوەوە كار لەسەر ڕەخنەكردنی بكەین بەهۆی ناسینی ئەو سیستەمە هەرەمییە كە بونیادی ناوەو بەهەڵگەڕانەوەو سەراوژێر كردنەوەی ئەو سیستەمە. لەمامەڵەكردن لەگەڵ تێكستە فەلسەفییەكاندا، دریدا وەسفێكی ڕەخنەیی زۆر بەهێز دەخاتە ناو فیكری رۆژئاواوە.

دووەم: دریدا خوێنەرو ڕاڤەكارە. خوێندنەوەی بۆ زۆرێك لە تێكستەكانی رۆسۆ، سوسێر، ئەفلاتون، هیگل، جینیە، مالارمێ، هۆسێرل، ج. ل. ئۆستن، كانت، كردووەو لا ئەو كەسانەی بایەخ بەو جۆرە خوێندنەوانە، سەركێشییەكانی عەقڵ بۆتە شیكردنەوەی

ئایدیالیانەو نموونەی پێڕەو کراو بۆ جۆرێکی تازە لەڕاڤەکردن. دریدا لەڕێگای گوێگرتن لەو شێوازانەی کە ڕەخنە پێ ئاراستەی دەقەکان دەکرێت، ئەو فەلسەفانە دەکەونە نێو ئەو دەقانەو بنەماکانیان پووچەڵ دەکاتەوەو جۆرێکی تازەی لەخوێندنەوە مومارەسە کرد، بەجۆرێك پیشانیدا کە ئەو دەقانە لەچەندین هێڵ جیاواز چنراون‌و ناتوانن چنینێکی تەواوو پوخت بەرهەم بێنن، بەڵکو هەریەکێکیان ئەوەیتر بەلاوە دەنێت. ئەم شێوازە لەخوێندنەوەو نووسین بەشێوەیەکی تایبەت خۆی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا دەسەپێنێ. دواجار دریدا لە گۆشەنیگای ئەم کتێبەوە دەچێتە پاڵ کۆمەڵێك بیرمەندی فەرەنسی کە دەتوانین ئەگەر وردیش نەبین، بەڵام ناویان بنێین بونیادگەرییەکان، یا پۆست بونیادگەرییەکان کە هەوڵەکانیان لەچەندین بواری لێکۆڵینەوەی زانستیدا، بەلایەنی کەم ئەوەی خولقاند، کە ئێمە بەشەپۆلێکی بەهێز ناوی دەبەین، ئەوە ئەگەر بەبزاوتێك ناوی نەبەین (گومانی تێدانییە کە ئەوان حەز دەکەن جەخت لەسەر جیاوازیان لەگەڵ یەکتری بکەنەوە). نووسینی هەریەکەیان لەدەوری ئاستەنگەکانی زمان‌و بونیاد دەخولێتەوە، کەڵەکەبوونی جیاوازییەکانیانیش کاریگەری هەبوو لە خولقاندنی ئاراستەیەکی بەهێز بەرەو شێوازێك لەبیرکردنەوەو کۆمەڵێك گرنگی پێدان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بونیادگەری‌و پاش بونیادگەری تۆڕێکی ئاڵۆزن لەو نووسینانەی کە هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تریاندا بەشێوەی جیاواز کارلەیەکتری دەکەن، هەربۆیەش لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە نووسینانە ئەستەمە. ئەو بایەخە تایبەتییەی کە دریدای پێ وەسف دەکرێت، ئەو پاشخانەیە کەکردوویەتی بەیەکێك لەو پێنج کەسەی ئەم کتێبەیان لەسەر نووسراوەو، چونکە دریدا تاکە کەسە لەنێو ئەو پێنج کەسەدا کاری لەسەر نووسینی ئەوان کردبێت‌و بەکێشەی بنچینەیی تیۆری بونیادگەری‌و پۆست بونیادگەر بەستبێتەوە، ئەمەش یارمەتی تێگەیشتنمان دەدات لەبوارە جەوهەرییەکانی ئەو پرۆژە فیکرییەی کە ئەم کتێبەی ئێستا بە هەندی وەردەگرێت.

بەسروشتی حاڵ هەر بەشدارییەك لە بەشدارییەکانی دریدا کارێکی گەورەیە، پەیوەست کردنەوەی هەرهەموویان بە نووسەرێك بێگومان وەکو مەزنترین مامۆستا لەبواری تیۆری‌و لێکۆڵینەوەی تێکستدا پیشانی دەدا: واتا وەکو ئەوە دریدا دانەری تیۆرێکی گەورە بێت‌و بتوانێت تیۆرەکانی تر بخاتە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان و ڕاڤەیان بکات‌و کارەکانی تری تێدا ڕاڤەبکات. بێگومان کارەکانی دریدا لە گۆشەنیگای زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەبارەیەوە کردووە، جۆرە هەستێکیان لادروست دەکا: کە ئەویش هەستکردنە بە مامۆستایەتی ئەو. بەڵام دریداو شوێنکەوتووانی بیریان ناچێت‌و دووبارەی دەکەنەوە کە ئەو تیۆرێکی گشتگیرو یەکگرتوومان پێنابەخشێت تا بەهۆیەوە زمان‌و

ئەدەبو فەلسەفە ڕاڤە بکەین. ئەو هەمیشە لەسەر تێکستێکی دیاریکراو دەنووسێت، دریدا کە مومارەسەی نووسین دەکات حەزدەکات ئەوانیتر وا لێبکات هەمان مومارەسە بکەن کە ئەستەمە ئەو مامۆستایەتییە گشتگیرە بوون هەبێتو ئەستەمە بکرێت سیسەمێکی گونجاوو تەباو تەواو بونیاد بنرێت. دریدا بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو تیۆریستانە سیستەم لەسەر هەندێك چەمکی بنچینەیی دادەمەزرێنن، ڕۆڵێکی ستراتیژی دەبەخشێتە زاراوە نوێیەکانو لەوتێکستانەوە هەڵیاندەهێنجێ کەلێیان دەکۆڵێتەوە، ئەم زاراوانەش بایەخی تایبەتی لە ئاڵۆزی بونیادگەریو ئەو ڕۆڵەی تێکستی دریدا لەگەڵ تێکستی تر ئەنجامی دەدات وەردەگرێت. هەروەها ئیشی دریدا هێنانە ئارای زاراوەی نوێو سڕینەوەی زاراوە کۆنەکانە، نەبادا یەکێك لەو زاراوانە ببنە چەمکێکی بنەڕەتی لەتیۆرێکی نوێ یاخود لە سیستەمێکی نوێدا.

بەلاّم بە سروشتی حاڵ ناتوانێت ئەو ڕێگرییە بکات، چونکە خەڵك بەرهەمەکانی دەخوێننەوە، گفتو گۆیان لەسەر دەکەنو دەکەونە ژێر کاریگەرییانەوە، وەکو تیۆرێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن کە چەمکی سێنترالی خۆی هەیە، میتۆدی شیکردنەوە خۆ هەیە، تەنانەت بۆچوونی گشتی سەبارەت بە سروشتی زمانو تێکستیش هەیە.

تەنانەت ئەگەر مرۆڤ بەوەش ڕازیبوو مامەڵە لەگەڵ تێکستەکاندا بکات، نەك لەگەڵ تیۆرێکی ئاشکرا، بەلاّم هەر کاتێك مرۆڤ نموونەی ئەو نووسینانە بێنێتەوە یا بینخاتە ڕوو، دەبنە نموونەیەك لەمومارەسەیەکی شیکاری، بەوەش دەبنە ڕوونکردنەوەی یۆریو میتۆد، ڕەنگە دریدا خۆیشی بڵێت گفتوگۆو وتووێژی هزری جێکەوت مامۆسایەت تێدا نییە، ئالێرەوە دارشتنی بۆچوونی گشتی سەرهەڵدەدات کە دەکرێت لە خوێندنەوەو نووسینەکانیدا هەڵبهێنجرێن. بۆیە کاتێك دەگووترێت کە خوێندنەوەکانی دریدا گرنگی بە هەموو شتێك دەدات لە تێکستو زمانو دژی کورت کردنەوەی گشتی دەوەستێتو لەسەرروویەوەیەتی، ئەوەیە کەپێش کەمێك گووم مانای ئەو جۆرە دارشتنەیە.

کەواتە ئێمە لەهەلۆێستێکداین کە موفارەقە لەخۆیەوە دەگرێت، بێگومان خوێنەرێکی زۆر ئارەزووی فەرامۆشکردنی ئەم جۆرە بیرکردنەوە دەکەن، گریمانی ئەوە دەکەن چارەسەرێکی گونجاو هەیە کە هیچ موفارەقەیەکی بۆ هیچ گرفتێك تێدا نییە. زۆر شت هەیە دەکرێت لەدریداوە فێری بین، بەمەرجێك پێشوەختە گوێچکەمان دانەخەین بەڕووی ئەو توانایانەی کە بەشێکی زۆر لەنووسینەکانی هەولّی دۆزینەوەیان دەدەن: ئەویش ئەوەیە کە بەکارهێنانی زمانو فیکر دەمانباتە نێو ئەوەندە موفارەقە کە چارەسەریان نییە، موفارەقەی وا دەتوانین بیاننووسینەوە، بەلاّم ناتوانین لەدەستیا ڕابکەین. ڕەنگە یەکەم هەنگاوی گونجاویش خودی هەمان ئەو تێکەڵکردنەی نێوان بێ سەبریو بینای بێت کە هەستیان

پێدەگەین کاتێك درك بەوە دەکەین کە هەر هەوڵو کۆششێك بۆ کورتکردنەوەی قسەکانی دریدا ساختەکردنە لەگەڵ پرۆژەکەی ئەودا. بەڵام ئەوە ساختەکردنێکە ناتوانرێت خۆی لێ لابدرێت، چونکە هەر تەنیا دەستنیشانکردنی ماناکە خۆی لەخۆیدا هەڵەیە ــ هەڵەیەك پێویست ــ کە مرۆڤ هەوڵدەدات مۆرکەکانی دەستنیشان بکات.

باشترین ستراتیژ بۆ خستنە ڕووی بەرهەمەکانی دریدا ستراتیژێکی دووفاقییە: مادام وردترینو ڕاستگۆترین دارشتن توانای دوورخستنەوەی ئاستەنگی شێوانو لێکدانی نیە من بەبێ داوای لێبوردن ڕوانینی گشتی تیۆری دەخەمە ڕوو، بەڵام لەلایەکی ترەوە من دوای لایەنی راڤەکاری فیکرەکانی دریدا دەکەوم، بۆئەوەی خوێنەر لەسەر ڕێبازی دریدا مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکان بناسێت، ئەوەش بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو سەرنجەی خستنەڕووی تیۆری گشتی دەیخولقێنێت، بەڵام پێش ئەو خستنەڕووە دووفاقییە، وا باشترە پێشر بەکورتی وەکو پێشەکییەك کارە سەرەکییەکانی دریدا بخەمە ڕوو.

دریدا وانەی فەلسەفی لە پاریس وتووەتەوە، هەمان بابەت کە ئێستا لەئیکۆل نۆرمال سۆبیریری پاریسیدا دەیڵێتەوە. یەکەم کتێبی خۆی بەناوی (ئەسڵی ئەندازە) لەساڵی ١٩٦٢ چاپکردو بریتی بوو لە پێشەکیەکی درێژی (١٧٠ ) لاپەڕەیی کە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی فەیلەسوفی ئەڵمانی ئەدمۆند هۆسرل ــ ی نووسیبوو دەربارەی ئەسڵی ئەندازە. هۆسرل گرنگی بە پەیوەندی نێوان بابەتخوازی ئایدیالی ئەندازەو بوونی مێژوویی ئەزموونی دەدا (ئەو یاسایانەی کە پشت بەهیچ ڕووداوێکی مێژوویی یان ئەزموونگەری نابەستن) (ئەوانەی کە یاساکان یاخود سەلماندنی ئەندازەیی دەخەنەڕوو). هۆسرل وەڵامی ئەوە دەداتەوە کە چۆن ئەندازە دەبێت بەبابەتی ئایدیالی، پاش ئەوەی دەبێت بەفیکرە لە زەینی کەسی ئەندازەکاردا، کاتێك دەڵێت زمان، بەتایبەتی نووسین، تایبەتمەندە بەناکەسایەتی (اللاشخصانیە)، ئەمەش مەرجی ئەم توانایەیە. بەشیکردنەوەی ورد بۆ ستراتیژو گریمانە پێش وەختەکانی هۆسرل، دریدا ڕوونیکردەوە کە فیکری هۆسرل، سەرەڕای ئەوەی زمان وەکو چارەسەر دەخاتەڕوو، لەهەناوی خۆیدا هەڵگری کۆمەڵە گرفتێکیشە کە هۆسرل گومان دەکات چارەسەری کردبێت. ئەم گرفتانەش ــ گرفتی پەیوەندی نێوان ڕووداوو بونیاد، ئەزموونیو ئایدیالی، نێوان سیستەمو ئەسڵ، نێوان گوتنو نووسین، بوونە ئەو بابەتانەی زۆرینەی کتێبەکانی دریدا سەیان لەبارەیەوە دەکات.

کتێبی ئەسڵی ئەندازە خەڵاتی فەلسەفی وەرگرت، بەڵام نەیتوانی جگە لە هەوادارانی هۆسرلو فینۆمینۆلۆجیا، ببێتە جێگەی سەرنج. بەڵام دریدا بەخێرایی کەوتە کارو بڵاوکردنەوە لە گۆڤارە فیکرییە فەڕەنسییەکاندا، لەساڵی ١٩٦٧ بەهۆی سێ کتێبەوە کە بریتی بوون لە ( ١- لەبارەی گراماتۆلۆژیا. ٢- نووسینو جیاوازی. ٣-

دەنگو دیاردەکان) خۆی سەپاندە سەر ڕەوشی هزری.

ڕەنگە کتێبی (لەلەبارە گرماتۆلۆژیا) دیارترینو بەناوبانگترین کتێبی دریدا بێت، تیایدا باس لەو شێوازە دەکات کە هەندێك نووسەر کاێك دەربارەی زمان دەنووسن ایبەتمەندی دەدەن بەئاخافن لەسەر حیسابی نووسین، هەروەها ئەو کێشانەش دەخاتە ڕوو کە لەهەمان تەرتیب دان. دریدا ڕوونیدەکاتەوە ئەو تایبەتمەندییانەی نووسین لەئاخافتن جیادەکەنەوە بەسەر ئاخافتنیشدا پراکسیس دەکرێنو هەولی پێچەوانە کردنەوەی ئەو ڕێکخستنە دەدات( خودی ناوی کتێبەکەش ئاماژەیەك وا لەخۆیەوە دەگرێت)، دریدا هەولدەدات تیۆری زمان ڕووەو ئاخافتن ببات نەوەکو نووسین بەگشتی. ئەو کتێبە باس لەدوو نووسەر دەکات کە یەکێکیان سۆسێری دامەزرێنەری زمانزانی نوێیە، ئەویتریشیان رۆسۆیە کە کتێبێکی نووسیوە بەناوی (وتارێك لەبارەی بنەچەی زمانەکان). دوا کەمێکی تریش بەدرێژی باس لەخوێندنەوەکە دریدا دەکەم بۆ سۆسێر.

بەلام کتێبی ((نووسینو جیاوازی)) کۆمەلە وتارێکە کە هەندێك لە کەسایەتییە گەورەو هاوچەرخەکانو ئەو ئاراستە گشتیو تیۆرییانە دەگرێتەوە، جان رۆسین، کلود لیفی شتراوس، ڕەخنەی بونیاگەری ئەدەبی، میشێل فۆکۆ، ئیدمۆن جاییدو ئیمانویل لفیناس، هوسرل، ئەنتوان ئارتۆ، فرۆید، جۆرج باتای، و بونیادگەری لە زانستی مرۆیدا. ئەو وارەی لەبارەی لیفی شتراوس نووسیویەتی بۆماوەیەکی زۆر لەزۆر ناوچە ئینگلیزی زمان دریدای پێوە ناسرا، چونکە دریدا بۆ کۆنگرەیەك نووسیبوو کە لەزانکۆ جۆن هۆبکنز لەسالی ١٩٦٦ دا سازکرابوو وەرگێڕدرابووە سەر زمانی ئینگلیزیش بۆ ئەوە لەگەل کارەکانی تری کۆنگرەکە بلاو بکرێتەوە. دردیا دوای ئەوە هەندێك کێشە لەمیتۆدی لیفی شتراوس شیکردەوە، گەیشتە دوو جۆرە تیۆر بۆ ڕاڤە کردن، یەکێکیان تەماشای دواوە دەکاتو هەولدەدات وێناندنێك لەبارەی مانای ئەسلی یا حەقیقەتی ئەسلی دروست بکات، ئەویتریشیان تەماشای پێشەوە دەکاتو بەڕاشکاو دان بەوە دادەنێت کەناکرێت مانا جێگیر بکرێت. ئەگەرچی ئەو دەلێت ئێمە ناتوانین هیچ یەکێك لەو دوو ئەلتەرناتیڤە بوول بکەین، بەلام بەئاشکرا دەرکەوت کە ئەو پالپشتی لەڕەوتی دووەم دەکات، بۆیە وا تەماشا کرا وەکو ئەوە نێردراوی مامەلەکردنی ئازاد بێت لەگەل دیاردەو هزرەکاندا. هەروەها ئەو بەشە بۆ فرۆیدی تەرخان کردبوو لەپال ئەو نموونانەی لەبارە نووسینو بەکارهێنانی نواندن دەروون بوون، بوون بەخالی بنچینەی هزر یۆری ئەو سالانەی دوایی، ئەوە لەپال ئەو وتارە تایبەی لەبارە لیفی شتراوس کە گرنگییەکی مێژوویی تایبەتی هەیە، چونکە وێنەیەکی تایبەتی بۆ دریدا دروستکرد.

کــــەچ کتێـــــبی (دەنــــگ و دیاردەکــــان)، بەپێچــەوانەی ئــەو دوو کتێــبەی تــر، کــارێکی تایبەتە بەشیکردنەوە فەلسەفی و باس لەتیۆری هۆسرڵ دەکات لەبارە ڕەمز، بەتایبەتیش هوردوو بیرۆکەی دەنگ و ئامادەگی و ڕۆڵ و شوێنیان لەنێو فینۆمیــــنۆلۆژیادا. هوســـرل وای بـــۆ دەچـــێت هێماکان ئاماژەن بۆ مانای درێژکراوەی دەرەوەو خۆی پـێ بونـیاد نانرێـت، مانـا بـەڕۆڵی خـۆی بریتییە لـە ئامادەبوون لەهۆشدا لە چرکەساتی ئاخاوتندا. بەپشت بەستن بە وەسفی هۆسرلی بۆ زەمـەن، دریـدا ڕوونـیکردەوە کـە ناکرێـت مانـا ئامـادەبوونی سـادەی هەبێـت، شـتێك لـەخۆیدا بونـیاد نرابێت، بـەڵکو هەمیشە بەشێك بووە لە سیســـتەمی جـــێکەوت، ئـــەوەش سیســـتەمێکە دەکەوێـــــتە ســـــەروو هـــــەموو چـــــرکەیەکی هەنووکەییەوە. شیکردنەوەی دریدا کە ئێستا بە ((هەڵوەشاندنەوە)) نـاوی دەبـەین بـۆ تێکسـتی هۆسـرل، بەڵگەیـە کـە لۆجیکی فـیکری هۆسـرل خـۆی دەسـڕێتەوە، بەوپێیە کەجیاوازی سێنتراڵی دەربـارەی نـاکۆکی لەخۆ دەگرێت، ڕوانینێکی تیژ بینـانەی بـنەڕەتی لـە دۆزێکدا دروست دەکات کە بابـــەتی گفـــتوگۆیە. پاشــــان ئـــەو بابەتانـــە دەردەکەون کە ئـەم کتێبە ڕوونی کردووەتەوەو سـەرنجی وردی لەهەناوی ئـەم خسـتنەڕووە بـۆ شـیکردنەوەی دریـداو هەوڵـە گشـتییەکانی تـری داوە.

ئـــەم ســـێ کتێـــبە دریـــدای کـــرد بـــە کەسایەتییەکی گەورە لەودیالۆگە تیۆریانەدا کە لـە شەسـتەکاندا بـاڵی کێشـابوو بەسـەر ژیـانی فـیکری فەرەنسادا. ئەگەرچی نەیارەکانی لەڕیزی بوونـیادگەرەکاندا دایانـنابوو، بەڵام ئەو بەردەوام ئـــەو نووســـینانەی بڵاودەکـــردەوە کـــە ئـــەم جیاوازیـیانەیان ڕووندەکـردەوە، کـە هەڵوێسـتی بونـیادگەرەکان تێیکەوتـبوو. لەساڵی ١٩٧٢دا هـەر ســـێ کتێـــبی "پەراوێـــزەکانی فەلســـەفە"و "بڵاوبوونـەوە"و "هەڵوێستەکان"ی بڵاوکرانەوە. کتێــبی پەراوێــزەکانی فەلســەفە لــە دە وتــار پێکهاتـبوو کە بریـتی بـوون لـە: جیاوازی " La Differnale" کــە وتــارێکی گــرنگەو دواتــر دەگەڕێمەوە سەری "ousia et Grammere" قســەکردنە لەســەر لێکۆڵیــنەوەیەکی هایدگــەر دەربـــارەی میتافـــیزیکای ئامـــادەبوون Le puitsetlapramid" دەربـارەی تـیۆری هـیگڵ بـۆ ڕەمـز "Les Fins de Phomme" دەربـــارەی پـــێگەی مرۆیـــبوون Humanism لەبـــەر ڕۆشـــنایی نووســـینەکانی هایدگـــەردا، " Geneve humanism linguistiguede le cercle" سـەبارەت بـە ڕۆسـۆو کۆندیـاك و سوســـێر، "Lamythologic blanche" وتـارێکی گرنگیش دەربـارەی خوازەو فەلسەفە " Qualquelle" وەدەربـــارەی بیرۆکـــەی ئەســـڵ لەگـەڵ ئاماژەکـردن بـۆ پـۆل فـالیری و فـرۆید، context ،signature, evenement دەربـــارەی ج. ل. ئوســـتن و گرفـتی فـرمانەکانی وتـن، بەگشـتی کتێبەکە کتێـبێکە لـە پێویستییە هەرە وردەکانی فەلسەفە.

بـــەلام کتێـــبی "بڵاوبوونـــەوە" ســـێ وتـــاری درێـژی گـرتۆتە خـۆی و هەریەك لەوتارەکان سەد

لاپەڕەیە لەگەڵ پێشەکییەکی درێژدا، شێوازەکەی کەمتر ڕاستەوخۆیەو لەئەدەبەوە نزیکترە وەك لە شێوازەکانی پێشووی خۆی. هەموو ئەو بابەتانە دەخاتە ڕوو کە کەمتر ئەدەبین، لەکاتێکدا ئێمە گرنگی بەباتی ئەدەبیو کاریگەرییو زمانەوانیەکان دەدەین کە ملکەچی هیچ دیاریکردنێکی فیکری نابنو ناکرێت کورت بکرێنەوە بۆ چەمکێكو ڕێساکانی ئاشکرابن.

پێشەکییەکە دەربارەی ئاستەنگەکانی پێشەکی مشتو مڕدەکات، گوایە ئەوەی دەیڵێت هەمان شتە کە کتێبەکە دەیڵێت بەرلەوەی پێی بڵێت کە کتێبەکە یەکێتییەکی تێدایەو ئەوەش بەشێکە لەو (هەر کتێبێك نابێت دەقی پێشوو لەخۆی بگرێت).

وتاری یەکەم بەناونیشانی Laoharmacide Plaron لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی بیرۆکەی نووسین لای ئەفلاتون، وشەی Pharmakon واتای ((ژەهر))و ((چارەسەری)) پێکەوە دەگەیەنێتو ڕۆڵێکی گرنگو ستراتیژی لەلۆجیکی تێکستدا لای ئەفلاتون دەگێڕێت.

بەلاّم وتاری La Double séance بە وەرگرتنی دەقێکی مالارمیٚ بۆ مشتو مڕکردنی بیرۆکەی گێڕانەوە (نواندن، لاسایی)و جیاوازییەکانی کە چارەسەری نییە دەست پێدەکات، لەکاتێکدا دوایین وتاری بەناوی چارەسەری Dissemination ڕۆمانێکی ئەزموونی فیلیب سولیر بەناونیشانی Nombers دەست پێدەکات بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەکانی بلاّوبوونەوەو لەبارەیەوە نموونەمان دەداتیٚ. ئەم دیاردەیە ئاماژەیە بۆ فرەزمانی یاخود تێکستگەراییەك دەکات کە ناچنە ژێر ڕکێفی چەمکەکانەوە یاخود بەهۆی ئەم چەمکانەوە دیارینا‌کرێن. لەکاتێکدا بیرۆکەی ئاڵۆز توانای فرەماناییو کۆنترۆڵکردن فەرزدەکاتو بیرۆکەی بلاّوبوونەوە گرنگی بە پەرشو بلاّوی ئاماژە دەدات کە بەرهەمی جێکەوتە جیاوازەکانە لەڕێکخستنو لێکچوون کە هەرگیز کۆنترۆڵ ناکرێت. کتێبی بلاّوبوونەوە وێڕای کورت کردنەوەی بۆ ئەم ئاستەنگانە قوورسترین کتێبی دریدایەو کەمتریش سەرنجڕاکێشە.

بەلاّم کتێبی (هەڵوێستەکان) کتێبێکی زۆر ڕوونەو دەقی سیٚ چاوپێکەوتن لەخۆ دەگرێت، بێگومان ئەم کتێبە باشترین کتێبە بۆ فیکری دریدا. چاوپێکەوتنی یەکەم بەناونیشانی "Implication" لێدوانێکی گشتییە لەبەرهەمەکانی خۆی تا ساڵی ١٩٦٧. چاوپێکەوتنی دووەم بەناونیشانی "Semologie et grammatologie" قسەکردنێکی کورتە دەربارەی تیۆری ڕەمزو ڕەخنەی دریدا، چاوپێکەوتنی سێهەم بەناونیشانی هەڵوێستەکانەو لێکدانەوەیەکە دەربارەی هەڵوەشاندنەوەخوازیو کۆمەڵێك تێبینی دەربارەی بابەتگەلێکی تری وەکو مێژوو، مارکسییەت، جاك لاکان.

لەساڵی ١٩٧٤دا کتێبی Glasی بلاّوکردەوە، ئەگەر لەبەر کتێبەکەش نەبێت ئەوا بەهۆی شێوازی خستنەڕووی فیکرەکانی خۆیەوە

ناوبانگێکی باشی پەیداکرد. لە ستوونی چەپی هەر لاپەڕەیەکدا دریدا شیکردنەوەی خۆی بۆ چەمکی خێزان لای هیگڵ بە ((دەسەڵاتی باوکسالاری، مەعریفەی ڕەها، خێزانی پیرۆزو مندالی پاکەوە)) دەکات. بەلام لە ستونی ڕاستدا دانەری "فەلسەفەی حەق" لەگەڵ جان جنییە بەراورد دەکات، جان دینییەی دزو لادەری سێکسی. لێرەدا دریدا قسەکان خۆ لەدەقەکان جان جینییەو گفتوگۆو لێدوانەکانی وەردەگرێت لەبارە پەیوەندی دووفاقیو گرفتی واژۆ ((sign))، سەرەڕای بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەیەك کە پشت بە مانای شاراوەی وشەکان دەبەستێت کە هەندێکیان پەیوەندییان بەهەندێکی تریانەوە هەیەو بە هاوتایی دەنگیو زنجیرەی پەرت بوو. ئەو تێکستە هاوئاهەنگە بە پەیوەندییەکی ئیشکالی لەنێوان دوو ستوونەکەدا، ئەم پەیوەندییە هەمیشە لەئارادایە بەو پێیەی توانایەکە، بەلام پەیوەندییەکە هەرگیز دلنیابوونەوەی تێدا نییەو ناگات بەشوێنێك کە هەردووکیان لەخۆ بگرێت، مەگەر ویستی خوێنەری تێدابێت.

سەرەڕای ئەم کتێبانە، وتاری تری هەیە کۆنەکراوەتەوە، بەشێوەیەکی تایبەت لەزەمەنی پاش بلاوکردنەوەی Glasدا نووسراوە پێویستە بەبیربهێنرێنەوە.

هەردوو وتاری (( ou La Aged, Commence et Finit out Crops…?)) فێربوونی فەلسەفەو چوارچێوە دامەزراوەییەکەی دەخەنە ڕوو. وتاری Le Facteyr de verite شیکردنەوەیەکی گرنگە بۆ لاکان، پاشان وتاری Fperons دەرکەوت دەربارەی شێوازی نیتشەو بیرۆکەکانی دەربارەی ئافرەتو مەرجەکانی راڤەکردنی لەبەرگێکدا بەوەرگێڕاوی بۆ چوار زمان. هەروەها لەوتاری Economimesisدا هەڵوەشاندنەوەیەکی بەهێز بۆ تیۆری ئیستاتیکی لەلای هەریەك لە کانتو رۆمانسیەکان دەبینین. ئەو وتارە لەگەڵ وتاری ((Le Paregon))دا سەبارەت بە پەیوەندی نێوان چوارچێوەو لەچوارچێوەنراو پێشکەوتنێکی سەرەکی تیۆری پێکدەهێنێت. هەروەها وتاری لەسەر هەریەك لە مۆریس بلانشۆو فرانسیس یونجو کوندیاك نووسیوە کە هەریەکەیان شایانی چاوپێداخشانە. ئەگەر خوێنەر زمانی فەڕەنسی بزانێت ئەوا دەبێت بەکتێبی Position دەست پێبکاتو پاش ئەوە دەست بۆ تێکستی تر ببات کە بابەتەکانی ئاشکرایەو جێگای گرنگی پێدانی ئەون. بەلام ئەوەی بەزمانی ئینگلیزی دەخوێنێتەوە با بە بەشی دووەمی کتێبی of grammatology دەست پێبکات. خۆ ئەگەر ویستی زانیاری پێویستی فەلسەفەی دەست بکەوێت ئەوا بابەکتێبی Speech and Phenomena دەست پێبکات، لەبەرئەوەی فیکرەکانو شێوازی دەربڕینی ئاسانە.

سروشتی ئەو پرۆژەیە چییە کە نووسینەکانی دریدا بەشداری تێدا دەکەن؟ هەموو خوێندنەوەکانی دریدا بۆ تێکستە جیاوازەکانو ئەو تێکستانەش کە خۆی دایناوە پێکەوە پەیبردنی بە سێنترالی وشە کە

چەمكێكی  ڕۆژئاوایە. میتافیزیكای ئامادەبوو دەتوانرێت بوترێت ئەم تێكستانە جەختی لەسەر دەكەنەوەو دەیجولێنین لەیەك كاتدا ئەم میتافیزیكایە كە ئێمە دەیناسین، لەپشت فیكرمانەوەیە، دیسانەوە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە لە میتافیزیكا دەگات بە هەندێك جیاوازی كە لەگەڵ سەمتو یەكپارچەیی فیكری خۆیدا یەكانگیرنابێتەوە. بۆیەش بەگژ هەر هەوڵێكدا دەچێتەوە كەتوانای دیاری بوونی بەسیفەتی ئامادەبوون هەبێت. دریدا دەربارەی چوارچێوەی مێژوویی میتافیزیكا نووسیویەتی "دیاریكردنی بوونە بەسیفەتی ئامادە بەهەموو مانایەكی ئەم وشەیە. ڕەنگە بتوانین ڕوونی بكەینەوە هەموو وشە پەیوەستەكان بەبنەماو پرەنسیپی یاخود سێنترالی هەمیشە بەنەگۆڕی ئامادەبوون ناودەبرێت. نەخواسمە ئەگەر ناوی eidos یاخود arche یان telos یان energeia یاخود ousia ((جەوهەر، مادە، خود))، یان باڵا یان هۆش یان ویژدان یاخود مرۆڤ بێت" (نوسینو جیاوازی).

واباشترە بۆ ڕوونكردنەوەی بیرۆكەی میتافیزیكای ئامادەبوون سێ نموونە بهێنمەوە، لە كۆجیتۆی دیكارتدا (من بیردەكەمەوە كەواتە هەم) پێی وایە من لە دەرەوەی گومانە، چونكە من لە كردەی بیركردنەوەدا ئامادەیە، لەبەرئەوە ئەزانی من بیردەكەمەوە ڕاستو پێویستە وەكو ئەوەی دیكارت دەڵێت، ئەو شێوەی من بەكارم هێناو لەعەقڵی خۆمدا وێنام كرد. یان نموونەیەكی تر وەردەگرین، ئەویش فیكری باوی ئێمەیە كە پێی وایە چركەی هەنووكەیی ئەوەیە كە هەیە. ڕابردوو بینراوەو ئایندەش دەبینرێت، بەڵام حەقیقەتی هەریەكەیان پشت ئەستورە بە ئامادەبوونی ئێستا! ئایندە ئامادەبوونی چاوەڕوانكراوە، ڕابردوو ئامادەبوونی پێشوو بووە. نموونەی سێهەم فیكرەی واتایە (كاتێ یەكتر دەدوێنین) بەو پێیە فرمانێكی ئامادەیە لە هۆشی قسەكەردا بەهۆی ڕەمزو ئاماژەوە گوزارشتی لێدەكرێت: مانا ئەوەیە لە چركەی ئاخاوتندا لەبیری قسەكەردایە.

میتافیزیكای ئامادەبوو وەكو لەم سێ نموونەیەدا دەردەكەوێت، شتێكی بەربڵاوەو بەڵام ئەوەی ڕوون نییە ئەو ڕێگایە یە كە بەهۆیانەوە گومان لە سروشتی شتەكانو واقیعیان دەكرێت، وەتیایدا زۆربەی ئەو شتانە ناژمێردرێن كە باڵاترن لەسەر هەر چركەیەك لە چركەكان.

ئەم شتانە لەسەر ئەم جۆرە لەئامادەبوون بونیادنراون. بەم شێوەیە دیكارت هەوڵی سەلماندنی خود self دەدات.كە ئێمە هەمیشە پێمان وایە ناخی تاك ڕێژەییە، هەمیشە لەچركەیەك لەچركەكانی هۆشیاریدا شتێكی پێویست (من) هەیە كە بەهۆشیاری وەسف دەكرێت. هەروەها واقیعیەتی درەختێك لەسەر ڕاستییەك دەوەستێت كە درەختێك لەكاتی (س) دا هەیە هەروەها لە كاتی (ص)و(ع) یشدا. بوونی درەختەكە زنجیرەیەكە لەچركەكانی ئامادەبوون. دواجار كاتێك دەڵێن وشەیەك لەوشەكان ئەم مانایەو ئەو مانایە دەگەیەنێت، لەتواناماندا هەیە بڵێین ئەم شێوەیە لەكورت كردنەوە بۆ ڕاستییەك كە كەسێك لەكاتی (س)دا

ئەو وشەیە بەکاربهێنی ئەوە چەمکێکە لەبیری ئەودا ئامادەیە. لەکاتی (ص)دا کەسێکی تر ئەو وشەیە بەهەمان مانا بەکاربهێنێ، ئیتر بەو شێوەیە. لەبەرئەوەش واقیع لە زنجیرەیەك لەحاڵەتی هەنووکەیی پێکدێت. ئەم حاڵەتانەش بنەماو پێکهاتەی بنەڕەتین‌و پێدراوین لە ڕاڤەکردنەکانماندا بۆ جیهان پشتیان پێدەبەستین. ئەو بۆچوونەش بەهێزو پەسندە، بەڵام گرفتێك کە بەردەوام ڕووبەڕووی دەبینەوە ئەم حاڵەتانە یاخود چرکەساتی ئامادەبوون دەبینین تا ئەو ڕادەیە بنەڕەتییە کە دەزانین بەشێوەی جیاواز پشت بەدەرەوەی خۆی دەبەستێت لەبەرئەوە ناگونجێت بێیت بەپێدراوێکی سادە بەڵکو پێویستە لەسەر ئەوەی کە بونیادنراوە ڕاڤەبکرێت. باهاویشتنی تیرێك بەنموونە وەربگرین: ئەگەر تەرکیزمان خستە سەر زنجیرەیەك حاڵەتی هەنووکەیی ڕووبەڕووی جیاکاری دەبینەوە! لەهەر چرکەیەك لەچرکەکاندا تیرەکە لە شوێنێکی دیاریکراودایە. هەمیشە لە جێگایەکدایەو نابزوێت. بەڵام مافی خۆمانە سووربین لەسەرئەوەی تیرەکە لەهاویشتنییەوە تا کەوتنی لە جولاندایە. کاتێك تەرکیز بخەینە سەر حاڵەتی هەنووکەیی ئەوا جووڵەی تیرەکە ڕاستییەکی بنەڕەتییە لە ڕاستییەکانی جیهانی ئێمە، وێنا ناکرێت، ئەگەر جێکەوتی ڕابردووو ئایندە، تێدانەبێت. ئەوەی کەڕوو دەدات لەچرکەیەك لەچرکەکاندا پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ چرکە ئامادەنەبووەکان، لەبەرئەوەش مانای یەکلاکەرەوەی ئامادەبووی تێدانییە لەئێستادا بەشێك لەو پێکدەهێنێت. جووڵەی تیرەکە بەو پێیەی شتێکی تیرەکە بەوپێیەی شتێکی سادەو ئامادەبێت‌و پەی بەخۆی بەرێت ڕووبەڕوومان نابێتەوە، بەڵکو هەمیشە ئاڵۆزەو لەسەر جیاوازی بونیاد دەنرێت، شوێنەواریٚ لەخۆ دەگرێت نەئێستایەو نەپاش ئێستایە.

ئەمە یەکێکە لە جیاکارییەکانی "زینۆن"ی فەیلەسوفی یۆنانی‌و بەڵام جیاکاری تر هەیە کە هەرگیز بەم سیفەتە درامییە وەسف ناکرێت، بەڵام ئاستەنگەکانی چارەسەرکردنی کەم نییە لەو جێگایەدا کە ئێمە دەمانەوێت‌و لێیدەکۆڵینەوە. دەشێت لەگەڵ دریدا بڵێین شتێك نییە بەئاسانی ئامادەبێت. ئەوەی ئێمە بەئامادەناوی دەبەین پێدراوەو پشت بەدیاریکردنی شوناسی خۆی لەسەر بنەمای جیاوازی‌و پەیوەندی دەبەستێت‌و ناکرێت ئامادەبێت. بەڵام پێکهاتەی جیاوازی ئامادەنەبوو مانای بزر (غائب) ناگەیەنێت، زمانمان پڕدەکات لە میتافیزیکای ئامادەبوو لەوەزیاتر هیچ ئەڵتەرناتیڤێکمان ناداتیٚ، ڕەخنەی دریدا لەم میتافیزیکایە ئەوە لەخۆ دەگرێت کە دیاریکردنی ڕەگەزەکان‌و زاراوەکان‌و وەزیفەکان لەخۆ دەگرێت‌و وێناکردنی زەحمەتە ئەم حاڵەتەش وەکو (جیاوازی) وەهایە. لەدەرخستنی دا ناگات بەڕوونکردنەوەی خراپی ئەو چوارچێوەو بەڵکو ئاماژە بۆ سنوورەکەش ناکات. جیاوازییەکان بەزاراوەی ناکۆك لە ئامادەبوون‌و غیاب بەرەنگاری قسەکردن لەبارەی خۆیەوە دەبێتەوە.

ئەگەر کەمێك زیاتر لەنموونەی دووەمی جیاکارییەکان ڕابمێنین کەلەهەمان سیستەمی بیرکردنەوەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەو وتارە بایەخی لەبواری ئاماژەدا هەیە، کە ئێمە بەجیاکاری بونیادو ڕووداو یاخود (apoira) ناوی دەبەین، ئێمە دەمانەوێت مانای وشەیەك لەوشەکان پشت بە پێکهاتەی خۆی ببەستێت کاتێك لەلایەن قسەکەرەوە لەبۆنە جیاوازدا بەنیازی گوزارشت کردن لەواتایەك یاخود گواستنەوەی بەکاردەهێنرێت، لەبەرئەوەشە ئێمە دەمانەوێت ئەوەی پێیدەڵێین بونیادی زمان-سیستەمی گشت ڕێساکانی ئەوەشی لێیدەردەکرێت درێژکراوەی ڕووداوە بەهۆکارەکانی یاخود بە کردەی گەیاندن دیاریدەکرێت. ئەگەر ئەم فیکرەمان بەهەند وەرگرتو دەستمان کرد بە لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکان کە دەوترێت بونیاد دیاریدەکەن، ئەوا دەبینین هەریەك لەو ڕووداوانە پێشتر بونیادێك دیاریکردووەو گونجاندوویەتی. هەندێك گرنگیدانمان بە وتراو حاڵەتێکی پەیوەستدارە بەبونیادی زمان بەر لە ئاخاوتن پێی. گومانی تێدا نییە کە زمان بەرهەمە، بەڵام هەرچەند بۆ دواوە بگەڕێینەوە، تەنانەت کاتێ بیر لە لەدایك بوونی زمان دەکەینەوە هەوڵدەدەین ڕووداو پۆلین بکەین کە بونیاد لەگەڵیدا دەستی پێکرد، پەی بەسەپاندنی ڕێکخستنی پێش وەختو جیاکردنەوەی پێش وەخت لەنێوان جیاوازییەکاندا دەبەین، مرۆڤی ناو ئەشکەوتەکان ناتوانێت ورتەورت بکات بەشتێك کە مانای خواردن بگەیەنێت، ئەگەر وایدابنێین ئەو ورتە ورتە جیاوازە لەورتە ورتەکانی تر یان جیای بکەینەوە لەوە کەجیهان دابەشدەبێت بۆ خواردنو نەخواردن. ئاماژە هەمیشە پشت بە جیاوازی دەبەستێت: بۆنموونە، لەنێوان خواردنو نەخواردندا ئەو بەرانبەرکردنە دەیکات بەئاماژە بۆ خواردن. کاتێك بیر لە ئاماژەی زمانێك لە زمانەکان یان لەچەمکەکان دەکەینەوە دەبینین ئەو پرنسیپە ڕاستە. زنجیرە دەنگەکانی (با ) ناتوانێت وەزیفەی خۆی بگەیەنێت ئەگەر جیانەکرێتەوە لە زنجیرە دەنگەکانی (مردن، خراپە) ئەو دەنگەی ئێمە لەبارەیەوە دەدوێین شوێنەواری ڕەمزەکانی تری لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە کە ئێمە دەری نابڕین. هەروەکو لەحاڵەتی جووڵەدا بینیمان ئەوەی ئامادەیە ئاڵۆزەو پشت ئەستورە بەزنجیرەیەك لە جیاوازی. دریدا لەگوتاری "هەڵوێستەکان"دا ئەو باسە فراواندەکاتو دەڵێت: کارلێکی جیاوازییەکان دوای پێکهاتەو گواستنەوەکان دەکەوێتو ڕێگە لەبوونی هەر ڕەگەزێکی سادە لە ساتێك لەساتەکان یان شێوەیەك لەشێوەکان دەگرێت کە ئامادەبێتو بەتەنها هەواڵەی خۆی دەکات. هەرچەندە لە گوتاری نووسین یان ئاخاوتندا ڕەگەزێك نابێت بەڕەمز ئەگەر پەیوەندی بەڕەگەزێکی ترەوە نەبێت بەئاسانی ئامادە نابێت. ئەو پەیوەندیە مانای ئەوەیە هەموو ڕەگەزێك لە فۆنیم یان گرافیم پێکدێت بەئاماژەکردن بۆ جێکەوتێ لەڕەگەزەکانی تر لەزنجیرە یاخود لە سیستەم...هیچ یەکێك لەڕەگەزەکان یاخود لە سیستەم بەسادەیی ئامادەنابێت. ڕووداوەکانی

ئاماژەیەك پشت بە جیاوازی دەبەستێت، بەڵام جیاوازییەكانی خۆیان بەرهەمی ڕووداوەكانن. كاتێك مرۆڤ سەیری جیاوازییەكان دەكات بۆی دەردەكەوێت كە پشتیان بەڕووداو بەستووە، مرۆڤ لەتوانایدا هەیە لەنێوان ئەو دوو ڕوانگەیەدا بێتو بڕوات كە ناگەن بەیەك. هەریەكەیان هەڵەی ئەوی تریان لە جەدەلێكی بێچارەسەردا دەخاتەڕوو. دریدا ئەو كردەی گواستنەوەیە بە differance ناودەبات. فرمانی difere بەزمانی فەرەنسی واتە "جیاوازی"و "دواخستن"، وشەی differance پێشتر لە زمانی فەرەنسیدا نەبوو گۆبكرێت هەروەكو difference كە مانای جیاوازی دەگەیەنێت.

بەڵام بڕگەی كۆتایی كە پیتی a لەخۆگرتووە ئەو بڕگەیە لەوشەكاندا لادەبرێت بۆ ئەوەی لەڕێگەی ناوەكانەوە فرمانەكان دروست بكرێت. ئەم وشەیە دەكات بە وشەیەكی نوێ كەمانای جیاوازیو دواخستن دەگەیەنێت. هەروەها لەزمانی ئینگلیزیدا وشەی spacing هەمان حاڵەتی هەیە كە مانای ڕێكخستنی تەواو وەكو پرۆسەی دابەشكردنی ڕووبەرەكان یان جێگاكان دەگەیەنێت. دریدا هەندێكجار هاوتا فەرەنسییەكەی ئەم وشە ئینگلیزییە بەكاردەهێنێت espacement و بەڵام difference بەهێزترو شیاوترە چونكە وشەی difference زاراوەیەكی بنەڕەتییە لەزاراوەكانی نیتشەو فرۆید، بەتایبەتی سوسێر، ئەوبیرمەندانە لە لێكۆڵینەوەكانیاندا لە سیستەمی ئاماژە جەخت لەسەر جیاوازییەكانو تایبەتمەندییەكان دەكەنەوە. دریدا بێدەنگانە وشەی difference دەشێوێنێتو ئەوەش بەگۆڕینی پیتی "e" بۆ پیتی "a" ئەوەش فێڵێكەو ئامانج تیایدا دەرخستنی ئاڵۆزی ئیشكالییە بۆ ئاماژەو بەرهەمهێنانی لە زمانی ئێمەدا ناكۆكە زیاتر لەوەی چەمك concept بێت.

وشەی differance واتە (بونیادو جووڵە ناتوانرێت لەسەر بنەمای ناكۆكی لەنێوان ئامادەبوونو ئامادەنەبوون وێنا بكرێت. بەڵام difference سەرەتای ڕێكخستنی جیاوازییەكانە، وبۆجێكەوتی جیاوازییەكانو spacing كە بە هۆیە ڕەگەزەكان هەندێكیان ئاماژە بەهەندێكی تریان دەدەن. Spacing بەرهەمی (نێگەتیڤیو پۆزەتیڤی) ئەو مەودایانەیە كەبەبێ بوونیان زاراوە تەواوەكان ناتوانن ئاماژە بۆ شتێك بكەن یاخود بەوەزیفەی خۆیان هەستن وەپیتی a لە difference دا ئاماژەیە بۆ ئەو تەرەدودە سەبارەت بە نێگەتیڤیو پۆزەتیڤیو یاخود ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە بەو ناكۆكییە ڕێكخستنو كۆنترۆڵكردنی ئەستەمە). ئەم لێكدانەوە بەراییە بۆ جیاوازی ئاماژەو ڕۆڵی difference ئامادەمان دەكات بۆ كورت كردنەوە لە تیۆری زماندا لە خوێندنەوەیەكیدا بۆ كتێبی "چەند وانەیەك دەربارەی زانستی نوێی زمان" دریدا سوسێر بەباوكی زمانەوانی نوێ دادەنێتو ئەو كتێبە لەساڵی ١٩٦٠دا كراوە بە ئینگلیزی. تایبەتمەندییەكانی تیۆرەكەی بنەماگەلێكی فیكری بونیادگەری تیۆری پێكهێنا. هەر

لەبەرئەوەش خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەلالەتی گرنگی هەیە. دریدا لە سۆسیردا ڕەخنەیەکی بەهێزی لەمیتافیزیکای ئامادەبوو بینییەوە، کە دریدا خۆی بە سێنترالی وشە ناوی دەبات بەلاّم لەهەمان کاتدا جەختکردنەوەیەکی بۆ ئەو سێنترالە بینیەوە کە خۆبواردن لێی ئەستەمە، پەیوەندییەکە ڕزگاربوون لێی مەحالە ئەم دووجوڵە یان ئەم دووچرکەیە بەدوای یەکدا کورت دەکەمەوە، پاشان قسە لەسەر گرنگییەکەی دەکەم. سوسێر زمان وەکو سیستەمێك لەڕەمز sign پێناسە دەکات- دەنگەکان زمان دروست ناکەن ئەگەر فیکر نەگوێزنەوە یان گوزارشتی لێنەکەن- هەربۆیە کێشەی جەوهەری لای سوسێر هێمای زمانەوانییە: چی شوناس بە هێما دەبەخشێت؟ سوسێر دەڵێت هێماکان عورفێکی هەڕەمەکین. هێما سیفەتی جەوهەری تێدا دیاریناکرێت بەڵکو ئەو جیاوازییانە نەبێت کە لە هەندێك هێمای تری جیادەکاتەوە. سوسێر هەرچەند لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەرەوپێش بڕوات زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکات هێما پەیوەندییەکی پەتییە، ((وە زمان سیفەتی تایبەت بەخۆی تێدانییە بەڵکو جیاوازی تێدایە)) (چەند وانەیەك لە زانستی گشتی زمان) ئەمە ئەو پڕەنسیپەیە کە بە تەواوی جیاوازە لە سێنترالی وشەو میتافیزیکای ئامادەبوون. لەلایەکەوە جەخت لەوە دەکات کە وشە ئامادەبوونی سادەو تەواوی لە سیستەمدا نییە چونکە جیاوازی ناکرێت ئامادە بێت. لەسەرێکی ترەوە لەمیانەی غیابێکی هەمیشەییەوە نەك لەمیانەی ئامادەبوونەوە شوناس دەریدەکات، هەر شوناسێك بەردی گۆشەیەکە لە میتافیزیکادا، لەپەیوەندییەکی پەتیدا.بەلاّم فیکری سۆسێر لەهەمان کاتدا جەخت کردنەوەیەکی بەهێزە لەسێنترالیەتی وشە، ئەمە بەشێوەیەك دەردەکەوێت بایەخی دریدا دەوروژێنێت لەڕێگاچارەی سوسێر بۆ نووسین کە بەبەراوردکردن لەگەڵ وتندا ڕۆڵێکی لاوەکی بەنووسین دەدات، دەیکات بەدرێژە پێدەری ئەم جێگایە لەدەرەوەی خۆی. وەکو سۆسێر دەڵێت ئامانجی شیکردنەوەی زمانەوانی شێوە نووسراوەکان یاخود گوتراوەکان لەوشە نییە، بەڵکو بەتەنها فۆرمە گوتراوەکانە ((هەمان سەرچاوە)) نووسین چیە جگە لە نواندنی وشە، ئامرازێکی تەکنیکییە، یارمەتیدەری دەرەکییە، هەربۆیە پێویست ناکات لەکاتی لێکۆڵینەوە لەزماندا بەهەند وەربگیرێت. ئەم بیرۆکەیە تاڕادەیەك بیرۆکەیەکی بەریئە، بەلاّم وەکو دریدا ڕوونی دەکاتەوە جێکەوتی دووری لە کەلتووری فیکری زمانەوانی ڕۆژئاوادا بەجێهێشتووە، کەپێی وایە وتن ئامرازی سروشتی گەیاندنە ڕاستەوخۆ ئەم لەکاتێکدا نووسین یارمەتیدەری ناڕاستەوخۆیە بۆ نواندنی (واتاکان لە دەنگەکاندا). قسەکەرو گوێگر هەردووکیان ئامادەی ئەوی تریان دەبن، وشەکان لە قسەکەرەوە دەردەچن دەبێت ڕوونییەك ببەخشێت بەفیکرەی ئامادەو گوێگر توانای لێتێگەیشتنی هەبێت. بەلاّم نووسین لە نیشانەی فیزیائی دابڕاو لە فیکر پێکدێت کە دەبێت بەبەرهەمی خۆی بکات، هەمیشە لە غیابی گوێگرو قسەکەردا وەزیفەی خۆی دەگەیەنێت.

نووسین بەشێوەی نادڵنیایی دەمانباتە ناو فیکری نووسەرەوە، دەکرێت بێئاگا لەناوی نووسەرو بێ قسەکەرو پەیوەندی بەدانەرەوە دەربکەوێت، لەبەرئەوەش ناکرێت تەنها ئامرازێك بێت لەئامرازەکانی نواندنی وتن بەڵکو بەشێوەیەکی گرنگتر لادان یاخود شێواندنی وتنە. ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ نووسین کۆنەو فەلسەفە خۆی پێشکەشی کردووە، لە فیدروسدا ئەفلاتون زەمی نووسین دەکات بەوپێیە ئامرازێکی خەوشداری گەیاندنە، ئەگەر لەچرکەساتی ئەسڵی یان لەباوکی خۆی جیابکرێتەوە ئەوا دەرفەت دەدرێت بەهەموو هەڵەتێگەیشتنێك، ولێکدانەوەی هەڵە، لەبەرئەوە قسەکەر ئامادەنییە چی لەبیری خۆیدایە بۆ خوێنەری ڕوون بکاتەوە. بەم شێوەیە ئەفلاتون فەزڵی وتن دەدات بەسەر نووسیندا، بەوپێیە کە نووسین مشەخۆرو ناتەواوە، ئەوەش واتا سڕینەوەی هەر کاتێك لە خەسڵەتەکانی زمان، یاخود هەندێك لەبواری وەزیفی زمان، یاخود دەرهاویشتنی لایەنێکی. ڕەهەندو غیابو هەڵەتێگەیشتنو ڕاستگۆنەبوون لە سیفەتەکانی نووسینن، ڕەنگە بە جیاکردنەوەی نووسین لەوتن مرۆڤ بتوانێت نموونەیەك دروست بکاتو بەپێوەری خۆی پەیوەست بەوتن- وپێی وابێت گوێگر کتو مت توانای تێگەیشتنی ئەوەی هەیە کە لە فیکری قسەکەردایە. لە هجری پەرۆشی ئاکاری دەستبەرداری گفتوگۆی سوسێر بۆ نووسین دەبێت ئاماژە بۆ شتێ دەکات کە ئەو سەرقاڵیەتی. ئەو قسە لەسەر مەترسی نووسین دەکات کە نووسینە زمان دەشارێتەوە، بەڵکو هەندێکجار ڕۆڵی وتن لەق دەکات. ((ستەمکاری نووسین)) هێزی وێرانکەرەو لەگۆکردندا دەگات بەهەڵەکردنو دەتوانرێت بە نەخۆشی وەسف بکرێت، یاخود نەخۆشییەکم کە تووشی هاتووە. ئەو زمانەوانەی گرنگی بە فۆرمە نووسراوەکان دەدەن کەوتنە تەڵەوە، ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە نووسین دەبێت لە خزمەتی وتن دابێت لەبەردەم مەترسی ئەو سیستەمەدایە کە خزمەتی دەکات. لەبەرئەوهۆیەشە کە پەیوەندی لەنێوان نووسینو وتندا ئاڵۆزترە لەوەی کە لەسەرەتاوە دەستمان پێکرد، ئەوە ڕێکخستنێکی چینایەتییە کەوتن بەر لەنووسین بەهەند وەردەگرێتو پێی وایە نووسین دەبێت پشت بەوتن ببەستێت- ئێستا لە تواناداا هەیە وتن وەکو دانەبڕاو لە نوسین لەبەرچاو بگیرێت، و نووسین کاریگەری لەسەر وتن هەیە وەکو ئەوەی تووشی نەخۆشی دەبێت. دریدا بونیادی پەیوەندییە کاراکان یاخود ڕێگای کارکردنیان لەچەند تێکستێکدا وەسف دەکات، بەتایبەتی لای ڕۆسۆ بەوتەیەکی باو بانگەشەی دەکات کە ڕۆسۆ لەنووسیندا بەلۆجیکی تەواوکردن Logic of the supplement ناوی دەبات. تەواوکردن هەروەکو فەرهەنگی ویستر پێماندەڵێت: بریتییە لە تەواوکردن یان خستنەسەرو زیادکردن)) کاتێك ڕۆسۆ دەڵێت پەروەردە تەواوکەری سروشتە ئەو چەمکێکی ئاڵۆز بۆ سروشت بەرهەم دەهێنێت. ئەو شتێکی تەواوکراوە لە خۆیداو پەروەردەی بۆزیاد دەکرێت، بەلام شتێکی ناتەواو پێویستە بەپەروەردە پڕ

بکرێتەوە، بۆئەوەی ببێت بەڕاستی لەم حاڵەتەی دوایيدا ئەم تیۆرە شیاوی لەبەرچاوگرتن- پێویستی بە پەروەردەیە بۆئەوەی ڕاستی سروشت لەو دۆزەخەدا وەکو خۆی دەربکەوێ. بەم شێ،ەیە لۆجیکی تەواوکردن سروشت دەکات بەشێوەی یەکەم، دەیکات بەپڕکراو ئەگەر لەسەرەتاوە هەبێت، بەلاّم هەژاری یاخود غیابێکی شاراوەی تێدا کەشف دەکات، پەروەردە دەکات بەشێکی دەرەکی زیادکراو بەلاّم دەشیکات بەمەرجی بنەڕەتی ئەوەی تەواویدەکات. هەروەها ڕۆسۆ قسە لەسەر دەستپەڕ دەکات بەو سیفەتەی ((پڕکردنەوەی ترسناکە)) هەروەکو نووسین- سەرەڕای ئەوەی بەڕیزپەڕ (شژۆژ) وەسفی دەکات- بۆ ژیانی سێکس، وەزمان بەبێ گۆڕان لە سروشتی ژیانی سروشتی سێکسدا نابێت. بەلاّم دەستپەڕ قەرەبووی چالاکی ئاسایی سێکس دەکاتەوە، یاخود جێگەی دەگرێتەوە. وەلەتوانایدا هەیە ببێت بە ئەڵتەرناتیڤێك‌و سیفەتی سروشتی تێدا بەشداربێت. بەکردەوە ڕوون دەبێتەوە دەستپەڕ کە بەتەرکیز خستنە سەر ئامانجێکی سێکسی لەناوخەیاڵدایەو گەیشتنە بە ئارەزووی کەسی دەستپەڕکەر وەسف دەکرێت- هەروەها ئەوە ڕاست دەکاتەوە کە ژیانی سێکسی باو چرکەکانی بەجۆرێك لەدەستپەڕی گشت وەسف دەکات.

لۆجیکی تەواوکردن دریدا باسیدەکات بەهێزو فراوانە، هەموو شتێکی وەکو زمان، سۆز، کۆمەڵگە، هونەر، بەشتێکی مرۆیی بکرێت. وە ئێمە سەرنجمان بەلای بوونیدا ناڕوات تانەبینین لەتوندترین سەمت خۆی بەجیاوازی دەکات، ئێمە مامەڵە لەگەڵ لۆجیکێکی بۆ تەواوکردن دەکەین کاتێك شتێك دەبینین لەبەرانبەر شتێکی تردا بەپەراوێزی وەسف دەکرێت- وەکو نووسین کە پەراوێزە سەبارەت بەوتن، وەکو لادان سەبارەت بەژیانی سێکسی تەندروست- کاتێ دەبینین ئەو شتە جێگەی شتی تەواوکراو دەگرێتەوە یاخود لەتوانایدا هەیە تەواوی بکات. دەتوانین ڕوونی بکەینەوە چۆن ئەو سیفەتانەی بەتایبەتمەندی شتە پەراوێزییەکان وێنامان کرد لەواقیعدا ئەو سیفەتانەن کە شوناسی سێنترالی ئەو بابەتە دیاریدەکەن کە ئێمە دەربارەیان دەدوێین یان هەرتەواوکردنێکی نیشتەجێکراوە بە difference یاخود بەپارچەکردنی تەواوکردن یان دواخستنی تەواوەتی. پاشان دەبینین چۆن نووسین- هەموو تەواوکردنی پەراوێزی- لەواقیعدا مەرجێکی پێکهاتووی خودی زمانە. سوسێرو ئەوانی تریش بەپەرۆشێکی ئاکارییەوە گوزارشتیان لەڕەت کردنەوەی نووسین کردووە، چونکە پێیان وایە نووسین هاوچەشنی هەندێك تایبەتمەندی زمانەو دەیانەوێت بەڕێگەی خۆیان بیسڕنەوە، بەلاّم جارێکیتر لەبەردەم هەڕەشەی دەرکەوتنەوە دایە چونکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانە. بەلاّم پێویستە لەسەرمان لەوتوێژی دریداوە ئەوئەنجامە هەڵهێنجێنین کە پێی وایە پێشینەکان هەڵەبون لەبەرزکردنەوەی وتن لەسەر حیسابی نووسین بەتەنها، ئەمە بەتەنها هەنگاوێکی پێویستە بۆ میتافیزیکامان: ئەفزەڵیەتی دەنگ پشت بەهەڵبژاردنێك نابەستێت ئێمە توانای دوورخستنەوەیمان

هەبێت. بەڵكو وەڵامی چرکەیەك لە سیستەم یان یابڵێین ((لەژیانی مێژوو)) یان بوون بەوپێیە کە پەیوەندیە لەگەڵ خوددا دەداتەوە. سیستەمی گوێگرتنی ((یان تێگەیشتن)) هەژموونی بەسەر خودی مرۆڤ داکردو ئەو لەڕێگەی مادەی دەنگییەوە دەدوێتو خۆی وەکو ئاماژەی نادەرەکی، نادونیایی دەخاتەڕوو، لەبەرئەوەش نەئاماژەو نە ئەزموونیو نە نومایش کراو دەبێت، بەپێویست ئەم سیستەمە لە قۆناغێکی تەواو لە قۆناغەکاندا هەژموونی بەسەر مێژووی جیهاندا کرد، وە بیرۆکەی ئەسڵی جیهان لە جیاوازی نێوان دنیاگەریو دنیانەویستی، لەنێوان دەرەوەو ناوەوە، لەنێوان نموونەو نانموونەدا، لەنێوان بڵندگەرایی (تراستدنتالی)و ئەزموونگەریدا گەشە دەکات)).

ئەم بانگەشە فراوانە ئەگەرهاتوو لەناکۆکی نێوان دەرەوەو ناوەوە، بڵندگەراییو ئەزموونگەرایی، دنیاگەریو دنیانەویستی وردبینەوە کە پشت بەخاڵی یان هێڵی جیاکەرەوە دەبەستێ کە تیایدا ناوەوە لە دەرەوە جیادەکاتەوە ئەمەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە.

بەڵام ئەو ناکۆکییە ناکرێت لەئارادابێت تەنها سەبارەت بەو خاڵانە نەبێت کە هەژموونی کردووە بەسەر جیاکردنەوە لەنێوان ناوەوەو دەرەوەدا دریدا بانگەشەی ئەوە دەکات لەچرکەساتی وتندا دالو مەدلوول لەئارادان، یان دەنگو واتا لێك دانەبڕاون، ڕەنگە ناوەوەو دەرەوە، مادیو نامادییەکان گرتبێت، ئەم چرکەیە خاڵی مەرجەعییە کە دەتوانرێت هەموو ئەم تایبەتمەندییانە کە گەوهەری میتافیزیکاکانی بگەڕێندرێنەوە بۆی، هەموو شێواندنێکی پێگەی تایبەتمەندی وتن دەبێتە مایەی تێکدانی ئەم میتافیزیکانە. هۆکاری بەهێزبوونی چرکەساتی وتن لەگێڕانی ئاوەها ڕۆڵێکدا دەگەڕێبتەوە بۆ ئەو خاڵە یاخود ئەو چرکەیەی کە تیایدا فۆرمو مانا پێکەوە ئامادە دەبن. وشە نووسراوەکان ئاماژەی فیزیائینو پێویستە خوێنەر راڤەیان بکاتو ژیان بکات بەبەریانداو مانایەکیان بداتێ کە بەڕاستی دەزانێت، نابێت هەمان مانابێت کە وشە بەخۆی دەدا. بەڵام کاتێك من دەدوێم وشەکانم مادی دەرەکی نین گوێم لێیان بێتو پاشان ڕاڤەیان بکەم، چرکەساتی وتن بەلای منەوە کۆمەڵە دالێکی ڕوونەو لەگەڵ فیکرەکانمدا دەگونجێت، دەشێت هۆشی چرکەساتی وتن لەخۆیدا ئامادەبێتو چەمکەکان ڕاستەوخۆ خۆیان بخەنەڕوو بەوپێیەی کۆمەڵە مەدلوولێکە وشەکانم گوزارشتی بۆ ئەوانیتر لێدەکات. وەدەشێت دەنگ سەرەتای ڕاستەوخۆ بێت بۆ فیکر، بەوەش دەبێت بەخاڵی بەیەك گەیشتن لەنێوان مادیو عەقڵی، جەستەو ڕۆح، و لەنێوان بڵندگەراییو ئەزموونگەری لەنێوان ناوەوەو دەرەوەدا.

دریدا ئەوە بەسیستەمی بیستن ناودەبات Sentendre Parler مرۆڤ قسەدەکاتو لەخۆی تێدەگات. وشەکانم ڕاستەوخۆ فیکرەکانم پێدەبەخشن، ئەم جۆرە ئامادەبوونێکی خودە، لەبازنەی تێگەیشتنی خود، و ئەوەش نموونەیەکی پەیوەندییە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی لێوە دروست دەبێت ئەگەر ئاستەنگی

دەرەکـی نەبێـت بەڕێگـری یـان تەشویشـی بـۆ دروسـت نـەکات، ئامـادەبوون بـەردی گۆشـەیەکە لەتـیۆری زمـانو پـەیوەندیدا، لەکاتـێکدا نووسین بەزاراوەیـەکی ئامـادەبوون- نوقسـان دەناسـرێت، یـــان لەباشــــترین حاڵـــەتدا گەڕانەوەیــــەکی ناڕاسـتەوخۆیە بـۆ ئامـادەبوون. دەنـگ پـێگەی تایبەتی خـۆی بەخشیوە بۆئەوەی لەگۆشەنیگای ئامادەبوونـەوە مامەڵە لەگەڵ زماندا بکرێت- ئەم هـەنگاوە پێویسـتییەکە ئەگـەر وەسـف یـاخود شـیکردنەوە بەڕێگـەی خۆیـاندا بـڕۆن، چـونکەە ناسـینی ڕەمـزەکان توانای تێگەیشتن لەمانا زیاتر دەکات بـەڵام جەخـت کـردن لەسـەر ئـەم خاڵانـە ئەوەدەســـەپێنێت کـــە زمـــان هەمیشـــە لـــە difference دا جـێگیرکراوە، یـاخود بەغـیاب وەسـف کـراوە. سوسـێر لایەنـێك لەنووسـین دەسـڕێتەوە بۆئـەوەی مامەڵەیـەکی سادە لەگـەڵ یەکەدەنگییە پەتییەکاندا بکات. بـەڵام نووسین لەچرکەساتی یەکلاکـەرەوەدا دەگەڕێتەوە یاخود بەئــەرکی خــۆی دەزانێــت سروشــتییە کـــە زمانەوانییەکان ڕاڤە بکات، مرۆڤ چۆن دەتوانێت دروسـت کردنـیە زمانەوانـیـیەکان راڤـە بکـات لەسـەر جیاوازی لەنێوانیانداو لەنێوان ئەوانەشدا کـە خـۆی ئامادەیـان دەکـات؟ ((ئەگـەر وەزعـێکی هاوچەشـنی ئـەو وەزعـە لەنووسـیندا هـەبوو، کە سیسـتەمێکی تـرە لەڕەمـز، ئەوا ئێمە نووسین بۆ سـازدانی هـەندێك بـەراوردکاری بەکاردەهێـنینو کێشـەکە ڕووندەبێـتەوە)) بـۆ نموونـە پیتی T تا دەتوانرێت بەچەند جۆنگێك بنووسرێت چونکە شێوەکەی جیاوازە لـە پیتی d وf و I،لەپیتی T دا سـیفەتێکی بـنەڕ`تـی نیـیە کـە پێویسـت بـە پارێـزگاری لـێکردن بکـات، شوناسـی ئـەو پیـتە شوناسـێکی هەلپەسێردراو "علائقی" پەتیە. بەو شـێوەیە نووسـین وەکـو سوسـێر لێیدەڕوانێـت نابێـتە بابـەتی لێکۆڵیـنەوەی زمانـەوانی لەسـەر پڕەنسیپێ کـە ووتـن خـۆی لەسـەر بونـیاد نـاوە، بـەڵکو باشــترین ڕوونکـردنەوەمان دەربـارەی سروشـتیە کـە زمانەوانیـیەکان پێدەبەخشـێت. یـاخود ئـێمە لەتێکستی سوسـێردا نموونە لەسەر پرۆسـەیە دەبیـنین کـە بـە "هەڵوەشـاندنەوەی خـود" ناودەبرێـت، لەپرۆسـەی هەڵوەشـاندنەوەی خوددا بونیادی دەق ئاشکرا دەبێت، دەردەکەوێت ئـەم بونـیادە پرۆسـەیەکی ڕەوانبێژیـیە نـەك بـنەمایەکی بەهـێز. بەچـاودێری کـردنی وتـنو نووسـین لای سوسـێرو بیرمـەندەکانی تـری وەکـو هوسـرلو رۆسـۆو لـیڤی شـتراوسو کوندیـاك سـەلماندی کە وتن جۆرێکە لە جۆرەکانی نووسین ئەگـەرهاتوو ئەمانـە سـیفاتی نووسـین بـن کـە بەشـێوەیەکی تەقلـیدی پەیوەسـتە پـێوە. یەکـەکانی وتـن بەشـێوەی هەڵپەسـێردراو (علائقی) وەسـف ناکرێـت وەکـو سوسـێر دەڵێـت، چـونکە سیفەتی ئامادەنەبوون (غیاب) واگومانی لێدەکرێـت کە نووسین لەوتن جیادەکاتەوە، ئەوە سیفەتی گشتگیری ڕەمـزەکانە. تەنانـەت هـەموو شـێوەیەك دەکرێـت ببێـت بەڕەمـزو بـێگومان شـیاوی دووبـارە بەرهەمهێـنانەوەیە —تەنانـەت لەنـەبوونی نـیازی پـەیوەندیدا سروشـتی هـەموو ڕەمـزێك ئەوەیـە کەشـیاوی دووبارەکـردنەوەیە، توانـای ڕاپـەڕاندنی وەزیفـەی خـۆی هەیـە، تەنانـەت لەحاڵـەتی دابڕانـیدا لـەو مانایـەی کـە مەبەسـتە، ئەگەرچـی ئـەو پەیوەندیـیە شوناسـی

نادیاریش بێت. بۆنمونە ((ڤیژە نابێتە ڕەمزو مەگەر توانای لاسایی کردنەوەی هەبێت)) یاخود ببینرێت، یاخود وەکو نموونەیەك لەنموونەکان بەرهەم بهێنرێت. مادام ئەم توانایە یەکێکە لەو توانایانهەی نووسین چێژی لێوەردەگرێت و هەمیشە لەگەڵ ڕەمزدایە دەکرێت ڕەمز وەکو نەخۆش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت وەکو چۆن مامەڵە لەگەڵ دەنگدا دەکەین بەوپێیەی ئامادەبوونە بۆ خود. ئەگەر ڕێکخستنەکەمان پێچەوانە کردەوە دەتوانین مامەڵە لەگەڵ وتندا وەکو جۆرێك لە جۆرەکانی نووسین، ئەگەر پێویست بوو فیکرەی فراوان بکەین بۆئەوەی وتن لەخۆ بگرێتەوە- ئەوا بەشێوەی دریدا لەسەر arichi-ecriture نووسینی ئەسڵییەوە، دەربارەی سەرەتایەك دەدوێنین کە مەرجی وتن و نووسین بەمانا بەتەسکەکەی بەرهەم دەهێنێت. هۆکاری وردوشاراوەی پشت هەوڵی تیۆریستە زمانەوانییەکان کە پێیان وایە نووسین پشت بەوتن دەبەستێت دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە زمان نووسینی سەرەتاییە، و ئامادەبوونیش جیاواز دەبێت و دوادەکەوێت. دریدای هەڵوەشاندنەوەخواز ئەو تەرتیبە باوەی پێچەوانەکردەوە کە پێمان وابێت تیۆری خۆمان لەسەر بنەمای وتن بونیاد بنێین و پێمان وابێت نموونەییە بەتایبەتی لە بازنەی بیستنی مرۆڤ خۆیدا قسە دەکات. کاتێك ناڕاستەوخۆ لەدەربڕینی وشەدا ئامادە دەبێت. لەبریتی ئەوەی مامەڵە لەگەڵوتنی کردەیی یاخود تێکستی حەقیقیدا بکەین هەرچەندە وەکو نموونەیەکی سووك وابێت لەم پرۆسەیەدا، پێمان

وایە زمان (بەجیالەوەش) سەرەتای جیاوازی و بڵاوبوونەوەی جێکەوت و ئەو دووبارەبوونەوانەیە کە مانا دەکەن بەشتێکی چاوەڕوان کراو لە هەڵو مەرجێکدا کە توانای وەسف کردنی هەبێت، بەلاّم ناتوانرێت دووربخرێتەوە. ئەم ڕوانگە نوێیە زانستی تازە یاخود زانستی ڕزگاربوو لە سێنترالی وشە بەرهەمناهێنێت. سەرەڕای ئەوەی ئەم چەمکە سەرەتاییەی نووسین بۆ هەردوو بیرۆکەی (هەرەمەکێتی ڕەمز) و (جیاوازی) دەکات "ناکرێت وەکو بابەتێکی بۆ زانستی مامەڵ'ی لەگەڵدا بکرێت، ئەمە ئەو شتەیە ڕێگا بەخۆی نادات کورت ببێتەوە بۆ شێوەیەك لە شێوەکانی نووسین. ئامادەبوون بابەتی بوونی هەموو بابەتێك ڕێکدەخات، وهەروەها هەموو پەیوەندییەکانی مەعریفەیش" (لەنووسیندا).

ئەو فیکرانەی لەپێکهێنانی زانستێ لە زانستەکاندا ئیزافە دەکرێت درێژکراوەی سیستەمێکی ئامادەبوونە، بەوپێیە کە جووڵەی difference لەخاڵێکدا دەکات بەهەڵبەستراو بەشتی سەربەخۆو هاوچەشنە لەگەڵ خۆیدا. بابەتی بوون شیاوی دووبارەبوونەیە، بۆنموونە: توانای دووبارەکردنەوەی شتەکان یاخود هەڵوێستە هاوچەشنەکانە لەگەڵ خۆیدا. ڕەخنەگرتن لە سێنترالی وشە بونیاد نانرێت مەگەر لەسەر ئەو سێنترالانە بێت کە خۆی تێکشکاندنی دەرەکی دەدات چونکە بەڵگەو بیانوی لەخۆی گرتووە، پەنا دەبات بۆ ئاماژە یاخود بۆ فیکر لەبارەی ئەزموونەوە. لەناو سیستەمێکدا دەمێنێتەوە بۆ پەیبردن بەو ناکۆکییانەی کە ڕێگای بوون بە سیستەمێکی

تەواو گونجاوی لێدەگرن‌و لەبەرئەو هۆیە گەیشتن بەزانستی نوێ بۆ ئاماژە یان بۆمانا لەدەرەوەی بازنەی سێنتراڵ کارێکی مەحاڵە. ((دەشێت بوترێت گریمانەی میتافیزیکی پێش وەخت لەئارادا دەبێت لەگەڵ موتیڤە ڕەخنەییەکندا)) لەهەموو تێزێکی سیموتیکیدا یاخود لە سیستەمێکی لێکۆڵینەوەدا، لەبەرئەوەش تائاستێك زمان داگیریدەکات، یان خۆی سیستەمێکی زمانەوانییە. بێگومان زانستی نووسین نابێت بەزانستی تر کە بارگاوی بێت بەناوەڕۆکی تازە، یان بەجیهانی کە سنوورەکانی ڕوون‌و دیاربێت بەڵکو دەبێت بەمومارەسەیەکی هۆشیاری ئەو بەشە تێکستیە)) (هەڵوێستەکان). ئەوەش واتا هەڵوەشاندنەوە خوێندنەوەیەکی دووفاقی ئەنجام دەدات: ئەوباسی ئەو ڕێگایانهە دەکات کە بەهۆیانەوە تێزەکان بیرۆکەی دەقەکانیان لەسەر بونیاد دەنرێت شیدەکاتەوە (ئەم هەڵوەشاندنەوەیە٩ هەروەها سیستەمی فیکرەکان کە تێکست لەچوارچێوەیدا هەوڵدەدات پێکهاتەی فیکری وەکو differanceو تەواوکردن، ئەو ئاوێتەیە کە ئەوانی تر لەگەڵ سیستەمدا دەگونجێنێ‌و دەیکات بەیارمەتی پرسیار. بەلام پشت بەستنی دریدا بەهەموو ئەو تێکستانەی خۆی‌و ئەوانەشی کە خوێندوونیەتەوە بەم تێکەڵیە لەنێوان موتیڤی ڕەخنەیی‌و بەڵگەنەویستی میتافیزیکی دەگات بەکێشەیەك کە ناتوانرێت چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، چۆن وەسفی جیاوازی بکەین لەنێوان ئەوەی دریدا بەبەشێکی تێکست لەتێکستی گراماتۆلۆجی‌و بەشێکی تێکست لە نووسینەکانی تریدا ناویدەبات یان لە تێکەڵکردنی مۆتیڤەکان لەنووسینەکانی دریدا خۆیدا، وتێکەلاوکردنی لەنووسینی تیۆریستە هاوچەرخەکانی تردا کە ڕەخنەیان لێدەگرێت؟ بایەخی ئەم پرسیارەمان زیاتر بۆ ڕووندەبێتەوە ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی ترەوە لێی بڕوانین، زۆر لەخوێندنەوە هەڵوەشاندنەوەییەکان بە هێرش بۆسەر ئەو نووسەرانە دادەنرێت کە ئیشیان لەسەرکراوە، هەڵوەشاندنەوە خوازەکان پێیان وایە نووسەرەکان ناکۆکیان لەگەڵ خۆیاندا هەیە، چونکە ئێمە لەسەر ئەو بۆچوونە ڕاهاتووین کە پێی وایە ناکۆکی لەگەڵ خوددا بەهای فیکری هەوڵەکانیان دەشێوێنێت، بەلام ناکۆکی ئەگەر حاڵەتێك بێت نەتوانین خۆمانی لێ بپارێزین ئەوا دریدا دەڵێت: لەهەر تێکستێ ئامانجی لێکۆڵینەوە دەبێت لەکێشە گەورەکان بەلای کەمییەوە دەبێت ئەو ئاراستەیە چی بێت کە پێویستە بەرەو ئەم تێکستانە بیگرینەبەر؟ لەهجەی دریدا خۆی ئەم ڕوون دەکاتەوە: ئەو لەگەڵ هۆسرل، وهایدگەرو سوسێر، بەبایەخەوە مامەڵە دەکات زیاتر لەومامەڵەی کە لەگەڵ هەریەك لە ڕۆسۆو لیڤی شتراوس دەیکات، وکەم‌وکورتیەکانی بەزمانی خستەڕوو زۆرجار بەسەرزەنشت کردن وەسف دەکرێت. سەرنج خستنە سەر بەرهەمی نووسەرێك لەنووسەرەکان کارێکی ڕێگەپێدراوە چونکە ((نووسەر بەزمانێك‌و لۆجیکێ دەنووسێت ناکرێت گوتارەکەی بەسروشتی هەژموونی تەواو بەسەر سیستەم‌و یاساکاندا بکات. ئەو بەکاری ناهێنێت تەنها بەوازلێهێنانی خۆی نەبێت‌و تائاستێکی دیاریکراو بەشێوەیەك لەشێوەکان ڕەخنەیان لێدەگرێت. پێویستە خوێندنەوە هەمیشە ئامانجی ئەو پەیوەندیە بێت کە نووسەر پەی پێنابات لەنێوان ئەوەی هەژموونی بەسەردا هەیەو ئەوەی کە هەژموونی بەسەردا ناکات لە سەمتی زماندا بەکاری

دەهێنێت)). (لەنووسیندا)). مرۆڤ لەتوانایدا هەیە بەردەوام ئەو توانا ستراتیژیو ڕەوانبێژییە بقۆزێتەوەو بەهێزی بکات بەسەر ئەو غەفڵەتەدا کە نووسەر لەڕێگای دەقەوە دەیڵێت، مادام ئەو بونیادەی مرۆڤ لەتوانایدا هەیە پەی پێبەرێت لەدەقێکدا کە نووسەر نووسیویەتی ئەوا بابەتی ((هۆش)) لەم بونیادەدا دەبێتە شتی بەکەڵك. بول دی مان بەکردەوە ڕوونی کردەوە بانگەشەی ((ڕاست کردنەوە))ی کوێرانەی ڕۆسۆ نابێتە ستراتیژی بەلاغی چونکە تێڕوانینە کونکەرەکانی دردیا بۆ ڕۆسۆ درێژکراوەی تێکستەکانی ڕۆسۆ خۆیەتی. ئەم بانگەشەیە لەچیرۆکێکی باش زیاتر نییە. بەلاّم ئەگەر خوێندنەوە هەڵوەشاندنەوەییەکان ئەو "هەلاّنە" ڕاست نەکاتەوە کە ڕۆسۆ کردوویەتی، ئایا ئەم بۆ لیڤی شتراوسو ئەو تیۆریستانەی تریش ڕاستە کە نووسینەکانیان بەتەنیشت بەلگەنەوەیست (المسلمات)ی میتافیزیکییەوە مۆتیڤی ڕەخنەییان لەخۆ گرتووە؟ ڕێگا چارەی دریدا بۆ بەرهەمەکانی بونیادگەریو پاش بونیادگەری هەمان ڕێگاچارەیە کە بۆ بەرهەمەکانی سوسێر تاڕادەیەك گرتبوویە بەر. لە زمانەوانی بونیادگەری سوسێردا یەکەم هۆکاری میتۆدی بۆ چارەسەرکردنی ئەوانی تر لە سیستەمی دیاردەکان سەرهەڵدەدات ئەگەر زمان دیارنەبێت وەکو ئەفسانەو یاساکانی خزمایەتیو تەوتەمی لای لیڤی شتراوسو، نائاگایی لاکان، و کاری ئەدەبی لای بارت، و سیستەمی مەعریفی تایبەت بە زەمەنێك لەزەمەنە مێژووییەکان بەو سیفەتەی ڕێزمانەو توانای بەرهەم هێنانی گوتاری هەیە لای فۆکۆ. لەبەرئەوە وەکو ئێمە بۆی دەچین لە بونیادگەریو پاش بونیادگەریدا تێکەڵییەك لە ((بەلگەنەویستی-المسلمات))ی میتافیزیکیو مۆتیڤی ڕەخنەیی دریدا دەیبێنێەوە، وەکو ئەو حاڵەتەی لە خوێندنەوە دوو فاقییەکانیدا دەربارەی سوسێر بینییەوە. لەلایەك هێزی ڕەخنەیی لەم بەرهەمانەدا زۆربوون. کارەکانی بارتو لیڤی شتراوسو فۆکۆو لاکان- دواتر بەخستنە سەری تێکستەکانی نیچەو فرۆیدو سوسێر کە بەسروشتی حاڵ پشتی بەجیاوازی بەستبوو، لەسەر سیستەمی جیاوازیو تێپەڕاندنی بیرۆکەی نەفس self بەو پێیە کە خودیان هۆشیارییە لەتوانایدا هەیە ببنە سەرچاوەی ماناو پڕەنسیپی ڕاڤەکردن. فۆکۆ ڕوونی کردەوە: (لێکۆڵینەوەی شیکاری دەروونیو زانستی زمانەوانیو ئەنسرۆپۆلۆژیا خودیان لەسەنتەر سڕییەوە سەبارەت بە یاسای ئارەزووەکانی، وەهەروەها فۆرمەکانی زمانی، ویاسای سلوکیو جێکەوتەی گوتاری خەیاڵی یان ئەفسانەیش)) ((علم اپار المعرفە)). ئەگەر ئەم حاڵەتە بەشێوەی هێلکاری ڕوونتر دابنێین ئەوا دەڵێین فیکرەکانی بەشێوەیەك لەشێوەکان پێشینەیەکی جیاوازیان هەیەو لەهەر بوارێك لەبوارەکاندا خودی کردووە بەشتێك لەکارلێکی سیستەم، یاخود بەرهەمی ئەوو شتێك نییە بەهۆش حکوم بکاتو خود سەرچاوەی کۆتاییو سەرداری سیستەم بێت. مانا وەکو بەرهەمی سیستەمی جیاوازییە نادیارەکان ڕاڤە دەکرێت. بەلاّم تەنها دەستپێکردن بەبیرۆکەی بوونی سیستەمو تەنها هەوڵدان بۆ ڕاڤەکردن زەمانەتی ئەوە دەکەن گوتاری ڕەخنەیی ناتوانێت لە میتافیزیکای ئامادەبوو ڕزگاری بێت. ئەمە پێویستییەکە کورت ناکرێتەوە وەکو دریدا دەڵێت: پێویستە بەبایەخەوە سەیری هەموو مەدلوولەکانی بکەین، ئەگەر کەسێك نەیتوانی

لێی رزگاربێت، ئەوا لە ئاستی ئەنجامەکەیدا نابێت کە بەرپرسیارێتیو گوێڕایەڵییە ئەگەرچی بچووکیش بێت. ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت هەموو شێوازەکانی گوێڕایەڵی بەهەمان پلە چێژ وەردەگرن. جۆرو بڕشتی گوتار ڕەنگە دوو پێوەر بن بۆ ئەو ڕوانگە ڕەخنەییە کە لێیەوە سەیری ئەم پەیوەندییە بەمێژووی میتافیزیکا، و چەمکە بۆماوەکان بکرێت..کێشەکە کێشەی وروژاندنی ئاشکراو سیستەماتیزەیە بۆ گرفتی پێگەی وتارێك کە لە کەلتوورێکەوە درێژدەبێتەوەو سەرچاوەگەلێکی پێویستن بۆ هەڵوەشاندنەوەی خودی کەلتوورەکە (نووسینو جیاوازی). دریدا هەر چوار هاوچەرخەکەی لەسەر دواخستنیان دەربارەی وردبوونەوە لەپێگەی گوتارەکانیان بە تەواوی بەوشێوەی خۆی بەردەوام دەیکات پۆلێنیان دەکات، ئەو "هۆشیاری" بۆ سروشتی کێشەی پرۆژەکانیان ناخوازێت، ئەوە لەبەرهەمەکانیاندا زۆرە، ئەوان شۆڕدەبنەوە لەڕ̓خنە لە مەعریفەو ڕاستیو بابەتو ئامادەبوون، لەهەمان کاتدا ئەو شیکردنەوانەی بەرهەمی دەهێننە مایەی سەرسوڕمانی بەرهەمی رۆشنبیریو چالاکییە مرۆییەکانن. هۆشیارییەکان سەبارەت بەکێشەی گوتارەکانیان کە بەمەعریفە ناودەبرێت خودی مەعریفە دەکات بە بابەتی پرسیارکردن. کێشەیەکی بێ مانایە، لەگۆشەنیگای دریداوە ئەم جۆرە هۆشیارییە پێویستە پرسیار دەربارەی دروستی تێزەکانیان بکرێت تادەگات بە گۆڕینی ئەو تێزانە، ئەم جۆرە پرسیارکردنە بێگومان جێکەوت لەتێکستدا دروست دەکات. هەروەك لە تێکستەکانی دریدا خۆی ڕوویداوە، کاتێ کە difference جێگەی difference دەگرێتەوەو کاتێ وتن دەچێتە ژێر پەرچەمی یەکەمین نووسینەوە criture-arch، وتەواوکراو شوێنی لۆجیکی ئیشکالی خۆی دەکەوێت. هەروەکو دریدا دەڵێت لیڤی شتراوس بە ستراتیژێك دەستی پێکرد بانگەشەی چاکەی دەکرد لە میانەی سیستەمێکدا ئیش دەکاتو خۆی دەکاتەوە بە بابەتی پرسیارکردن ((لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەزموونیدا بەهەموو چەمکە کۆنەکان پارێزراوە، لەهەمان کاتدا لێرەولەوێ کەمو کورتییەکانی ڕوونکراوەتەوە، بەوپێیەی کە هێشتا ئامرازێکە هەندێك سوودی هەیە، بەوەش دەستبەرداری بەحەقیقەت گەیشتن دەبێتو کارەکەی بەئەفسانە دەربارەی ئەفسانەکان ناودەبرێت. بەلاّم کۆن نابێتو پرسیار دەکات ئەگەرچی هەموو ئەفسانەیەك لەسەر ئەفسانەکان یەکسان بن ((مرۆڤ ئەگەر ئەم کێشەیە نەوروژێنێ ئەوا بەسەریدا تێدەپەڕێت وەکو ئەوەی هەڵەیەکی زەقی فەلسەفی دەگۆڕێت بۆ هەڵەیەکی نەبینراو لەجیهانی فەلسەفەدا)) (هەمان سەرچاوە) ئەو پێگەیە چییە ئەفسانەی خودی شتراوس داگیری دەکات؟ حاڵەتی فۆکۆ لەحاڵەتی شتراوس ڕوونترە، لێکۆڵینەوە مێژوویییەکانی هێزی ڕەخنەیی لەڕادەبەدەری تێدایەو مەرجی توانایی ژمارەیەکی زۆر لە مومارەسە گوتارییەکان کە بانگەشەی پشت بەستن بە حەقیقەت دەکات دەدۆزێتەوە، بەلاّم فۆکۆ هەرگیز سروشتی پەیوەندی نێوان گوتاری خۆیو سیستەمی مەعریفەدا هەیە ئاشکرای ناکاتز پاش ئەوەی فۆکۆ لە سروشتی ئیشکالیەتی پرۆژەی خۆی تێدەگاتو بەشۆڕبوونەوە بەناو ئەوەدا پێیدەوترێت میتۆدی پۆزەتیڤیزمی نوێ ڕازی دەبێت. بەو شێوەیە کاتێك مێژووی شێتی دەنووسێت پەی بە دەستەوەستانیەکانی

چەمکەکانی (عەقڵ) یاخود ((تەندروستی عەقڵی)) دەبات کە بەگوێرەی پێوانەکانی ئەو چەمکی شێتی دیاریدەکرێت، بەڵام ئاشکرایە وەکو دریدا دەڵێت: هەوڵی فۆکۆ هیچ نابێت جگە لەهەوڵێك لە هەوڵەکانی تری عەقڵ بۆ دیاریکردنی چەمکی شێتی لەوە بترازێت پرۆژەیەکی تر نەبوو. کێشەکە لە حاڵەتی لاکاندا بەجۆرێکیترە، لێکۆڵینەوەی لە لۆجیکی ئاماژەدا دەربارەی لێکچوون ئەوە دەدۆزێتەوە کە لە کارەکانی دریدا دەبینرێت، کە ئەویش پێگەی ڕاستییە، کەواتە لاکان بانگەشەی دۆزینەوەی حەقیقەتی فرۆیدمان بۆ دەکات وەکو دریدا دەڵێت، وشیکردنەوەی دەروونی دەخاتەڕوو هەروەکو هەوڵێك بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی خود یان نەفس self. لە دیدگای لاکاندا حەقیقەت دابڕاوە لە مەعریفە ((ئەو هەمیشە بە دەمامك دامالین یان دۆزەرەوە یاخود پێویستی ئامادەبوون، بە خستنەڕووی ئامادەبوو دیاریدەکرێت)) (هەڵوێستەکان). ئەو نائاگایی وەکو زمان بونیاد دەنێت، بەڵام ئەم زمانە لای لاکان ملکەچی کۆنترۆڵ کردنە، وملکەچی بڵاوبوونەوە نابێت. لەخوێندنەوەیەکیدا بۆ چیرۆکی (نامەدزراوەکە)ی پۆ بۆ سیستەمو حەقیقەت بە دەربڕینێکی کورت دەڵێت: (پەیام هەرگیز ناگات). کارلێکەکانی هەرگیز ملکەچی کۆنترۆڵکردن نابێت سەرەڕای ئەوەی گوتاری لاکان لەسەر کۆنترۆڵکردن بونیادنەنرابێت ئەو سوڕە لەسەر کۆنترۆڵکردن بەسەریدا. بەڵام رۆلان بارت جیاوازە چونکە بارت خۆی دەستبەرداری ئەو بانگەشەیەی خۆی بوو کە رۆژانێك بە (خەونی زانستی) ناسرابوو، یەکەمین بەرهەمەکانیشی کردبوو بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە، لانی کەم لە کتێبی SIZ وە دەست پێدەکات، نکۆڵی لەوە دەکات کە زمانی ئەو هیچ پێگەیەکی داگیرکردبێت، یاخود لەتوانایدا هەبێت بانگەشەی کۆنترۆڵکردنی ئەو شتە بکات کە ئەو لێیدەکۆڵێتەوە. دریدا بەڕاشکاوی لەسەر ئەو هەڵوێستەی بارت یاخود ئەو شێوازەی لەنووسین ئەنووسی (هەرچەندە لە ڕەخنەگرتن لە ئەدەبی بونیادگەری لە لێکۆڵینەوەکەیدا بە ناونیشانی " Forceet Signification" بەسەر بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا پراکتیز دەکرێت. بەڵام دریدا نیگەرانە لە دیاردەی جیاکاری لەنێوان گوتاری زانستی یاخود گوتاری فەلسەفی لەلایەك، وە گوتاری ئەدەبی لەلایەکی ترەوە، ئەوەش بەگواستنەوەی لایەنگیری خۆی لەیەکەمەوە بۆ دووەم. لە سەقێکی تردا دەڵێت: (ئەوەی دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە پەڕینەوە بۆ ئەو دیوی فەلسەفە لە ڕێگای پێچانەوەی لاپەڕەکانی فەلسەفەوە نابێت بەڵکو بەخوێندنەوەی بەردەوامی فەلسەفە بەشێوەیەکی دیاریکراو دەبێت). (نووسینو جیاوازی). دریدا وای بۆ دەچێت پەیوەندی بەردەوام بەچەمکە فەلسەفییەکانەوە، وهەوڵدان بۆ خوێندنەوەیان بەخوێندنەوەیەکی هەڵوەشاندنەوەخوازانە دەمانگەیەنێت بەگوتاری جدیو بەهێز لەم ڕۆژگارەدا کە گەڕانەوەیەکی ئاشکرا بۆ گوتاری ئەدەبی لەئارادایە.

یەکێك لەو کێشە سێنترالییانەی دریدا لەبەرهەمەکانیدا دەیوروژێنێت کێشەی پەیوەندییە لەنێوان هەردوو گوتاری ئەدەبیو فەلسەفیدا. دەکرێت بووترێت فەلسەفە لەبوونی خۆیدا هەمیشە پشتی بە تێڕوانینێ بۆ گوتاری ئەدەبی بەستووە، وە هەوڵدانی بۆ دوورخستنەوەی جۆرەکانی زمان لەوەی کە

چیرۆكی یان ڕەوانبێژییە، یاخود پەیوەندی بەحەقیقەتێكی پێچڕاوە یاخود ئیشكالیەتێكە هەبێت ئەوە لەبریتی ئەو جووڵەیە كە فەلسەفە بەهۆیەوەو لەسەردمی ئەفلاتونەوە لەهەندێك كێشە ڕزگاری بووە، وبەو شێوەیە كاری لەسەر دیاریكردنی شوناسی خۆی كردووە، بونیادنانی ناكۆكییەكی لەو جۆرە لەنێوان ئەدەبیو فەلسەفیدا لەبریتی ئەو ئامرازەیە فەلسەفە بەهۆیەوە درك بەهەڕەشەیەك دەكات كە زمان نوێنەری چالاكییەكانییەتی (قۆرخی دەكات). فەلسەفە ئەو هەڕەشەیە دووردەخاتەوە بەگوتەی خۆی جیهانێكی تر هەیە دەكرێت زمان تێیدا ببێت هێندەی ئەوەی داگیری دەكات، ئەوەش بەمامەڵەكردن لەگەڵ ئەو جیهانەدا كە لەخۆیدا سەربەخۆ نییە، وجیهانی ئیشكالییە. فەلسەفە خەونی زۆری بە دۆزینەوەی ئامرازێكی لۆجیكی پەتییەوە بینی بۆ گوزارشت كردن كە بیپارێزێت لە جەخت كردنەوەی وشەو ئارەزووخوازییەكەی. لایەنگرانی پۆزەتیڤیزمی نوێ لە دابەزیندا بۆ میتافیزیكا بەو پێیەی گوتارێكە تێكەڵی داوەكانی زمان دەبێت، یاخود سیستەمێكە لەخوازەو سروشتی خوازەی خۆی بیرچۆتەوە. دەڵێن بەشێكی گەورە لە فەلسەفە گوتاری ئەدەبیەو لە باشترین حاڵەتدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەحقیقەتەوە هەیە، لەهەوڵدانیاندا بۆ دانانی خۆیان لەو جۆرە زمانەدا خۆیان لەحیلەی گوتاری (حرفی) شەفافو نائەدەبی دادەنێن. ئەم فێڵە بە زۆر شێوە بەكارهێنراوە. تەنانەت ئەوانە خۆیان بە ((فەیلەسوفە ئاساییەكانی زمان)) ناودەبەن ((چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەكرێت زمان وەكو بواری لێكۆڵینەوەیان وەربگرن، هەڵوێستی خۆیان لەسەر سڕینەوەی بەشێكی گەورە لە چالاكی ئەدەبی بونیاد دەنێن بەو بیانووەی ئەو چالاكییە ((ئەدەبی)) یان جدی نییە)) ناكۆكی لەنێوان ئەدەبیو فەلسەفیدا هیچ نییە جگە لەشێوەیەكی تری ململانێ لەنێوان نووسینو ووتن، ئەگەر تایبەتمەندییەك لەتایبەتمەندییەكانی زمان بۆ نووسین/ئەدەب زیاد بكرێت، دەكرێت وەكو مشەخۆرێك یان سەربەخۆنەبوو مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، ئەوەش لەپێناوی مانەوەی پەیوەندی وتن/فەلسەفە بەفیكر یاخود بەحەقیققەتێكی پەتییەوە. بەڵام هەمیشە وتن فەلسەفە بەنووسین/ئەدەب ئاوێتە كراون. ئەوەی دریدا دەیكات لەدوو حاڵەتدا بریتییە لە پێەوانەكردنەوەی ڕێكخستنەكە بەدەرخستنی بۆچەمكێكی باشتر بەو پێیە كە تایبەتمەندترە لەچەمكی یەكەم. فەلسەفە خۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە لۆگۆسی (وشە)وە ئەویش بەكردنی بەجۆرێكیتر لەگوتاری چیرۆك یان ڕەوانبێژی. بەڵام ئەوەی نیتشە كردی لەهەندێك لەتێكستەكانیدا لەپێناوی سەلماندنی ئەوەدا كە فەلسەفە بونیادێكی ڕەوانبێژییە لەسەر چیرۆك بونیاد دەنرێتو زمانی خوازە بەرهەمی دەهێنێت، دەمانگەیەنێت بەو قەناعەتەی ئەوەی ئێمە بەئەدەبی یەكەم یان ئەسڵی ناوی دەبەین مەرجێكی هاوبەشە بۆ بوونی هەریەك لە ئەدەبو فەلسەفە. فەلسەفە ناتوانێت لەڕەوانبێژی، ئەدەبی، زمانەوانی، هەڵبێت. ئەوەی بە تێكستی فەلسەفی ناودەبرێت خوێندنەوەكانی دریدا تاڕادەیەكی باش بونیادی ناكاتێ بەسەركەوتوویی لەمەجازو ستراتیژە بەلاغییەكەی دەكۆڵێتەوە. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، ئەو تێكستانەی هەمیشە بەتێكستی ئەدەبی ناوبراون بڕێكی زۆر لە توانای

هەڵوەشاندنەوەی فەلسەفی ئاشکرادەکات، تەنها بە دانپێدانان بەلۆجیکی تایبەتی خۆیدا، بۆ نموونە وەکو لۆجیکی تەواوکردن. ئەوەی دریدا ئەنجامی دەدات لەدووبارە هەڵوەشاندنەوەی رێکخستندا، بریتییە لە دەخالەتکردنی ستراتیژی کە رێگا بە زانستی نوێ نادات بونیاد بنرێت. (گراماتۆلۆجیا-وەکو دەوترێت ناوە بۆ پرسیارێك، بەڵکو گوشار دەخاتە سەر سیستەمێ لە چەمکەکان‌و خاڵی دەکاتەوە تا بیکات بەبەڵگەنەویست‌و کەم‌و کورتییەکانی ئاشکرا بکات. خوێندنەوەکانی دریدا هەمیشە جەخت لەسەر زاراوەگەلێك دەکەنەوە کە راڤەکار هیچ بایەخێکی ناداتێ. بەڵام لەرێگای خوێندنەوەی دووفاقییەوە دەربارەی لۆجیکی ئیشکالی سنووری سیستەمی ئاشکرا دەبەزێنێت لەدەقدا، زاراوەگەلێکی وەکو Pharmakon, supplement, difference, antam زاراوەگەلێکی تریش کە جێگیرنین لەسەر دووئاستی ئیشدەکەن‌و پێکهاتێکی یەکگرتوو دروست ناکەن بەوەش لێکۆڵەرەوە دەتوانێت ستراتیژ بجوڵێنێت کە تێکست پشتی پێدەبەستێت‌و بەڵگە نەویستەکانی هەتك بکات.

بەو جۆرە هەڵوەشاندنەوەی فەلسەفی ئیشکردن لەمیانەی شەجرەی خێزاندا لەخۆ دەگرێت کە مەیلی بۆ چەمکەکانی هەیە، لەناوەداو بەوردی کە دەبێت ئیشی لەسەر بکرێت- بەڵام ئیشکردن لەدیدگای دەرەکیدا فەلسەفە ناتوانێت ناوی بنێت یان وەسفی بکات. ئەو هەڵوەشاندنەوەیە ئەو دیاریکردنە لەخۆ دەگرێت کە مێژوو شاردوویەتییەوە یان رێگای لێ گرتووە. بە سیفەتی مێژوو لەو چەپاندنەدا دەردەکەوێت کە بەرژەوەندی فەلسەفی تێدایە. لەمیانەی ئەم جووڵە تیژو پەتییەوە لەناو فەلسەفەدا (مەبەست فەلسەفەی رۆژئاوایە) بەجێهێشتنی دەرەوە، کاری تێکستی بەرهەم دەهێنێ کە دەبێت بەسەرچاوەیەکی گەورەی چێژ. (هەڵوێستەکان).

-چێژێکی گەورە بۆ ئەوانەی ئارەزوو ئامبازیان دەبێتەوە، بەئارامییەوە فیکری تێکستەکان دەخوێننەوەو بەهێزترین تێزەکانی ژیانی فیکریمان دەجوڵێنن یاخود پایەکانی تێدەپەڕێنن.

سەرچاوە:

* البنويە و مابعدها- تحرير: جون ستروك، ترجمە: د. محمد عصفور ص٢٠٧-ص٢٣٥.

# گفتوگۆیەك لەگەڵ مارتن هایدگەر فەلسەفەو کۆمەڵگاو تەکنەلۆژیاو بوونەوەر

ڕیچارد ڤیزەر R.Wisser
و: عومەر سابیر

ئــــەوەی پێشکەشــــی دەکــــەین وەرگــــێڕانی گفــتوگۆیەکە کــە ڕیچــارد ڤــیزەر کــردوویەتی لەگــەڵ هایدگــەردا بــۆ یەکــێك لــە کەناڵــە تەلەفزیۆنــیەکانی ئەڵمانــیاو بڵاوکــراوەتەوە لــە چوارچــێوەی بەرهەمــێکی بەکۆمــەڵ لەژێــر سەرپەرشــتی ڕیچــارد ڤــیزەردا لەلایــەن دەزگــای چاپی Kard Alber، میونشن، ١٩٧٠، لاپەڕە:٦٧-٧٧. ئــەم گفــتوگۆیەش بــاس لەچــەند بابەتــێکی گــرنگ دەکــات وەکــو: فەلســەفەو کۆمــەڵگا، فەلســـــەفەو تەکـــــنەلۆژیا، وەفەلســـــەفەو بوونەوەر....هتد.

ڤیزەر: بەڕێـز مامۆسـتا هایدگەر! لەدونیای ئێمە دەنگانــێك هــەن وایدەبیــنین کــە گۆڕانــی پەیوەندیـــیە کۆمەڵایەتیـــیەکان ئەرکـــێکی یەکلاکەرەوەیـــە لـــەکاتی ئێســـتادا وەخـــاڵی دەستپێکردنە سەبارەت بە دواڕۆژ، ئەم ڕووداوانە لـە زیـادبوونـدان لەڕووی ژمارەوە وەهێزیان زیاتر دەبێــت، هەڵوێســتی ئــێوە چــییە ســەبارەت بــەم ئاراسـتەیە کـە ناودەبرێـت بە ((ڕۆحی سەردەم)) هەروەك ئەوەی تایبەتە بە چاکسازی زانکۆ؟

هایدگــەر: تــەنها وەڵامــی پرســیاری کۆتــایی دەدەمــەوە، چونکە پرسیارەکەی پێش ئــەوە کـە پرســــیتان زۆرفــــراوانە. ئــــەو وەڵامــــەی کەدەیدەمەوەش هەمان وەڵامە کە پێش چل ساڵ داومەتــەوە لەیەکــەمین موحــازەرەی دەســپێکردن لـە زانکۆی فرایـبۆرغ لـە ساڵی (١٩٢٩)دا. کۆمەڵە شتێکتان پێشکەش دەکەم لەوانەی ((میتافیزیکا چـــییە؟)): ((کایـــەکانی زانســـت زۆر لەیـــەکتر دوورن، شـێوەکانی چارەســەرکردنی بابەتــەکانی لەبـنەمادا جیاوازن. ئـەم پلوڕاڵـیە پەرشـبووەی مـیللەت ناتوانرێت پارێـزگاری لەیەکبوونی بکات تـەنها لـە ڕێگـەی ڕێکخسـتنی تەکنـیکی زانکـۆو کۆلــیژەکانەوە دەبێــت، هــەروەها ناتوانرێــت پارێــزگاری لــەماناکانی بکــات تــەنها لەڕێگــەی ئاراسـتەکردنی کەرەسـتەکانەوە دەبێـت بـەرەو ئامانجــــێکی پراکتــــیکی، لەهــــەمانکاتدا بەڕیشـــــەبوونی زانســـــتەکان لەبـــــنەمای ماهیەتەکەیدا لەناوچووە)). لـەو بـاوەڕەدام ئـەم وەڵامە پێویستە بەس بێت.

ڤیزەر: لێرەدا پاڵنەری (هۆکاری) جیاواز هەن کە سەرپەشـتی ئـەو هـەنگاوە نوێـیانە دەکـەن بـۆ گۆڕانی ئاراستە ئەوەی کە تایبەتە بەدیاریکردنی ئامانجــەکان وەبــۆ (( وەرچــەرخانی بونــیاد)) بەدەســـتهاتووەکانی واقـــیعی لـــەناو ئاســـتی کۆمەڵایــەتی یــاخود ئاســتی پەیوەندیــیەکان لەنـــێوان خـــەڵکدا، ئاشـــکرایە ئـــەم کـــارە

فەلسەفەیەکی زۆری تێدایە، بەوەی کە ئاکتیڤە یاخود پاسیڤە. وایدەبینن کەوا فەلسەفە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە؟

هایدگەر: نەخێر! ناتوانین قسە لەئەرکێکی کۆمەڵایەتی بکەین بەم مانایە. ئەگەر ویستمان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە پێویستە یەکەمجار بپرسین: ((کۆمەڵگا چییە؟)) وە بەبیرخۆمان بهێنینەوە ئێستا کۆمەڵگا تەنها شێوەیەکی ڕەهانییە بۆ خودگەرایی نوێ، دەستپێك لەم خاڵەوە، فەلسەفە گۆشەی ڕوانینی خودی تێپەڕاندووە مافی ئەوەی نییە لەوە بەشداربێت.

بەڵام پرسیار: تا چ ڕادەیەك دەتوانین بەگشتی قسەبکەین دەربارەی گۆڕانی کۆمەڵگا، ئەمەیان پرسیارێکی ترە. پرسیار لە زەرورەتی گۆڕانی دونیا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە کارێکی کارل مارکس لە ((چەند تێزێك دەربارەی فیورباخ)) ئەوە کۆمەڵە کارێکە هێمای زۆری پێدەدرێت. دەمەوێت ئەو ڕستەیە بڵێمەوە بەووردی لەپێشتان نیشانی بدەم ((فەیلەسووفەکان چیان نەکرد تەنیا باسی دوونیایان کرد بە چۆنایەتیەکی جۆراوجۆر، بەڵام گرنگ گۆڕینیەتی)).

مرۆڤ کاتێك هێما بۆ ئەو ڕستەیە دەکاتو وەریدەگرێت خۆی لێ غافڵدەکات کەوا گۆڕانی دونیا ئەوە فەرز دەکات کە گۆڕان لە تەسەوری دونیادا ڕوودات ناتوانین بگەین بە تەسەورێك بۆ دونیا تەنها ئەگەر باسمان کرد. بەومانایە مارکس لەداواکاریەکەی ((بۆ گۆڕانی دونیا)) دەوەستێتە سەر یا خود پشت دەبەستێت بە شرۆڤەکردنێکی دیاریکراو بۆ دونیا. بەم جۆرە دەردەکەوێت ئەو ڕستەیە دامەزراو نییە، ئەو دیدگایە دروست دەکات کەوا قسەکراوە بە چۆنایەتیەکی ڕاستو دروست دژی فەلسەفە، کەچی بەشی دووەم لەو ڕستەیە بەشێوەیەکی شاراوە زەروڕەتی فەلسەفە دەسەپێنێ.

ڤیزەر: ئەمڕۆ چۆن دەتوانن وێنای فەلسەفەکەتان بکەن کە کارایە لە کۆمەڵگایەکی هەڵسەنگێندراودا کە کارو گرفتو خەمی جۆراوجۆر هەیە؟ یاخود ئایا ڕاستی لای ڕەخنەگرانتە کە باس لەوەدەکەن دەڵێن مارتن هایدگەر تەنها گرنگی بە ((بوون)) داوە تاڕادەیەك مەرجی مرۆڤبوونیشی پشت گوێ خستووە یاخود قوربانی پێداوە؟

هایدگەر: ئەو ڕەخنەیە لەسەر خراپ تێگەیشتنێکی گەورە وەستاوە!

پرسیاری بوونو تێگەیشتن لەم پرسیارە پێویست بەوە دەکات (دازاین) باس بکەین، واتە دیاریکردنی ماهیەتی مرۆڤ. بیرۆکەی سەرەکی بیرکردنەوەکەم بەتەواوەتی ئەوەیە کەبوونو کرانەوەی بوون پێویستی بەمرۆڤە. مرۆڤیش ناتوانێت مرۆڤ بێت تەنها لەڕێگەی کرانەوەیدا لەگەڵ بووندا دەبێت بە مرۆڤ.

بۆیە پێویستە یەکلاییی بکەینەوە لە پرسیاری: تا چ ئاستێك گرنگیم بەبوون داوە بەتەنها وە مرۆڤم لەبیرکردوە، ناتوانین لەبوون بپرسین بەبێ پرسیارکردن لە ماهیەتی مرۆڤ.

ڤـيزەر: نيتشـە جارێكـيان ووتـی: فەيلەسـووف ويژدانـێكی ئازاركێشە بە سەردەمەكەی. با ئەوە وەلابنـێين كـە نيتشـە مەبەسـتيەتی لەم ووتەيە. بـەلام تـێڕامانی هەوڵەكـەی ئـێوە بـۆ نيشـاندانی مـێژووی فەلسـەفە وەكـو مێژووی لەناوچوون كە پەيوەسـتە بـەبوون، لەوانەيـە هـەندێك كـەس هەڵخەڵەتێنێ كە مارتن هايدگەر ناوبنێت بەوەی كەويژدانـێكی ئازاركێشـە بـۆ فەلسـەفەی ڕۆژئـاوا. سـيماكە لـەكوێ دەبيـنين، تـاكو نەڵـێم نيشـانە فـيكريەكە، كـە جيادەكرێـتەوە بـەزۆری بـەوەی كەناويدەنـێن ((لەبيركـردنی بـوون)) يـاخود ((بەجێهێشتنی بوون))؟

هايدگـەر: سـەرەتا پێويسـتە لەسـەرم پرسـيارەكەتان ڕاست بكەمـەوە لەلايەنێك كاتێك قسە لەسەر مێژووی لەناوچوون دەكەن، پێويست ناكات بەشێوەيەكی پاسيڤ تێيبگەين!

مـن بـاس لـە مـێژووی لەناوچوون ناكـەم، بـەلام بـاس لەچارەنووسی بوون دەكەم، لەوبارەيەوە كە خۆی دەكێشێنێتەوە زياترو زياتر بەبەراورد بەو كرانەوەيەی هەيبوولەلای ئەغريقييەكان تارادەی بلاوبوونـەوەی بوون تەنها وەكو ئۆبژێكتيڤێك بۆ زانسـتەكان، ئەمـڕۆش تـەنها وەكـو مەبلەغـێك بەكاردێـت لەپێـناو دەسـت بەسـەراگرتنی تەكنەلۆژی لەدونـيادا. كەواتـە: ئـەوەی كە تيايدا دەژيـن مـێژووی لەناوچـوون نيـيە، بـەڵكو خۆكێشانەوەی بوونە.

ئـەو سـيمايايەی كـە جـياكەرەوەی بـەزۆری لەبيركـردنی بوونە، پێويستە لێرە هەردەم بير لە بيرچـوونەوە بكەيـنەوە دەسـتپێك لـە ئەغريقيـيەكانەوە لـە Lethe، واتـە لـە بزربوون يـاخود كشانەوەی بـوون، واتـا سـيمای ديـاری ئەو سـەردەمەی كەتـيايدا دەژيـن هێـندەی ئەوەيە كە بەگشـتی دەيبيـنين. بەڕاسـتی پرسياری بوون كە تەڕحم كردووە هێشتا تێنەگەيشتراوە.

ڤـيزەر: دوو (شـت) هـەن لـەدوای يـەكترتانداناوە وەكو پرسـيارێك واتـان لێكردووە ببن بەپرسيار: خواسـتی زانسـت بـۆ كۆنترۆڵكـردن، تێگەيشتن لە تەكنـيك تـەنها ئـەوەی تـيادا دەبينيـت كـە ئامـرازێكی چاكە بـۆ گەيشـتن بـەو ئامانجەی كە حـەزمان لێـيەتی هـەموو جـار بـە چۆنايەتيەكی خـێرا. ئەمـە هـەروەكو ئەوەوايـە كـە ئێسـتا لـەزەمانی ئـێمەدا خـەڵك بەگشـت چـاوەڕوانی هـەموو شـت دەكـەن لـە زانسـت، كـە ئەمـەش بەرنامەتەلەفزيۆنـيەكان پيشـانيان دەدات لەهـەموو دونـيادا، بـەڵكو لـەو شـوێنانەش كـە دابـڕاون لـە دونـيادا. مـرۆڤ بـەهۆی تەكنـيكەوە ئـەوەی دەيەوێـت بەدەسـتی دەكەوێـت. لـەو زەمەنـەدا بيروڕاكانـتان دەربـارەی زانسـتو ماهـيەتی تەكنـيك خەڵكـێكی زۆری تووشـی سەرئێشە كـردووە. يەكەم مەبەسـتتان چييە كە دەڵێن زانست بيرناكاتەوە؟

هايدگـەر: بـۆ ئـەوەی يەكـەم لـە سەرئێشـە دەسـتپێبكەم وايدادەنـێم ئەمـە ديارديـەكی تەندروسـتييە بەتـەواوی! ئەمـڕۆ لەدونـيا سەرئێشـە زۆر كەمـەو بيركـردنەوە بەڕادەيـەكی گـەورە ناديـارە، ئـەم ديارنەبوونـەش بەتـەواوی پەيوەسـتە بەلەبيرچوونەوەی بـوون. بـەلام ئـەم ڕسـتەيە: زانسـت بيرناكاتـەوە، كـە سـەرنجێكی

زۆری ڕاکێشاوە کاتێك کە درکاندم لەیەکێك لە موحازەرەکانی زانکۆی فرایبۆرغ، مانای: زانست ناجولێت بۆ ڕەهەندی فەلسەفە. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا وەستاوە، بەبێ ئەوەی بزانێت، دەربارەی ئەو ڕەهەندە. بۆ نموونە: فیزیا دەجولێت لە چوارچێوەی چەمکەکانی کاتو شوێنو جوولە. بەلاّم زانست وەکو زانست ناتوانێت یەکلاییی بکاتەوە لە دیاریکردنی جوولە، شوێن، کات. هەربۆیە زانست بیرناکاتەوە، ئەوناتوانێت لەڕێگەی میتۆدەکانیەوە بیربکاتەوە بەم مانایە.

بۆ نموونە ناتوانم بڵێم فیزیا چییە لەڕێگەی میتۆدەکانی فیزیاوە. من ناتوانم بیر بکەم فیزیا چییە تەنها لەڕێگەی چۆنایەتی پرسیارێکی فەلسەفیەوە نەبێت. جا ئەو ڕستەیە: زانست بیرناکاتەوە، لەسەر زانست بەعەیب ناچێت،، بەڵکو تۆمارکردنی بونیادی ناوەوەیەتی: دەگەڕێتەوە بۆ ماهیەتی زانست لەلایەك، وەدەوەستێتە سەر ئەوەی کە فەلسەفە بیری لێدەکاتەوە لەلایەکیتر، ئەوە خۆیەتی لەبیری دەچێتەوەو تێبینی ئەوە ناکات کە دەبێت بیری لێبکاتەوە.

ڤیزەر: مەبەستتان چییە کاتێك قسەدەکەن بۆ جاری دووەم سەبارەت بە خەتەرێك (هەڕەشەیەك) کە گەورەترە لە ترسی (هەڕەشەی) مووشەکی ئەتۆمی لەسەر مرۆڤایەتی لەکاتی ئێستادا. ئەوە یاسای تەکنیکە یاخود ((یەکەکۆکراوەکانە بۆ چۆنایەتی ڕاوێژکردن)) کە ناوی دەنێن سیمای سەرەکی تەکنیك. بەو مانایەی کە شتێك یاخود هەموو شتێك وابەستەکراوە بە هێمایەك ئەویش تەنها بەفشارکردنە سەر دوگمەیەك.

هایدگەر: ئەوەی پەیوەستە بە تەکنیك، پێناسەی من بۆ ماهیەتی تەکنیك، ئەو پێناسەیەی کە هیچ ڕێکەوتێکی نەکردووە تاوەکو ئێستا قبووڵبکرێت لە هیچ شوێنێك — بۆ ئەوەی ئەوە بڵێم بە چۆنایەتیەکی هەڵسەنگێندراو — بنەمای یاخود بنچینەی زانستی سروشتی نوێ دەوەستێتە سەر سەروەری ماهیەتی تەکنیك نەك بەپێچەوانەوە. پێویستە لەسەرەتاوە بڵێم من دژی تەکنیك نیم. هیچ شتێکم نەوتووە دژی تەکنیك، وەدژی ئەوەی کە پێی دەگووترێت ئەهریمەنی لە تەکنیك، بەلاّم هەوڵدەدەم لە ماهیەتی تەکنیك تێبگەم. کاتێك ئەم هزرەیە دەهێنین سەبارەت بە خەتەری تەکنیك گەورەترە لە خەتەری موشەکی ئەتۆمی، ئەوا من مەبەستمە ئەوەی کە گەشە دەکات ئەمڕۆ وەکو ( بایۆفیزیا)، ئەوەش مانای ئەوەیە ئێمە دەتوانین لەماوەیەکی نزیکدا مرۆڤ دروستبکەین، بەگوێرەی پێویستیمان، چالاكو ناچالاك، زیرەكو دەبەنگ. ئەوکارەش دەمانگەیەنێتە ڕادەیەك! کە تواناکانی تەکنیکی پێویست بۆ ئەم کارە ئەمڕۆ هەیە، کە پێشتر ڕاگەیەندراوە لەلایەن ئەو زانایانەی کە هەڵگری خەلاّتی نۆبڵ بوون لەیەکێك لە کۆنفراسەکان لە شاری **Lindan**، منیش پێشتر باسم لێوە کردووە پێش چەند ساڵێك لە موحازەرەیەك کە گوتوومەتەوە لە شاری **Messkrisch**، کەواتە:

پێویسته سەرەتا ئەو بەهەڵەتێگەیشتنە ڕەتکەینەوە کەوام لێدەکات من دژی تەکنیك بم. من لە تەکنیك ئەوە دەبینم، بەتەواوەتی لە ماهیەتەکەی، کە مرۆڤ لەژێر هێزێکدایە بەرەنگاری بۆتەوەو بەرامبەری ماوەتەوە، وە کاتێك رادەگەیەنرێت لەوەوە لەخودیخۆی، ئەو کارەش پەیوەندیبوونە بەمرۆڤەوە، ئەو پەیوەندیەش کە لەماهیەتی تەکنیکدا وونەبێت لەوانەیە رۆژێك رۆشنایی ببینێتەوە.

نازانم ئایا ئەوە روودەدات! بەڵام من لەماهیەتی تەکنیك سەرەتای نهێنیەکی گەورەترو قووڵتر دەبینم ناویدەنێم "روودان". لەوەوە دەتوانن تێبگەن کەوا بوارنییە بۆ قسەکردن دەربارەی بەرەنگاربوونەوە یاخود سەرکۆنەکردنی تەکنیك، بەڵام کارەکە پەیوەستە بە تێگەیشتن لەماهیەتی تەکنیكو جیهانی تەکنەلۆژی. بەبڕوای من ئەوە ناکرێت، تاوەکو مرۆڤ لەچوارچێوەی پەیوەندی خود- بابەت بجولێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە:- ناتوانرێت لەماهیەتی تەکنیك بگەیت بەدەستپێکردن لە مارکسیەتەوە.

ڤیزەر: هەموو رامانەکانتان لەو پرسیارەوە دروست دەبێت، ئەویش پرسیاری سەرەکییە لە فەلسەفەکەتان، لە "پرسیاری بوون"و پەنای بۆ دەبەن. جار دوای جار هێماتان بۆداوە، ئێوە ناتانەوێ تێزێکی نوێ زیادبکەن بۆ ئەو تێزانەی کە هەنە تاوەکو ئێستا دەربارەی بوون. چونکە بوون دیاریکراوە بە چۆنایەتیەکی جیاواز، تاوەکو تایبەتمەندی، وەکو کردار، وەکو حەقیقەت، هەروەها وەکو خودا، جائێوە دەگەڕێن بەدوای یەکێیەك کەتوانای تێگەیشتنی هەبێت لەنێوان بیروڕاکاندا، بەتەواوی بەمانای تێزێك نایەت لەسەر تێزەکان، بەڵکو وەکو پرسیارێك دەربارەی مانای بوون، بوون.

بەرەو چ ئاراستەیەك بیرتان ئامادەدەکرێت ئامادەدەکات بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە:- بۆچی بوونەوەرێك هەیە، بەڵام لەبری ئەمە هیچ نییە؟

هایدگەر: لێرەدا پێویستە لەسەرم وەڵامی دوو پرسیار بدەمەوە،

یەکەم:- روونکردنەوەی پرسیاری بوون، لەو بڕوایەدام شتێکی نادیار هەیە لەپرسیارەکەتاندا. دەربڕینی "پرسیاری بوون" دوو دەلالەتی هەیە. بەو مانایەی یەکەم پرسیاری بوون پرسیارە لەبوونەوەر وەکو ئەوەی کە بوونەوەرە. لەو پرسیارەدا بوونەوەر دیاریدەکرێت. وەڵامی ئەم پرسیارە پێناسەی بوونمان بۆ دیاریدەکات.

بەڵام هەروەها دەتوانین لەپرسیاری بوون تێبگەین بەمانای:- بنەمای هەر وەڵامێك چییە لەسەر پرسیاری بوون، واتا لەکوێ بەگشتی بزربوونی بوون دروست دەبێت؟ ئەگەر بەشێوەی نموونەیی قسەمانکرد:- ئەغریقیەکان بوونیان دیاریکرد وەکو ئامادەییەك لەوەی کە ئامادەیە. لەئامادەییدا ئامادەبوو قسەدەکات. لەئامادەییدا کاتێك هەیە بۆ زەمان، جا دیاریکردنی بوون وەکو ئامادەییەك دەیبەستێتەوە بە زەمان.

ئەگەر هەوڵمدا ئامادەیی دیاریبکەم بەدەسپێك لەزەمانەوە. من وایدەبینم کە ماهیەتی زەمان

دیاریکراوە هەر لە (ئەرستۆ)وە. جا چەمکی کلاسیکی زەمان توانای بەکارهێنانی نییە، بۆیەش هەوڵمداوە لە "بوونو زەمان" چەمکێکی نوێ بۆ زەمان دروست بکەم.
پرسیاری کوتایش پرسیارێکە پێشتر (لیبنتز) تەرحی کردووە وە (شیلنگ) دایناوە، دووبارەکراوەتەوە سەرلەنوێ لەکۆتایی موحازەرەکەم "میتافیزیکاچییە؟" کە پێشتر ئاماژەم بۆکرد. بەڵام:- ئەو پرسیارەی لەلای من مانایەکی تەواو جیاوازی دەبێت. ئەو تەسەورە میتافیزکییەی کە پرسیاری دەربارەی دەکرێت ئەوەیە:- بۆچی بوونەوەرێك هەیەو هیچیترنا؟ ئەمەش مانای:- ئەو هۆکاری یاخود ئەو بنەمایە چییە کە وادەکات بوونەوەر بوونەوەربێت نەوەك هیچیتر؟
بەپێچەوانەوەی ئەوە من دەپرسم: بۆچی بوونەوەرێك هەیەو هیچیتر نا؟
بۆچی بوونەوەر شەنسی (بەختی) پێشوەختەی هەیە، بۆچی بیر لە هیچ شتێك ناکرێتەوە بەو وەسفەی کەیەکسانە لەگەڵ بوون، ئەمەش بەمانای: بۆچی بیرچوونەوەی بوون باوەو لەکوێوە دێت؟
ئەمە پرسیارێکە تەواو جیاوازە لە پرسیاری میتافیزیکی. ئەمەش مانای ئەوەیە من دەپرسم: ((میتافیزیکا چییە؟)) من پرسیارێکی میتافیزیکی ناکەم، بەڵکو لە ماهیەتی میتافیزیکا دەپرسم.
هەموو ئەو پرسیارانە دیارنو جیاوازن، وەك دەبینین بەزەحمەتێکی لەرادەبەدەر، ئەمەش زۆر بەئاسانی تێناگەیەندرێت. ئەم کارە پێویستی بە سەرئێشەیەك زۆر هەیە هەروەها تاقیکردنەوەیەکی درێژو گفتوگۆیەکی ڕاست لەگەڵ کەلەپورێکی گەورە.
ئەمرۆ یەکێك لەو خەتەرە گەورانەی کە ڕووبەڕووی بیرکردنەوەمان دەبێتەوە خۆی لەوە دەبینێتەوە بەتەواوی کەوا بیرکردنەوە- بەمانای بیرکردنەوەی فەلسەفی- هیچ پەیوەندییەکی ڕاستو ڕەسەنی نەماوە لەگەڵ کەلەپوور.
ڤیزەر: وادیارە بەگوێرەی ئێوە هەموو شتێك پەیوەستە بە تەسکردنەوەی خود نەوەکو ئەمڕۆ جەختی لەسەر دەکرێت: ئەوەی ئەنترۆپۆلۆژییەو جەخت لەسەر مرۆڤ دەکات، بەو تەسەورە نییە کەوایدەبینێت کە مرۆڤ بەهۆی ئەو مەعریفەیەی کە هەیەتی سەبارەت بەخۆیو ئەو کارەی کە پێی هەڵدەستێ لەماهیەتی خۆی گەیشتووە. لەبری ئەمە مرۆڤ ئاراستە دەکەن بۆ تێبینیکردنی تاقیکردنەوەی (دازاین) کە تیایدا مرۆڤ ئاشنا دەبێت لەخودی خۆی وەکو بوونەوەرێکی کراوە بەسەر بووندا وە تیایدا بوون خودی خۆی دەدات بە مرۆڤ. کارەکانتان بە گشتی وەستاوەتەسەر بەیانکردنی زەرووڕەتی ئەو جۆرە وەرچەرخانە لەبوونی مرۆڤ لەتاقیکردنەوەی (دازاین)دا.
ئایا نیشانەیەك هەیە دەربارەی ئەوکارەی کە بیری لێ دەکەنەوە کەوا زەرووڕەتی دەبێت بە واقیع؟
هایدگەر: کەس نازانێت چارەنووسی بیرکردنەوە چی بەسەردێت. پێشتر لە ساڵی(١٩٦٤) دا قسەم

کـردووە لەژێـر ناونیشـانی ((کۆتـایی فەلسـەفەو ئـەرکی بیرکـردنەوە)) لـە موحازەرەیەك کە خۆم نەمگوتـــەوە پێشکەشـــکراوە لەوەرگـــێڕانە فەرەنسـیەکەی. مــن جـیاکاری دەکـەم یـاخود جــیاوازی دەبیـــنم لەنـــێوان فەلەســـەف، واتـــە میتافــیزیکا، وەبیرکـــردنەوە وەك ئـــەوەی کـــە تێـــیدەگەم. ئـــەو بیرکـــردنەوەیەی کـــە جــیایدەکەمەوە لــەو موحازەرەیــە دەربــارەی فەلسـەفە — لەڕێگـەی هـەوڵدانی ڕوونکـردنەوەی ماهــیەتی چــەمکی یۆنـانی aletheia، ئـەو بیرکـردنەوەیە بەبـەراورد لەگـەڵ بیرکـردنەوەی میتافیزیکی ئاسـانترە لەفەلسـەفە، بـەڵام لەبـەر ئاسانی بەتەواوی گرانترە لە ئەنجامدانی.

ئەمـەش پێویسـتی بـە چاودێریەکی نـوێ هەیـە بـەزامن، بـۆ داهێـنانی چەمکی نـوێ وەکو پێشتر بـڕوام پێیـبوو، بـەڵام بەگەڕانـەوە بـۆ نـاوەڕۆکی سـەرەکی زمـانی تایبەتـیمان، کەبـەرەو نـەمان دەچێت.



سەرچاوە
WWW.maaber.50meg.com



# بیری چاك
# گوفتاری چاك
# کرداری چاك

## دۆسییەی زەدەشتو زەردەشتیەت

**سەر پەرشتی: جەمال پیرە**


سەردەمی ژیانو زادەگای زەردەشت،... ژاڵە ئاموژگار، ئەحمەد تەفەزولی... .. و: وریا قانع

شەرەنجو دەنکەگەنم لای زەردەشت چ فەلسەفەیەکی هەیە ؟ ......... ن.. جەلیلی عەباسی.

ئاڤێستا چییەو خاوەنەکەی کێیە؟......................... د. گوڵشەنی...و : مەسعود بابایی

زەردەشتو ئاڤێستا..................................................سەنگەر رەمز زراری

زەردەشتی حەکیمو فەیلەسوف................ .... ئەحمەد حەیدەر.. و: کاکەمین کەمال

## سەرەتا

گومانی تێدا نییە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا هیچ ئایینێك ناتوانێ وەکو سەدەکانی رابردوو لەناو کۆمەڵو دەسەڵاتدا ئامادە بێت، هەروەها گومانمان لەوە نییە کە هەقیقەتی بوونی ئایینەکان بە شێواوی گوازراوەتەوەو لەژێر هەر ناوو تایتلێکەوە بێت بەو شێوەیەی دەسەڵاتی زاڵ خواستویەتی هەوڵی نمایشکردنیان دراوە، جارێ با لەوە گەڕێین کە ئایینەکان شێوەیەکن لە وێناکردنو فیکرو خەیاڵ،هەموو ئایینێك لە راستیدا لەلای خۆیەوە لە هەوڵی دەستبەسەراگرتنی هەقیقەتەکاندایە،ئێمە لێرەدا دەمانەوێ هەقیقەتی زەردەشتیەت وەك ئایینێکی سەردەمی خۆی بەدەرخەینو سەرجەم ئەو هەوڵو پڕوپاگەندانەی کەبەدرێژایی مێژوو لە هەوڵی ونکردنو سڕینەوەی ئەم ئایینەدا بوون،پوچەل بکەینەوە، ئەمەش بەس تەنها لەبەر ئەوەی کە مومارەسەی ئازادییەکانی خۆمان بکەین وەك ئەوەی کە ئێمە بەدرێژایی مێژوو لە ژێر گوشارو زەبروزەنگی ناعادیلانەدا ناچاری بێدەنگی کراوین،بێدەنگییەك کە مێژوویێکی رەشی پڕ لە ئیستسبدادییەتی بۆ جێهێشتووین، لە راستیدا هەوڵی ئێمە لێرەدا گرێدانەوەی رۆحی کوردی بە رۆحی زەردەشتیەتەوە نییە بەقەد ئەوەی وەڵامێکە بۆ ئەو بۆچوونانەی کە پێیانوایە ئەم مەملەکەتە فراوانە لە سەردەمەکانی بەر لە هاتنی ئیسلامدا خاوەن مێژوویێکی نا مرۆڤانەیە، هاوکات ئێمە لەم دۆسێیەدا مەبەستمان نییە دیدوبۆچونی رۆمانسیانە بخەینە روو وەك ئەوەی کە لە هەوڵی زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی موغەکان بینو بێینو دووبارە جیهان بدەینەوە دەست ئەوان بەڵکو مەبەستی سەرەکی ئێمە لێرەدا دەرخستنی هەقیقەتێکە ئەویش ئەوەیە کە لە نێوان ئایینی ئیسلامو زەردەشتیەتدا دابڕانێکی گەورەی کولتوریی هەیە نەك بەردەوامیی ، بەبڕوای ئێمە ئەم دەستەواژەیە خۆی لەخۆیدا مایەی مشتومرێکی زۆرەو زۆرتر لەهەوڵی ئێمە هەڵدەگرێ،بەو هیوایەی ئەم هەوڵەی ئێمە بەشێك بێت لەو مشتومڕە..

# سەردەمی ژیانو زادەگای زەردەشت

و: وریا قانیع

بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەکەسایەتی مێژوویی زەردەشت دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ژیانیو زادگاکەیو ڕووداوەکانی ژیانیو لەوێوە دەست پێبکەین، لەمڕووەوە کارناسانی فەرهەنگی ئێرانی دێرین هاودەنگ نین. لەخوارەوە کەمێك لەو بۆچوونە جۆراوجۆرانە دەهێنینەوە.

**سەردەمی ژیانی زەردەشت:**

دوورترین سەردەمی مێژوویی کە بۆ زەردەشت دیاری کراوە سەدەی هەژدەهەمی پێش زاینییە. نزیکترین سەردەمیش سەدەی شەشەمی پێش زاینییە. بۆ دەست نیشانکردنی لێکۆڵینەوەی یەکەمدا دەبێت پشت بەو ڕەقەمو ژمارانە ببەستین کە لەبارەی ژیانی زەردەشتەوە لە کتێبە عەرەبیو پەهلەوییەکاندا یان لەسەرچاوە یۆنانییەکاندا هاتوون. لەلێکۆڵینەوەی دووهەمدا ئەو ئەنجامانە کە لەسەر بنچینەی زمانو ڕێزمانەوە نزیکن لە مێژووەوە پشتیان پێ دەبەستین.

ئەلف- ئەنجامگیری لەسەر بنچینەی ژمارەی ساڵەکان:-

پەیڕەوانی ئەم بۆچوونە، یان ئەم شێوە لێکۆڵینەوە بە زۆری ئەو زانایانەن کە ئەو باسە مێژووییانە کە لەکتێبەکانی پەهلەویو عەرەبییەوە هاتوون بە ڕاست دەزانن و پشتی پێدەبەستن. چەند لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر ئەو بنچینەیە داڕشتووە. بەناوی (مێژووی سونەتی= دێرین) ناسراون. هەندێکجار پشت لە بەسەرهاتە یۆنانییەکانو بیرونیش دەبەستن.

**١- مێژووی سونەتی= دێرین:**

لەکتێبی بندهشن،[1] دا هاتووە کە هەزارەی بورجی کارژۆلە هاتەپێش [2] (یانی کە هەزارەی دەیەم گەیشتو) زەردەشت لەلایەنی پەروەردگارەوە بوو بە پێغەمبەرو ڕەوانە کرا. گشتاسب لەدوای چوونە سەرئایینییەکەی ٩٠ساڵ فەرمان ڕەوایی کرد، کۆی ساڵەکانی فەرمانڕەوایەکەی ١٢٠ ساڵ بوو، بەهمەنی کوڕی ئەسفەندیار ١١٢ ساڵ فەرمانڕەوا بوو، هومای کچی بەهمەن کە بە (چهر ئازاد) ناسراوە ٣٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، کوڕەکەی هوما کە بەهمەنی ناوە ١٢ ساڵ پاشایەتی کرد، دارای کوڕی دارا ١٤ ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، کۆی ژمارەی ئەم ساڵانە دەکاتە ٢٥٨ ساڵ، کە بریتییە لەماوەی ڕۆژگاری نێوان زەردەشتو کوشتنی دارا بە دەستی ئەسکەندەر. لەلایەکی دیکەوە بیروونی [3] دەنووسێت: لەدەرکەوتنی زەردەشتەوە تا سەردەمی ئەسکەندەر ٢٥٨ ساڵە مەسعودیش ماوەی ڕۆژگاری نێوان زەردەشتو ئەسکەندەر بە هەمان ژمارەی داناوە[4] بەلام لەم بەسەرهاتە

جۆراوجۆرانەدا بە تەواوی نازانرێت کە مەبەست لە (سەردەمی زەردەشت) مێژووی لەدایکبوونەکەیەتی یان مێژووی هاتنی وەحی یەزدانییە بۆی. کە لەتەمەنی ٣٠ ساڵیدا بۆی هاتووە. یان مەبەست ئەوکاتەیە کە لەتەمەنی ٤٠ ساڵیدا ئایینەکەی ڕاگەیاندووە. یان ئەوکاتەیە کە لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدا گشتاسب ئایینەکەی پەسەند کردووە. هەروەها ئەوەش ڕوون نییە کەمەبەست لە (سەردەمی ئەسکەندەر) چ کاتێکە، ئایا مەبەستییان ڕۆژگاری داگیرکردنی ئێرانە لەلایەن ئەسکەندەرەوە؟ یان مەبەست لەمردنەکەیەتی یان لەبناغەدا مەبەستیان لەمێژووی ئەسکەندەر، مێژووی سلۆکییە[5] هنینگ[6] لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەردەمی ئەسکەندەر بەمانای ساڵی مردنی داریوشی سێهەمو ئاخرین پاشای هاخامەنشییەکانە کە لە ساڵی ٣٣٠ پ. ز، ڕوویداوە، بەڵام لەبارەی ڕاستی بنچینەی مێژوویییەوە دڵنیایی تەواو نییە. لەبەرئەمە بەپێی بۆچوونی مێژوویی لەدایکبوونی زەردەشت، یان لەساڵی ٦١٨ یان ٦٢٨ یا ٦٣٠ پ. ز،یە، چونکە زەردەشت بەپێی ئەو باسانە کە لەکتێبەکانی پەهلەویدا هاتووە تەنها ٧٧ ساڵ ژیاوە ساڵی کۆچکردنی بە ساڵی ٥٤١ یان ٥٥١ یا ٥٥٣. پ.ز، دەزانرێت.

هرتسفلد، لەوباوەڕەدابوو کە بناغەی ئەم مێژووە ڕۆژگاری لەدایکبوونی زەردەشتە ئەم بۆچوونەش لەلایەن (شەهبازی)یەوە لایەنگری لێدەکرێت، بەبۆچوونی ئەم زانا ئێرانییە مەبەست لە (ڕۆژگاری ئەسکەندەر) مێژووی ئەسکەندەر، یان مێژووی سلۆکی یان مێژووی ئەستێرە ژمێرەکانی بابلییە.[7] بەم حیساباتە مێژووی لەدایکبوونی زەردەشت ٢٥٨ ساڵ لەپێش مێژووی سلۆکیەوەیە یانی دەکاتە ساڵی ٥٦٩ پ،ز، مێژووی بوونە پێغەمبەری زەردەشت ٢٢٨ ساڵ لەپێش مێژووی سلۆکییەوەیە مێژووی مردنی ١٨١ ساڵ لەپێش مێژووی سلۆکییەوەیە یانی ٤٦٢ پ،ز،[8] بەڵام شەهبازی بەپێچەوانەی هنینگو هەرتسفلدو کەسانی دیکەشەوە لەوباوەڕەدایە کە مێژووی ٢٥٨ ساڵ، ماوەیەکی ڕاستو ڕەوانی نێوان زەردەشتو ئەسکەندەر نییە. بەبۆچوونی ناوبراو ئەم ژمارەیە، ماوەی ڕۆژگاری نێوان دووڕوو داوی گرنگی مێژوویییە کە لەدواییدا لەنێوان پاشاکانی ئێراندا لە گشتاسبەوە تا دارای سێهەم دابەش کراوە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە مێژووی ٢٢٨ ساڵ پێش ئەسکەندەر (یانی ساڵی بوون بەپێغەمبەری زەردەشتە). زاناکانی زەردەشتی لەبابلییەکانەوە بیستوویانە کە ئەم مێژووە نیشاندەری سەردەمی داگیرکردنی بابلە لەلایەن کۆرشەوە. کە لە ساڵی ٥٣٩پ،ز، ڕوویداوە مێژووی داگیرکردنی ئەم شارە لەلایەن سلۆکۆسەوە لە ساڵی ٣١١پ،ز،[9] بووە. بەکارهێنانی مێژووی سلۆکی لەسەرەتای سەردەمی ساسانییەکاندا بووە هۆی ئەوە کە زەردەشتییەکان بێنە سەر ئەو باوەڕە کە کەسەرەتای هەزارەی زەردەشت لەگەڵ سەرەتای مێژووی سلۆکیدا یەك بووە. سەرکەوتنی گەورەی ئێرانیان، یانی داگیرکردنی بابل لەلایەن کۆرشەوە بەهەمان دەرکەوتنی زەردەشت بزانن. لەئەنجامدا لەدایکبوونی زەردەشت بە ٢٥٨ ساڵ پێش مێژووی ئەسکەندەرەوە یان مێژووی

سلۆکییەوە دادەنێن[10]. نیولی، ئەم بۆچوونەی شەهبازی، پەسەندناکات، بۆ نیشاندانی مێژووی دێرین بەوشێوەیە کە لە (ئەرداویراف نامە)[11] داهاتووە پشتی پێدەبەستێ. لەم بۆچوونەش‌و هەروەها بەپێی وتەی مەسعودی[12] دەردەکەوێت کە ماوەی نێوان زەردەشت‌و ئەسکەندەر ٣٠٠ ساڵ بووە. بەبۆچوونی نیولی،[13] ژمارەی ٢٥٨ بە کەمکردنەوەی ٤٢ ساڵ لە ٣٠٠ ساڵەوە بەدەست هاتووە. چونکە زەردەشت بەپێی باسە ئایینییەکان لەتەمەنی ٤٢ ساڵیدا گشتاسبی هێناوەتە سەر ئایینەکەی خۆی. بەبۆچوونی ئەم زانایە لەوباسەدا کە لەبناغەدا لە بابل سازدرابوو، خول‌و سەردەم پاشاکان‌و فەرمانڕەوایانی دێرینی ئێرانییان بە ٣٠٠ ساڵ زانیوە، ژمارەی ٢٥٨ بە شێوەی خەیاڵی بۆماوەی نێوان پاشاکانیان داناوەو لەسەردەمی گشتاسبەوە تا سەردەمی دارا دابەشیان کردووە. کارناسانی مێژووی دێرینی زەردەشت، بەهۆی تایبەتمەندی ئەفسانەکەیەوە بە ناونیشانی مێژووی ڕاستەقینە پەسەند ناکەن.

**٢- باس‌و خواسە یۆنانییەکان، یان سەربردە یۆنانییەکان:**

مێژوونووسێکی دیکە کەبە ئەژمارکردنی ڕەقەم‌و ژمارەکان ئەنجامی بەدەست هێناوە، و پەنابردنە بۆ سەرچاوە یۆنانییەکان، فانتوسی لیدییە[14] کە هاوچاخی ئاردەشێری یەکەمی شای هاخامەنشییەکانە، دەگێڕێتەوە دەڵێت: زەردەشت ٦٠٠ ساڵ لەپێش داگیرکردنی یۆنانەوە کە لەلایەن خشیارشاوە ئەنجامدرا. ژیاوە. بەلام لەنوسخەکانی دیکەدا لەباتی ژمارەی ٦٠٠ ژمارەی ٦٠٠٠ هاتووە ئەم ژمارەیە بەرانبەرە بەسەربردەیەکی دیکەی یۆنانی بەپێی ئەو سەربردەیە زەردەشت ٦٠٠٠ ساڵ لەپێش ئەفلاتوونەوە ژیاوە، ئەرەستو وادوخوس[15] یش ژیانی زەردەشت بە ٦٠٠٠ ساڵ لەپێش ئەفلاتوونەوە کە لە ٣٤٧پ،ز، دا مردووە داناوە. هرمودورس[16] ڕۆژگاری زەردەشتی بە ٥٠٠٠ ساڵ لەپێش جەنگی یۆنان‌و ترویا، داناوە.[17] هەندێك لەزاناکان ئەوبۆچوونەی فانتوس کە ژمارەی ٦٠٠ ی داناوە بەڕاستی دەزانن‌و هەندێکی دیکە دەڵێن ٦٠٠٠ کە بەرانبەرە بە سەربردەیەکی دیکەی یۆنانی. شەهبازی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ژمارەی ٦٠٠ ڕاستە بە بۆچوونی ئەو زەردەشت ١٠٨٠پ،ز، ژیاوە (٦٠٠+٤٨٠=١٠٨٠)[18] نیولی ڕەخنەی لەبۆچوونەکەی شەهبازی گرتووەو ژمارەی ٦٠٠٠ بە ڕاست دەزانێت. چونکە زاناکان‌و نووسەرانی یۆنانی حەزیان کردووە لەڕێگەی دووخولی ٣٠٠٠ ساڵییەوە ئەفلاتون بە زەردەشت بگەیەنن. بە بۆچوونی ئەم زانایە ئەم مێژووە هەرچۆنێك بێت نرخێکی مێژوویی نییە. لەلایەکی دیکەوە، هومباخ بۆچوونەکەی شەهبازی لە هەڵبژاردنی ژمارەی ٦٠٠ دا بەڕاستر دەزانێت، بەلام ئەویش لەوباوەڕەدایە کە ئەو ژمارەیە بەتەواوی ڕاستیەکی مێژوویی نییە. بەبۆچوونی ئەو لەئێرانی دێریندا، بەوشێوەیە کە لە فەسڵی دووهەمی وەندیداد، دا لە بارەی فەرمانڕەوایی جەمشیدەوە دەدوێت دەردەکەوێت کە بەدوو خولی ٣٠٠ ساڵی قایل بوون. ٦٠٠ ساڵیش بریتییە لەدووخولی ٣٠٠ ساڵی.

**٣- بۆچوونی بیروونی:**

شـەهبازی بـۆ دیاریکـردنی سـەردەمی ژیـانی زەردەشـت لەرێگـەی ئەژمارکردنو لێکدانەوە بەم شـێوەیە مـێژوویەکی دیکـە پێشـنیار دەکـات. بـێروونی دەڵێـت چـونکە خوارزمـیان ویسـتییان رۆژژمـێرێك بۆخۆیـان دروسـت بکـەن هاتـنی سیاوشـی کـوڕی کـەیکاوس، بۆخـوارەزم، کـردیان بەبـەردی بـناغەی مێژووەکەیان. ئەمەش لەساڵی ٨٨٨ لەپـێش ئەسـکەندەرەوە بـووە، بەبۆچـوونی شـەهبازی مەبەسـت لـە ئەسـکەندەر مـێژووی ئەسـکەندەرە=(مـێژووی سـلۆکی)یـە لـە بەرئەمـە بنچـینەی ئـەم مـێژووە نـزیکەی ١٢٠٠ پ.ز.یـە. نـێوانی سـیاوشو زەردەشـت چوارپشـتیان بـەین بـووە ئەگـەر هـەر پشـتێك بـە ٤٠ سـاڵ بژمـێرین دەبێـت ئـەو ژمارەیـە ١٢٠ سـاڵی لێ کـەم بکەینەوە تـاکو ژمـارەی ١٠٨٠مـان دەستکەوێت. بەبۆچوونی شـەهبازی ئـەم مـێژووە لەگـەڵ ئـەو مـێژووە کـە فانـتوس لـێوەی دواوە بەرانـبەرە بـە رۆژگـاری زەردەشـت لـە هـەموش لەبارترە. نیولی باسەکانی بـێروونی بەباسـی ئەفسانەیی دەژمێرێـت. ئـەم بۆچـوونە کـە زەردەشـت لـە ١٠٨٠پ.ز.دا ژیـاوە هـەروەکو مـێژوە کۆنـەکان بـەبێ ئیعتیـباری مێژوویی دەزانێت.

بۆچوونێکی دیکە کە ئەویش پشت بەژمارەی ساڵەکان دەبەستێت بۆچوونی (کلیم)ە[19] ناوبراو وای بۆدەچـێت کـە (مـانی) خـۆی بەجـێگەداری زەردەشت زانیوە بانی خۆی بە هۆشیدەر (یەکەم رزگارکـەری زەردەشـتی) زانـیوە، کـە دەبێـت ١٠٠٠ سـاڵ لـەدوای زەردەشـتەوە هاتبێـت چـونکە زەردەشـت لەتەمـەنی ٣٠ سـاڵییەوە لەلایـەنی ئورمزدەوە، سروشی بۆ هاتبوو، لەبەر ئەمە مانی دەبـێ ٩٣٠ لـە دوای زەردەشـت هاتبێـت ئـەو مـێژووی لەدایکـبوونی زەردەشـتی بـە ٧٨٤و مـێژووی کۆچـی دوایـی زەردەشـتی بـە ٧٠٧ پ.ز.داناوە. ئـەم مـێژووەش تـەواو نـیـە چـونکە نەسـەلمێنراوە کـە مـانی خـۆی بەهـەمان هۆشیدەردانابێت.ئەمڕۆکە بەزۆری کارناسان لەو باوەڕەدان کە زۆرینەی مێژووی ڕاستی زەردەشت لەرێگـەی ژمـارەی سـاڵەکانی رۆژمـێرەکانەوە هەرگـیز دۆزینـەوەو دەست نیشـانکردنی تـەواو نادات بەدەستەوە.

**ب- سەردەمی زەردەشت**
**بە پێی نزیکی زمان، و مێژوویی:**

شـێوەیەکی دیکـە پەنابـردنە بەنـزیکیو بەلگـەی زمـانیو مـێژوویی، لەسـەر ئـەم بناغەیە (بارتولـە) سەردەمی ژیانی زەردەشت بە ٩٠٠ ساڵ پ.ز، ومایـر، وزندونـك وشـدر، رۆژگـاری زەردەشـتیان بـە کۆتایی هەزارەی دووهەمی پێش زایـنی داناوە (بارو) لەسەر بنچنەی خوێندنەوەو لـێکدانەوەی، پەشـتە دێریـنەکانی ئاویسـتا بەتایبەتی فەروەردین پەشت. بەڵگە دەهێنێتەوە دەڵێت: ئـەو زانـیاریانە کـە لـە پەشتەکاندا هەیە هـەموویان پەیوەندیـیان بە خۆرهەڵاتی ئێرانەوە هەیـە. هـیچ شـوێنەواری ڕووداوەکانی خۆرئـاوای ئـێرانو نـێوان دووڕووبـار لـەناو زانیاریـیەکانا نیـیە. لەبـەر ئەمـە ئـەم شـوێنەوارانە بەرهـەمی پـێش کۆچـکردنی ئێرانیـیەکانن کـە لـە خۆرهەڵاتـەوە بـۆ خۆرئـاوای ئـێران ڕۆیشـتوون. چـونکە نـاوی تـیرە ئێرانییەکانی وەکو مادوپارس لـەناو بەلگەنامـەکانی ئاشـووریدا کـە لـەدوای

نـيوەی دووهەمی سەدەی نۆيەمیپ.ز. نووسراون نيیه، لەبەر ئەمە كۆچكردنی ئەوان ناتوانرێت لە ٩٠٠ ساڵ پ،ز، لەدواتر بێت. لە فەروەردينی يەشت دابەزۆری چوارپشتی يەك لەدوای يەكی بنەماڵە پيرۆزەكانی زەردەشت باسيان لێوە كراوە لەبەرئەمە دەبێت سەردەمی ژيانی زەردەشت لانی كەم ١٥٠ ساڵ بەر لەم مێژووە دابنێين لە ئەنجامدا ١١٠٠ ساڵ پ،ز، بەئاخرين مێژووی سەردەمی ژيانی زەردەشت ڕادەگەيەنێت. بويس،يش لەدوای ڕەددانەوەی مێژووی دێرينی يۆنانی دەنووسێت: تەنها لەسەر بناغەی زانيارييەكانی ئاويستا دەتوانين سەردەمی ژيانی زەردەشت بدۆزينەوەو پەی پێببەين. بەبۆچوونی ئەو (گاهان) لەڕووی زمانەوە شايستەی بەراوردكردنە لەگەڵ ڕيگ ودا، كە سەرەتای نووسينەوەی ڕيگ ودا، بە ڕواڵەت لە دەورو بەری ١٧٠٠ پ،ز، بووە. وێنەی جيهان كە لە وتەكانی زەردەشتەوە بەرچاو دەكەوێت ئەو نيگاركێشانەی ئەو [20] لە نەريتەكانی شوانكارەی نەتەوەكەيەوە وەرگيراوە. لەبەر ئەمە دەتوانين بڵێين كە ئەو لە نێوانی ساڵەكانی ١٠٠٠ تا ١٤٠٠ پ،ز، ژياوە ئەمەش ڕۆژگارێكە كە هۆزەكەی لەباكووری ئاسيای ناوەند يا بەپێی ئەوە كە ويستوويانە بڕۆن بەرەو باشوورو لەخوارزمدا نيشتەجێبن، ژياون هەرئەم نووسەرە لەوباوەڕەدايە كە زەردەشت پەيوەندی بە نەتەوەكەيەوە هەبووە. كە لە دەشتاييەكانی باشووری ڕووسيەو لە سەردەمێكدا كە هاوكات بووە لەگەڵ سەردەمی (مەفرەغ) لە ئێراندا دەژيان. ئەم سەردەمەش لەدەورو بەری ١٧٠٠ تا ١٠٠٠ پ.ز، درێژەی هەبووە. بە بۆچوونی ئەم زانايە تايەفەی زەردەشت پارێزگارانە (محافزكارانە) پابەندی فەرهەنگی (دەوری بەرد) بوون. چونكە لە سروودەكانی زەردەشتدا خاسيەتەكانی سەردەمی مەفرەغ نابينرێت ونە ناسراوە. خاسيەتەكانی ئەم سەردەمە بريتی بوو لە دابەشكردنی كۆمەڵگا بەسێ چين. شوانكارەو پياوە ئايينيەكان= (ڕۆحانی)و جەنگاوەران. لەهەمان كاتدا بويس. كۆمەڵگای زەردەشت بەكۆمەڵگايەكی دووچين دەزانی. يانی كۆمەڵگايەك كەتەنها بريتی بووە لە چينی (جەنگاوەران=شوانەكان)و چينی (پياوە ئايينييەكان) بەبۆچوونی ئەو ئەم دۆخە تايبەتمەندی سەردەمی پێش مەفرەغە. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕەيە كەڕۆژگاری زەردەشت لەپێش كۆچكردنە گەورەكەی تيرە بەرەبابەكانی ئێرانييەكانەوە بێت كەبەرەو باشووری ئێرانو نيشتەجێبوون لە ئێراندا بە ڕابەرايەتی گروپو جەنگاوەرانی چەكدار دەچوونە پێش. يانی لە ١٢٠٠ ساڵ پ،ز، ناوبراو لەڕوونكردنەوەی كتێبێكی ديكەی خويا سەردەمی نێوانی ١٤٠٠و ١٢٠٠ پێشنيار كردووە.

نيولی، ڕۆژگاری ژيانی زەردەشتی بەكۆتايی هەزارەی دووهەمو سەرەتای هەزارەی يەكەمی پ،ز، داناوە. هوم باخ نزيكەی ١٠٠٠ ساڵ پ،ز،ی بۆدەست نيشان دەكات لەكۆی ئەم هەمو بۆچوونانەو، ڕەچاوكردنی جياوازی شێوەزاری ئاويستا بەشی (گاهان) لەگەڵ بەشەكانی ديكەی ئاويستا، دەتوانين بۆ ئەوە بچين كە زەردەشت لە

نێوان ١٢٠٠ تا ١٠٠٠ ساڵ لەپ،ز،دا ژیاوە.زادەگای زەردەشت. (شوێنی لە دایکبوونی زەردەشت)

لەبارەی زادەگای ئەسڵی زەردەشتەوە بۆچوونی جیاواز هەیە، لەسەرچاوە پەهلەوییەکانو دوای ئەوانیش لە کتێبە عەرەبیو فارسییەکاندا وشەی (ئیروانویج) یانی نیشتمانی ئەسڵی هۆزەکانی ئێرانی کە لەوێدا سەریان هەڵداوەو بەپێی بابەتە ئایینیەکانی زەردەشت هەرلەوێدا ئایین بە زەردەشت ڕاگەیەنراوە لەگەڵ ئازرباجاندا بەیەك شوێن ژمێردراون ئەم بەیەك شوێن ناسینە، لەوە دەچێت لە ڕۆژگارێکدا پەیدا بووبێت کە ئایینی زەردەشتی گەیشتبێتە خۆرئاوای ئێران. لەکۆمەڵگای (موغان) کە ئەم کۆمەڵگایە لەناوچەی مادا دەژیان ڕوویدابێت لەدواییدا لە سەردەمی ساسانییەکاندا گرنگییەکی زیاتری پێدراوە بە شێوەیەك کە هەموو شوێنە خۆرهەڵاتییەکان لەگەڵ شوێنەکانی خۆرئاوای ئێراندا، ڕێکخستووە، زاناکانی ئەمڕۆکە زەردەشت بەخەڵکی ئازربایجان دانانێن بەهۆی چەند بەڵگەیەکەوە بە هەڵەی دەزانن. کە گرنگترینیان بەڵگەی زمانەوانییە، زمانی ئاوێستایی یانی زمانی کتێبی ئاوێستا لە بەراوردکاریدا لەگەڵ زمانەکانی دیکەی ئێرانیدا زمانێکە پەیوەندی بە خۆرهەڵاتی ئێرانەوە هەیە. لەم کتێبەدا هیچ نیشانەیەك لەناو واژەکاندا کە لە بناغەدا زمانی مادی یان فارسی بێت تیایا نییەو بەرچاو ناکەوێت. لە سەردەمەکانی لەمەوپێش زاناکانی ئێران ناس، ئێرانویج یان بەهەمان خوارزمی دادەنا. بەزادگای زەردەشتیان زانیوە، ئەمڕۆکە بە زۆری ئێران ناسەکان لایەنگری ئەم بۆچوونەن، هەرچەندە لە هیچ دەقێکدا ڕانەگەیەنراوە کە ئێرانویج هەمان خوارزمی ئەمڕۆکە بێت. مارکوارت، یەکەم کەسێك بوو کە ئەم بۆچوونەی ڕاگەیاندو دو بەڵگەی بۆ سەلماندنی، بۆچوونەکەشی دەربڕیوە: یەکێکیان ئەوەیە کە موساخورنی نووسەری ئەرمەنی لەسەدەی پێنجەمی زایینیدا ناوی ناتوچەی (تور) لە خوارزما دەبات، کە بەبۆچوونی مارکوارت. وشەی تویری Tuirya لەگەڵ (تورانی) یەکن، ئەوی دیکەشیان ئەوەیە کەباسێك لەبارەی ئێرانویج لەسەرچاوە پەهلەوییەکاندا هەیە لەگەڵ باسەکانی نووسەرانی سەردەمی ئیسلامدا و لەگەڵ باسی خوارزمدا هەم ئاهەنگە. لەدوای مارکوارت نووسەرەکانی دیکەی وەکو، بیلی H.W,Bailey بنووسێتو هنینگ بۆلایەنگری ئەم بۆچوونە بابەتێکی دیکە یان نیشان داوە. بنووسێت لە بەراوردکردنی ١٦ هەرێمدا کە ناوەکانیان لە فەسڵی یەکەمی وەندیداد، داهاتووە لەگەڵ حەوت هەرێمی دیکەدا کە لە یەشتی دەهەم بەندی ١٤دا باسیان لێوە کراوە، لەم بەراوردەدا ئەو ئەنجامەی بەدەست هێناوەکە ئێرانویج لە فیهرستی وەندیداد، داهەمان خوارەزمەکە لە یەشتی دەهەمدا ناوی براوەهنینگ ئەم بۆچوونەی فراوانتر کردوەتەوە لەو باوەڕەدابووە کە (خوارەزمی گەورە) تەنها بریتی نەبووە لەناوچەکە بەخوارەزم ناسراوە بەڵکو ناوچەیەکی فراوانتر بووە هەتاکو (مەرو)و (هەرات)یشی گرتۆتەوە...مارکوارت بە سەرنج

دان لەو باسەی هیرودوت کە سەبارەت بە ڕووبارەی (اکس=وەکس) Akes دواوە ئەم ئەنجامەی بەدەست هێناوە کە ئەم ڕووبارە هەمان (تجن)ە ولقێکی (هری رود)ە=

نیولی ئەم بۆچوونە پووچ دەکاتەوە خۆی بۆچوونێکی دیکە پیادە دەکات ناوبراو لەوباوەڕەدایە کە زادەگای زەردەشت لەناوچەیەکدایە لەنێوان هندوکش و هامون هیرمندا، بووە بەبۆچوونی ناوبراو باکوورترین ناوچەیەك کە مەڵبەندی چالاکییەکانی زەردەشت بووبێت بەلخ و هرات بووە. باشوورترینی ناوچەکەی، زرنگ و ڕخجەکە بشێکی گەورەی سیستان دەکەوێتە ناو ئەم سنوورەوە، نووسەر بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی خۆی پشتی بە فیهرستی ناوە جوگرافیایەکانی ناو ئاوێستاو ئەوباسانەی نووسەرەکانی یۆنانی سەبارەت بەناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئێرانەوە نووسیویانە، هەروەها بەسەرنجدان لە گرنگی سیستان لەڕووی نەریتە ئایینیەکانی زەردەشتەوە. بەستوە.بۆچوونی سێهەم کەلەم دواییەدا ڕاگەیەنراوە، بۆچوونی (هومباخ)ە ئەویش بە پشت بەستن بەبۆچوونەکانی مارکوارت لەبارەی ئەوەوە کە (اکس و تجن)ی بەیەکێك زانیوە، پەسەندکردنی ئەم بۆچوونەی هنینگ، کەدەڵێت زادگای زەردەشت ناوچەی ڕووباری تجن بووە. لەو باوەڕەدابووە کە دۆڵی ڕووباری (کشف ڕود) کە لقی خۆرئاوای تجنە لەوە دەچێت بە ئیرانویجی ژمار دەبێت. ئەم شوێنە لەناوچەیەکدا بووە کە بەڕاستی دێی (مزدوران) لە دەوروبەری ١٠٠ کیلۆ مەتری خۆرهەڵاتی مەشهەدو لەنیوە ڕێگەی سەرخەسدایە.[٢١] بویس، لە ڕەخنەگرتن لەم بۆچوونانە وا دەردەبڕێت ئەوانە کە لەدایکبوونی زەردەشت دەدەنە پاڵ ئازربایجان و سیستان و مرو، گەلێك شوێنی دیکە، لەسەربردەکانی ئەم دواییەی ناوچەکەوە سەرچاوە دەگرێت لەم ڕووەوە بۆچوونی بەهێز ئەوەیە کە زادەگای ئەسڵی زەردەشت ناوچەیەکە لە باکووری خۆرهەڵاتی ئێرانی دێرین.

ژیانی زەردەشت بەپێی (گاهان)و دەقە دێرینەکانی ئاوێستا:زانیاریە مێژوویی و، واقیعیەکان لەبارەی ژیانی زەردەشتەوە گەلێك کەمن. ئەوەی لەئاوێستاداو لە سەرچاوەکانی پەهلەوی و فارسییەوە هاتووە زیاتر لایەنی ئەستۆرەییان هەیە هەرچەندە، لەمانەشدا دەتوانین چەند ڕاستییەك بە دەستبێنین.

ئەوەی کە بەدڵنیاییەوە لەبارەی زەردەشتەوە لەدەقە ئاویستاییەکانەوە بەدەست دێت، ئەمەیە، کە بنەماڵەکەیان (سپیتمە، یان سپیتامە) لە زمانی پەهلەویدا (سپیتمان)ی ناوبووە. ناوی باوکی (پووروشسپە) لە زمانی پەهلەویدا (پووروشسب)ە و ناوی دایکی دو غزووا Dughdhoval یە، لەزمانی پەهلەویدا (دوغدو) یە باپیرەگەورەی ناوی هیچتسپە لە پەهلەویدا بە (هیچتسپ) نووسراوە.زەردەشت لەسەردەمی منداڵیدا ڕۆحانییەکان ڕێنوومایان کردووە، چونکە لە گاهاندا (یسن=یەسنای٣٣ بەندی٦) خۆی بە (زوتر Zaotar) ناوبردووە لەپەهلەویدا بە (زوت) ناوبراوە. ئەوەش زاراوەیەکە کە بۆ (دین مردی)یانی بۆخاوەنی

چەند هەڵو مەرجێکی تەواوڕۆحانیی بەکارهاتووە. هەروەها لەم ئاوێستایەی ئەم دوایەدا (یەشتی ١٣، بەندی٩٤) لەبارەی زەردەشتەوە وشەی (ئاپرون Athravan) بەکارهاتووە.

کەمانای ڕۆحانیو (دین مرد) دەگەیەنێت، لەگاهان یەسنای ٤٣ ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کەلەلایەنی ئاورمزدەوە سروشی بۆهاتووەتە خوارەوە. ئەم باسە بەدرێژی لە کتێبە پەهلەوییەکاندا باسی لێوە کراوە.

یەکەم کەسێك کە ئیمانی پێهێنا (میدیوی مانکە Maidyoimanha) بوو، کە لە پەهلەویدا (میدیوماە)ی پێ وتراوە. ناوەکەی لە فەروەردین یەشتا (یەشتی ١٣، بەندی ٩٥) براوە. ناوبراو لە سەرچاوەکانی دوایدا بە ئامۆزای زەردەشت ژمێردراوە. زەردەشت لە ڕاگەیاندنی دینەکەی خۆیا گەلێك دژواری هاتوەتە رێ لە سروودەکانی خۆیا، (یسن=یەسنای ٤٦، بەندی ٢) لەبارەی هەژاری خۆیو کەمی یارمەتیدەرانی دەدوێت، لەبەدکاری ٠کوییەکانو کرپن)ەکان کە بەڕواڵەت لە پێشگوییو ڕۆحانییەکانی هاونیشتمانی خۆی بوون، گلەییو گازاندەی هەیە هەندێك لە دوژمنەکانی خۆی وەکو (بندوە، وگرهمە) لە (یسن٤٦، بەندی١و٢) ناویان دەبات. لە ئەنجامدا دێتە سەر ئەوە کە لەزادگای خۆی دوورکەوێتەوە بڕوات بۆ ناوچەیەکی هاوسنووری ناوچەکەی خۆی. لەوناوچەدا کە فەرمانڕەواکەی گشتاسب بوو، لە ئەنجامدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. لەیەشتی نۆهەمی بەندی ٢٦ وا دەردەکەوێت کە لەپێش هەمووانەوە (هوتوسا Hutaosa) کە لەپەهلەویدا بە (هوتوس) ناوبراوەو هاوسەری گشتاسب بووە ئیمانی پێ هێناوە لەوەش دەچێت لەسەر خواستی ئەم ژنە پاشاش هاتوەتە سەر دینەکەیو ئیمانی پێهێناوە.زەردەشت بەپێی نەریت سێ جار ژنی هێناوە. ناوی ژنی یەکەمو دووهەمیان نازانرێت. ژنی یەکەمیان کوڕێکی بەناوی (ایستواستر Isatvastra) وسێ کچیشی هەبووە ناوەکانیان بەڕیزە بریتین لە (فرینی، پریتی، پوروچیستا، یەشتی ١٣ بەندی ١٣٩) زەردەشت لەگاهان، دا (یسن=یەسنا٥٣ یەندی ٣)دا لەکاتی شووکردنا ئەم کچەی سێهەمی دا بە، جاماسپە، کە لە پەهلەویدا بە، جاماسپ، ناوبراوە.زەردەشت لەژنی دووهەمی کەناوی نەبراوە دو کوڕی بەناوەکانی (اوروتت نرە،و هورچیسرە) هەبوو، یەشتی ١٢ بەندی ٩٨. ژنی سێهەمی (هووی) ناو بوو لە بنەماڵەی (هووگوە)یە، زەردەشت هیچ منداڵی لەو ژنە نەبووە. بەپێی سەربردە ئایینییەکانی زەردەشتی، فرشوشترە کە لەپەهلەویدا بە (فرشوشترە!) ناوبراوەو باوکی هووی بووە.

گشتاسب لەسەر ئایینی زەردەشت لەگەڵ فەرمانڕەواکانی دراوسێیدا ناکۆکی پەیداکردووە. ناوی هەندێك لەم فەرمانڕەوایانەی نەیاری زەردەشت لە (ئابان یەشت)دا یەشتی ٥، بەندی ١٠٩،دا هاتووە کە لەناو ئەوانەدا ئەرجاسب،ی توارنی لە هەموویان ناودارتر بووە. جەنگی لەگەڵ ئەرجاسیدا کردووە لە ئاوێستادا بە (ارجاسپە) ناوی براوە، زریر، لەئاوێستادا بە (زیری ویری) ناوبراوەو برای گشتاسب بووە

پشـتیوانی ئـەو بـووە بەسـەر ٠هـو مـیکە)ی دێـو پەرسـتدا سـەر کـەوتووە. (یەشـتی ٥ بـەندی ١١٣) هـەروەها، بسـتور، لەئاوێسـتادا بە (بستویری) ناو بـراوە لـە (یەشـتی ١٣، بـەندی ١٠٣). جاماسـب لـە ئاوێسـتادا جاماسپە، یە (یەشتی ٥ بەندی ٦٨و٧٩) ئـەویش لـەیاوەرانی ئـەوو بـوو. بـەڵام قارەمـانی ئەسـڵی ئەسـفەندیارە کـە لـە پەهلـەویدا بـە (سـپندیادو لە ئاوێستادا سپنتوژاتە)یە، یەشتی ١، بـەندی١٠٣.بەپـێی باسە ئایینییەکان زەردەشت لە تەمـەنی ٧٧ سـاڵیدا کـوژرا بکوژەکـەی نـاوی برادریش، بوو.

**سەرچاوە:**

کتێـبی سـگورەزندگی زردشـت. لەنووسـینی ژاڵـە ئاموزگار- ئەحمەد تەفەزولی.

پەراوێزەکان:

١- فەسڵی ٣٦ لەبەندی ٨ بەدواوە.

٢- ١٢ هـەزار سـاڵ بەتەمـەنی جیهان دانراوە بەپێی سەربردەیەك ١٢ هەزار ساڵیان دابەشکردووە هەر هەزار ساڵیان بەناوی یەکێك لەبورجەکان ناوناوە.

٣- اثار الباقة، بەکۆششی، زاخولاپیزبك ١٩٢٣، لاپەڕە ١٤و٨.

٤- مـروج الذهـب بـە کۆششـی (بلا Pellaj) بەرگی دوو بیروت ١٩٦٦ لاپەڕە ٤١٥ بەندی ١٤٣٤.

٥- بەرانـبەر بـە ٣١١پ.ز، یـانی ئەوساڵە کەسلۆکۆس بابلی گرت.

٦- تاران ١٣٥٧ لاپەڕە ٧٤.

٧- هەمان شوێن!، لاپەڕە ٢٨و٢٩.

٨- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٢تا ٣٤.

٩- یانی ٥٣٩-٣١١=٢٢٨.

١٠- یانی ٢٢٨+٣٠=٢٥٨.

١١- بـە کۆششـی هوكو وست، لەندەن ١٨٧٢، فەسڵی ١ بەندەکنی ٢و٣.

١٢- التنبـیه والاشـراف بـە کۆششـی دووخویـە لـیدن ١٨٩٤ لاپەڕە ٩٨س٣.

١٣- نیولی هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٧٠.

١٤- Xantvs.

١٥- Eudoxvs.

١٦- Hermodoros.

١٧- لـەبارەی سـەربردەی یۆنانیـیەکانەوە تەماشـای کتێبی، جکسن بکە.

١٨- هەمان سەرچاوە لاپەڕە٣٤ بە دواوە.

١٩- "the date of Zoroaster"O.Klima Arch. Or, 1959.556 sq.

٢٠- لــە بــارەی بۆچــوونە جۆراوجۆرەکانــەوە. تەماشای نیولی هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٥٩ بەدواوە بکە.

٢١ هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٩. هومباخ دەڵێت ناوی دێی (مزدوران) لە مزردا ئاهورە، وەرگیراوە.

# شەترەنجو دەنکەگەنم لای زەردەشت چ فەلسەفەیەکی هەیە؟

جەلیل عەباسی

پەیامی زەردەشت چ وەك ئایدیۆلۆژیو دین سەیر بکرێتو چ وەك فەلسەفە، لەهەردوو حاڵەتەکەیدا پەیامێکی قووڵی ئینسانیو مەزنو زیندووەو دەکرێ وەکو بناغەیەك وەربگیرێت کە هەنوکەشو تا دوایین چرکەکانی ژیانیش کۆشكو تەلاری هۆشمەندیو هۆشیاریو کامەرانیو بەختەوەریی مرۆڤانەی لەسەر بنیات دەنرێتو لەڕابردوو و ئێستاو ئایندەشدا مەشخەڵێکی ڕوناکی بەخشو درەوشاوەیە کە شاڕێگای گەیشتن بە سەربەستیو کەڕامەتمەندی بۆ مرۆڤ ڕووناك دەکاتەوە. مەشخەڵێك کە هەرچی سووچو کونو قوژبنی نەناسراوە ڕۆشنی دەکاتەوەو دێوەزمەی تاریکی دەتارێنێ، تاریکییەك کە لای ئەو بە سەرچاوەی درۆو نادروستیو کەج ئەندێشیو ئاکاری خراپ دەژمێردرێتو بەیەکەمین دوژمنی مرۆڤی ڕاستگۆ و بەکەڕامەت دادەنرێت. ئەم پەیامە پیرۆزە لە قاڵبە ئایدیۆلۆژییەکەیدا ئەو توانایەمان پێدەبەخشێت کە ئەقڵانی بیر بکەینەوەو خۆمان لە تەوتەمو تابۆ پەرستی ڕزگار بکەینو یەکەمین کەس بین کە دژی سیستەمی هەرە دۆگماو ئاڵۆزی چەند خودایی بوەستینو سەرجەم بتەکانی جەهلو نەزانی تێك بشکێنینو بڵێین: کەونو کاینات تەنیا یەك خواوەندی هەیە، یەك خواوەند بەواتای خاوەن کە ئەویش نەك مەعبوودو قادری موتڵەقو مونتەقمو موستەکبڕو جەبار، بەڵکو وەك دۆستو یارو پێشڕەو کە مرۆڤ نەك عەبدو زەلیلو تەسلیمی دەستی بەهێزیەتی، بەڵکو دۆستو هاوکارو یاریدەدەریەتی بۆ بەرەو پێشبردنو گەشەپێدانی ژیانو جیهان. ئەم خواوەندە، لەدینی زەردەشتدا بەناوی دۆستی زاناو سەروەری بەئاگا دەناسرێتو هاوسەنگەری مرۆڤە لەشەڕو بەربەرەکانێ دژی درۆو تاریکیو نەزانیداو هاوڕێیەتی لە کاروانی سەربەرزیو ڕاستخوازیو هەوڵو کۆششی بنیاتنەرانەدا.

هەروەها لەقاڵبە فەلسەفییەکەشیدا ئەقڵانیترو زانستیتر ژیانو جیهانو واتاکانی زیندەگیمان پێدەناسێنێتو خۆشەویستتریان دەکات لەلامان تا زۆرترو دڵگەرمتر هەوڵبدەین لەپێناو پراکتیزە کردنیانو بووژاندنەوەو زیندووکردنەوەی زۆرتری ژیانی مرۆڤانەمان بەشێوەیەکی ڕۆژانەو بێ وچانو بێ خەمساردی. دەتوانین سەرجەم واتاو مەبەستو پەیامی ڕاهێنانەکانی زەردەشت لەهەردوو قاڵبەکەدا (دینو فەلسەفە) لەدوو خاڵدا ببینینەوە، واتە لە (شەترەنجو دەنکەگەنم)ێکدا.لەوانەیە تائێستاش مێژوو و بەسەرهاتی شەترەنج بۆ زۆرکەس ساغ نەکرابێتەوە، یاخود هەرکەسەو ڕاوبۆچوونێکی

لەسەردابێت. گەرچی پێشتر و لەژمارە (٤٣٦)ی هەفتەنامەی گولان لەستوونی (فەرهەنگی یەسنا)دا بەکورتی ئەم باسەم ورووژاندووە و لەبابەتێکدا بەناونیشانی (کش‌ومات) کورتە ئاوڕێکم لەو بوارە، واتە لەمێژووی شەترەنج داوەتەوە، بەلاّم بە پێویستی دەزانم لێرەدا بە تێروتەسەلی لێی بدوێم‌و لەگەڵ خاڵی دووەم واتە (دەنکەگەنم)دا باسیان لێوە بکەم تا ناوەڕۆکی ئەو پەیامە فەلسەفی‌و جیهانبینییە قووڵ‌و بەرفراوانەی زەردەشت لای خوێنەری کورد زۆرتر بناسرێت‌و ڕۆشنتر بکرێتەوە.

زەردەشت لە سیهەمین (٣٠) ساڵی پاشایەتیی (ویشتاسب)ی شای کەیانیدا سەری هەڵداو بەرە بەرە پەیامەکەی پەرەی سەندو ناوبانگی لە سنووری شاخە سەرکەش‌و باخە چڕوپڕەکانی هەورامان تێپەڕی‌و بە سەتاسەری ئێرانی ئەو سەردەمدا بلاّو بوویەوە. لەوکاتەدا پاشای پیرو کامەران تووشی دڵساردی‌و نائومێدی‌و ڕەشبینی دەبێت..پێی وایە جیهان بۆ ئەو کۆتایی هاتووەو ژیان هیچ واتایەکی نەماوەو ئەویش هیچ بیانوویەکی نییە پێی بژییێت‌و پێی ئومێدەوارو دڵخۆش بێت، چونکە لە ولاّت‌و دەسەلاّت‌و ماڵ‌و سامان هەیەتی‌و سەرکەوتووە بەسەر جیهانداو گەیشتووە بەسەرجەم ئاوات‌و خواستەکانی‌و ئیدی نزیك بۆتەوە لە خاڵی کۆتایی! ئەم خەیاڵە نائومێدانەیە دەبێتە خوورەو دڵی دەخواتەوەو تووشی نەخۆشی‌و پەژارەو ڕەش ئەندێشیی کردووە. هەواڵی ئەو ئاڵۆزی‌و پەشۆکاوییە دەگەیەننە لای زەردەشت‌و داوای چارەسەری لێدەکەن. زەردەشت پەی بە مەسەلەکە دەبات‌و تێدەگات کە نائومێدبوونی پاشا هۆی ئەوەیە کە بەتەواوی لە فەلسەفەی ژیان‌و جیهان‌و بوون نەگەیشتووەو تاقە ڕێگەچارەش هەمان هۆشیارکردنەوەو ڕاچڵەکاندن‌و تێگەیاندیەتی..بۆیە سەرجەم فەلسەفەی ژیان لەناو چەند خانەی ڕەش‌و سپی‌و چەند مۆرەی جۆراوجۆری تایبەتی خانەکاندا پڕ دەکاتەوەو شەترەنج دادەهێنێ..پاشان هەموو یاساکانی یاری دەنووسێتەوەو چوارچێوەکەی دیاری دەکات‌و دەینێرێتە لای پاشا. زەردەشت لە داهێنان‌و یاریکردن‌و یاسامەندکردنی شەترەنج دەیەوێت نەك بەتیۆری، بەڵکو بە کردەوە فێرمان بکات‌و پێمان بڵێت: ((ژیان بزاوتێکی ئاڵۆزو پڕجووڵەو پڕ ڕەمزو ڕازە کە تاهەتایە لە جووڵە ناکەوێت‌و هیچ کۆتاییەکی بۆ نییە، ئەم بزاوتە هەرە زیندووەش لە گۆڕەپانێکدایە کە پێی دەڵێن گێتی، کە دەبێ بەپێی یاساو ڕێساو دیسپلینێکی تایبەت‌و شایستە هەوڵ بدرێت بۆ بەرینترکردن‌و ئاوەدانکردنەوەی زۆرتری ئەو جیهانەو بەرەوپێشتر بردن‌و بەگوڕترکردنی ژیان تێیدا. ئەو چەند مۆرە جۆراوجۆرە سیمبولی مرۆڤ‌و زیندەوەرە بەسوودەکانە کە دەژین‌و دەبێ هەمیشە لە جووڵەو بزاوتدا بن بەبێ ئەوەی ماندوو بن‌و کۆڵ بدەن، ئەو چەند خانەیەش ڕەمزی ئەم گۆی زەوییەیە کە تێیدا دەژین، زەوییەك کە بریتییە لە دوو لایەن، دووخاڵ، دوو خواست‌و دوو واتا کە ئەوانیش ڕەش‌و سپی، ڕووناکی‌و تاریکی، ڕاستی‌و درۆ، دادپەروەری‌و

بێدادگەری، مروەتو دڵڕەقی، خۆشەویستیو کینە، ئاسوودەییو بێزاری....! ئەو دوولایەنەش هیچ کات پێك نایەنو هەمیشەو تاهەتایە لەشەڕو ململانێدان کە ئەو شەڕوململانێو پێکدادانە هەمیشەییە لەو جیهانە ئاڵۆزەدا بە هۆی مۆرەکان (مرۆڤ)ەکانەوە پراکتیزە دەکرێتو درێژە دەکێشێت. مرۆڤ بۆیە دروست کراوە تا جیهان ئاوەدان بکاتەوەو گەشە بە ژیان ببەخشێت. ئەم پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانەش شتێك نییە کە بەئاسانی بگاتە ئەنجامو کۆتایی پێ بێت، بەڵکو پرۆسەیەکە لە ئەزەلەوە تا ئەبەد واتە بۆ تاهەتایە هەر دەبێتو ڕۆژبەڕۆژیش نوێ دەبێتەوەو لەسەرەتاوە دەست پێدەکاتەوە. کەوابوو مرۆڤ بۆی نییە هیوابڕاو بێتو لەژیان دڵسارد بێتەوەو دەست لە جیهان بشوات، بەڵکو هەموو بەیانییەك واتە لەگەڵ هەموو دەسپێکێکی نوێی ژیان دەبێ هەوڵە بێ وچانەکانی زۆرترو هەمەلایەنەتر بکات بۆ ڕۆژێکی باشترو ژیانێکی گەشاوەترو ژیارێکی ئاوەدانتر. واتە دەبێ مرۆڤ بڕوای بەو ڕاستییە هەبێت کە ژیان ناوەستێتو جیهان تەواو نابێتو مرۆڤی ژیرو زیندووش ئەوەیە کە هەمیشەو بەبێ وچان لەهەوڵو تێکۆشاندا بێت بۆ نەهێشتنی تاریکاییو درۆو ستەمو ناتەباییو...تا بەم چەشنە واتایەکی شایستەتر بە ژیانو جیهان ببەخشێت...[1]، بەڵام ئاشکرایە کە پاشای پیرو هیوابڕاو (ویشتاسب) لە پەیامەکەی زەردەشت نەگەیشتووەو فەلسەفەکەی نەناسیوە بۆیە بەبێ ئەوەی سەری لێدەر بکات، تەنیا بە ئامێرێکی یاریو سەرگەرمیی دادەنێتو ئەم جارە بەدوای چارەسەرێکی یەکجارەکیدا نزیکەکانی خۆی لەگەڵ کاروانێکی زێڕو گەوهەردا بە دیاری بەرەولای زەردەشت دەنێرێت تا داوای لێبکەن بچێتو ببێتە مامۆستاو ڕاهێنەری پاشا، یاخود یەك لە قوتابیەکانی بنێرێت تاوەکو دەردی دەروونی پاشا چارەسەر بکات. زەردەشت وێڕای وەرنەگرتنو گەڕاندنەوەی دیاریەکان، دەنکەگەنمێك دەخاتە ناو سندووقێکی زێڕینی بچکۆلانەو پێیان دەڵێت: (بە پاشا بڵێن ئەوا نەك خۆم یا قوتابیەکم، بەڵکو مامۆستاکەی خۆم دەنێرمە لای). شاندی نوێنەران دەگەڕێنەوەو لەگەڵ گێڕانەوەی قسەکانی زەردەشت، سندوقە بچکۆلانەکە دەدەنە پاشا. ئەویش سەری دەسووڕمێت کە ئەم سندووقە دەبێ چی تێدابێتو چۆن بۆتە مامۆستای زەردەشت؟..کاتێکیش کە دەیکاتەوەو تەنیا دەنکەگەنمێك دەبینێت، دوو هێندەیتر سەرسام دەبێت، چونکە بە هیچ جۆرێك بۆی لێك نادرێتەوەو پەی نابات بەڕەمزی کارەکەی زەردەشت، ئەوەندە نەبێت کە بەخۆی دەڵێت: ئەمە حیکمەتێکی تێدایەو ئەم دەنکەگەنمە بۆخۆی چارەسەری دەردەکانم دەکات و هەر بەو ئومێدەشەوە دەیخاتەوە ناو سندووقە زێڕینەکەو هەڵیدەگرێت...بەڵام پاش ماوەیەك کە بە هیوای مۆجیزەیەك سندووقەکە دەکاتەوە، دەبینێ دەنکەگەنم هەمان دەنکەگەنمی جارانە: وردو وشكو بێ بایەخ! پاشا تووڕەو پەست دەبێتو

پێی وایە زەردەشت گاڵتەو سووکایەتیی پێکردووە، بۆیە دەنکەگەنمەکە فڕێ دەداتو ئەمجارە دەنێرێتە دووی زانای هیندی (لەو سەردەمەدا تەنیا دووکەس لەهەموو جیهاندا ناوبانگی زاناییو حیکمەتیان دەبێت، ئەوانیش زەردەشتو ئەو زانا هیندیە دەبن کە بەداخەوە من ناوەکەیم لەبیر کردووە) پاش ماوەیەك زانای هیندی لەگەڵ نێردراوانی پاشا دەگاتە کۆشکی شاهیو دەچێتە لای پاشاو پێش هەموو شتێك پێی دەڵێت: تۆ لێرە زەردەشتت هەیە چۆن ناردووتە بەدوای مندا...هاتنی من زۆرتر بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەم بووە! ویشتاسب سەرجەم سەربووردەکەی بۆ دەگێڕێتەوە..زانای هیندی سەیرێکی شەترەنجەکە دەکاتو بە خوێندنەوەی ئەو یاسایەی کە زەردەشت بۆی داناوە چەندانی تر شەیدای زەردەشتو فەلسەفە قووڵەکەی دەبێتو بە پاشا دەڵێت: زەردەشت مەزنترین خزمەتی بۆ تۆ ئەنجامداوە کەچی تۆ هێشتا کلیلی خۆشبەختیی ڕاستەقینەت نەدۆزیوەتەوە... پاشان هەواڵی دەنکەگەنمەکە دەپرسێتو پاشاش دەیباتە ئەو شوێنەی کە کاتی خۆی لێی فڕێدابوو.. دەبینن دەنکەگەنم ڕواوەو سەوزو جوانو زیندوو قەدی هەڵبڕیوەو هێشوە گەنمێکیشی بەرداوە.. زانای هیندی لە کاتێکدا سەرسامی توانای فکریو هۆشمەندیو بیری وردو قووڵی فەیلەسووفانەی زەردەشت بووە، ڕوو لە ویشتاسب دەکاتو دەڵێت: لە ڕاستیدا زەردەشت نەك سووکایەتیی پێت نەکردووە، بەڵکو بەوپەڕی ڕاستگۆیی لەگەڵت جووڵاوەتەوە... زەردەشت کەسێك نییە گاڵتە بە دیتران بکات، بەڵکو مامۆستایەکی مەزنە کە مرۆڤ ئاشنای شاریی کەرامەتو بەختیاری دەکات.. زەردەشت مامۆستای مرۆڤایەتییەو شایانی ئەوپەڕی ڕێزو وەفایە..بەڵێ زەردەشت مامۆستایەکەی خۆی ناردۆتە لای تۆ، بەڵام ئەوە تۆی کە نەتناسیوەتەوە، چونکە بە دیدەی وردبینی زاناییو تێفکرین سەیرت نەکردووە.. زەردەشت لە ناردنی شەترەنجەکەدا بۆتۆ ویستوویەتی پێت بڵێت: ((ژیان لەم گۆی زەوییەدا تەوا نابێتو مرۆڤایەتی کۆتایی نایەت، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕوتینو هەڵبەزو دابەزدایەو هەردەم لە گۆڕانکاریو نوێبوونەوەدایەو مرۆڤی ژیرو ڕاستگۆش ئەو کەسەیە کە بەپێی یاساو ڕێساکانی مەزدیەسنا و ئەشاو ڕاستیخوازی ڕێچکەی ئەو نوێبوونەوەیە بەرنەداتو هەمیشە لەگەڵ تاریکیو نەزانیو درۆ لەشەڕدا بێتو هەوڵ بدات لە پێناو سەرخستنی ڕاستیو ڕووناکیو هۆشیاریدا...لەم پرۆسەیەدا گەر بەشێك یا بەرنامەیەك گەیشتە ئەنجام ئەوا بەشێكو بەرنامەو ئەرکێکی نوێتر دەست پێدەکاتو لە ئاکامدا ژیانو جیهان هیچ ڕاوەستانێکی بۆ نییەو مرۆڤی بەختەوەریش ئەو مرۆڤەیە کە سەربکەوێ بەسەر دێوی درۆو نائومێدیو هیوابڕاویدا.. کەواتە تۆ بەهەڵەدا چوویت گەر وات زانیبێ گوایە جیهان بۆتۆ تەواو بووەو گەیشتووی بە سەرجەم خواستەکانتو ئیدی بیانوویەك نییە تا بۆی بژیت...))

دواتریش بەناردنی دەنکەگەنمەکە ویستوویەتی بەشێوەیەکی کرداریتر پێت بڵێت: ((ژیانو بەردەوامبوونی زیندەگی پێویستی بەهەوڵو کۆششی بەردەوامو هەرواش بە هەستو هەناسەو زیندوێتی هەیە دەنا ڕادەوەستێتو ڕاوەستانیش لە ڕەوتی ژیان واتە مەرگو نەمان کە ئەویش هەمان چۆکدادانە لە بەرامبەر خواستی چەپەڵی ئەهریمەندا.. گەر وردتر بڕوانین دەبینین هەموو واتاو فەلسەفەی ژیان لەو دەنکەگەنمەدا شاردراوەتەوە.. ئەو دەنکەگەنمە بچکۆلانەیە لە ڕاستیدا هەڵگری وانەو پەیامێکی هەرەمەزنە لەمەڕ کەونو کاینات، خیلقەت، ژیانو زیندوو مانەوەو گەشەکردنو پێشکەوتن..ئێمە دەتوانین بە تەسلیم بوونێك لەبەرامبەر ئەهریمەندا، واتە بە ڕاوەستانو نائومێدبوونمان ژیان بمرێنینو یاساکانی خیلقەت پێشێل بکەینو جیهان بەرەو نەمانو وێرانی بەرین، لەهەمان حاڵەتدا دەتوانین بە پەیڕەوی لە فەلسەفەی ئاهورا و ئەشا واتە بە هەوڵو کۆششو بزاوتێکی هەمیشەیی ژیان ببووژێنینەوەو بنەماکانی خیلقەت بەرجەستەتر بکەینەوەو جیهان ئاوەدانترو پڕگەشەترو ژیانیش پڕجووڵەترو زیندووتر ڕابگرینو بەرەوپێشی بەرین. ئەو دەنکەگەنمە وردو بێ گیانە، ئەو هەموو ماوەیە کە لەناو سندووقێکی جوانی بەزێڕ نەخشێنراوادا بو، هیچ نەبوو جگە لە هەمان دەنکەگەنمی وردو وشكو بێ گیان کە بە دڵنیاییەوە پاش ماوەیەکی دیکە دەپووکایەوەو بۆ هەمیشە دەمرد.. چونکە لەو سندووقەدا هیچ ئامرازو هۆکارو پێداویستییەکی ژیانی لەپاڵدا نەبوو، بەڵکو دیلی وێرانەو چۆڵەوانیەکی مەرگاوی ببوو، بەڵام دیتمان پاش ئەوەی کە تۆ فڕێت دایە سووچێکی ئەو زەوییە گیانی وەبەردا هاتەوەو زیندوو بووەوەو بووە هۆکارێك بۆ زیندوومانەوەو گەشە سەندن. دەنکەگەنمەکە کاتێك بووژایەوەو گیانی گرتو بوو بە گوڵە گەنم کە لە جێی شیاوی خۆیدا دانرا.

ڕووانو سەوزبوونی ئەو دەنکەگەنمە پێمان دەڵێت کە هەمو کەرەستەو پێداویستییەکانی زیندەگی دەبێ بکەونە گەڕ تا ژیان زیندوو بمێنێ. دەنکەگەنمەکە چووە ناو خاكو ئەو گەردیلە هەرەوردو نەبینراوانەی تێیدا بوون تێکەڵیخاكو هەواو ئاو و ئۆکسیژینو تیشکی هەتاو بوونو هەموو ئەمانەش پێکەوە ژیانیان دامەزراندو گیانیان خستە دەنکەگەنمێکی وشك، دەشبینین ئەو دەنکەگەنمە بۆتە گوڵەگەنمێكو ئەو هێشووەگەنمەش دەبنە چەندان گوڵو هێشووی دیکەو بەم چەشنە بەردەوامی بە سووڕی ژیانو زیندوێتیو گەشە دەدەن. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمەی مرۆڤ بەتەنیا خۆمان هیچ نینو هیچمان پێناکرێت بەڵکو دەبێ لە وزەو تواناو ئامادەگی هەمەلایەنەی هەموو لایەکمان کەڵك وەربگرینو هەرەوەزی بژین بۆئەوەی زیندوو بینو هەردەم گەشە بکەینو سەرکەوین. لەم حاڵەتەشدا دەبینین ژیان هیچ کات کۆتایی بۆ نییەو خواستەکانی ئێمەش تەواو نابن، بەڵکو پێویستەو دەبێ

هــەردەم لــە بــزاوتو جووڵــەدا بــين بــۆ بەرەوپێشــبردنی ژيــانو پەرەپــێدانی جــيهانو گەيشــتن بــە لووتكــەی كامــەرانیو هەســتو هەناسـەی مـرۆڤايەتی)). پاشا شـەرمەزار بوو لە نەزانیو بێ ئاگايی خۆیو لەناخەوە ورەو هيوای هەست پـێكردو منەتـباريی خۆی بۆ زەردەشتو زانـای هيـندی دەربـڕیو پاشـان لەگـەڵ زانـای هيندیو خـێزانی دەربارو دەسەڵاتدا كەوتنە ڕێ بـەرەو لای زەردەشت. كە گەيشتنە ناو باخەكانی هــەورامان دەبيــنن زەردەشــت لــە ناوەڕاســتی قوتابيــيەكانی لەژێــر ســێبەری درەختــێكدا دانيشــتووەو خــەريكی ڕاهێنانــيانە. دواتــر ويشتاســب خــۆیو زانــای هيــندی پێناســاندو سوپاسـی ئـەو خـزمەتە مەزنـەی كـردو زانـای هيــنديش بووبــە يــەك لــە قوتابيــيە بەهــرەمەندەكانی زەردەشــت. پاشــا ڕووی لــە زەردەشــت كــردو گوتــی: مــن پاشــايەكی بەدەسـەڵاتم..داوای شـتێكم لێبكە تـا بۆت دابـين بكـەم. زەردەشـت تێگەيشـت كـە هێشـتاش پاشا بەخۆيدا نەچووەتەوەو هێشتاش بێ ئاگاو لاسارە بۆيــە ئــەمجارەش بــە ڕێگەيــەكی ديكــە نــاخی هـەژاندو گوتـی: مـن پـڕ بـە خانەكانی شەتڕەنج دەنكەگـەنمم دەوێت، خانـەی يەكـەم يـەك دانەو هــی دووەم دوو دانــەو تــا دواهــەمين خانــە بـەوجۆرە بـە دووبەرامـبەری، ئايا پاشا دەتوانـێ بـۆم دابـين بكات؟! پاشا پێكەنیو داواكارييەكەی بەشـتێكی هەرەسادەو لاوەكـیو سـاويلكانە هاتـە بەرچـاو، بـەلام لـەخۆی ڕانەبيـنی بيدركێـنێ. ئەمــری كــرد بەزووتــرين كــات داواكاريــيەكەی زەردەشـت جێـبەجێ بكرێـت. نـزيكەی مانگـێكی پێچوو تـا كليلداری خەزانە هاتە لای پاشاو پێی ڕاگـەياند كـە: نـاتوانين ئـەو هـەموو گەنمـە بـۆ زەردەشــت دابــين بكــەين.. ســەرجەم ســايلۆو عەمـبارەكانمان بەشـی ئـەو بـڕە گەنمـە ناكەن كە زەردەشـت داوای كردووە[٢]! ئەمجارەيان ويشتاسب تێگەيشـت كـە هێشـتاش هەڵـە بـووەو خـۆی بـە گــەورەو دەســەڵاتدار زانــيوە..هێــندەی تــر شـەرمەزاری ئــەو بــێ ئاگايــيەی خــۆی بــوو و ســەرلەنوێ پــەنای بــردەوە بــەر زەردەشــتو ئــەمجارەيان بــە پاڕانــەوە داوای بەخشــينو لێـبوردنی لـێكرد..ئـەو لەئـەنجامی تێڕامانـێكی زۆرو بەخۆداهاتــنەوەی ناخــيدا بــڕوای بــە زەردەشـت هێـناو بـوو بـە يەكـێك لـە موريـدو پەيــڕەوەكانیو يەكــێك لــە شــوێنكەوتووانی ڕاســتیو ئەشــنا..ئاييــنی زەردەشــتيش هــەر لەڕێگـەی ئـەوەوە لەسەرتاسـەری ئـێرانی بەرينی ئــەو ســەردەمەدا پــەرەی ســەندو وەك ديــنی ڕەسمـيی وڵاتو بـناغەی سـەرەكی ژيـان پێناسـە كـراو جـێی خـۆی گـرت. بـەم چەشـنە ئەشـو زەردەشـتی بيرمــەندو پێغەمــبەر نــەك تەنــيا پاشايەك، بەڵكو جيهانـێكی لـە نائومێدیو ڕەش ئەنديشـی ڕزگـار كـردو خسـتيە سـەر شـاڕێی بەخـتەوەريی ڕاسـتەقينەو لەسـەر بـيری چاكو زمــانی چــاكو كــرداری چــاك ڕای هێــناو پەروەردەی كرد.

پەراوێز

١- مەبەست لە هێنانەوەی ئەم باسە بێجگە لە پەیامە فەلسەفیەکەی‌و لایەنە مێژوویيەکەی، ئەوەیە کە بیسەلمێنین شەترەنج لەلایەن کوردەوە داهێنراوەو بەو شێوە فەلسەفیەش یاسامەند کراوە بۆیە مافی خۆمانە بڵێین کورد گەلێ پێش مێژوو خاوەنی فەرهەنگ‌و رۆشنبیری‌و شارستانیەتی درەوشاوەو پێشکەوتوو بووەو دەکرێ بە مامۆستای مرۆڤایەتی ناو ببرێت..وەك لە ژمارە (٤٣٦)ی هەفتەنامەی گولاندا باسم کردووە، زیندووترین فاکتەرمان لەبەردەستدایە بۆ سەلماندنی ئەم راستییە (کوردی بوونی شەترەنج)، ئەویش مانەوەی وشەی (کیش‌و مات)ە لەناو ئەدەبی سەرزارەکیی خەڵکدا کە کورت کراوەتەوەو بۆتە (کش‌و مات)و ئەویش بۆ شوێنێکی وێران‌و چۆڵ‌و هۆڵ‌و بێ جووڵەو بزاوت بەکاردەبرێت، دیارە کش‌و ماتی شەترەنجیش هەمان چۆڵ بوونی خانەی شەترەنجە کە لای پێشینانی ئێمەی کورد واتای مەرگ‌و نەمان‌و وێرانی‌و بێدەنگی‌و خامۆشیی هەتاهەتایی دەگەیەنێت.

٢- أ، زەردەشت مەبەستی لەو داخوازییە سەرسوڕهێنەرە ئەوە بووە بە بەرامبەرەکەی بسەلمێنێ کە بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی خۆی هیچ دەسەلاتێکی نییە یاخود دەسەلاتێکی دیاریکراوی هەیە نەك رەها، واتە هەندێ شت هەیە کە لەدەسەلاتی مرۆڤدا نییەو بەتایبەتی مرۆڤ بەتەنهایی هیچی پێناکرێت. کەواتە با پاشا ئەوەندەش لەخۆبایی نەبێت‌و خۆی بە خاوەنی هەمو شتێك‌و هەموو دەسەلاتێك نەزانێت، بەڵکو باشترە خودی خۆی وەك چۆن هەیە بناسێت‌و پەی بە واقیعی سروشتی خۆی بەرێت.

ب، لەوانەیە خوێنەر سەری سوڕ بمێنێت‌و دژی ئەو لێکدانەوەیەش بوەستێ، بەلام راستیەکەی ئەوەیە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت هیچ کەس لەتوانایدا نییە دابینی ئەو رێژەیە بکات کە داوا کراوە..با باشتر روونی بکەینەوە: شەترەنج ٦٤ خانەی هەیە، بەپێی داخوازییەکە دەبێ لە خوارەوە بۆ سەرەوە بژمێرین‌و بەم جۆرە دەنکەگەنم دابنێین: خانەی یەکەم ١ دەنك، دووەم ٢ دەنك، سێیەم ٦، چوارەم ١٢، پێنجەم ٦٢، شەشەم ٣٧٢ و...تاد، چونکە وەکو گوتمان دووبەرابەری رێژەی پێشوو دەبێتەوە. لە ئەنجامدا دەبینین پێش ئەوەی ئێمە بگەینە خانەکانی کۆتایی، رێژەی دەنکەگەنمەکان گەیشتوونەتە ژمارەیەکی خەیاڵی کە تەنانەت ناشخوێنرێتەوە چ بگاتە دابین کردنی.

# ئاڤێستا
# چی‌یەو خاوەنەکەی کێیە؟

ن: د. گوڵشەنی
و: مەسعود بابایی

ئەگەر لەپیاو یان ژنێکی ئێرانی بپرسین، ئاڤێستا چی‌یە؟ بەکسەر دەڵێ: کتێبی پیرۆز یا ئاسمانی زەردەشت. ئەگەر لەکەسێکی زەردەشتی داوابکەین ئاڤێستامان پیٚنیشان بدا، کتوپڕ نووسراوێکمان دەخاتە بەردەم کە لەسەری نووسراوە "وردە ئاڤێستا" بۆچی وردە؟ مەگەر گەورە ئاڤێستاشمان هەیە؟

رەنگە وەڵامێك نەبیسین. ئەم نووسراوە. ئەگەر کەمێك وردبینەوە، دەبینین کە لەنێوان هەندێ لەدابەکانی پەرستندا، کۆمەڵە نوسینێك بە پارسی کۆن* گونجێنراوە، کە ئاشنا دێنە بەرگوێ. ئایا زەردەشتیش پارسی** دەزانی؟

رەنگە دیسان وەڵامێك نەبیسین. ئەگەر لەکەسێکی شارەزاتر بپرسین، وەڵام دەداتەوە کە وردە ئاڤێستا نوێژگەلی رۆژانەو ئاڤێستا، چەند بەشێکی‌دیکەشی هەیەو یەکێ لەوانە ناوی "گاتاکان"ە و بریتی‌یە لەو سرودانەی زەردەشتو گوتەکانی زەردەشتیش لەبەشەکانی‌دیدا دەدۆزینەوە. کەوابوو بەپێویستی دەزانم کە چۆنیەتی ئاڤێستا رون بێتەوە. ئێستا بە زمانێکی سادەو پاراو باس لەئاڤێستا دەکەین

## پاشماوەیەك لەشیرازەیەکی کولتوری

ئاڤێستا کۆمارێکی کۆنە کە چەند هەزار ساڵ لەمەوپێش، بناغەی زمانێك بەدرێژایی دووهەزار ساڵ، پێکهات. ئەم کۆماری بەهەمان زمانەکە لەو سەردەمەدا زمانی زگماکی پێشینانی ئێمە لەئێران بووە. لەم کۆمارەدا باس لەهەموو شتێ کراوە، دین، نەریتو بۆنە، ئەفسانە، چیرۆك ، مێژوو، جوگرافیا، رۆژمێر، تەندروستی، پزیشکی، داد، بەڕێوەبردنی وڵات، ئاوەدانیو ....هتد. ئاخیوەرانو نوسەرگەلێکی زۆر هەر لەسەرتاوە، باشترین رێگای هێشتنەوەی گوتە پربەهاکانو سپاردنیان بە کۆیاد بوونو ئەمرۆکەش کە چاپو تۆمارکردنی دەنگو شتی لەم چەشنە، ئەم کارانەیان ساناکردووە، کۆمەڵە پسپۆڕێکمان هەن کە هەزاران بەیتیان لەبەرە.

لەبەرئەوەش بوو کە کۆماری ئاڤێستا تا سەردەمێکی دووروودرێژ لە (موبد)ێکەوە بۆ (موبد)یکی‌دیکە دەگوازرایەوەو ئێستاش دەگوازرێتەوە، تاکو لەسەردەمی ئەخمینی‌یەکاندا (٥٥٠-٣٣٠پ.ز) لەدەفتەرێکدا کۆکرایەوەو لەکتێبخانە گەورەکاندا هەڵگیرا. ئەم دەفتەرەو ئەو شتەی لەهەمان سەردەمدا پێیەوە زیادکرا، لەهێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنیدا لەنێوچوو. هەمدیسان لەسەردەمی ئەشکانیاندت (٢٥٠تا ٢٣٤ پ.ز) کۆکردنەوەی لەسەر راوە دەستی پێکردو ئەم کارە تا سەردەمی خوسرەو ئەنوشیروان

پاشای ساسانی، کەم تا زۆر لە ٥٦٠پ.ز کۆتایی پێهات یا دەتوانین بڵێین کە کۆتایی پێهێنرا.

چونکە بەپێشنیاری موبدانی کۆشكو فرمانی خوسرەو هەندێ لەکۆکراوەکانی هەڵبژێردراو هەندێکیان لەنێوبرد، بۆئەوەی بتوانین نامەیەکی یەکسانو هاوشێوەو هاوسەنگ دروست بکەن.

لەبیرمان نەچێ ئەم کارە تەنیا لەلایەن نوشیروانەوە ئەنجام نەدرا، بەڵکو قەیسەری رۆماو هەندێ لەپیاوە ئایینیەکان لەسەردەمە جیاجیاکانداو بەمەبەستی جۆراوجۆر ئەم کارەیان کردووەو سەیریش لەوەدایە ئیستاشی لەگەڵدابێ، ئەیکەن.

هەرچۆنێك بێ، ئەم کۆمکاریلا ئەشکانیو ساسانی ماوەتەوە، لە بیستو یەك دەفتەردا کە پورێك لەو دەفتەرانە پێی دەوترا "نەسك"، قەبارەیەکی گەورەی پێکهێنا.

بەڵێ، وشەی "نوسخە"ی عەرەبی لە "نەسك"وەوە وەرگیراوە. ئەم بیستویەك نەسکە نێوەرۆکیان چ بوو؟ لەنووسراوی پەهلەوی "دینکرد" دەزانین کە شاپوری یەکەم "ئەو شتەی لەمەڕ پزیشکی ئەستێرەناسی، بزوتنەوە، فرمان، شوێن، گەوهەر، خولقاندن، نەبوون، گۆڕان، لەخۆبایی‌بوون، هونەرەکانو ئامرازەکانی‌دیکە کە لەهیندو رۆمو ولاتانی‌تر بلاوببوەوە، کۆکردەوەو لەگەڵ ئاڤێستا رێکیخستنو فەرمانیدا تا نوسخەیەکی دروست لەو (کۆکراوەیە) لە "گەنج شپیگان" (ناوی کتێبخانە) بیپارێزنو لێیبکۆڵنەوە تا هەموو بەشەکانی لەگەڵ دینی مەزدیەسنا هاوئاهەنگ بکەن"و "نوشیروانیش کاتێك کارەکەی کۆتایی پێهات بەسەرکەتنەوە گوتی: "راستی دینی مەزدیەسنا زانرا"و "ئێمە لە ئاڤێستا بەزمانی تایبەتیو پاك لەنووسینە پاراو لەیادگاریە بونیادیو لەزمانی خەڵك هیندە قسەو زانیاریمان پێیە بۆ گوتن کە دەتوانین بڵێین هەموو زانیارییەکانی بونیادی ئایینی مەزدیەسنامان وەدەست هێناوە" (دینکرد بەرگی چوارەم، ل٥٧٧).

### * زەندو پازەند

ئەمە بەو مانایە نیە بڵێین، ساسانیان لەئاڤێستا بیستویەك دەفتەری گەورەیان دروستکردو بەس، کارێك کە ئەوان کردیان بریتیبوو لەوە کە قسە فرەچەشنەکانی ئاڤێستاییان بەسەر سێ بەشدا، دابەشکرد. هەر بەشێ: خاوەنی حەوت نەسك بوو. بەشی یەکەمیان ناونا "گاهانیك" یا گاتهایی. دەفتەری یەکەم سروودەکانی زەردەشتو ئەو شتەی

هەندێ لە هاوڕێ نزیکەکانی ئەو هۆنیبوویانەوە یا گوتبوویان دەگرتە خۆیو شەش دەفتەرەکەی دیکەش ڕاپۆرتو ڕاڤەی دەفتەری یەکەم بوون. ئەم بەشە بەشی ئایینی ئاڤێستا بوو. پشکی دووەم بەناوی ((دادیك)) بۆدادو دادوەری تەرخان کرابوو بوارەکانی فەرمانرەوایی، ولاَت بەڕێوەبردنو زانستەکانو دابو نەریتەکانی رۆژگاری دەگرتە خۆ. بەشی سێیەم ((هەدامانتریك)) یا ((پەیوەستی قسەپاکەکانی هزر بزوێن)) بوو، کە پاشماوەی کارەدینی، ئەستێرەناسی، کۆمەڵایەتیو ڕامیاری

لەودا ڕێکخرابوون. بەڵام ئەوشتەی ئەم بیستو یەك نەسکەی گرنگو گەورە کردبوو، دەقی ئاڤێستایی نەبوو بەڵکو ڕاپۆرت یا ((زەند))بوو کە ئەویش ڕاپۆرتێك لەسەر ڕاپۆرتێکی‌تر بەناوی ((پازەند))-وەکو پاشکۆیەك- پێیەوە زیادکرابو. پازەند کۆمەڵە پاشکۆیەکە لە زانستەکانو دابو نەریتەکانی سەردەم پێکهاتبوو، کە یا لەئێرانیەکانەوە وەرگیرابوون یا لە هیندو چینو ڕۆم...هتد.

زەندو پازەند بەزمانی ڕۆژانەو ئاسایی (خەڵك) نووسرابوو، کە ئێستا پێی دەوترێ((پەهلەوی)). نووسراوەکانی پەهلەوی زیاتر چەشنی وەرگێڕانو ڕاپۆرتی ئاڤێستا بەدەستمان گەیشتوون.

ئەوەشمان لەبیر نەچێ کەزمانی پەهلەوی کە ناوەزانستییەکەی ((پارس نێوەڕاست))ە، لەزمانی ئاڤێستا دوورترەو لە فارسی ئەمڕۆ نزیکترە.

**ناوی ئاڤێستا**

ڕەنگە لەهەمان سەردەمێك یا کەمێك پێشتر، لەسەردەمی ئەشکانیان دا ناوی ((ئاڤێستا)) یان لەسەر ئەم کۆمکارە تۆمارکردبوو، چونکە لەوکاتەوە (تا ئێستا)ئیدی بەزمانی خەڵك نەبوو و دەتوانین بڵێین زمانێکی مردوو بوو. گەلانی ئێران بەشێوەزمانی جۆراوجۆر کە دەتوانین تا ڕادەیەك بە درێژەی ئاڤێستا بیاندەینە قەڵەم، دەدوان. تەنیا پیاوە ئایینییەکان کەمێك لەگەڵ زمانی ئاڤێستا ئاشنایەتییان هەبوو و بەیارمەتی زەندو پازەندیش هەم تێدەگەیشتنو هەم خەڵکیشیان تێدەگەیاند.

واتای ((ئاڤێستا)) لە ((ئا)) کە پێشگری ناکردنەو ((ئاڤێستا)) واتای زانراو، ((نەزانراو، شاراوە، ڕازو نهێنیو ڕەمز' دەگەیەنێ. بە دەربڕینی‌تر، ئاڤێستا بەواتای زانستی دەروونیو ((نهێنییە خواییەکان))ەو بەهۆی زەندی پەهلەویەوە بوو کە ڕوونو ئاشکرابووە، هەر ئەم ((زەندو ئاڤێستا))یەبووە کە کلیلی ((دۆزینەوەی نهێنییەکان))و ((دۆزینەوەی ڕەمزەکان))ی قورئانی داوەتەدەست ڕاڤەکارە موسوڵمانەکانو بازاری ڕاڤەی بەجۆرێك ڕازاندۆتەوە کە بۆ هەمووان ڕوونو ئاشکرایە.

ئاڤێستایەك کە لەپاش هێرشو تاڵانی عەرەبەکان ماوەتەوە، زۆر کەمترە لەوشتەی کە لەسەردەمی ساسانییەکاندا هەبووە. دەتوانین بڵێین کە تەنیا سێیەکی بیستو یەك نەسکەکە ماوەتەوە، کە ئەویش بەشێوەیەکی پەرتەوازەو شێواو، لەبەردەستدایە.

ئەوشتەی کە ماوەتەوە زیاتر قەرزباری ((دینی چاك))و ئاینی زەردەشتییە، چونکە پارێزەرو زێرەڤانی ڕاستەڤینەی ئەم بەشە لە کۆمکاری ئاڤێستا موبدەکان بوونو ئەوانیش لە ڕۆژگاری ژێردەستەییو ملکەچیدا، هەرشتێکیان کە لەبیربوو لەسەر نووسراوی پەرتەوازەو بەنیوەچڵی هێشتەوەو پشتاوپشت تا ئەم سەردەمە هێنایانو بەخۆشییەوە هونەری چاپو میتۆدی توێژینەوە لە لەنێوچوون دەربازی کردنو ئەمە شاکارێکە کە موبدەکان ئەنجامیان داوە.

**چ لەنێوچووە؟!**

ئاشکرایە کە موبدەکان گوتە دینییەکانیان پێشتر پاراستبوو و کەمتر سەرنجیان دابوویە

بوارەکانی پیشەی ڕۆژانە. لەو شتەی کەماوەتەوەو پارێزراوە، لەبەرئەوەی لەبەردەستی پیاوە ئاینییەکاندا بووەو لەبەرئەوەی ئەم پاشماوەیە لەداب و نەریتە دینییەکان خوێنراوەتەوە، هەموو خەڵك، بەتایبەتی، موبدەکان بەبێ ئەوەی بەدروستی بزانن چ دەڵێن، هەمووی بەبێ ئەملاو ئەولا، بە قسەی ((ئاسمانی))و زەردەشت دەزانیو هێشتاش زۆرکەس لەسەر ئەم باوەڕەن.

بەڵام هەروەك دەزانین تەنیا بەشێکی بچووك بۆ زەردەشتو هاوڕێکانی دەگەڕێتەوەو جگەلەمە هەر شتێکیتر گەر هەبێ، هی خەڵکیترە. هەندێ لەم کەسانە لەپڕشنگی پەیامی زەردەشت ڕووناکیان وەرگرتووەو گوتەگەلی پاراوو بەنرخیان بەجێ هێشتووەو هەندێکیتر گوتەو هەڵبەستراوەکانی خۆیان بەناوی زەردەشتەوە برەو پێداوەو هەندێکیش بەڕاستی کولتووری ئێرانیان بەجوانی گواستۆتەوە(!!!)

کەوابوو جگە لە گاتەکانو گوتەکانی زەردەشت، پاشماوەی ئاڤێستا یا بۆ دینی چاك ((بهی))وە پەیوەستنو یا بۆ ئەو گوتانەی ئێرانی کۆن دەگەڕێتەوە.

ڕەنگە ئەم پرسیارە بێتەگۆڕێ چ شتێك لەبارەی ئەو بەشانەی ئاڤێستا کە بزر بوونو بەزمانی پەهلەوین، دەزانین؟

تەنیا وەڵامێکی گونجاو کە دەکرێ بدرێتەوە ئەوەیە کە زانایانی ئێرانی، واتە ئەو موبدانەی کە موسوڵمانێتییان قبوڵنەکردو لەسەر ئایینی خۆیان مانەوە، ئەو شتەی کە پەیوەست بوو بەدینو ڕێبازی خۆیان پاراستو بەڵام زانایانی دی، چ ئەوانەی کەدینی تازەیان پەسەند کردو چ ئەوانەی پەسەندیان نەکرد، هەرکامەیان زانستەکانی پزیشکی، فەلسەفە، مێژوو، جوگرافیا، ئەستێرەناسیو ...هتد کە بەزمانی فەرمی ڕۆژبوو، سەرەتا بەعەرەبیو پاشان وەرگێڕدرایە سەر فارسیو ئێستا بەشێکی گەورەی (ئەو زانستە وەرگێردراوانە)مان بەعەرەبیو فارسی لەبەردەستدایە.

کەوابو دەتوانین بڵێین شتێکی زۆر پڕ بەها (بەخۆشیەوە) لەدەست نەچوو و گەشەکردنی کولتووری ئێرانیو هونەرەکەی لەسەردەمی ئیسلامیدا بۆ ئەم هۆیە دەگەڕێتەوە.

موبدەکان پوختەی ئاڤێستایان پاراستو زانایان زانستە بەنرخەکانیان گەشاندەوە.

وەك ئاشکرایە ئاڤێستایەك کە لەپاش هێرشی عەرەبەکانو ڕووخانی ساسانیەکانو بلاوبوونەوەی ئیسلام شیرازەی خۆی لەدەستدا، لەسەردەمی دەسەڵاتی عەباسییەکانو بوژانەوەی ئێرانیەکاندا، لەهەزارو....ساڵ لەوەوپێش، شیرازەی تازە بەڵام کەمێك شێواوی بەخۆیەوە گرتو ئەمەش دابەش دەکرێتە سەر پێنج بەش:

١- ((یەسەن)) یا ((یەسنا)) بەواتا ((پەسنی کرد))ە، چەند داب و نەریتێکی پەرستن وەکو: ستایشی خوڵقێنەرو خوڵقێنراوانو خواوەندان دەگرێتەوە کە سەردەمانێك وەکو خواوەندگەلێکی گریمانیی ئێرانیەکانی پێش زەردەشت ڕێزیان لێ دەگیرا.

ژمارەی ئەم دابی پەرستانە ٧٢ پارچەیە کە هەرکامەیان ((هات))ی پێ دەگووترا، کەمانای

((پارچە)) دەدا بەدەستەوە. حەڤدە سرودەکەی زەردەشتو یازدە پارچەکەیتری هاوڕێکانی زەردەشت، لەسەردەمی ساسانیەکان بەنەسکی ژمارەیەكو بەناوی ((ستوت یەسن)) ناودێرکرابو ئێستا لە نیویەسندا گونجێنراون. لەبەرامبەر ستوت یەسن کە کۆی گوتە پاراوو پڕنیوەڕۆکەکانو دڵڕفێنو هزربزوێنەکان لەودان، پارچەکانی دیکەی یەسن، جگە لە شتێك کە لە پەسنی ئاوو ئاگرو مردوانە، زۆربەی دابەکانی پەرستن یەکسانو دووبارەنو لەبەرابەر ستوت یەسن دا، لاوازیەکی بەرچاویان تێدایە. یسن بەگشتی ٢٤٠٠٠ وشەی هەیە.

٢- ویسپەرد: بەواتای ((هەموو جێژنەکان))ەو پەیوەستە بەشەش جێژنەکەی ساڵ بەناوی ((گاهانبار)). ئەم جێژنانە لە ڕۆژانی حەسانەوەو پشوی کورت کە لەنێوان شەش مانگی کشتوکاڵو ئاژەڵداری دێنە پێشەوە، بەڕێوەدەچن. خەڵکیش لەو ڕۆژانە نوێژدەکەنو دەپاڕێنەوە. هەر جەژنێك پێنج ڕۆژە. لەهەر کام لەو ڕۆژانەدا دەبێ گاتاکان بخوێنیەوەو بیگێڕیەوە لێی تێ بگەی. پاشان خەریکی میوانداریو پێشوازی کردن(لەخەڵك) ببی.

دەبێ ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە گاتاکان بەزمانی پەهلەوی ((گاهان))ی پێ دەوترێ. کە گاهانبار بەواتای ((شێوەو کاتی گاتا خوێندنەوە))یە. ئەو کەسەی کە دەڵێ گاهانبار بەمانای گاه + ئەنبارەو واتای چاك کردنی فەرمانو ئەنبار دەدا بەدەستەوە، شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەزمانناسیدا نییەو ئاگاداری کاتی کشتوکاڵو پڕکردنی ئەنبار نینو هەروەها بەو شێوەیەی کە پێویستە ئاگاداری ویسپەرد نین. گاهانبار لەبەرزترین جێژنەکانی ئێرانیە زەردەشتییەکان ئەژمار دەکرێتو لەتەك پەیامی ئاسمانیو سروشتی زەردەشتی یەکدەگرنەوەو لەگەڵ سەردەمو وەرزو ئاسمانو سروشتدا سازگارن.

ویسپەرد ٢٤ فەرگەرد یا پشکی هەیەو ٤٠٠٠ وشەیە.

٣- یەشت: بەواتای ((پەسنکراو))ەو بەو سرودوگوتانە دەوترێ کە زۆربەیان چامەی قارەمانێتیو پەخشانی سەرودارنو بۆ ستایشی خواوەندان تەرخان کراون.

دەبێ بڵێین کە زەردەشت هەموو خواوەندە کۆنە ئاریەکانی بەلاوەناو تەنیا ئاینی تاکپەرستی (خوای تاك) برەو پێدا. بەلاَم چەندین سەدە پاش زەردەشت پیاوە ئایینیە کۆنە پارێزەکان ڕێگەیان بۆ گەڕاندنەوەی هەندێ لە خواوەندە دڵخوازەکانی خۆیان خۆش کردو ئەوان سەرەتا ژمارەیەك لە سیفەتە خواییو ناوەکانی ئایینی زەردەشتییان- کە زۆربەیان ناویمەعنەوی بوون- لەگەڵ خواوەندە هەڵبژاردەکانی خۆیان تێکەڵ کردو ناوی ((خواوەندان)) یا ((پەسنکراوەکان)) یان لێ نان. خواوەندان لە بازنەی فریشتەکانو فەرمانبەرانی خوا دەهاتنە ئەژمار.

ئەم پیاوە ئایینیانە لە ستایشی هەر کامەیاندا سروودگەلێکیان هۆنیەوە یا سرووده کۆنەکانیان نۆژەن کردەوەو لەگەڵ ڕێساکانی تاکپەرستی زەردەشتی بەشێوەیەك لە شێوەکان تێهەڵکێشیان کردن.

وادیاره كه لەسەردەمی ئەخمینییەکان تا دەگاتە سەردەمی ساسانیەکان یەشتها، سروودگەلی قارەمانێتی ئایینی بوون بۆ جەنگاوەرە ئێرانییەکانو لەبەردەم ئەم هۆیەش لە نەسکە حەوتەوانەكانی ((دادیك))دا كە تایبەت بوو بە فەرمانڕەواكان، تۆماركرابون بەلاَم چوارچێوەیەكی تازە كە موبدەكان لەسەردەمی ئیسلام دا بۆ ئاڤێستا- كە لەوكاتدا بچووك ببووەوە- دایانڕشتبوو و زۆر هەوڵی پاراستنییان دابوو، بووە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی زیاتر لە جاران بیخوێننەوە، چونكە دەترسان ئەگەرهاتوو بۆنەی كتێب سوتاندن (***) بەرپابوو، بتوانن دیسانەوە بینوسنەوە، بۆیە لەبەریان دەكرد.

ئەم كارە ئەوانی بەناوبانگ كردو وای كرد خەڵك لەكاتی خوێندنەوەی ئاڤێستادا زیاتر یەشتها بخوێننەوەو بە هێزی وزەبەخشی سایكۆلۆژیك لەقەڵەمی بدەن. پێویستە ئەوەش بڵێین كە بەشە قارەمانێتییەكانی یەشتها لەڕوانگەی دواندەریو ئەنترۆپۆلۆژییەوە بایەخی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەلاَم ئەو بەشانەی یەشتها كە نیوەڕۆكی قارەمانێتییان نییەو لەستایشی ئەهورامەزداو سیفەتەكانی گوتراون، بۆ خەڵكی ئاسایی هۆنراوەتەوە.

ئەم بەشانە بەكەڵكی نزاگۆی دێنو دەورێكی باشیان هەیە بۆئەوەی چەشنی گاتاكان جۆشو خرۆش بخەنە نێو خەڵكەوە.

یەشتها كەم تا زۆر ٣٥٠٠٠ وشەیە.

٤- وەندیداد یا ((وی دێئۆت دات)) بەواتای ((فرمانگەی دژی دێوان))ەو باس لەخۆ دوورخستنەوە لە ئاژەڵی تۆپیو و پاكو خاوێنی دەكات. ئەمەش پاشماوەیەكە لەسەردەمانێكی زۆر كۆنو بەر لە زەردەشت بەجێ ماوەو سەیریش لەوەدایە بۆ خەڵكی ڕەسەنی بەر لە ئارییەكان دەگەڕێتەوەو بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ دینی ((بهی))دا یەكناگرێتەوە ناشتوانین بەڕێوەشیان ببەین.

جگە لە تەندروستیو دووركەوتنەوە لە پیسیو چەپەڵی، وەندیداد چەند پارچەیەكی لەبارەیەكی دادگای پزیشكی(!!)، گیانەوەرناسی، ئەفسانە، مێژووو جوگرافیا هەیە، كەلەجێی خۆیدا بایەخیان هەیە.

وەندیداد خاونی ٢٢ فەرگەردو ١٩٠٠٠ وشەیەو پاش ستوت یسن، تەنیا نەسكێكە كە ڕەسەنایەتی خۆی پاراستووە.

٥- هیربۆدستانو پیلانستان: لەمەڕ چۆنیەتی بوون بە هیربۆدو موبدو نوێژكردنو دابو نەریتەكانی دیكەیە. لەم نووسراوە وادەردەكەوێ كە تەنیا گاتا خوێندنەوە نوێژی ڕۆژانەی خەڵكی ئەو سەردەمە بووەو تا ئەوكاتەش، موبدایەتی پیشەی تاقمێكی تایبەتیو دەسەلاَتدار نەبو. لەپاش پشێوییەكانی ڕۆژگار هیربۆدستانو پیلانستان كەمێك كەم بۆتەوەو قەبارەی جارانی نەماوەو ئێستا ١٧ بەشو ٧٧٠٠ وشەیە.ئەم بەشەش لەڕوی ڕوانگەی موبدیو بەڕێوەبردنی دابو نەریتەكانەوە بایەخی تایبەت بەخۆی هەیە.

٦- پەرەگرافی جۆراوجۆرو برگەی كورتو درێژ كە هەندێكیان بەبێ دەسكاری ماونەتەوەو هەندێكیشیان زیانیان بەركەوتووەو ٤٩٠٠ وشەن.

ئێستا دەگەینە وردە ئاڤێستا. هەڵبژاردەیەکە لەداب‌و نەریتەکانی پەرەستن‌و هۆنینەوەو کۆی گوتەکانی چواربەشی پێشوو نووسینەکانی دیکە دەگرێتەخۆ. وردە ئاڤێستا دەفتەرێکی جیا نییەو شتێکی سەربەخۆ نییە.

گوڵبژێرێکە بۆ ئاسانکاری نوێژەکانی ڕۆژانە، مانگانە، وسالآنەو بۆخەڵکی ئاسایی تەرخان کراوە. ئەم گوڵبژێرە جگە لە چەند بەرگێك، باس لە سروودەکانی زەردەشت ناکا.

لەوردە ئاڤێستادا چوارچێویەکی تازە بەدی دەکەین، چونکە لەودا ئاسەوارێك لەنووسینەکانی پەهلەوی سەدەکانی نۆیەم‌و دەیەمی زاینی نابینرێ. هەروەها تایبەتمەندیەکی ئەوتۆشی نیەو قەبارەیەکی زۆریشی نییە، چەند نوسخەیەکیشی هەیەو نوسخەکانیش هێندە لەیەك جیان کەزۆرجار ناناسرێنەوە. لەچاپەکانی وردە ئاڤێستادا لە ٩ شێوە داب‌و نەریتی پەرەستن بگرە تا ٨٣ داب‌و نەریتی پەرەستن دیتراوە.

ئەو وردە ئاڤێستاییی‌یانەی کە لە ئێران چاپ کراون هەریەکەیان ١٥ تا ٧٠ داب‌و نەریتی پەرەستنی تێدایەو ڕیزبەندی هەرکامێکیان لەگەڵ ئەوی پاش خۆی، یەکناگرێتەوە. وردە ئاڤێستا تەنیا نووسینێکی زەردەشتی‌گەریە کە ئێستاشی لەگەڵدابێ، هێشتا قەبارەی خۆی‌و فۆرمی ستاندەری خۆی پەیدانەکردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا هێندە جێی پەسەند بووە موبدان نازناوی ((نوێژە شیاوەکان))یان داوەتە پاڵی‌و خەڵکی ئاساییش پێیان وایە ئاڤێستا تەنیا بریتییە لە وردە ئاڤێستا.

سەیر لەوەدایە کە لە هەموو باڵە زەردەشتییەکدا وردە ئاڤێستا هەیەو هەمووشی هۆگرو خوێنەری خۆی هەیە، سەیریش ئەوەیە کە تەمەنی خوێنەران تەمەنێکی دیاریکراو نییە. نوسخەکانی وردە ئاڤێستا لە ٦٠٠٠ وشەوە بگرە تا ٢٠٠٠٠ وشەیان تێدایە.

لەکۆتاییدا دەڵێین کە وشەکانی ئەو ئاڤێستایەی کە ئێستا لەبەر دەستدایە ٩٨٠٠٠ وشەیە کە دەتوانی لەدووتوێی ٥٠٠ لاپەڕەدا چاپیان بکەی.

سرودەکانی زەردەشت

ئەوشتەی کە لەنێو ئەو هەموو ڕووداوە لەناوبەرە سەیرەدا، بەبێ کەم‌و کوڕی ماوەتەوە زمانی زگماکی زەرەشتەو لەبەشەکانی دیکەی ئاڤێستا جیایە، گاتاکان یا سرودە پاکەکانی ئەو مێرخاسەیە.

زەردەشت لە پێنج ئاوازو لەحەڤدە ژمارەی وشەکانی کەمتر لە ٥٦٠٠٠، دەریایەك لە ڕێنوێنی لە گۆزەیەکی جواندا جێ کردۆتەوەو لەم زایەڵە خۆشانەدا لەخۆناسییەوە بگرە تا خواناسی‌و تاکانەپەرستی، ڕاست‌و دروستی، بیری‌چاکە، گوتەی چاك، کرداری چاك، ئازادی، ئازادی بوون، ئاشتی، هێمنی، لەسەرخۆبوون، شادی، بەرابەری، یارمەتی، هاوکاری، هاودەردی، یەکگرتوویی، پێشڕەوی، نوێخوازی، نوێکردنەوە، پاراوی، نەمری‌و خوا شێوەبوون (یان بوون بەخوا) لەڕێگەی خۆشەویستی‌و هاوڕێیەتی‌و ئەڤینداربوون لە ماڵ، بنەماڵە، شار، وڵات‌و جیهانی خوڵقێنراودا دواوەو ڕێگەی باشی نیشان داوە.

پەیامێکی نەمرەو گیانێکی تازە دەکاتەبەر خەڵك‌و نەمریان دەکا.

گاتاکان دیوانێکی بچووکە کە خاوەنەکەی هۆزانڤانێکی بەرزە کە چاکەو خراپەو دواجار هەردووکی لێك جیاکردۆتەوەو بەلاّم مەبەستی بکەو مەکە نەبووە، چونکە کۆمەڵ‌و کۆمەڵگەی مرۆڤ پابەندی ئەم ڕێسایانە دەکاو لەپێشکەوتن دووری دەخاتەوە، ڕێساکەی چ بکەین‌و چ نەکەینە کە هەر چ شتێ بن‌و لەلایەك هەرکەسێکەوە بن، پاش ماوەیەك کاڵ دەبنەوەو دەروەستە بێچارەکانیش کەبت دەکەن.

لەدیوانەکەی زەردەشتدا جگە لە دڵگەرمی‌و دڵخۆشکردن بە پێشکەوتن‌و نوێسازی‌و شادی ڕاستەقینە لە شادی بەخشین بەکەسانی دیکەو گەیشتن بەخوای گیان‌و ئاوەز پێشنیاری دیکەی تێدا نابینرێ‌و بۆ کەسانێك کە دەیانەوێ بەردەوام لەم جیهانەدا بۆ پێشەوە بچن،........

دوا گوتە

لەکۆتاییدا زۆر بەکورتی دەڵێین کە ئاڤێستا کۆمکارێکە لە کولتووری ئێرانی کۆن‌و بەکۆنترین زمانی ئاریایی نوسراوە کە لەپاش چەند ڕوداوێکی تاڵ‌و ناخۆش پێشتر لەناوچووەو تەنیا سێیەکی ئەو شتەی کە لەسەردەمی ساسانیەکاندا ڕێکخرابوو، بەجێ ماوە.

بێژەران‌و هۆزانڤانانی ئەم کۆمکارە کە لەبوارە فرەچەشنەکانی باوەڕەکان، زانراوەکان، گوتەکان، بیسراوەکان، داب‌و نەریتەکان‌و میتۆدەکاندا هەوڵیان داوە، جگە لەیەك کەس، هەموویان نەناسراون. ئەو کەسەش کە سێ نیە لە زەردەشت ئەسپنتمان، بناغە دانەری دینی ((بهی)) زەردەشتی‌و لەو کەسەش تەنیا حەڤدە سرودمان هەیە کە ناویان گاتاکانە کە ڕێ ڕوون کەرەوەی بنەڕەتی دینی زەردەشتییەو جگە لەمەش، هەرقسەیەکی دیکە کە (قسەی) زەردەشت بێ لەبەردەستدانییە، چونکە ئەو قسەکانی بەشێوەیەکی هێندە ((پاراو و ئاشکرا)) کردووە کە پێویستی بە پاشکۆیەکی بێهودە نییە.

تێبینی وەرگێڕ:

(⋆) ئەمە ڕای نووسەرەو ئێمە وەکو کورد ڕەنگە بڕوامان بەم بۆچوونە نەبێ.

(⋆⋆) ئەم قسەیە قسەیەکی زانستی نییە، چونکە زەردەشت تەنیا دەزانین ئێرانییەو ڕەگەزی ئارییە، بەلاّم لەڕووی نەتەوە نەزانراوە سەربەچ نەتەوەیەکە، بەلاّم هەر نەتەوەیەکی ئاری حەزدەکا زەردەشت بۆخۆی مۆنۆپۆڵ بکاو خۆی بۆ مێژووی زەردەشت بگەڕێنێتەوە، ئەمەش دەتوانین بڵێین هەستە، نەك زانست گەرایی.

(⋆⋆⋆) مەبەست هێرشی عەرەبەکانە کە بەهێرشی کتێب سوتاندن ناسراوە، بۆ ئێران لەسەردەمی ساسانیەکاندا.

# زەردەشتو ئاڤێستا

سەنگەر رەمزی زراری

هەر لەکۆنەوە کورد ئاشنایەتی لەگەڵ باوەڕو ئایدیۆلۆژیا جیاجیاکانو ڕێبازیئایینەکان هەبووە، هەروەکو توێژەرانی ئەم بوارە دەڵێن جگە لەمەسیحییەت (ڕێژەیەکی زۆر کەمی کورد بوونەتە مەسیحی) ئایینو ڕێبازەکانی تری وەکو جولەکەو زەردەشتیو ڕێچکەکانی وەکو ئێزیدیو کاکەییو سەرپشکی خۆیان لە کورد هەڵگرتووە، لەسەردەمی ئێستاشدا کورد بە شێوەیەکی زۆر بەتین تێکەڵاوی ئایینی ئیسلام بووە، ئەوە جگە لەوەی کەوا ڕێبازو بیرە ڕۆژئاواییەکان لێرەو لەوێ بەناخی هەندێ لە تاکەکانی ئەم گەلە چۆتە خوارەوەو کاریگەری خۆی هەبووە، ئەوەی گەرەکمانە لێرە بیخەینەڕوو سەرە قەڵەمێکە لە (زەردەشتو ئاڤێستا) کە لە کۆندا بەفەرمی بە ئایینی کوردان ناسراوە.

(هیندۆ-ئەوروپی)یەکان لە باشووری دەشتی سێبریا لەنێوان گۆمی ئارلو ڕووباری داتوب سەریان هەڵدا پاشان بەدەوروبەری خۆیاندا بڵاوبوونەتەوەو هەندێکیان بەرەو زنجیرە چیای زاگرۆس هاتنو لەدەوروبەری دەریاچەی ورمێ لەگەڵ (میتانی)یەکانی دانیشتوانی ئەو ناوچانەیەو تێکەڵاوبوون هەندێکیان ڕوویان کردە ناوچەی میسۆپۆتامیاو لەگەڵ (هوری)ەکانی دانیشتووی ڕەسەنی ئەو ناوچەیە تێکەڵاوبوون، لەئەنجامی ئەم کۆچڕەویەدا کۆمەڵە مرۆڤێکیتر پەیدابوون ئەوانیش کۆمەڵە مرۆڤی (ئاریان-قاچ) یان پێ دەگوترێت، ئەم کۆچڕەویە لەهەزارەی چوارەمی (پ.ز) تا هەزارەی دووەمی (پ.ز) بەردەوام بوو، لەهەزارەی دووەمی (پ.ز) هۆزی (ئاریان-قاچ) لەهۆزەکانی تری هیندۆ-ئەوروپی جیابوونەتەوە، پاشان لەنێو ئەم هۆزەدا هەردوو کۆمەڵەی پارسو مادی بەدیارکەوتن کە کوردیش لەماددەکانەوە پەیدابووەو ئەوانیش حەوت هۆزبوون (پارتاسن- بوزیابووس- ئاسترۆشان- ئاریزانت= بودی- دیلام هەروەها ماژ، ماگ، ماگوش) کە عەرەبەکان (مەجووس)یان پێ دەگوتن هوریو میتاتیەکان بەو پێیەی پێش پارسو مادده کۆچەرییەکان نیشتەجێ بووبوون بۆیە پێشکەوتووتر بوون کە دیاردە سروشتییە بەختهێنەرو ترسێنەرەکانیان دەپەرست، هەرچی ماددو پارسەکانەو ئەوا چەندین دیاردەی سروشتیان بەناوی جۆراوجۆر دەپەرست لەوانە ڕۆژ (هیتر)، مانگ (مانو)، ئاوا (ئاپەم)، زەمین (زەم)، ئاگر (ئاتار) هەروەها خودایەك بەناوی (ئاتا هیتا)، ئەم تێکەڵیەی بیروباوەڕی هۆریو میتانی لەلایەكو ماد پارس لەلایەکیتر تاسەردەمی هاتنی زەردەشت درێژەی هەبوو.

**زەردەشت کێیە؟**

زەردەشت پەیامبەر یان پێشڕەوێکی دیاری بواری ئایینی بووە ناوی بەچەند جۆرێك بەگوێرەی نووسین لەزمانە جیاجیاکاندا هاتووە (زەراتوشترا، زەرتەشتر، زوراوسترا) کەناوێکی باوە

لە ئەوروپا، لە کتێبە فارسو پەهلەویەکاندا بە (زەراتەشت) هاتووەو لای عەرەب بە (زرادشت)و لای کوردیش بەزەردەش نێو براوە، هەروەها بە (سیعار)یش ناوی هاتووە.

زەردەشت کوڕی (پورشەسپ) کوڕی (پیرسب)ی کوڕی (کیدا)ی کوڕی (ئاریاک)ی کوڕی (ئاگەند)ی کوڕی (ئاگیر)ی کوڕی (ماهیر)ی کوڕی (هەرزیان)ی کوڕی (ئەبستهان)ەو دایکی ناوی دۆتووڤا (دۆتهۆڤا)یە واتە بێریڤان. زەردەشت واتە(خاوەنی وشتری زێڕینو ناوی باوکی کە (پوورشەسب)ە واتە ٠خاوەنی ئەسپی بۆز)، زەردەشت لەساڵی (٦٦٠ پ.ز) لەورمێ لەدایك بووەو لەمنداڵیدا چەند شتێکی سەرسوڕهێنەری لێ بەدی کراوە لەوانە لەکاتی لەدایك بوونیدا لەجیاتی گریان پێکەنیوە، جگەلەوەی دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردۆتەوە، لەبەرئەوە زۆر جادوگەرانی ئەو سەردەمە هەوڵی کوشتنیانداوە، زەردەشت لەماوەی بەراییدا زانستو زانیاری لای زانایانی ئاری پێش خۆی فێربووەو زانیاری لەکاری پزیشکیدا پەیدا کردووە، لەتەمەنی بیست ساڵیدا (هەندێك دەڵێن لەتەمەنی ٣٠ ساڵیدا) وڵاتی خۆی بەجێ هێشتووە بۆ ماوەی دە ساڵی لە چیای سابلان بەتەنیا بووە دواتر گەڕاوەتەوە وڵاتی خۆیو بەرهەڵستیەکی زۆرکراوە بۆیە بەناچاری ڕوو دەکاتە خۆراسانو لەو پێشتر بۆناوچەی (بەلغ)ی سەر سنووری ئێرانو ئەفغانستانی ئێستا، توانی خۆی بگەیەنێتە سەرداری ناوچەکە کە ناوی(کوشتاسپ)ەو چیرۆکی خۆی بۆ بگێڕێتەوەو بیرو باوەڕی خۆی بۆ شرۆڤەو بەزیرەکیو دانایی خۆی توانی بیهێنێتە سەر بیرو باوەڕی خۆی، هاوکات خێزانی کوشتاسبیش کە ناوی (کتایۆن) بوو باوەڕی هێناو، (جاماسب)ی وەزیریش یارمەتیەکی زۆریدا بۆ بلاوکردنەوەی ئایینەکەیو (هۆوی-ئاهۆ)ی برازایدا بە زەردەشت.ئەمیش (بەرجیس)ی کچی خۆی دابەو بەم شێوەیە ئایینی زەردەشتی لەتەواوی وڵاتی ماددا پەرەی سەندو بلاوبووەوە، لەساڵی ٥٨٣ (پ.ز) لە کاتی هێرشێکی تۆرانییە تورکەکان بۆسەر ناوچەی بەلخ، زەردەشت لە تەمەنی (٧٧) ساڵیدا دەکوژرێت.

زەردەشت لەژیانیدا سێ ژنی هێناوە لە یەکێکیان کوڕێكو سێ کچی هەبوو. لەیەکێکی تریان دووکوڕی هەبووە، کە ناویان (ئێزەت قاشترە)و (ئورڤەت نەرە)و (خورشید جارە) بوو، بۆماوەی (٣٥) ساڵ ڕێنوێنیو پەیامبەرێتی کردووەو هەمیشە خەڵکی هانداوە بۆ نوێخوازیو دوورکەوتنەوە لە کۆنەپەرستیو هانیداون بۆ نیشتەجێبوونو دوورکەوتنەوە لە کۆچەرەو کە ئەوکاتە باوبوو، ئایینی زەردەشتی بەناوچەکانی ئێرانو ئاسیای بچووكو هیندا بلاوبووەوە، تاهاتنی ئایینی ئیسلامیش لەنێو کوردانا زۆر باوبوو، تائێستاش پەیڕەوانی ئەم ئایینە لەوڵاتی هیندستاندا ماونو ساڵانە لە(٣٠)ی مایسدا بە بۆنەی لەدایك بوونی زەردەشتەوە ئاهەنگ دەگێڕدرێ.

### ئاڤێستا

ئاڤێستا کتێبی پیرۆزی زەردەشتە لەڕووی واتاوە پەیڤێکی لێکدراوەو لەدوو بەش پێك

هـاتووه (ئـا) وه (وێسـتە-ڤێسـتا) کـە یەکەمـیان وشـەی نەفـیە (نـە) وه دووەمـیان واتـە (زانـراو)، کەواتـە ئاوێستا واتـە (نەزانـراو) ئەمـەش لەبـەر ئەوەیە کەواتای بۆ هەمووکەس ڕوون نییە.

لەسـەردەمی زەردەشـت ئـەم کتێبـە لـە هەزار بـەش پـێك هاتـبوو، کـرابوو بـە (٢١) دەروازەو لەسـەر پێستەی ئاژەڵو بەرد نووسرابووەوە، دوو دەقـی ئاڤێسـتای نووسـراو هـەبوو یەکێکـیان لەتەختی (جەمشید) لەشاری (ئەستەخر)بوو کە ئێسـتا شـوێنەوارەکەی لەنـزیك شـاری (شـیراز) مـاوە، ئـەوەی تریشیان لەشاری (شیزیان ئیریاتا) کـە لەنـزیك شـاری ورمـێ‌یـە، لـەکاتی هێرشـی ئەسـکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر تەختی شاهانەی ئەخمینـــیەکان (٣٣١ پ.ز) لەســـەردەمی دارای سێیەم ئاگری بنەماڵەی ئەخمینیەکان کوژایەوەو تەخــتی جەمشــید ســوتێنراو ئــەو دەقــە ئاڤێستایەش کـە لـەوێدا هـەبوو لەگـەڵی سـووتا، دەقەکـەی تـریش هەرکەوتە دەست یۆنانییەکانو ئــەو زانــیاریانەی لــەبارەی پزیشــکیو ئەستێرەناسییەوە هەبوو بردیانو وەریان گێڕایە ســەر زمــانی خۆیــان ئەوەشــی کــە مایــەوە سـووتاندیان، پاشـان لەسـەردەمی ساسـانیەکاندا دەسـت کـرا بـە کۆکـردنەوەی (ئاڤێسـتا) بـەلام لەهـــەزار بەشـــەکەدا تەنـــیا (٣٤٨) بـــەش لێ کۆکــرایەوە کــە ئــەویش زیاتــر لەســەرزاران مـابووەوە، دیسـان کـردیانەوە بـە (٢١) دەروازە، لـەکاتی هاتـنی ئیسـلام بـۆ ناوچـەکە دیسـانەوە کەوتـە بـەر پـەلامارو ئێستا تەنها چواریەکی ئەو کاتە (سەردەمی ساسانیەکان)ی لێ ماوەتەوە.

زۆربـەی توێـژەران لەسـەر ئەو ڕایە کۆکن کە ئاڤێستا بـەزمانی مـیدی کـە زمـانی کوردی کۆنە نووسـراوە، هەندێکیان دەڵێن زمانی ئاڤێستا زۆر نــزیکە لــە دیالیکــتی موکــری، لەســـەردەمی ساســـانیەکاندا ئاڤێســـتا بـــەزمانی پەهلـــەوی لـێکدراوەتەوەو ناویـان لێ نـاوە (زەنـد ئاوێسـتا) واتــە (ڕاڤەکــردنی ئاوێســتا) لەســەردەمی دوای ئـەوانو لەبەرگـرانی زمانی پەهلەوی جارێکی تر ناوەکـەی لێکدراوەتەوە بەناوی (پازەندە ئاڤێستا) واتــە ڕاڤەکــردنی ڕاڤـەی ئاوێسـتا ئــەو بەشــە (ئاڤێسـتا)یــەی کــە ئێسـتا ماوەتــەوە هــەروەکو باسمانکـــرد چـــواریەکی ئـــەوەی ســـەردەمی ساسانیەکانەو لەم پێنج بەشە پێك هاتووە:

١- یاسـنا-(یەسـن): بریتـیە لـە دوعـاو نـزاو پاڕانەوەو، لەسێ بەش پێك هاتووە:

هوم یەسن، گات (کەسرووده ئاییینیەکانن)و یاسنا هاتبەهاتی.

٢- وپسپەرو- (ڤیسپەرد): بریتییە لە شێوەی پەرستن کە تەواوکەری (یەسنا)یە.

٣- وەتدیداد- (ڤندیداد): بەمانای سەرکەوتن بەســەر هــێزی بــەدو خــراپ، جگــە لەیاســای خوڕەوشتو پوختەکردنی دەروونو هەواڵی لە بارەی دروست بوونی گێتیەوە دەرێتە خۆ.

٤- یەشـت: سـروودە بـۆ نەمـرە پیرۆزەکـانو بەرز دروستکراوەکان (فریشتەکان).

٥- خـوردە ئاڤێسـتا: کتێبـی نـزایەو بریتـییە لــەو نــزایانەی کــە لــە جــەژنو نوێــژدا دەخوێندرێن.

**فەلسەفەو باوەڕی زەردەشت:**

زەردەشـت وتـە بەناوبانگەکـەی خـۆی لەسـێ دەسـتەواژەی کورتـدا دەربـڕی (بـیری چـاك،

**گوفتاری چاك، كرداری چاك)، ئەو لە ئەنجامی بیركردنەوەیەكی زۆردا گەیشتە ئەو بڕوایە كە ململانێیەكی بەردەوام هەیە لەنێوان چاكەو خراپە، ڕووناكیو تاریكی، بەپێی ئەم ئایینە لەسەرەتادا پرەنسیپی چاكەو خراپە هەبووە، ژیانو نەمانیش هەرلەمانەوە دروست بووە، چاكە لەلایەن خوداوەند (ئاهورامەزداو گیانی خراپەش لەلایەن (ئەهریمەن)بووە.**

زەردەشت خەڵكی بانگهێشت دەكرد بۆ پەرستنی خودای تاكو تەنیا كە داهێنەری زەویو ئاسمانەكانە، لەهیچ كەسێك نەبووەو كەسیش لەو نەبووە، بەچاو نابینرێ بەڵكو تەنها دركی پێ دەكرێ.زەردەشییەكان لەدژی ئایین پەرستی هێزە سروشتییەكان كەوتنە جەنگەوە ئەو كەسانەی كە پەیڕەوی هێزە سروشتییەكانیان دەكرد پێیان دەگوتن (دێوبەند-موغ)ەكان كە تیرەیەك بوون لە(ماد)و كاروباری ئایینیان بەڕێوەدەبردو ئاگر پەرست بوون، هاتنە ناو ئایینی زەردەشت بێ ئەوەی زۆرێك لە بیروباوەڕیەكانی **خۆیان لەبیربكەن، بەم جۆرە تێكەڵیەك لەبیروباوەڕەكە دروست بوو، هەر ئەوەش وای لە عەرەبەكان كرد كە بە زەردەشتییەكان بڵێن (مەجوسی) یان ئاگر پەرستو ناوی مەجوسیش لەناوی هۆزی (ماگوش)ەوە هاتووە كە (موغەكان) دەگرێتەوە، ئەگینا ئیسلام لەكاتی هاتنیدا هەروەكو (محەمەد ئەمین زەكی) دەڵێ: مامەڵەی خاوەن كتێب (اهل الكتاب)ی لەگەڵ زەردشتییەكان كرد، تاكو ئێستاش پەیڕەوانی ئایینی زەردەشت لەهەندێ ناوچەی هیندستاندا ماونو ساڵانە لە (٣٠-مایس) بەبۆنەی لەدایكبوونەوە ئاهەنگ دەگێڕنو لەنێو زمانی كوردی ئێستاشماندا گەلێ زاراوەی ئاڤێستایی بەكاردەهێنرێتو یەكێك لە ترادسیۆنە دیارەكانیش ئەو ئاگرەیە كە ساڵانە لەنەورۆز لەسەر چیاكانو شوێنە بەرزەكان دەكرێتەوەو، كشتوكاڵ یەكێكە لەوكارانەی كە زەردەشت زۆر بەپیرۆزی دادەناو گرنگی پێدەداو ئێستاش لەنێو كورددا زۆر باوە، لەناوچەی (زریمۆك) كە دەكەوێتە (بلە) لەسەر ڕووباری بادینان لەنێوان چیای شیرینو پێرس چەندین گۆزەو مۆری لوولەو شتی دێرین دۆزراونەتەوە، ئەم شوێنەش لەئەنجامی لێكۆڵینەوەدا دەركەوتووە كە گۆڕستانی زەردەشتییەكان بووە.**

سەرچاوە

١- كوردستانی، شێخ محمد مەردۆخی-مێژووی كوردو كوردستان-و: عبدالكریم محمد سەعید-١٩٩١.

٢- ژیهنەر، پرۆفیسۆر ر.س- پوختەیەك لەبیروباوەڕی زەردەشتی- وەرگێڕانو پێشەكی/ ئازاد حمە شەریف-چ١، ٢٠٠٠

٣- زەكی، محمد ئەمین- خولاسەیەكی كوردو كوردستان-بەرگی یەكەم- چاپی نوێ، ٢٠٠٠.

٤- الداودی، رمضان-زرادشت و الزرادیشتیە- الطبعة الاولی-١٩٩٩.

٥- سجادی، علاوالدین- دەقەكانی ئەدەبی كوردی-١٩٧٨.

٦- زیلاتی، میرئال- ئۆلو فەلسەفەیا زەرادەشت دناڤ كوردێن میدی-چ١-١٩٩٦.

٧- النقشبندی، د. حسام الدین-دیانە الكرد قبل الاسلام و الفتح الاسلامی- گۆڤاری هەزارمێرد-ژ١٩-ئاوار (٢٠٠٢).

٨- سەنتەری برایەتی- گۆڤار-ژ١٥-بەهاری (٢٠٠٠).

٩- سەنتەری برایەتی-گۆڤار-ژ٢١- پاییزی (٢٠٠١).-سەرسام، عبدالخالق- ڕۆژنامەی برایەتی-دۆزینەوەی‌یەكەمین(دخم) ی زەردەشتیان لە كوردستانو سەرەتای نهێنییەكان ژ (٣١٢٤) ٢/٧/٢٠٠٠.

# زەردەشتی حەکیمو فەیلەسوف

ن: ئەحمەد حیدر-قامشلو
و: کاکەمین کەمال

**دەروازەیەك دەربارەی زەردەشت** :

دۆزینەوەی پاشماوەی شوێنەوارەکان لە کۆتایی دەیەکانی سەدەی رابردوودا بەشداربوون لە دەرخستنی چەندین راستی مێژووی، هەروەها سەرنج بۆ شارستانیەتو ئایینە کۆنەکان رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە بنیاتنانی شارستانیەتی مرۆڤ.زەردەشت کۆنترین ئاینەکانی زەویو نزیکترینیانە لەجیهانی ئیمە،شارەکانی باکوریرۆژهەلاتی کوردستانیش مەلبەندی لە دایك بونی ئاڤیستاو زەردەشتیە.وەك هەرئاینێکی تر خاوەن شەرعو یاسای خۆیی بوو ،بەلام بو بەشتێکی وەهمی لەبەر چەند هۆیەك کە لێرەدا ماوەی باسکردنیان نیە ،هەروەها چەند روئیاو تیگەیشتنێکی تری خرایە سەر ،لەدەرئەنجامی پێشکەوتن وگۆرانکاری کولتوری،کۆمەلایەتی سیاسی کە لەو کاتەدا ناوچەکە بەخۆیەوەبینیو لەلایەن ئاینەکانی دوای خۆیەوە ئەنجام دەدراو کاریگەری خۆیشی هەبوو بەسەر ئاینەکان. خانمە شاعیرو نوسەری ناسراو دکتورە وەهبیە شوکت محمد لەکتێبەکەید ((زرادشت ،الحکیم والفیلسوف،مدخل دراسی عن الزراداشتیە)دا تیشك دەخاتە سەر پێشینەمێژوویەکانی ئاینی زەردەشتی و لایەنەگرنگەکانی ژیانیو چالاکی وانەکانی ،هەروەك کەلەکتێبی پیرۆزی (ئاوێستا)و نوێژی زەردەشتی و ئاگریپیرۆزداهاتوە.

**باگراوندی مێژوویی (زەردەشت-مازدی یاخود مزدایسیتی )**

نووسەر لەسەرەتایی بەشی یەکەمی مێژووی شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتی لەدوایی دۆزینەوەکان دائەکید دەکاتەوەکەیەکەم شارستانیەتی تۆمار کراوی مرۆڤایەتی،شارستانیەتی سۆمەریە،کە سەرەتاکانی لە (گردیعەبید )دەرکەوت و دواتر بووبە ئەفسانەی دروستبوون وکۆمەلی خواوەندی سۆمەری (ئانانوکی)کە بنەمای سەرەتایی هەموو ئایینەکانەو دواتر لە دوای شارستانیەتی سۆمەری دەرکەوتن ،وەکو ئەکەدو ئاشوری لە دۆلیرافدەین (دوو رووبار)بۆ شارستانێتی (حیثیو حوری)تاکو شارستانێتی گریکی ورومانی.

هەروەها وای دەبینی کە کرداری ئەفراندنوفەنابوون رۆلی سەرەکیی دەبینن لەم ئایینەدا ،بنەما سەرەکییەکانی ئەم ئایینە لە نیشتەنیە دۆزراوەکانی زنجیرە چیاکانی (تۆرۆس-ئارارات-ئاگری-زاگرۆس)ە کە مرۆڤ لە زووەوە پاش سیوپێنج هەزارساڵ لە دەرکەوتنی بۆ خۆ پاراستنی لە هۆکارە سروشتیە سەختەکان رووی کردۆتە ئەم ناوچانە،بۆ نموونە ئەشکەوتەکانی (جیتال هیۆك-حەسەن کێف-هەزارمێرد-برادۆست) هەروەها نیشتەنییە کشتوکاڵییەکانی

وەكو (كابۆتۆ) لە رۆژهەلاتی شاری ئامەد(ڤینگالی تشۆری) لە نزیك شاری ئۆرفا كە مێژووەكەی بۆ هەشـــت هـــەزار ســـاڵ پـــێش زایـــین دەگەڕێتەوە،بەهەمان شێوە گوندی (چەرمۆ) لە نێوان شاری كەركوك و سلێمانی كە مێژووەكەی ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ شەش هەزار ساڵ بەر لە زایین.

**ئایینی كۆمەڵی خوداوەندەكانی سۆمەری( ئانانۆكی )**

نووســـەر دوای نیشـــاندانێكی خـــێرا بـــۆ ئاییـــنەكانی ســـەرەتایی نیمچـــە تەوحـــیدو تەوحـیدی رۆژهـەلاتی وەك بـنەمای سـەرەتایی ئاییـــنی ســـۆمەری لەســـەر ئاییـــنی كۆمـــەڵی خوداوەندەكـــاندا دەوەســـتێ،هەروەها كورتـــی دەكاتـەوە كـە رێسـاكانی ئاییـنی زەردەشـتی لـە راستگۆیی وهەق ودادپەروەریی كۆمەڵدا،وەكو ئەو رێسایانەیە كە پێشتر سۆمەرییەكان باوەڕیان پێ هەبوو،ئـەوەتا لـە چـەندین تـابلۆی سـۆمەریدا دەردەكەوێت كـە زەوی پەرسـتگاكان لـە ولاتـی سۆمەریدا ساڵانە لەلایـەن هـەموو خەڵكەوە بۆ مەبەســـــتی كشتوكاڵیی ودابەشـــــكردنی بەروبوومەكەی بەسەر هەمووانـدا هەریەكەو بە پـێی شـێوەی كارەكـەی ، زۆر وەبەردەهێـنرا، پادشـــاو كاهیـــنەكان و خـــەڵكی بەیەكـــەوە بەهەڵكەندنی جۆگەلەوبەست وچاككردنی زەوی كشـــتوكاڵیی هەڵدەســـتان،كە مولكەكـــەی بـــۆ پەرستگا دەگەڕایەوە،ئـەم مومارەسـەیە لەلایـەن زەردەشتییەكانیشـەوە پەیـڕەو دەكـرا ،نووسـەر بـەردەوام دەبێ ودەڵـێ جـیهانی زەردەشـتی دوور بـــــــووە لـــــــە شـــــــەڕو ململانێ وهەژاریی ونەخۆشـــــــی ونیگەرانی و تراژیدیا،بـێگومان لـە ژێـر سـایەی شـەریعەتی خوداوەنـد(ئاهورامـەزدا)دا خـەڵكی هـەمووی بـە گیانـــێكی ئاشـــتییانە وئازادانە ودادپەروەرانە بارگاویكرابوون،سـۆمەریەكان ئـەم سـروتەیان بـۆ خوداوەنـدی هـەوا(ئیلنـیل) پەیـڕەو دەكـرد،كە خوداوەندێكـی سـەركردە بـوو لـە كۆمـەڵی خوداوەندەكانی سۆمەردا.

**ئەفسانەی بوونی مرۆڤ**

ئەمـەش ئەفسانەیەكی سۆمەریە ،قسە لەسەر ئـــەوە دەكـــات كـــە چـــۆن مـــرۆڤی (نینهورسـاغ)خوڵقێنراوە؟وچـۆن(ئـانكی)پـەتی خستە مـلی خۆی؟ئـانكی خوداوەنـدی دانـایی و ئـاوی پاك وقولایییە،نووســەر نـاوی خوداوەنـدە گـرنگەكانی سـۆمەری وەك (ئـان) یـان (ئـانو) دەهێـنێ كـە بـاوكی خوداوەندەكانی سۆمەرەولە (ئـۆرك) دادەنیشـت و وەك سـروتێكی سـاڵانە لـە كەشـێكی ئاییـنی تایـبەتدا كـە پـێی دەگوتـرا (بەكـتال درم)(قوربانی وگـای)پێشـكەش دەكـرا ،پەیكەرەكـەی پـاك دەكـرایەوە لەلایـەن كاهیـنە تایبەتەكانـیەوە بـەناو شـاردا دەسـوڕێنرایەوە ، بۆیـە لێرەدا نووسـەر پـێ لەسـەر ئەوە دا دەگرێ كە سوڕانەوەی پەیكەری (مەلەكا تاوس) لەلایەن كـــوردە ئـــێزیدیەكانەوە، هیخواوەنـــدی زەردەشـتیەكانیش هـەر لـەوەی سـۆمەرییەكان دەچێت.

**خوداوەندە میدییە ئێرانییەكان**

مەبەست لـە مـیدیا هـەر وەكو نوسەر دەڵێت خاكی كوردسـتانی ئێستایە ،كە لە باكوری (قۆنیا ) دەسـت پـێدەكات لەگـەڵ درێژبوونـەوەی چـیای

تۆرۆس بەرەو چیاکانی ئارارات لە باشوری رۆژهەلاتی ئاسیای بچوك، لە دوای چەند فەرسەخێك زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دەست پێدەکات کە بەرەو باشوری رۆژهەلات تاکو کەنداو درێژدەبێتەوە،ئەم زەوییە میدیای کۆنی پێکدەهێنا،بەلاًم (ئاریانا) کە خاکی چالاًکییەکانی زەردەشت بوو رووبەرێکی فراوانتری وەکو ئەفغانستان وئۆزبەکستان وتاجیکستان و بەشی باکوری رۆژئاوای هیندستان لەگەلٚ خاکی میدیای ئێرانی دەگرتەوە.

لەبەناوبانگترین خوداوەندەکان (میترا) خوداوەندی رۆژە، کە دواتر لە ئایینی زەردەشتی دا بووبە دیاردەیەك لە دیاردەکانی خوداوەندی،لە ئاڤیستای بچوکدا چاوی خوداوەند(ئانا-هیتا) ئاناناى سۆمەریە، کە پارێزەری دایکایەتی ومنالٚ بوو هەروەها پارێزگاری لە پاکیی وەچەی مرۆڤ دەکرد،لەم ئایینەدا ئەستێرەیەکە واتە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی خوداکان، ئاڤێستای بچوك یەکێکە لە یەزاتە یاریدەدەرەکان بۆ خوداوەند (ئاهورامەزدا).

## تایەفە ئایینییەکان:

ئێزیدی : ئەم تایەفەیە پەیوەندی بە ئایینی سۆمەرییەوە هەیە،ئەمەش بە هۆی بوونی هەندێ هەلٚوێستی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو ئایینەدا،،ئەم دابەشکردنەی شێخ و پیاوانی ئایینی ئێزیدیی کە لە میر دەست پێدەکات وەك سەرۆکی رۆحی تایەفەکە،هەروەها کاهینەکانی پەرستگای شێخ عەدێ کوڕی مسافروئەوانەی کە بەدەوری پەیکەری مەلەکا تاوسدا دەسوڕێنەوەو قەوالەکان و هتدد..ئەم دابەشکردنە لەنێوان (ساغا)ی سۆمەریش دەبینین،هەروەها کرنۆش بردنی ئێزیدیەکان بۆ خۆر لە کاتی هەلاًتنیدا،سۆمەریەکانیش کرنۆشیان بۆ خوداوەندی رۆژ(ئۆتۆ) دەبرد،هەروەها رێگەدان بە مارەبڕین لە وەرزی بەهار لای ئێزیدییەکان کە دواتر مارەبڕینی نیگەرانی بە دوا دا دەهات،هەمان کردار لای سۆمەریەکانیش ئەنجام دەدرا،بەهەمان شێوە سۆمەرییەکان هەلٚدەستا بە پێشکەشکردنی نان و رۆن و خورما و هەنگوین بە گیانی مردووەکانیان،بەلاًم دەربارەی ئەفسانەی ئەفراندنی ئێزیدی لە ئەفسانەی ئەفراندنی سۆمەری دەچێت،لەگەلٚ بوونی تەنها یەك جیاوازی ئەویش ئەوەیە کە خوداوەندی ئەفرێنەر لەلای ئێزیدییەکان پیاوە،ژن نییە.نووسەر لێرەدا لەسەر خالٚە لەیەکچوەکانی نێوان زەردەشتییەت و ئایینە تەوحیدی و نیمچە تەوحیدییەکان و ئایینە زەمینییەکانی رۆژهەلاًت دەوەستێ،وەکو بوزی و هندۆسی و مانەوی وکۆنفۆشیۆسی وسیخی.

## فەلسەفەی زەردەشت

جیاوازی لە نێوان پێغەمبەرو فەیلەسوف،هەروەکو نووسەر دەلٚێت ئەوەیە کە یەکەمیان خودا بەدوای دا دەگەڕێت تا سروشی(وحی بۆ بنێرێتە خوارەوە،بەلاًم دووهەمیان ئەوەیە کە بە دوای هەقیقەتی بوونی ئەفرێنەروئەفرێنراودا دەگەڕێ،بەلاًم زەردەشت لەیەك کاتدا هەردووکیان بوو.

زەردەشت ئاگاییی و شارەزاییەکی تەواوی هەبوو لەسەر ئایینە کۆنەکانی ئاسیای رۆژهەلاتورۆژئاواو ئەفسانەو فەلسەفەوئایینی سۆمەری ،نووسەر بۆچونێکی مێژوونوسی بابلی گریکی(بروٚس)دەردەبڕێ کە لەپەرستگای(مرۆك)ی بابلی سەدەی سێیەمی پێش زایین خزمەتکار بوو" لە راستیدا گوتییەکان پادشایان نەبوو ،بەڵکو سەرکردەیان هەبووکە بە شێوەیەکی دەوری هەر شەش ساڵ جارێك هەڵیان دەبژارد بەپێی نەریتی خێڵەکانی خۆیان"بروس ناوی زەردەشتی خستبووە نێو لیستی پادشاکانی گوتییەکان لەناو ناوی پادشاکانی سۆمەریدا ،مێژوونوس زیاتری دەخاتە سەرو دەڵێ:فەلسەفەی زەردەشت فەلسەفەیەکی ئایدیالی-میتافیزیکیەو رێبازەکەی لۆژیکیی و دیالێکتیکییە. فەلسەفەکەی زەردەشت بەماوەی چەند سەدەیەك بلاٚو بووەوە بەر لە سوکراتوئەفلاتونوفیساگۆرسوئەرستۆ،هەندێ لە مێژوونوسان فیساگۆرس بە خوێندکاری زەردەشت دادەنێن،وەك چۆن کە ئەفلاتوونیەکان خوێندکاری ئەفلاتون بوون،هەروەها دەبێ بزانین کە مێژوونوسە گریکیەکانی وەك (هیرۆدۆتسوکتسیانوزەینەفون)و ئەوانی تر کە بەدوایاندا هاتن ئاگایيەکی تەواویان لە فەلسەفەی زەردەشت هەبوو. زەردەشت لەسەرەتای ژیانیدا بە لێکۆڵینەوە لە هەقیقەتی ئەفرێنراووئەفرێنەر خەریکبوو،لەو کاتەی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەفرێنەر کەسایەتی خوداوەند (ئاهورامەزدا)یە دەستی کرد بە بیرکردنەوە لە چۆنیەتی ئەفرێنراو بوون،ژیانو مردن، گەڕان بەدوای رێگایەکی نموونەیی کە مرۆڤ بتوانێ شەڕ لە دەروونی خۆیدا نەهێڵێو کاربکات بۆ خێرو هەق، دادپەروەریی و راستگۆیی، ئازادیی و خۆشەویستی، بەتەواوەتی بەسەر مرۆڤدا زاڵ بێتو برایەتی لەنێوان سەرجەم مرۆڤایەتیدا بەبێ جیاوازی نێوان رەگەزو زمانو خوێنو رەنگەکانیان بچەسپێنێ، کە بوونیان لەیەکەیەکی پاکدایەوبوونی رەهاو هەموو پاشماوەیەکی کۆیلایەتی لە فەلسەفەکەیدا ناهێڵێ،چونکە ویستی ئازاد واتا(ئارتای)زۆر بە بەهایە بەشێوەیەك کە نە زەردەشتونە خواوەندەکان دەست لەم هەڵبژاردنە وەرنەدەن،تەنانەت ئەگەر پەیوەندی بە خواوەندەکانیشەوە هەبێت،بۆ ئەوەی ئازادییەکەیان لا کەم نەکاتەوە،هەروەها لە بلاٚوکردنەوەکەیدا هیچ شێوە توندوتیژیەکی جەستەیی و رقلێبوونەوەیەکی واتایی و غەزەب بەکارنەهاتووە. زەردەشت بەر لە سوکرات بڕوای تەواوی بە مافەکانی ژنو ئازادییەکانی هەبوو، پێیوابوو کە لەئەرکومافدا لەگەڵ پیاودا یەکسانە، یەکەم کەسێکیش بوو کە بیریلەیاسادژیەکەکانکردەوە، خێرو شەڕ، روناکیی و تاریکیی،هەقو ناهەق،ئازادیو کۆیلایەتی،زانستو جادوگەریی،زانینو نەزانین.

## لەدایکبوونی زەردەشت

هەموو لێکۆڵینەوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە زەردەشت لەدایکبووی شاری(جایجاست)ی میدییە،کە دەکەوێتە سەر سنوری باکوری رۆژئاوای میدیای کۆ(کوردستانیئێستا) بڕوا وایە

کە ناوەکەی (سپیتما)بێت،دواتر نازناوی زەردەشتی پێوە لکێنرا بێت، بەڵام سەبارەت بە ساڵی لە دایکبوونی تاکو ئێستا راو بۆچونی جیاواز هەیەلە نێوان لێکۆڵەران دا،پەهلەوییەکان هەوڵیانداوە کاتی لەدایکبوونی بگێڕنەوە بۆ کاتی دروستبوونیدەوڵەتەکەیان لەسەدەکانی بەر لەزاییندا،بۆ ئەمەش لەدایکبوونەکەیان بەنزیکەی (٣٠٠)ساڵ پێش زایین داناوەهەندێ لێکۆڵەر وای دادەنێ کە باوکی (داریوشی یەکەم)کە هەمان نازناوی هەڵگرتبوو(کەی ویشتاسب-پارێزەرو هاوکاری زەردەشت)کە کوڕەکەی لەگەڵ(داریوشی یەکەم)بەشداری کردووە لە سەرکوتکردنی شۆڕشوراپەڕینەکان،کە لەسەردەمی دەسەڵاتی (داریوشی یەکەم)دا سەریانهەڵداوە لەساڵانی (٥٢٩ ـ ٥٢٢)پێش زایین، بەتایبەتیش لەلایەن میدییەکانوبابلییەکان،بەڵام گریکەکان هەوڵیانداوە کاتی لەدایکبوونیببەستنەوە بە لەدایکبوونی سەرکردەیان(ئەسکەندەری مەکدۆنی)پێش چوار سەدە لە لەدایکبوونی ئەسکەندەر،واتا نزیکەی (٧٠٠)ساڵ پێش زایین، هەندێ لە لێکۆڵەران بڕوایان وایە کە زمانی ئاڤێستا لە زمانی(ریچ ـ ویدا) سانسکریتی هیندۆ ئەوروپی نزیکە، بەم پێیەش ئەم مێژووە دەکەوێتە نزیکەی(١٠٠٨)پێش زایین، لە کۆتاییدا زانا ئارکیۆلۆژییەکانی سۆڤییەت پەرستگایەکی زەردەشتیان لە ئۆزبەکستان دۆزییەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ پ.ز،نووسەر ئەمە وا لێکدەداتەوە کە پشتبەستن بە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان مێژووی

لەدایکبوونی زەردەشت دەکەوێتە نێوان(١٨٠٠ ـ ٧٠٠)پ.ز. زەردەشت لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی، لەوکاتەی کە سروتەکانی بەر لەخۆی رەتکردەوە کە لەپەرستگاکان لەلایەن کاهینەکانەوە ئەنجامدەدرا لەمەشدا مەبەستی سەرەکیان کۆکردنەوەی سامان بوو لە خەڵك و ژەهراویکردنیان بە خواردنی (هیوما)رووەکی ژەهراوی،هەروەها پێشکەشکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئاژەڵی گەورە وەك قوربانی بۆ هەژاران و دژی دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان و نایەکسانیان لەدەسەڵاتدا وەستایەوە.

**پەرتوکی پیرۆزی زەردەشت( ئاڤێستا ) :**

لە چواربەش پێکهاتووە:-

گاتا : کە شەریعەتی خوداوەند (ئاهورا مەزدا)وگفتوگۆی زەردەشت لەگەڵ خوداوەند،هەروەها رێنماییەکانی خۆی دەگرێتەوە.

یەسنا: ئەمەش بەشی تەواوکەری گاتایە ،شەریعەت و یاساو گفتوگۆی زەردەشت لەگەڵ خواوەندی تێدایە.

یەشت: بەشی تایبەتە بە وەسیەتەکانی زەردەشت بۆ مریدو باوەڕدارەکانی و کێشە تایبەتەکانی بە پاکی.

ویسبەر :ئەمەش بریتییە لە سرودو سروت کە زەردەشت بۆ زیندوکردنەوەی خوداوەند(ئاهورامەزدا) دەیکرد.

**ئاگری پیرۆز:**

زەردەشت ئاگری بە یەکێك لە رەگەزە پێویستەکانی ژیان زانیوە ،وەکو هەواو ئاوو

خاك،بۆیە ئاگر بە پیرۆز دانراوە، یان لەبەر
هەندێ ئیعتیباری تر ، چونکە پێشتر ئاگر
دەپەرستراین ئاگر بە پاك دانراوە،یاخود
ئۆکسجین بووە، ئاگر بلێسەیەکە لە رووناکیی‌و
رۆژ بارستاییەکە لە ئاگرو روناکی لە خۆرو
مانگ‌و ئەستێرەو هەسارەکان‌و جورمە
ئاسمانییەکانی تر تیشك دەداتەوە، تەنانەت
ئاژەڵ‌و مرۆڤی باوەڕدار نورانییە، لە ئیسلامیشدا
نورانی بە کەسێکی باوەڕداری تەواو دەگوترێت،
هەروەها رووناکیی دژی هێزی تاریکییە، بۆ یە
ئاگر لای زەردەشتییەکاندا پیرۆزە. ئەمەیە
زەردەشتی حەکیم‌و فەیلەسوف کە بە گیانێکی
خۆشەویستی‌و برایەتی لە نێوان مرۆڤەکاندا
بارگاویکراوە،کە هیچ کاتێ داوای خاسیەتی لە
رادەبەدەر یاخود موعجیزاتی نەکردووە
،سروشی بۆ هاتووەو گەیشتۆتە لووتکەی رێز لە
راستگۆیی‌و حیکمەتی خۆی‌و شەرەفی
شەهیدبوونی لە پێناو بلاوکردنەوەی
پرەنسیپەکانیدا وەرگرتووە،لەتەمەنی حەفتاو
حەوت سالیداو لەکاتی نوێژکردندا بەدەستی
شەڕانگێزێك کۆتایی بە ژیانی پیرۆزی
هێنراوە.ئەمەیە زەردەشت‌و رێنماییەکانی لە
دانایی‌و راستگۆیی‌و ماف‌و دادپەروەریی لە ژیان،
کە پێچەوانەی بیری داگیرکەرو شۆڤینیەتەو
ماوەیەکی درێژە ناوچەکەمانی گرتۆتەوە کە نەوەی
میدیەکانە بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو قوربانی
ئەم هزرە داتەپیوە بوون،بەلام وێڕای گرنگییەکەی
تاکو ئێستا وەکو پێویست گوێی لێنەگیراوە.

سەرچاوە

www.amude.com

دۆسیەی هەولێرو هەولێریانی

# چۆن خۆمان
# لەپێناو جیاوازییەکان
# دەناسین

بەسەرپەرشتی:

عبدولموتەڵیب عبدوڵلاّ

## بەشداربووان

مەحمود زامدار

هاشم سەراج

ئیسماعیل بەرزنجی

موتەڵیب عەبدوڵلاّ

ڕێبین ڕەسول

یوسف عوسمان حەمەد

کەریم کاکە

هاشم عوسمان

نەوشیڕوان جەلال

## پیشەکی:

(١)

قسەکردن لەسەر هەولێرو هەولێریانی، هەر تەنها قسەکردن نییە لە ترادیسۆنو ویستو ئیرادەو دیالێکتێکو تۆپۆگرافیاو فاکتەرە سیاسیو کلتوورییەکانو پەیوەندییە ئابوورییەکانو....، بەڵکو قسەکردنە لەمێژوو. هەولێر وەك شار خاوەنی مێژوویەکی دێرینە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن کاراکتەرێکە- کاراکتەرێکی گشتی کە لەدەرەوەی هەلومەرجو سەردەمە جیاوازەکاندا دەژی، ئامادەیی ئەو کاراکتەرە ئامادەییەکی مێژوویانە نییە، بەو مانایەی کە سوودی لە ئەزموونەکانی خۆی بینیبێ، بەڵکو ئامادەییەکی میتافیزیکانەیە، چونکە ژیان لەوێناکردنی ئایندەدا دەبینێ، هەمیشە لەدەرەوەی زەمەندایە، خۆی بە پاشەرۆژێکی نادیار بەستۆتەوە.

(٢)

مرۆڤی هەولێری بۆ ئینتمای شاری گزە؟ دەشێ کۆمەڵێك ئەگەر لەبەردەم ئەو پرسیارە بکەینەوە، بەبڕوای من پەیوەندییە ئابووریو سایکۆلۆژییەکانی یەکێك لەئەگەرە بەهێزەکانە. قسەکردن لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو یەکتر ئامێزانکردن، قسەکردنە لەدوو شت یەکەمیان مەسەلەی تۆبۆگرافیایە، دووەم مەسەلەی سێنترالیزمە، ئەگەر شوێنی هەولێر لەسەر سنوورێك لە سنوورەکان هەڵکەوتبایە، ڕەنگە جووڵەی زێتری لە خۆگرتبا، لەدووتوێی ئەو جووڵەیەشەوە پەیوەندییەکان لەئاسۆییەوە بەرەو ستونی گۆڕانی بەسەردا هاتبا، مەسەلەی سێنترالیەتیش کۆمەڵێك حەساسیەتی جەوهەری لەگەڵ خۆیدا هێناوە، ئەوەش پەیوەندی بە کۆنترۆڵکردنی سێنتەری شارەوە هەیە کە لەلایەن ئەوەی پێی دەڵێن تورکمان- تورکمان سێنتەری شاری لەهەموو ڕوویێکەوە بەدەستەوەیە، بەتایبەتی لەڕووی ئابوورییەوە، ئەوەش وای کردووە کە دەوروبەر لەگەڵ سێنتەردا خۆی بەجێگیر نەبوو بێتە بەرچاو، یان بەمانایەکی دیکە نامۆ.پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو کاراکتەرێکمان دەبەن کە مەرکەزییەتی تیا بەدی ناکرێ، ئەو کاراکتەرە گشتییە بێ چەق دەژی، یەکێك لە کۆڵەکەکانی نامۆبوونیش جێگیرنەبوونە کە ڕاستەوخۆ بەرەو دیاردەی خۆ خواردنەوەو دوورە پەرێزیو گۆشەگیریمان دەکاتەوە، بەدیوەکەی دیکەش یەکێك لەکۆڵەکەکانی جێگیرنەبوونیش دیالێکتێکە، دیالێکتێکی هەولێری لەکنەی سێنتەر (تورکمان)ی بەسەردا زاڵە بەو مانایەش هەولێری لە دوالیزمیەتدا دەژیو توانای چەسپاندنی خۆی نییە.

(٣)

چـۆن ئـەو هـەموو ئیشـكالیەتانە كـاڵ دەكەیـنەوە؟ بەبـڕوای مـن بـۆ ئـەوەی بـتوانین دەست لـە ئیشكالیەتەكان بدەین، دەبێ چاو بە پەیوەندیـــیەكانی نـــاوەوەی خۆمـــاندا بخشـــێنینەوە، ســـەرەڕای ئـــەوەش دەبـــێ خوێـنـدنەوەیەكی رەخـنـەگرانە بـۆ مـێژووی هەولێر بەئەنجام بگەیەنین و لەنێو فەرهەنگ و كلـــتوورو كایـــە كۆمەڵایـــەتی و سیاســـی و ئابووریـیەكاندا بوونـی خۆمـان بدۆزیـنەوەو سـتراتیژییەتێكمان لـە ئێستادا هـەبێ و تـاكو لــــەوێوە جیاوازیـــیەكان درك پێـــبكەین. بەدیوەكـەی دیكـەش دەبێ وەك شوێن و مێژوو كۆمەڵێك ئـەرزش و تایـبەتمەندی بـۆ هەولـێر بگەڕێنیـنەوە كـە تـاكو ئێسـتا لەدەسـتی داوە، هـــەروەك چـــۆن پێویســـتە بەشـــێوەیەكی مۆدێـرنانە مامەڵـە لەگـەڵ فۆرمـی ئـەو شـارە بكـەین، هـەروەك دەبـێ بەشـێوەیەكی دیكـە لەگـەڵ توركمـان و كەمەنەتەوەیـیەكانی دیكـە یـەكتر ئامـێزانمان هـەبێ و ئـەرزش و نـرخی ئەوان فەرامۆش نەكەین ، دواجار رێگە نەدەین چـــیتر لەلایـــەن دۆگمـــا خـــوازو پێشـینەخوازەكانەوە ئـەو پـەیوەندو یـەكتر ئامـــێزانە بۆخـــزمەتی رەگەزپەرســـتی و غەیبانـیەت بەكاربهێـنرێ، رێگـە نـەدەین چیتر لەلایـەن شـتێك لـەدەرەوەی عەقڵـەوە ئاراسـتە بكرێ.

(٤)

ئـەو دۆسـییەی بەردەسـتان هەوڵـێكە بـۆ وروژانـدنـی قسـەكردن، وەك چـۆن قسـەكردنە لـەناوەوەی هەولـێر بـەو هیوایەری كە بتوانین لەرێگــەی هەڵدانـــەوەی ئیشـــكالیەتەكانەوە چـەمكی هەولـێری بەرجەسـتە بكـەین. دواتـر لەڕێگـەی چـەمكی هەولێرییەوە پەنجە بخەینە سەر جیاوازییەكان و لەوێشەوە خۆمان بناسین.

مەحموود زامدار

## دەبێ پێکهاتە گەندەڵو سڕبووەکانی هەزاران ساڵەی ئەم پیرە شارە تێکبشکێندرێ

( ١ )

هـەمـوو شـتێ کـەبۆنی بۆزەنـی ڕەسـەنی هەولـێرو هەولـێریانی لـێدێ شـانازی پـێوە دەکـەم..هەولـێری جـوانو شـیرین لەنـێو هیمۆگلۆبیـنی هەولێریـیە ڕەسـەنەکانە...مـن بڕوایەکی پتەوم بـەقانونی پەرەسـەندنی مێژوو و ژیـانو شارسـتانییەت هەیـە. بـەڵام چونکە بەم تەمەنـەم تووشـی (نوسـتالژیا) هـاتووم دە ئـەوا هەولێری جارانم پێ دلگیرترو هێمنتر بوو...!؟

هـەروەك چۆن ئـەم بۆچـوونو ڕوانینـەم لـە تابلۆکـانی کتێـبی یـا سـەربوردەی ژیانـامەکەم (دەردەکـورد)دا ڕەنگرێژکـردووە...جارێکـیان لەئـەوروپاو لەگـەورە ڕۆماننوسـی جـیهانی (جەیمس جۆیس) یان پرسی کە پتر لە (٢٠) ساڵ زیاتر بوو ئیرلەندەی جێهێشتبوو کە : (ئایا بیری شاری دبلن ناکەیتەوە؟) لەوەڵاما گوتبووی بۆ من دبلنم جێهێشتووە...!!)

ئـەم قسە جوانە هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کە هەستی قووڵی ئینتیمای خاکیان هەیە......!

( ٢ )

دەق وایـەو پتریـش..هـەر بۆیەشـەو هـەروەك چـۆن پێداویسـتیەکی زۆر زۆرمـان بـە گـۆڕانو هەڵـتەکاندنو ڕاچـڵەکاندن هەیـە ئـاوایش بـە شۆڕشـێکی قوڵی فـیکری..خـۆ دەشـبێ پـێکهاتەی مێشکەگەندەڵو سڕبووەکانی هەزاران ساڵەی ئەم پـیرە شـارە تێکبشـکێندرێو سـەرلەنوێ وەچەیەکی ڕاچەنیوی نـوێ بنـیات بنرێـتەوە...! دیـارە ئەمـەش بەرنامەی دەوێ بەرنامە...ئێ کوا بەرنامە؟ هەشبێ (بەرنامەی تاکەکەس)ییەو هی سەر بەکۆمەڵ، یا زۆرکزە یا هەرنییە!؟

( ٣ )

نەخێر، ئەوانەی شانازی بەهەولێرەوە ناکەن ئەمانـە ئەو کەسانەن کە ئینتیمایان کزو زۆریش کزو بوودەڵەو بێ کەڵكو بێ ڕیشەن...!

کاکی بـرا: جارێ کە گووتت (هەولێری) ئەوا بەهـیچ کلۆجێ مانـای تورکمان نابەخشێ..ڕەگو ڕیشـەی هەولـێریانی ڕەسـەن سـەر بـەو ڕووبـارو تافگەو شاخو داخو باخانەیە...زمانی تورکمانیش پاشماوەی (٥٠٠) ساڵەی حوکمی قەرەقووشیانەی عوسمانلـیانە..بوونـی چـەند بـنەماڵەیەکی تورکمانـیش لـەم شارە زۆر ئاساییە...مـن لەگەڵ زۆریـنەی بـنەماڵەی دایکـم بـەو زمانـە لەیـەك حـاڵی دەبـین، کەچـی لەگـەڵ بـنەماڵەی بـاوکم بەکوردیـەکی پـەتیو جـوانو شـیرین دەدوێین..!! ئـێ دەی کەواتـە: ئـەو حـەزە ناحەزە هی کاڵفامو بێ ڕەگەکانەو چـش...!

یوسف عوسمان حەمەد

# هەولێر بەحوکمی هەڵکەوتنی جوگرافی شوێنی ململانێی ئایینیو دەسەڵات بووە.

( ١ )

گەڕانەوە بۆ ئەرکیۆلۆژیای کۆمەڵە کەسێك دەبێ پەرچەڤەی زەمەنو جوگرافیای ئەو کەسە بکەین کە لەسەر سنوورێکی جوگرافی دەژیتو خەسڵەتی تایبەتی وەردەگرێت ئەم خەسڵەتە ناساندنو ناسنامەی کەسەکانە. مێژووی دەروونزانی ئەوەمان پێ دەڵێت لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵو گروپە داخراوەکان کارێکی زەحمەتە خوێندنەوەی بۆ بکەینو بڕیارێکی ئەکادیمی لەسەر بدەین، هەولێر بەرلەوەی شوێنێکی بازرگانی کلتوورو ڕۆشنبیری دەوروبەر بێتو تێکەڵاوی خەسڵەتی دەوروبەر بێت ئەوا بەحوکمی هەڵکەوتنی جوگرافی شوێنی ململانێی ئایینیو دەسەڵات بووە چ ناوخۆیی چ دەرەکی وەکو شارەکانی تری کوردستان نەبووە بکەوێتە سەر سنوور ئاڵوگۆڕ مەعریفەکان بەئاسانی بکرێت، واتە گۆڕان لەمەعریفەو کلتوورو دابو نەریت لەسەر شارە سنووریەکان لەبارترە نەك لە شارە ناوەندە جوگرافیە داخراوەکان. ئەمەش ئاڵۆزیەك لە کەسایەتیو تایبەتمەندی خەڵکانی ئەو شارە دروست دەکات وەکو هەولێر. کە لەڕووی گۆڕانی دابو نەریتو سیماو خەسڵەتو مەعریفەدا تەنانەت لەڕووی کەرەستەی ژیانو ڕۆژانە زۆر بەزەحمەت دەگۆڕین پەیوەندێکی ڕۆحی بەهێز هەیە لەنێوان کەرەستەکانی ژیانی ڕابردوو کەوازی لێ ناهێنن تەنانەت ڕۆشنبیرانیش کەرەستەی بیرکردنەوەو مەعریفەیان زەخیرەی ڕابردووو کلتووری کۆنە. لەلایەکی تر پێکهاتەی دانیشتوان لەڕووی کێرڤی کەسایەتییەوە لێکدوورن ئەگەرچی لەڕووکەشو سیمای ڕۆژانە تێکەڵاوی یەکتر بوون، بەلاّم لەناخو ناوەڕۆكو بنچینە لێك دوورن. لەڕووی ئایینیو نەتەوەو کلتوور هێشتا ماوەی نێوانیان دوورە. ئەمەش دەسەڵاتی دوژمنو داگیرکەر لەبەرژەوەندی ئەو دابووە، کەمامەڵەی ڕۆژانە بەپێی خەڵکی هەولێر نەی ناساندوون بەڵکو بەپێی ئایینو نەتەوە مامەڵەی لەگەڵ کردوون، کاتێك کارێك دێتە پێشەوە بەرلەوەی بڵێت هەولێری دەڵێن مەسیحی یان تورکمان یا کوردی دانیشتوی هەولێری، ئەمە ریالیزمی تەبۆگرافیای کەسایەتییە، بەلاّم بۆ نموونە ڕۆشنبیرێك لە سلێمانی لە دهۆك دەزانێ ئەوە خەڵکی سلێمانیە، بەلاّم خەسڵەتی مەسیحی یا موسڵمانی پێ نابەخشێت، واتە ئەم شارە سلێمانی یا دهۆك لە دڵی هەموویان دەژین کەچی ئێمە لەدڵی هەولێر دەژین بۆیە خۆمان بەخاوەنی نازانین تەنها میوانێك لەسەفەرێك داین لەم شارەدا. کاتێك کەسێك (ڕۆشنبیر یا زانا) لەم شارە هەڵدەکەوێت یەکسەر تورکمان دەڵێ کرمانجە یا مەسیحی، کورد دەڵێ تورکمانە

یا مەسیحی هەروەها. ئەمەش ونکردنی ئینتمایە بۆ هەولێری. ئێستاش دەڵێن ئەمە مزگەوتی هەولێریەکانەو ئەوەی تریان کرمانجەکانە ئەوەی تر...هتد. بەڵام ئەم دیاردەیە کەمترە لە شارەکانی تر.

( ٢ )

توێژی (ڕۆشنبیران، زانایان....) لەڕووی بوێریو جورئەتی ئەدەبیو دەمو دووی ئازایانەو ئاخاوتن لەبازنەیەکی داخراودان ئەمەش بۆ سروشتی پێکهاتەی کەسایەتی کۆمەڵگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ نموونە هەزاران ساڵە مەسیحیو موسڵمان لەهەولێر دەژین تا ئێستا فۆلکلۆرو کەلتووری کۆنی مەسیحی خەڵکی هەولێر شارەزانین، کەچی لەدوو گەرەك لەم شارە دەژین لەزۆر گەرەك تێکەڵاوین تا ئێستا زۆر بەکەمی سروت (تقوس) دابو نەریتو کلتووریان شارەزانینو هەروەها تورکمانو ئەوانی تریش بەرامبەر کوردو هەوڵی ئەوەمان نەداوە زمانی (ئاخاوتن)ی یەکتر فێربین، لەژیانی ڕۆژانەو ڕاگەیاندنو نووسین زمانی تر وەکو عەرەبی بۆتە حیواری تێگەیشتنمان لەیەکتر. ئەگەرچی بەعس زمانی عەرەبی چەسپاندووە بەزۆر بەڵام توێژی ڕۆشنبیر هەوڵی نەداوە بەزمانی زکماکی دایك ئاخاوتن لەگەڵ یەکتر بکەینو لەیەکتر حاڵی بین ئەمەش جۆرێکە لە داخرانو دورە پەرێزی بۆیە جورئەتی ئەدەبیو ئاخاوتنمان کەمترە. سنوورەکانی نێوانمان زۆر بچووکە. ئەمەش دەبێتە هۆی نەبوونی پێشەنگی (ئەدەبی، علمی، هونەری، ئەوانی تر...) ئەم ڕەنگدانەوەیە تەنها لەسیاسەت دیارە کە خەسڵەتی ئەم دووریەو نەبوونی ئینتیمای هەولێری وای کردووە پێشەنگی سیاسی دروست بێت لە ئەنجامی ململانێی شاراوەی نێوان پێکهاتەی کەسایەتی هەولێری کە ئەم پێشەنگە سیاسیانە بۆ شارەکانیتر دەژین ئەوانیش ئینتمای رووحیان بۆ هەولێر لاوازە. تاقیکردنەوەی سایکۆلۆژی ئەوەی سەلماندووە ئەو تاکەی یا گرووپەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەکتیفە ئاڵوگۆڕی زانیاریو کاری ڕۆژانە لەگەڵ دەوروبەر دەکات زێدەترو چاپوکترەو بوێرترە لەو کەسەو گرووپەی کە لە کۆمەڵگایەکی یا جوگرافیایەکی داخراو دەژێت سیفەتی دوورەپەرێزیو هەڵنەکەوتنو خۆدەرنەخستنی پێوە دیار دەبێت.ئەم هەموو کردەوەیەش لەڕووی سایکۆ — سۆسیۆلۆژییەوە هەولێر تەنها پایتەختی سیاسیو بەڕێوەبردنە نەك پایتەختی ڕۆشنبیریو فکریو کلتووریو ڕاگەیاندنو چاپو پەخش، کە ئەوەی دووەمیان بۆنەبوونی ئینتمای رووحی بۆ هەولێر دەگەڕێتەوە لەگەڵ تێکەڵاو نەبوونی ئەو نەتەوەو ئایینانەی کە لەم شارەدا دەژین. هەر ئەم کارەشە بۆتە هۆی ئەوەی هەولێر ببێتە گۆڕەپانی ململانێی سیاسیو دەسەڵات نەك ململانێی شارستانییەتی ئایینیو نەتەوەییو کلتووریو ڕۆشنبیری...بۆیە خەڵك لەشارەکانی تر دەڵێن هەولێر گوندێکی گەورەیە کە هەستێکی نەگەتیفی بۆ حاڵەتی دەروونی خەڵکی هەولێر دروست کردووە.

ئیسماعیل بەرزنجی:

## هەولێر ماڵێكی ویرانە هەتا دەمرم سەردوركەی پیاهەڵدەڵێم

(١)

مرۆڤ هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە حەز بە جۆرە ماڵێك دەكات من تا دەگاتە ئەمرۆ كە ئێستا تەمەنم (٤٩) ساڵە بەلامەوە هەولێر لەهەموو شارەكانی دیكەی كوردستان جیایە، ئەو تایبەتمەندییانەش لەم چەند خاڵەدا كۆدەكەمەوە ئەویش ئەوەیە كە مرۆڤی هەولێری بە سروشتی خۆی مرۆڤێكی كەمدووە، حەزی زۆر لە كاسبیە مەبەستم زێتر خەڵكە عامەكەیە، بەردەوام خەریكی پەیداكردنی رزقە، حەزدەكات لەسیاسەت دوورە پەرێز بێ، ئەگەرچی خەڵكانی زۆر خەباتگێڕی تیا هەڵكەوتووە. بەڵام بەشێوەیەكی گشتی لە سیاسەت دوورە پەرێز بووە، ئەوە بەو مانایە نییە كە هەڵوێستی نەبووە، نەخێر هەڵوێستی هەبووە، خۆی بە رژێمە كوردكوژەكان نەفرۆشتووە، بەڵام هێندە نەپرژاوەتە سیاسەتو ژیانی سیاسییەوە. كە دەڵێم لەسیاسەت دوورە پەرێزم بووە بەو مانایە نییە كە كەمتەرخەمییان نواندبێ.

(٢)

كاتی خۆی ئیدیۆمی هەولێری زۆر بڵاوبوو، ئێمەی منداڵە كرمانج كە لە قوتابخانەی سەرەتایی دەمانخوێند هەر منداڵێكی پاكو خاوێنمان دەدی پێماندەگوت (هەولێری) ئەوانە كۆمەڵە خەڵكانێك بوون بەتایبەتی لەقەڵای هەولێر دادەنیشتن، یان لەدامێنی قەڵابوون، هەمیشە دوورە شەڕبوون، ئەو دوورە شەڕییە وای لێكردبوون كە شەپۆلی مرۆیی لەدەرەوەی شار هاتنە ناو شار، شەڕیان پێ فرۆشن، تەنانەت لە یادەوەرییەكانی دوونووسەری دیاریش ئەو دیاردەیە بەرچاو دەكەوێ، دەڵێن كە منداڵە كرمانج هاتنە ئەو شارە چ ئاژاوەیەكیان نایەوە، چونكە هەولێرییەكانو ئەوانەی نیشتەجێی شاربوون لە قەڵا دادەنیشتن، هەیە ئێستا تەمەنی (٧٠) ساڵە دەڵێ من هەتا قوتابخانەشم تەواوكرد غولاممان هەبوو ئێمەی لەقەڵا دەهێنا خوارێ پاشان ئێوارە دەیبردینەوە قەڵا، كچ هەیە لە قەڵا دانەبەزیووە ئەوەش پەیوەندی بەكەلتووری عوسمانییەوەیە، ئەو كەلتوورە شێوەزاری توركمانی لەهەولێر پەرە پێداوە مەبەستم بەتوركی قسەكردنە، بەتوركی قسەكردنیش دابەشی دوو جۆر دەكرێ، هەندێكیان هەر خەڵكی هەولێربوونو ڕەنگە بە ئەسڵ ڕەگو ڕیشەیان بۆ توركیا بگەڕێتەوە، بۆ نموونە دەڵێن (حەسەن ئەفغانی) ئەوانە بنەماڵەبوون لە ئەفغانستانەوە هاتبوون، هەتا شێوەی ڕوخساریشیان بە ئەفغانییەكان دەچوو، بنەماڵە

هەبوو لە سەیداوە هیندی بوون (مام عەلی) کوبەفرۆش لەبەر دەرگای مزگەوتی هەولێر کوبەی بەبەهاراتی دەفرۆشت ئێستاش نەوەکانی ماون شێوەیان لە هیندییەکان دەکات، زۆر بە تەلاقەتیش یەکێك لەنەوەکانی بەزمانی هیندی قسەی دەکرد.

هەندێك بنەماڵە لە عوسمانییەکانەوە جێماون، وەزیفەدار بوون، یان سەرمایەداری بچکۆلەبوون خاوەن موڵك بوون لەوشارە دەژیان دەستوورو دابو نەریتی تایبەت بەخۆیان هەبوو، هەتا بەمرۆ دەگات ئەو دەستوورەیان پاراستووە بەشەکەی دیکەیان هەر ئەو خەڵکە کوردە بووە کە لە دەرەوەی هەولێر بۆنێو هەولێر هاتبوونو لەئەنجامی تێکەڵبوونیان لەگەڵ دانیشتوانی شار ئەو تورکیە فێربوون ئەوە بۆ قۆناغێکی زووتر دەگەڕێتەوە چونکە ئەوکات تێکەڵاویەك هەبوو هەندێکیان بۆ ئەوەی بەمەدەنی ناویان بڕوات، بەکوردی قسەیان نەدەکرد، بەڵکو بەتورکی قسەیان دەکردو شانازییان پێوە دەکرد.

(سەیداوە) دووبەرەبوو یەکێکیان کرمانجی تیا دەژیا ئەویتریان شارستانییەکان بوون ئێمە پێماندەگوتن ((ناوقەسران))، کرمانج هەبوو لەبەرئەوەی تورکی دەزانی خۆی بە مەدەنی دادەنا، ئەو تایبەتمەندییە وای لەو شارە کرد ئەگینا لەو شارە هیچ کێشەیەك لەئارادانەبوو هەتا دەگاتە پاش کودەتای حزبی بەعس، بەعس زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا کرد، خوێندنەوەیەکی سوسیۆلۆژیانەی بۆ شاری هەولێر کرد یەکەم هەنگاوی دروستکردنی تورکمان قارداش ئوجاغی بوو (نادی الاخاء الترکمانی) هۆی دروستکردنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو تورکمانەی سۆزێکی بۆ کێشەی کورد تیایە لەو کێشە دایانبڕێ بەڕاستی واشی کرد هەتا ڕاپەڕینیش ئەو (نادییە) ڕۆڵێکی زۆر خراپی گێڕا.

دیاردەیەکی دیکە لەو شارە کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە کە هەر لەساڵانی چلەوە منداڵان بە کوردییەکی زۆر پەتی ناودەنران، بێگومان ئەوەش پەیوەندی بەسۆزی کوردایەتییەوە هەبوو، کەچی ئەمرۆ بۆخۆی کارەساتێکی گەورەیە، ڕاستە ئەوکاتە فیکری چەپ باوبوو بەڵام کۆمۆنیستەکان ئەوکاتیش دوو جۆر بوون جۆرێکیان بەتایبەتی تورکمانەکانو مەسیحییەکان، بۆئەوەی لەناسیۆنالیزمی کوردی کەم بکەنەوە، ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە حزبی شیوعی لەبەرئەوەی حزبێکی ئوممەمییە باشترە لەوەی بچیتە پاڵ حزبێکی ناسیۆنالیستی، هەندێکی دیکەیان کۆمۆنیست بوون بەڵام سۆزیان بۆ نەتەوەکەیان فەرامۆش نەکردبوو، بۆنمونە (ڕەمزی نافیع) لەهەولێر کەسەرکردەیەکی چەپ بوو.

کەواتە ئەو کەلەپوورە عوسمانییەو تەرەسوباتی ئەو کەلەپوورە کاریگەرێکی زۆری لەسەر هەولێر داناوە، کاریگەریو ڕۆڵێکی سلبی، بۆ نموونە لە (٦٠-٧٠) ناتوانی (١٠) کۆمەڵە شیعری کوردی بژمێریت، (٥) کۆمەڵە چیرۆکت

بەرچـــاو ناكەوێـــت، بـــەلاَم لـــە ســـلیمانی بەپێچـــەوانەوە لـــە (٦٠-٧٠) بەلێشـــاو كۆمەڵـــە شـــیعرو چـیرۆكت بەرچـــاو دەكەوێـــتو ئـــەوە بەبـڕوای مـن پـەیوەندی بـە بـارودۆخی ئەوسادا هـەبووە. بەدیوەكەی دیكـەش حـزبی بەعس ئەو تەرەسـوباتەی قۆزتـەوەو بـۆ ئـەوەش هـەتا دوای ڕاپەڕینـیش درێـژەی كێشا، زۆر سوودی لە (نادی الاخا ء التركمانی) كـرد، بـەلاَم نـاتوانی لەسالآنی (٣٠) ئـەو حەساسـیەتە بـەو شـێوە زەقـە ببیـنی، واتـە ئەگـەر لەلایەك پەیوەندی بەكۆچی لادێ بۆ شـار هـەبێ، ئـەوە دەتـوانم بڵـێم لـە (٣٠)یـەكان چـینێكی پڕشـــنگدار لـــەلادێوە ڕووی لـــە شـــار كـردووە نموونـەی بـنەماڵەی (ئەحمەد محمدامین دزەیـی) كاریگەریـــیەكی زۆریـــان لەســـەر شـــاری هەولـــێر هـــەبووە (عـــەلی فـــەتاح دزەیـــی) كاریگەریـــیەكی زۆری هـــەبوو، بـــەلاَم لەبـــەر ئینتـــیمای چـــینایەتییان كـــە وەك مـــۆدە وەریانگرتـبوو نەیانـتوانی بـەردەوام بـن بۆیـە لە حزبی شیوعی نەگەیشتنە پلەی بەرز، ئەگەرچی هـــەندێ كـــاری زۆر جوانـــیان نوانـــد، بـــەلاَم نەیانتوانی بەردەوام بن.

شـەپۆلی ناسیۆنالیزمیش كە لەهەولێر خۆی لـــەپارتی دیموكـــراتی كوردســـتاندا دەبینـــیەوە بەڕاستی نەیـتوانی ڕۆڵـی خـۆی ببیـنێ، دەكـراو ئێسـتاش دەكـرێ هەولـێر زۆر لـەوەزێتر گـرنگی پێـبدرێو گـرنگی بـە شـوێنەوارەكانی بـدرێ، چونكە هەولـێر شارێكی دێریـنە بـەلاَم بەراستی فەرامۆشـكردنی نـەك هـەر كارەساتێكی گەورەیە، بـەڵكو فەرامۆشـكردنی فەرامۆشـكردنی هەسـتی نەتەوایەتیشە تـۆ دەتوانـی لەو شارە ئەو هەستە درك پـێ بكەیـت، گرنگـیدان بـە شـوێنەوارەكانی هەولێر هەر تەنها گرنگیدان نییە بەكەمینەیەك كـە بـەتوركمان ناونـــراون بـــەڵكو گرنگـــیدانە بەكەلـتووری شـارێك ئەگەرچـی وەك كەمیـــنە بەبـڕوای مـن قابیـلی ئـەو گرنگـیـیەن، بالەسـەر ئاسـتی تـاك مـن كێشـەم زۆر لەگـەڵ بـەرەی توركمانـیش بـێ، بـەلاَم ئـەوە هەرگیز بەو مانایە نـیە كە مـن بەرگـری لـە كەمیـنەیەك نەكەم كە لەناوجەرگـەی شـارەكەم نیشتەجێن، بەلاَم كاتێك كاردەگاتـە میـتو تەجەسـوس كردن لەوحاڵەتەدا دەتوانـی بـەزمانی یاسـا قسـەیان لەگـەڵ بكەیـت، ڕاسـتە ئـەوان دەوڵـەتی توركیا وەك پاڵپشتێك بۆ خۆیـــان دەبیـــنن، ئەگیـــنا بـــۆ مەســـیحییەكان بەوشـێوەی ئـەوان كارناكەن بەو شێوەیە دژایەتی ناكەن.

(٣)

كەواتـە بەشـێكی گـەورەی لەیەكحاڵی نەبوون بەبـــــڕوای مـــــن پـــــەیوەندی بەسروشـــــتی هەولێریـــــیەوەیە، بەشـــێكی ڕاســـتەوخۆ بـــۆ تۆبۆگرافیای شـاری هەولـێر دەگەڕێـتەوە، تـۆ بـۆ نموونـە حەیـران وەرگـرە، كە بەڕاستی كەلتووری هەولـێر تـیایدا ڕەنگدەداتـەوە، دەبیـنی ئەو سۆزە جوانە ناتوانی تەجاوزی سنوورەكانی خۆی بكات، بـەلاَم لاوك بەردەوام سنوورەكان دەبڕێ، بەشێكی دیكەشـی بـۆ ئـایین دەگەڕێـتەوە، مەبەسـتم كاركـردنە لەسـەر سـۆز، واتـە خـەڵكی هەولـێر هەمیشە لەسەر تەلەكانی سۆز یاریان پێ دەكرێ

نەك عەقڵ، حزبی بەعس هەر كاری لەسەر تەرەسوباتی كەلەپووری عوسمانی نەكردووە، بەڵكو كاری لەسەر سۆزو ئایینیش كردووە، هەرلەو ڕێگەیەشەوە هەوڵیداوە دڵی خەڵكی بۆخۆی ڕابكێشێ، خەڵك لەخۆی كۆبكاتەوە.

مەسەلەی ئایین مەسەلەیەكی مرۆییە پەیوەندی بە ناوەوەی مرۆڤەوە هەیە، من دژ بەئایین قسە ناكەم، بەڵام دەبێ ئایین وەك مەسەلەیەكی مرۆڤایەتی لەسیاسەت بكەینەوە، مەسەلەی ئایین پەیوەندی بەستنە لەگەڵ خوا، بەڵام ئیسلامی سیاسی هاتووە ئەو مەسەلەیەی بۆخۆی قۆزتۆتەوە سەرەڕای ئەو فەراغەی كە لەسیاسەتی كوردی كەوتۆتەوە، چونكە ئەو فیكرەیەی كە بانگەشەی عەلمانییەت دەكات هیچ بنەمایەكی لێرە دەست ناكەوێت واتە ئێمە لەدەرەوە هەر تەنها كەرەسەو ئامرازەكان وەردەگرین، فیكر وەرناگرین، ناتوانین گفتوگۆ لەگەڵ فیكری ئەوی دیكە بكەین، سەرەڕای ئەوەش فەراغی حزبی كوردی كە تاكو ئێستا نەیتوانیووە وەك پێویست بەپێی سەردەم پێداویستییەكانی خەڵك دابین بكات پێویستەكانی گەنج دابین بكا، تۆ وەرە لەكام گەرەك وەك پێویست یاریگە، هۆڵ، باخچە، پارك، قاوەخانەی كۆمپیوتەر، مەلەوانگە...هتد دەبینی؟ لێرەوەیە هەستدەكەین بەپێی فیكری سەردەم هەڵسوكەوت ناكەین بەڵام بەدیوەكەی دیكە بەملیۆن دینار لەمزگەوتو خانەقاو تەكیە خەرج دەكرێ كەواتە كێشەكە لەوەدایە كە ئێمە هیچمان بۆ لاوەكان نەكردووە.

(٤)

ئێمە هەمیشە لەدروشمە ئەدەبییەكانماندا جەخت لەسەر نەوەی نوێ دەكەینەوە، هەمیشە قسە لە نەوەی نوێ دەكرێ، یەكێك لەدروشمە سەرەكییەكانی ڕوانگە بایەخدان بەنەوەی نوێ بوو، بەڵام ئێستا هیچ گوتارێك بۆ نەوەی نوێ لەئارادا نییە، هەتا ئەو نووسەرو شاعیرانەی كە خاوەن ئەزموونن هیچیان بۆ نەوەی نوێ پێ نییە، ئێمە چیمان بۆ نەوەی نوێ جێهێشتووە، جگە لە كۆمەڵە شەڕێكی هیچگەراو خۆكوژی نەبێ، ئێمە كە هەتا ئێستا نەمانتوانیبێ هۆڵو شانۆو، باخچەو گەلەرو كافتریاو...هتد بۆ گەنج دابین بكەین، ئێمە كە نەمانتوانیبێ بەلای كەمی لەڕووی زانستیو فێركارییەوە هیچ بۆ نەوەی نوێ بكەین، ئیتر چۆن دەبێ دڵمان بەداهاتوو خۆش بێ، نەوەی دوای ڕاپەڕین ڕاستەوخۆ هاتە سەركومپیوتەرو سەتەلایتوئەنتەرنێت ..هتد بۆیە دەبێ پرۆژەمان بۆ ئاراستەكردنی لەبەردەستدابێ، چونكە نەوەی نوێ نازانێ دوێنێ چۆن گوزەری كردووە، ڕەنگە خەمی ئەویش نەبێ، یان بەلای كەمی دەرفەتی بەدواداچوونی لەبەردەستدا نییە، نەوەی نوێ بەگشتی گومڕابووە، یان لەخەیاڵ دەژی، هەتا خەمی ئەوروپا هەبوو، خەونیان بە ئەوروپاوە دەبینی، ئێستا ئەو خەونەش كاڵ بۆتەوە، بەڵام ئێمە هیچ پرۆژەیەكمان بۆ نەوەی نوێ پێ نییە، هەتا مەسەلەی دامەزراندنیش، بۆ ئەویش بەرنامەیەكمان نییە، ئیتر نەوەی نوێش داوای

ژیان دەکات، ئەمڕۆ زۆر قورسە بتوانی بەشتێکی کەم رازییان بکەیت، ژیان هەتا دێ بەرفراوان دەبێو بواری دیکەی لێ دەبێتەوە، ئەمڕۆ لەگەڵ دوێنێ زۆر لەیەك جیایە، تۆ سەیری دیاردەی مۆبایل، ئینتەرنێت بکە، لەلایەکی دیکە تۆ سەیر بکە رۆژانە بە سەدان لاوو گەنج دەبینی وەك کەنناس لەسەر شەقامەکان خەریکی پاك کردنەوەن، بەڕاستی ئەوە دیاردەیەکی جوان نییە، دەبێ ئەو نەوەیە گرنگیان زێتر پێ بدرێ، چونکە لاوان توانای لەڕادەبەدەریان تیایە، دەتوانین لەو توانایانە زۆر کەڵك وەرگرین، دەتوانین بە جوانترین شێوە ئاراستەیان بکەین. ئێمە وەك ئەدەبیش هیچ دەقێکی گەورەمان بۆ ئەوەی نوێ پێ نییە، بەلاَم تۆ وەرە سەیری (ئەدۆنیس) بکە کە زۆر بوێرانە لەبەرامبەر شەپۆلی کۆنەخوازی عەرەبی بیروڕای خۆی دەردەبڕێو کاردەکات. (ئەرگۆن) بەرامبەر قەرەزاوی دەوەستێ، کوا تێزی فیکرو فەلسەفییەکانی دوێنێ، تۆ چۆن دەتوانی پشت بەو بنەمایانە ببەستی.

(٥)

بەشێکی رۆشنبیریی بۆخۆی لەسەر تەقالیدو ئایینو بازرگانی بونیاد دەنرێ ئەدیبو رۆشنبیرانمان لە مزگەوتو تەکیەو خانەقاکانەوە هەنگاویان ناوە، پەیڕەوی تەقالید کراوە بەلاَم سەرمایەدارو بازرگانان لەو شارە رۆڵێکی دیاریان نەبووە. مزگەوتو خانەقا شوێنگەی بزاڤی کوردایەتی بووە، شوێنگەی شیعرو ئەدەب بووە، بۆنموونە تەکیەی (شێخ عەبدولکەریم) لەهەولێر یەکێك بووە لەو تەکیانەی کە کوردایەتی تیا کراوە، بەلاَم بەنیسبەت ئەوەی کە بازرگانێکی هەولێری هەوڵی دابێ دەزگایەکی رۆشنبیریی دابمەزرێنێ، یان سەرمایەدارێك ئەوەی بەئەرکی خۆی زانیبێ، نەخێر نەکراوە، بەڵکو هەموو هەوڵیان بۆ کۆکردنەوەی پارە بووە.

لەلایەکی دیکە دەتوانم بڵێم کەلتووری هەولێریان لەبواری گۆرانییە میللییەکانو لە (قۆریات) کە بەشێوەزاری تورکی دەگوترێ، لەبواری سۆزو دڵدانەوە ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە، بەلاَم وەك مەسەلەیکی ئیبداعی لە پانتایی ئەدەبدا بەرجەستە نەکراوە، یان ڕەنگدانەوەی نابینرێ.

(٦)

هەولێر کۆمەڵە دەقێکی داخراوە، نەکراوەتەوە، گرفتەکە ئەوەیە کە خەڵکانێك شتەکان لەیەك جیاناکاتەوە.

(٧)

من شێتی هەولێرم، هەمیشە شانازی بەهەولێرەوە دەکەم، شانازی بەوە دەکەم کە یەك دنیا جوانەمەرگی نازدارم لێرە بەخاك سپاردووە، دنیایەك قوتابی کوردم فێرە ئەلفو بێ کردووە، شانازی بەوە دەکەم کە ئەو هەموو کۆڵانە لا تەریكو پیسو پۆخڵانە بەشێك بوونە لەژیانم، من یەك کاتژمێر بێ ئەو شارە ناژیم سەرەڕای هەموو شتێکیش، من بێ هەولێر ناژیم. هەولێر هەوارگەیەکی دێرینەوماڵێکی

وێرانەو هەتا دنیا مابێ بۆخۆم سەردولکەی پیاهەڵدەڕێژم.

کەریم کاکە:

## لەپێناو بە هەولێرییبوون با چەند شیراتۆنێکی دیکە لەچاوی مزگەوتەکان بچەقێن

(١)

هەولێری خۆ بەهەولێری نەزان، کەسێکە بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێ، شوێنێك لەتارمایی دەچێت، تارمایییەك زۆرجار لەدەرەوەی کات خۆی نیشاندەدات... رابردووی لەدەست چوو، ئێستای نەبوو، ئاییندەی پەرجو... تۆ هەولێری کە خۆت بەهەولێری نازانیت، کۆمەڵێك هۆکار لەپشت ئەم نەبانیە یان خۆ نەبانیکردنەدان، ئەو هۆکارانەی بەو دەردەی بردووی تاڕادەیەکی زۆر تێکچڕژاوو گرێدراون بەیەکەوە لەگەڵ ئەوەش دەکرێ تاك تاك بخرێنە روو قسەیان لێوەبکرێ...

بەر لەهەر شتێك دەبێت یەخەی ئەو مێژووە غەدارە بگرینو لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەین کە بەتورکمانیکردنی هەولێری لێوە ترەکیو بووە هۆی پێگرتنی نەریتی دووبەرەکی، عوسمانیە داگیرکەرو رەگەزپەرستەکان چی لەدەستیان هات دریخیان نەکرد بۆ بەتورکمانیکردنی هەولێر بەتایبەتی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە، لەرێگەی ترس نانبڕین بەرتیل... کوردیان بەتورکمانکرد، جێی خۆیەتی خۆ دووبارەکردنەوەی مێژوو لە بەرگە کۆمیدیەکەی لەو نمونەوە نیشانبدەین کە بەرەی تورکمانی دەستچێنی تورکیا لەدوای راپەڕین هەوڵی بەتورکمانیکردنی هەولێری دایەوە.... بەهەرحاڵ عوسمانیەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا جگە لەوەی زمانی دانیشتوانی هەولێریان کردە زمانی تورکمانی لەڕووی زمانەوە شار مۆرکی تورکمانی وەرگرت، بەتورکمانیکردنەکە هێند قووڵو چڕبوو خەڵکەکە لەبیریان چوو گۆڕی نەنكو باپیریان وا لەگۆڕستانەکانی دەشتی هەولێر، خۆشناوەتی، رواندزە، ئاشکراشە عوسمانیەکان تورك بەگشتی چەند دژە کورد بوون، ئیدی لێرەوە ناکۆکی نێوان ناوشار (بەتورکمانکراو)و دەرەوەی شار پەرەی سەند ناکۆکیەکە بەتەنها ناکۆکی نێوان دوو جۆری بیرکردنەوەو رەفتاری شارو گوند نەبوو بەڵکو دژایەتیەکە بەدژایەتی نێوان کوردو تورکمان کەوتەوە.دواتر دوای ئالوگۆڕەکانو هاتنەگۆڕێی بارودۆخێکیدیو دەسپێکردنی کۆچی گوند بەرەو شارو درەنگتریش کۆچی بەزۆرو نائاسایی، ژمارەی شارنشینی لەگوند هاتوو چەند قاتی شارنشینە کۆنەکە بووەو هەروەها زۆر لەخەڵکە بەتورکمانکراوەکانیش بەکوردبوونەوە لێرەوە دژایەتیەکە چووە قاڵبیدیکەوە دژایەتی نێوان کۆنە هەولێریو تازە هەولێری هەر لێرەشەوە خۆ بەهەولێری نەزان زەق دەبێتەوە... هەردوولا کۆنو تازە

هەستیانکرد بەشار نامۆن، کۆنەهەولێری وای دەبینی شار لەلایەن گوندیانەوە داگیرکراوە، تازە شارییەکانیش جگەلەوەی هێزی بەگوندیبوونەوەیان لا خاوەنبۆتەوە، دەیاندیت کاروباری شار بەگشتی لەدەست ئەوان نییە سەریان بەر فەرمانگەیەکدا دەکرد رووبەرووی کۆنەشاری دەبوونەوەو بەچاوی سوك تەماشادەکران، ئەمە وایکرد بەشاری خۆیان نەزانن ئێستاش لەگەڵ بێت کۆنە شاریەکی فەرمانبەر تا ئیشو کاری کۆنە شارییەك هەبێت هی خەڵکیتر بەرێ ناکات.

شارچیەتیو ناوچەگەرێتی هەندێ لەشارو ناوچەکانیدی کە لەزۆرکاتدا دژایەتیەکی تەواوی هەولێریان کردوو- زۆرجاریش لەلایەن دەسەلاتی سیاسیەوە ئەو دژایەتیکردنە تێکراوەتەوە- فەرهەنگیان پڕە لەنوکتەی سوکایەتیکردن بە هەولێرو هەولێریان، تۆ بڕوانە خەڵکانێك هی ئەودیوی هەردوو زێ لەهەولێر لەدایکبونو گەورەبوون کەچی سوکایەتیش بەهەولێر دەکەن، ئیدی هەولێرێك کە گیانی شارچیەتی تێدا کزبووبێت لەولاوەش کەوتبێتە بەرانبەر شارچیەتیو ناوچەگەرێتیەکی تۆکمەو بەبەرنامە لەبری ئەوەی تووشی پەرچەکرداربێتو بیری شارچیەتی لای گەشەبکات، زیاتر لەمەیلی بەهەولێریبوون دوورکەوتۆتەوە.

ئەگەر قسە بێتەسەر لێپرسراوانی هەولێر دەبینین لەکۆنەوە کەمجار بۆنموونە پارێزگار خەڵکی هەولێربووە، ئەمەش وایکردووە گرنگی بەشار نەداتو پێچەوانەی بەرژەوەندی شار کاری کردووە مەبەستمە بڵێم پشتگوێخستنی شارو نەگایاندنی خزمەتگوزاری بەسەرجەم شار مەیلی خۆ بەشاری زانین کز دەکات ئەگەر هەولێر لەزووەوە خزمەتگوزاری تەواوی هەبایە لەڕووی بیناسازیو شەقامو باخو... لەشار بچوایە گیانی خۆ بەهەولێریزان پەرەی دەسەند بەلام شارێك ناوجەرگەکەی هەرگۆڕستانو مزگەوت بێت، فراوانترین شەقامی تەنها جێگەی شێتو دەرۆزەکەری لێبێتەوە، شارێك بۆنموونە گەڕەکێکی وەك باداوەی تێدابێت کە دواکەوتوترین گوندی دنیا ئیرەیی پێنابات، لەشارێکی وادا شارخۆشویستنو خۆ بەشاریزانین ئاسان نییە.

(٢)

راپەڕینی ١٩٩١ جگەلەوەی دڕدۆنگی نێوان کۆنە هەولێریو تازە هەولێری زۆر کەمی کردەوە، پەیوەستبوونی سەرجەم هەولێرییەکانی بەهەولێرەوە توندترکرد، بەلام شەڕی ناوخۆ بەجۆرێك درێژەی بەنامۆییەکەدایەوە شەڕی ناوخۆ کە دەکرێ بەواتایەك بەشەڕی هەولێر ناوبرێ، چونکە سوارەکانی بادینانو بابان سەرکەوتنو ژێرکەوتنی خۆیان لێرە دەنووسیەوە هەرچی وێرانەییو پۆخڵەواتی شەڕ هەیە بەهەولێر برا، لەئەنجام هەردوو بەرەی شەڕ بردیانەوە، هەولێریش بەدۆڕاوی مایەوە ئەوانەی بوونە خاوەن هەولێر هەولێرییەکان نەبوون، ئیدی لێرەوە هەولێرییەکان بەکۆنو تازەوە لەبەرامبەر دەرەوەی سنوری هەولێر خۆیان بەداگیرکراوی هاتەپێش، چونکە هەستیان

بەو سوكاتیەكرد كە لێیان دەكرا، سوكایەتی لەقسەی هەولێر بریندارکردنی بەرپرسان، وێرانكردنی شار، زاڵكردنی ئاوارە بەسەر هەولێریان قورخكردنی لایەنی ئابووریو بازرگانی... تد هەموو ئەوانە راستە بەشێوەیەك هاوسۆزی نێوان هەولێریانی بەهەردووباڵەوە لێكەوتەوە بەلآم بەدیوێكیدیكە بەهەولێر نامۆبوونیشی خستەوەو هەندێ لەرۆشنبیرانی هەولێریش گرێی هەولێر بەكەمزانینیان هەیەو هیچ جوانیەك لەهەولێر نابیننەوە، هەست دەكەم ئەو گرێیە بەرلەوەی زادەی واقیعی هەولێربێت، زادەی كاریگەری رۆشنبیرانی دەرەوەی سنووری هەولێرە لەسەریان... ئەو رۆشنبیرانە لەجیاتی ئەوەی شاراوەیی هەولێر ببیننەوە، لەبری ئەوەی بۆمەبەستی رووناككردنەوە خاڵە تاركەكان دەستنیشانكەن دێن زۆر سەرپێیانەو سەرچیخانە هێڵێكی راستوچەپ بەسەر هەولێردا دەنێن، دەیانەوێ خۆیان وەكو سلێمانیەك نیشانبدەن.رەنگە هۆكارێكی دیكەی خۆ بەهەولێری نەزان پەیوەندی بەسروشتی خەڵكی هەولێرو دەوروبەرەكەیەوە هەبێت كە حەزلەخۆ دەرخستن ناكەن، یان نوقمی كەمتەرخەمی بوونەو بەلایانەوە گرنگ نەبێت بەخەڵكی كوێ لەقەڵەم دەدرێن، هاولآتیبوونیان پێ لەهاوشاریبوون گرنگترە.هۆكارەكانی خۆ بەهەولێری نەزان لای هەندێ لەهەولێریان ئەگەر بەكورتكراوەیی دووبارەی بكەمەوە ئەمانەن: سیاسەتی رەگەزپەرستانەی داگیركەران. پێكهاتەی پڕ لەئاڵۆزی شار كە تێكەڵەیەكی ناسروشتیو نائاسایییە، دەسەلآتی سیاسیو خراپەكاری دەزگا ئیدارییەكان، دژایەتی دەرەوەی سنووری پارێزگای هەولێر بەرامبەر هەولێر كەمتەرخەمی رۆشنبیران، سروشتی هەولێرییەكان...چ بكرێ تا ئەو هەولێریانەی خۆ بەهەولێری نازانن بەهەولێری ببنەوە؟ سەرەتا پێموایە ئەو حەساسیەتەی نێوان كۆنە هەولێریو تازە هەولێری زۆر كاڵبۆتەوە، ئەگەر حەساسیەتێك لەئارابێت حەساسیەتی نێوان هەولێرو دەرەوەی سنووری هەولێرە رەنگە ئەمەش بۆ بەرژەوەندی هەولێریەكان بشكێتەوە پەیوەستبوونیان بەهەولێرەوە قولٚتربكاتەوە، لێرەدا دەسەلآتی سیاسیو دەزگا ئیدارییەكانی هەولێر دەور دەبینن، لەسەریانە هەولێر جوان بكەنو دیمەنی هەولێر وەك شار نیشانبدەن، لەدنیادا هیچ شتێك بەقەد جوانی هەواداری نییە، جوانی ژێرخان جوانی سەرخانی لێدەكەوێتەوە جوانبوونی هەولێر بەهەولێریبوونی قوولٚتر دەخاتەوە، با بەچەند پاركێكیدیكەی وەك پاركی هەولێر سەوزبێت، با بازاڕە گۆڕستانیەكانی هەولێر هاوچەرخانە هەڵبچنرێن، با چەند شیراتونێكیدیكە لەچاوی مزگەوتەكان بچەقێن، با گەڕەكەكان بەگەڕەك بكرێن، با گرفتی كارەباو ئاو چارەسەر بكرێن، با رووبارەكەی سەنحاریب هەولێر ئاوداتەوەو با دەریاچەیەك بۆ پیاسەی ئێوارانی كوڕانو كچان هەبێ... با... با... بزانە چۆن نەك هەولێرییەكان ناهەولێرییەكانیش پەیوەست دەبن بەهەولێرو لەجیاتی (بو)و (بۆ) چەند شیرین (لۆ) بەكاردێنن... من بڕوام بەوە نییە

هەولێر کۆنە پارێزبێتو ئایینده نەخوێنێتەوە ئەو دەمڕاستانەی بەناوی هەولێرەوە کۆنە پارێزی هەولێر رادەگەیەنن نوێنەرایەتی ژمارەیەکی زۆر کەمی هەولێرییەکان دەکەنو دەسەڵاتی سیاسیش ئەمە دەقۆزێتەوە، کەس نەیپرسی ئەوانەی هۆیها لە کچان دەکەن چەندیان هەولێرین، کەس نەیپرسی تیزابرێژەکان چەندیان هەولێرین، کەس نەیپرسی ئەوانەی لەمزگەوتەکانی هەولێر بەرنامەی تەقینەوەی بارو سالۆنەکانی ژنان دادەڕێژن چەندیان هەولێرین، کەس نەیپرسی ئەو مەلایانەی لەمزگەوتەکانەوە سوکایەتیان بە سەرکۆتیو لاق رووتی نەچوونە مزگەوت دەکرد لەکوێوە ئاراستە دەکران، کەس لەزۆر کەسیکەشی نەپرسی کەس لەهەولێرییەکان ناپرسێ ئەرێ ئێستاش هەست بەجۆرێك لەداگیرکراوی دەکەن! رۆشنبیرانی هەولێریشی تا سەر ئێسقان بەرپرسن و هەندێکیان ئێستاش پێوەنانەکەیان لەدژایەتیکردنی هەولێدایە یان لەبێدەنگبوونیان لەئاست دژایەتیکردنی هەولێردایە.

(٣)

لەبارەی پشتکردنە نەوەی نوێش لەپانتایی رۆشبیری هەولێر، من بڕوام نییە ئەوە تایبەتمەندی هەولێربێت، لەشارەکانیدیو لەوڵاتانی دیکەش ئەم ناکۆکیە هەیە ناکۆکی نێوان نەوەکان بەڵام رەنگە لەهەولێر زەقترو لەبەرچاوتربێت ئەمەش دابڕاونییە لەکێشە گشتیو بەربڵاوەکە، بەگشتی لەناو کورد کەم زۆر رۆشنبیری وابەستەی سیاسەتێکی پیرەو باوەڕی بەنوێکاری نییە، ئیدی کاریگەرییەکەی لەپانتایی رۆشنبیریشدا، جێپەنجەی دیارە.

## رێبین رەسوڵ ئیسماعیل:

## لە دوای ڕاپەڕین مزگەوت لەهەولێر لە شوێنی خواناسییەوە دەبێتە بارەگای حیزب.

(١)

ئەمڕۆ بەتەواوی مزگەوت بەشێکە لەجوگرافیاو سیمای شاری هەولێر، بۆیە بەردەوام وەکو دەلالەتکردنو ئاماژەکردن بۆ شوێن بەکاردێت، لەهەولێر هەر شوێنێك نەدۆزیتەوە، دەکرێت لەرێگای پێوەندی نزیکیو دووری لەمزگەوتێك دەستنیشان بکرێتو بدۆزرێتەوە. ئەو حاڵەتە لەپێوەندی نێوان شوێنی خواناسانو شار تاوەکوناوەڕاستی هەشتاکانیش حاڵەتێکی ئاسایی بوو، بەڵام لەوکاتەوە، بەتایبەتیش لەدوای ڕاپەڕینەوە دەبینین بەکارهێنانی مزگەوت دەگۆڕێت. مزگەوت لەشوێنی عیبادەتو خواناسییەوە، دەبێتە بارەگای حزب، ئەو حزبانەی پارەیان لە سعودیەو کوێتو قەتەرو ئیمارات وەردەگرتو لەنێو شاردا بارەگای حزبیان پێ دروست دەکرد. لەلایەکی تریشەوە بەشێك لەدەوڵەمەندەکانی هەولێر لەبری باج مزگەوتیان بونیادنا، بەوەش لەماوەی ساڵانی دوای ڕاپەڕین، ئەوەندەی مزگەوتو بارەگای حزبی دروستکران هەرگیز

نێو ئەوەندەش دامەزراوى رۆشنبيرىو خزمەتگوزارىو بازرگانىو نەخۆشخانەو قوتابخانە دروست نەكراون.ناكرێت بازرگانانى هەولێر لەمزگەوتەكانى جيابكەيتەوە، چونكە لەكاتى بۆنە ئايينييەكاندا ئەو پێوەندييە بازرگانييە زياتر لەنێو مزگەوتەكان دەردەكەوێت، پێشبڕكێى مزگەوتەكان، يا بەمانايەكىتر ئەو بازرگانە دەوڵەمەندانەى لەشێوەى گرووپ هاموشۆى يەك مزگەوت دەكەنو ناچنە مزگەوتەكانىتر، جۆرێك لە ململانێى بازرگانى چووەتە نێو مزگەوتەكان، لەكاتى بۆنە ئايينييەكاندا جۆرێك لە پێشبڕكێ هەيە لە بەخشينەوەى پاقلاوەو شەربەتو لوقمو چوكلێتو جۆرەكانى ترى شيرنەمەنىو نووسينو هەڵواسينى لافيتەى گەورە بەناوى بازرگانە دەسترۆيشتووەكانى نێو ئەو مزگەوتانە.يا لەشەوانى ڕەمەزاندا كاتێك ئێوارە بۆ ڕۆژوو شكاندن بەتامترينو بەچێژترين خواردن دێتە نێو مزگەوتەكانەوەو بۆ پارشێويش بەهەمان شێوە دووبارە ئامادە دەكرێتەوە.بەڕاستى زەحمەتە بتوانيت باسى هەولێر بەبێ ئەوەى باسى مزگەوتەكانىو ڕۆڵى ئەو مزگەوتانە بكەيت، بەتايبەتيش نيوەڕۆى ڕۆژى هەينى، كاتێك دەبينيت شەقامەكانى شار بەيەكجارى چۆڵ دەبن، وەكو ئەوەى ئەو شارە كەسێكى تێدانەبێت، بەلام لەواقيعدا بەشێكى زۆرى خەڵكى شار لە مزگەوتەكانو سەرقاڵى گريانن لەبەردەم كامێراكانى تەلەفزيۆندا، وەكو ئەوەى ئامادەى شينى حەسەنو حوسەين بووبن، لێرەدا جۆرێكىتر لەپێشبڕكێ دەست پێدەكاتەوە، ئەويش ئەوەيە كێ بەكوڵترو زياتر دەگرى، ئەوە زياتر موسوڵمانەو خواپەرستە، بەبێ ئەوەى ئەم نوێژو گريانە كار لەژيانى بەشێكى زۆرى ئەو خەڵكە بكات كە مومارەسەى دەكەن. چونكە دووسەعات دواى نوێژ دەگەڕێتەوە دوكانەكەىو دەست دەكاتەوە بەقۆڵبڕينى خەڵك.

وەكو چۆن مزگەوت بۆتە بەشێك لەبونيادى جوگرافى ئەو شارە، ئاواش نوێژو دیندارى بۆتە بەشێك لە سيفەتو خەسڵەتەكانى بەشێكى زۆرى دانيشتوانى، بەلام بەبێ ئەوەى كاريگەرى هەبێت لەسەر ڕەفتارو بيركردنەوەو شێوازى ژيانى خەڵكەكە، چونكە ئەوەندەى بۆتە دابونەريتو عورف، هەرگيز ئەوەندە بڕواو قەناعەت نييە.هەولێر شارێكە عورف بەڕێوەى دەبات، جۆرێك لەياساى تايبەتى خۆى هەيەو ياسايەكى نەنووسراوە، بەلام هەولێرييەكان دەيزاننو ئەزبەريان كردووە. سانا نييە بتوانرێت بەندەكانى ئەو ياسايە پێشێل بكرێت، بۆيە هەموو كەسێك پێڕەوى دەكات بەبێ ڕەچاوكردنى بيرو بۆچوونو ئايديۆلۆژياو پلەوپايەو شەهادەكەى، شارێكە زياتر لەپێنج هەزار ساڵە لەڕێگاى ئەو ياسا عورفييەوە بەڕێوە دەچێت، بەبێ ئەوەى هيچ حزبو حكومەتێك بتوانێت پێشێليان بكات، بەپێچەوانەوە كامە دەسەڵات گەرەكى بووە فەرامۆشى بكات، بەخۆى نەزانيوە چۆن پاڵپشتى لێدەكاتو بەهێزترى دەكات.

( ٢ )

پێم وایە بەشێك لەلێكحاڵی نەبوون و ئەو درزەی بەردەوام لەدوای ڕاپەڕینەوە تاوەكو ئێستاش لەنێوان ڕۆشنبیران و دەسەڵاتدایە، ئەو كەناڵانە لێی بەرپرسیارن كە گوایە لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ ئەوە دانراون بەتەنگ هونەرو ڕۆشنبیرییەوە بن، چونكە گرتنەبەری سیاسەتێكی فاشیلی ئیعلامیانەو دانانی كەسی نەشیاو لە شوێنی هەستناك حاڵێكی لەوە باشتری لێناكەوێتەوە. لەبەر ئەوەی كەسانێكی كەم نەبێت، ئەگینا زۆرینەی ئەوانەی بەرپرسیارێتی كەناڵە هونەریو ڕۆشنبیرییەكان وەردەگرن، ئەوەندەی بەتەنگ خۆیانەوەن، هەرگیز نیو ئەوەندەش بەتەنگ هونەرو ڕۆشنبیرییەوە نین و شایانی ئەوەش نین كەناڵی وا هەستناك و گرنگ بەڕێوە ببەن، تەنانەت بەشێكیان هەر لەبەر ئەوە ئەو پۆستانەیان پێدراوە گوایە سەرەكەسێكی دەستڕۆیشتووی ناو حزبن، بەبێ ئەوەی هیچ وێناكردنێكیان هەبێت لەبارەی وەزعی ڕۆشنبیریو كولتوورییەوە، یا ڕۆژانە ڕۆژنامەیەك یا گۆڤارێك بخوێننەوە. تەنانەت زۆر جار سەرت سوڕدەمێنێت و لەخۆت دەپرسیت: مەگەر ئیبلیس چووبێتە بنا گوێی بەرپرسان و ئەو كەسانەی دەستنیشان كردبێت، ئەگینا بەشێكیان نەلەدوورەوەو نە لەنزیكەوە هیچ پێوەندییەكیان بەڕۆشنبیرییەوە نییە، نەوەكو نووسەر یا هونەرمەندیش نین.لەڕاستیدا ڕەنگە ئێمە بەهەڵە لەهەندێك شت تێگەیشتبین، چونكە ئێمە بەهیوای ئەوەین ئەوكەناڵانە خزمەتی وەزعی ڕۆشنبیریو هونەری بكەن، بەڵام دەسەڵات ئەو كەناڵانەی بۆ ئەوە دانەناوە، بۆ ئەوە دایناوە شەڕەكانی خۆی پێبكات، بۆیە ئاساییە كەسانێك بكاتە بەرپرسی ئەو دەزگایانە كە شەڕەكانی ئەو دەكات.

هاشم سەراج:

## چەمكی هەولێریانی تەنها كەناڵ و ڕەهەندێكە لە بونیادی ڕۆحی شیعردا.

(١)

من بەش بەحاڵی خۆم شیعر وەك تەقسی بیركردنەوەو وێناكردن و دیدو گۆشەنیگاو داهێنان بەكردەو حاڵەتێكی گەردوونی دەزانم و كلتووری سەرلەبەری جیهانیش وەك چێژو لەززەتبەخشیو ئەندێشەو مەعریفەو مامەڵەی زەینیش بەبەرهەمی گیانی مرۆڤایەتی...

شیعر بەهۆی هەوڵ و كۆششی ئاگرینی ڕۆح و بەهرەی عیشقی تاكەكەس و هەست و نەست و خەیاڵ و وڕێنەی شێتێتی هەڵچوون و تێكەڵبوونی خودێكی سەرمەستی زمانیە بەدنیای هزرو ڕاڤەو لێكۆڵینەوەو شەپۆڵ و ڕێبازی ئەدەبیو میتۆدو جۆرەها فەلسەفەو مەعریفەی ئیستێتیكی ئەم سەرزەمین و گەردوونەو هەوڵدانی پیت و مۆرفیم و فۆنیمگەل و ڕستەی هەمیشە سەرمەست و مونحەریف و تلیاكینە كە گوزارشت لە وجوودو عیشق و جوانیو پوچێتی

چارەنووس دەکا... ئیتر دەتوانم بڵێم چەمکی ((هەولێریات)) ڕەنگە تەنها کەناڵو ڕەهەندێك بێت لە پێکهاتەی ئەو هەزارەها کەناڵو ڕەهەندگەلەی نێو بونیادی ڕۆحی شیعر ڕەهەندێك کە زێتر تایبەتە بە زێدو زاگەو مەفتەنو کلتوورێکی خەفەتناكو پاژێك لەیادەوەرییەکانی ڕۆژانی سەردەمی منداڵیو کاتو شوێنو ئولفەتو هۆگری کووچەو کۆڵانە تەنگە بەرەکانی گەڕەکی خانەقاو عیشقی سەردەمی هەرزەکاریو گۆرانیە غەمگینەکانی ((مشکۆ))و لاوکەکانی ((کاوێس ئاغا))..

خاوەن زەینی تەقلیدیو عەقڵی سەلەفییەوە هەڕەشەو بەربەرەکانی دەکرێ. بەتایبەتی (ناموبدیعەکان) کە ژمارەیان هێجگار زۆرە.. بەلاّم پێویستە بەهرەداری نەوەی نوێ بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵو کۆششی بخاتە گەڕو بەگیانێکی پڕ لە عیشقو هێزو مەعریفەو تێڕامانەوە سەیری ژیانو گەردوون بکاو هێدی هێدیش خەریکی جیهانی داهێنانەکانی خۆی بێو خێسەو هەڕەشەی کۆنە خوازان فەرامۆش کاو چونکە کردەی نووسینو داهێنان کردەیەکی تاکەکەسییە!

(٢)

لەهەر شارو شوێنێکی ئەم جیهانەدا، پانتایی ڕۆشنبیری بۆ سەرچەندین کایەو کەناڵو بواری جیاجیای ڕۆشنبیریی پۆلینو دابەش دەکرێ هەریەك لەم کایەو کەنالانەش خەسڵەتو بنەماو پێکهاتەو تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو بەهرەمەندی نەوەی نوێش بەپێی کارکردنو هەوڵو تەقەلاّو کۆششی زەینی خۆی لەهەریەك لەم بوارە ڕۆشنبیریو ئەدەبیەدا پێویستی بە فەراهەم کردنی کەشو هەوای لەبارو گونجاو هەیەو هەروەها پێویستی بە بایەخو پشتگیریو هاندانو پەروەردەی بەهرەشە...

کەچی لەلای ئێمە ئەم ڕۆحی هاندانو پشتگیریە زۆر بەکزیو لاوازی بەدیدەکرێو وێڕای ئەمەش زۆرجار گیانی بەهرەی نوێو نەوڕەسیدە هەرزوو لەلایەن تارمایی کەسانێکی

(٣)

حەیرانو هەندێ مۆتیفی فۆلکلۆرو جۆری ژیانی حەسرەتئامێزی چەندین کەسایەتی سالوك کە لە زۆربەی تێکستەکاندا چەشنی هێماو دەمامكو بروسکەی شیعری ڕەنگیان داوەتەوە. بەلاّم شێوەی دەربڕین دەتوانم بڵێم بەهیچ شێوەیەك پابەندی زێدو زاگەو چەمکی ((هەولێریات)) نییە بەڵکو سەر بە هالاّوەکانی دارژانو هەڵقوولاّنەکانی ڕۆحی کۆجیتۆی شیعرە.. یان ئەو ((منی شاعیر))ەی کە بەرێگەی مەینەتیەکانی تێڕامانو هەوڵو کۆششی بەردەوامی ئیستێتیکەکانی مەعریفەوە هاتۆتەکایەوە... دوور نییە لەچرکەساتێکی نادیاری حاڵو جەزبەی نووسیندا شەپۆلی تەکنیکگەلێك ئاوێتەی شێوەی دەربڕین بێو بونیادی فۆرمێکی جیاواز بخولقێنێ بەتایبەتی

........................................... نما ...........................................

لـه چركەسـاتی خوماری دڵو زەیندا یا ئەوكاتەی
كـە ڕۆحـی شـیعر بەوورپـێـنەكانی عیشـقو جوانـی
مەستو حەیرانە...

# حەساسیەتی بە هەولێریبوون
# حەساسیەتی توركمانو كرمانج

ئا: عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

نەوشیروان جەلال:

**دۆڕانــەكانی خــەڵكی هەولــێر بۆئەوە دەگەڕێتەوە كە جارێك لەژێر كاریگەری كلــتووری توركمــاندانو جارێكی‌دیكــە ئــایینو دواجــار دەكەونــە هــەوای دەسەڵاتەكانەوە.**

هاشم عوسمان:

**ئێســتا كــورد لــەو شارەدا زاڵە بەڵام ئیشكالیەتەكان بۆ كاریگەری قۆناغەكانی پێشتر دەگەڕێتەوە، بەبڕوای من نامۆبوونی مرۆڤی هەولێری زێتر سیاسییە.**

شەهرام نامق:

**خەڵكی هەولێر ترس داگیری كردووە، چونكە هەتا ئێستا ئەوەی نوێنەرایەتی ئەو شارە دەكات هەولێری نییە**

لەو گفتوگۆیەدا دەمانەوێت قسە لە ئیشكالیەتی هەولێرو هەولێریانی بكەین، چونكە هەستدەكەین لەم نێوانەدا هەندێ گیروگرفتی كەڵەكەبوو ماوەتەوە كە تاكو ئەمڕۆ درێژە بەخۆی دەداو كاریگەری خۆی هەیە، واتە بەشێك لە هەستو بیركردنەوەو ڕەفتاری ئێمەشی داگیركردووە. یەكێك لەوگیروگرفتانە ئەوەیە كە خەڵكی هەولێرینو بەهەولێر نامۆیین. ئایا ئەو نامۆبوونە

پەیوەندی بەساتەوەختی ئەمڕۆدایە، یان خاوەن مێژوویەکی قووڵە، هەروەها مەسەلەی ئینتمابوون بۆ هەولێر هەر لە دوێنێوە تا ئەمڕۆ چۆن تەماشا کراوە. سێنتەرو دەوروبەر چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتردا دەکەن، هەموو ئەو گرفتانە دەشێ لە چەندان تەوەری جیاوازدا قسەی لێ بکرێ، بێ ئەوەی بخرێتە چوارچێوەی بەراوردکردنو خوێندنەوەی دوو ی. شار، یان شارێکی دیکە لەبەرامبەر ئەو ئیشکالیاتانە بەرجەستە بکەین.

بەبڕوای من هەریەك لەو ئیشکالیەتانە مێژووی خۆیان هەیە، واتە بەشێکی کەمی نەبێ پەیوەندی بەمڕۆدا نییە، دەشێ بۆ هەندێکیان بۆ پێش عوسمانیەکانو عوسمانیەکان بگەڕێینەوە، سەرەڕای ئەوە بەشێکی پەیوەندی بە دەسەڵاتو وزەی کوردبووندا هەیە. ئەگەر لە دەسەڵاتو ئەو دەسەڵاتەی کە سێنتەری شاری کۆنترۆڵکردووە دەست پێبکەین هەستدەکەین کە هەر لەکۆنەوە خەڵکی دەوروبەری هەولێر یان کوردی دەوروبەری شاری هەولێر کەمترین ئینتمایان بۆ هەولێر هەیە، بەڵکو زێتر شار وەك وێستگەیەك تەماشا دەکەن، نەك وەك ئەوەی خەڵکی ئەو شارەبن، لێرەدا من ئەو مەسەلەیە بە حەساسیەتی سێنتەرو دەوروبەر ناوزەد دەکەم، دەوروبەر هەمیشە خۆی بەپەراوێزکراو دەبینێ، هەستدەکات هەرچەندە هەوڵبدات ناتوانێ ببێتە جەوهەری شار، یان ئەوەی پێی دەڵێن شاری، چونکە شاری، یان ئەوانەی سێنتەری شاریان کۆنترۆڵکردووە زۆربەیان تورکمانی هەولێرن، پاشماوەی دەسەڵاتێکی گەورەن کە بە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی ناودەبرێت، هەر لەو دەسەڵاتەوە بەبێ تەگەرە دەتوانن بەخۆیان بڵێن هەولێری، لێرەدا هەولێری جۆرێکە لە ئینتمای دەسەڵات، بەڵام کوردی دەوروبەر (کرمانج) لەبەرامبەر وشەی هەولێری جۆرێك لە شەرمو نیگەرانیو هەست بەکەمکردنی تیا بەدی دەکرێ، پرسیارەکە لێرەوە دەست پێدەکات ئایا کوردی دەوروبەری هەولێر بەراستی هەولێری نین، شار تەنها لەسێنتەردا کورتدەکرێتەوە ئایا هەولێری هەر تەنها دەلالەت لە تورکمانی هەولێر دەکات؟

ئەو ئیشکالیەتانە بۆخۆیان کۆمەڵێك ئیشکالیەتی ڕۆشنبیریو سیاسیو ئابووریان لەخۆدا هەڵگرتووە، بۆ نموونە بۆچی هەولێر خاوەنی تایبەتمەندی خۆی نییە، یان ئەو تایبەتمەندییە نابێتە بنەمایەکی ڕۆشنبیریو سیاسیو ئابووریو ڕەنگدانەوەی لەنێو ژیاندا بەرچاو ناکەوێت، بۆچی هەڵگری خەسڵەتو سیمای تایبەت بۆ خۆی نییە، بۆچی نەوەی نوێ ناتوانێ جیاکارییەکانی خۆی بپارێزێت...هەموو ئەو پرسیارانە دەچنە نێو ئەو گفتوگۆیە کە هەریەك لە نەوشیروان جەلالو هاشم عوسمانو شەهرام نامق بەشداری تیادەکەن، من لە قسەکانمدا هێڵێکی تۆخ بەژێر ئینتمابوونو لەوێوە کوردبووندا دەهێنم.

نەوشیروان: من ئەو مەسەلەیە لە مێژووی بە شارستانیبوونی کورد لەو شارەوە دەبینم، بێگومان ئەو شارە وەك مێژوو، وەك دیمۆگرافیا، جوگرافیا، شارێکی کوردییە، بەڵام بەبڕوای من کورد درەنگ ڕژاوەتە سێنتەرو سێنتەری ئەو شارە بەدەست تورکمان بووە، بەهەموو ماناکان، جا چ سیاسی بێ یان بازرگانیو ئابووریو کۆمەڵایەتی بێ، کە دەڵێم کورد درەنگ ڕژاوەتە شار بەو مانایەیە کە خەڵکی دەوروبەر گرنگیان بەلایەنی ڕۆشنبیریو بازرگانیو کاروباری پیشەسازیو بیناسازیو ...هتد نەداوە، کورد هەمیشە لەدەشت بووە، لە شاخ بووە، بەکورتی

زێتر گرنگیان بە کاروباری کشتوکاڵیو ئاژەڵداری داوە بۆیە هەرئەوەندە پێویستیان بەشاربووە کە بەروبومەکەی خۆیانی تیا ساغ بکەنەوە. ئەوەش بەومانایە نییە کە کورد لەشار نەبووە، کورد لەشار هەبووە بەڵام بۆچی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری تورکمانی، بۆچی مەسیحییەکانو کوردەکان لەیەك دابڕاونو تێکەڵاوییان وەك پێویست نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لە یەك شاردا دەژین ڕەنگە کاریگەری ئایین هەمیشە لەپێشەوە بێ بەڵام هەر هێندەش بەس نییە تەنها بیر لە ئایین بکەینەوە، دەبێ بیر لە هۆکارەکانی دیکەش بکەینەوە، یەکێك لەو هۆکارانەش دەسەڵاتە بەهەموو ماناکانییەوە، بنەمای ڕۆشنبیریو زمانە، بۆ نموونە کوردی هەولێر وەك زمان ئەوەندەی لەژێر کاریگەری تورکماندایە ئەوەندە لەژێر کاریگەری زمانی دایك دا نییە، هەر لێرەشەوە هەست بە لەقبوونی ئینتمای کوردی هەولێر دەکەین، ئەو تێکەڵبوونەی زمانی کوردی بە ریتمو کاریگەری دەستەواژەی تورکمانی بەشێکە لە ئیشکالیەتەکانی کوردی هەولێری، کوردی هەولێری بە لەکنەی تورکمانی قسەدەکا، هەروەها ئەو هەموو دابڕانە لەگەڵ (عینکاوە) بۆچی دەگەڕێتەوە؟

ئایا مەسیحییەکان کەم خزمەتی ئەو شارەیان کردووە، بەبڕوای من توانای باشیان تیایە لەهەموو کایەکاندا، ئەو دابڕانە زێتر بۆ مەسەلەی ئایین دەگەڕێتەوە، لە بەدبەختی ئەو شارە جارێك ئایین دەیخاتە پەراوێزەوە جارێك عوسمانییەکانو جارێکی دیکە دەسەڵات، ئەوە سەرەڕای دواکەوتوویی خەڵکەکە لە هەموو ئاستەکانی ژیاندا دواجار هەموو ئەو فشارانە کەسێتیەکی تێکشکاو دەخاتەوە کە من لێرە بەخەڵکی هەولێری دەبینم مەبەستیشم تورکمانی هەولێر نییە، خەڵکی هەولێر ناسنامەیەکی ئاشکرای نییە، کەسێتی خۆی لەدەست داوە، ئەگینا ئەو هەموو کوردەی کە لە هەولێر دەژین بۆچی خاوەنی سیماو خەسڵەتو تایبەتمەندی خۆیان نین، بەشێکی زۆریشیان شارنشینن، بەکورتی من ئەو دۆڕانانەی خەڵکی هەولێر بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە جارێك لەژێر کاریگەری کلتووری تورکماندانو جارێکی دیکە

لەژێر کلتووری ئایینو دواجار دەکەونە هەوای دەسەڵاتەکانەوە.

پ/ ئەگەر ئیشکالیەتی بەهەولێریبوون بۆ کلتووری ئایینی بگەڕێنینەوە، ئایا بۆ نموونە حزبی شیوعی کە ماوەیەکی زۆر لەوپانتاییە کاری کرد چەند لە فوولکردنەوەی ئەو ئیشکالیەتە دەستی هەبوو، یان بەپێچەوانەوە، ئەگەر لەنێوان مزگەوتو حزبی شیوعی مەسەلەی نێونەتەوەیی هاوبەش بێ جیاوازی حزبی شیوعیو ئایین لەوناوەدا چییە؟

نەوشیروان: مەسەلەی هەولێریبوون لێرەدا مەسەلەی بەرژەوەندییە، مەبەستم ئەوەیە کە سێنتەری شار ئەوەی کە تورکمانی هەولێرییە زێتر بۆ بەرژەوەندییە مادییەکان کار دەکەن بۆیە هەمیشە لەگەڵ دەسەڵاتدان، خاڵی دووەمیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چونکە کەمایەتین، کەمایەتی هەمیشە بۆمانەوەی خۆیان هانا بۆ دەسەڵات دەبەن، بۆ نموونە ئێستا مەسەلەکان تەواو جیاوازن، بەبڕوای من ئەو بەرژەوەندییەش، بەرژەوەندییەکی خاوێنە چونکە کەمینە هیچ چارەیەکی نییەوە ئەوە نەبێ کە بۆ بەرگری لە خۆکردن بچێتە ژێر سێبەری دەسەڵاتەوە، بەتایبەتی دەسەڵاتێک کە سەرکردەیەو لەگەڵ ئەوەشدا مۆدیلی هەیە (وەك نموونەی حزبی شیوعی).

پ/ ئایا کەمینە بەرژەوەندییەکانی خۆی هەر تەنها لەژێر سێبەری دەسەڵاتدا هەڵدەگرێتەوە، ئایا دەسەڵاتێك نییە بەناوی دەسەڵاتی زانستو کەلەپوورو مەعریفە؟

نەوشیروان: من چوونە ژێر سێبەری حزبی شیوعی بۆ تورکمانو هەتا مەسیحییەکانیش لەوەدا دەبینمەوە کە هیچ ترسێکیان لەو حزبە نەبووە، چونکە حزبی شیوعی بەو بیرو بڕوایە کاری نەکردووە کە وەك جەوهەر هەڵیگرتووە، بۆیە چوونە نێو حزبی شیوعی بۆ دەوڵەمەندو سەرمایەدارێكو کرێکارو هەژارێك وەك یەك بووە، سەرمایەدار تەنها سوودی لێ وەرگرتووە بەدیوەکەی دیکەش بۆ پارێزگاری خۆی پەنای بۆ بردووە، ئەوکاتیش حزبی دیکە لەپانتاییەکەدا هەبوونە، بەڵام نەیانتوانیوە کاریگەرییان هەبێ، ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەوکات شیوعیەت وەك مۆدیل زاڵ بووە، هەروەها کاری لەسەر نەتەوەو ئایینو ڕەنگو ڕەگەزەکانی دیکەی ناسنامە نەکردووە، کەواتە تاکە حزبێك کە توانای لە ئامێزگرتنی هەموو ئەو جیاوازیانەی هەبێ لەوکاتەدا حزبی شیوعی بووە، بەجیاوازی دەوڵەمەندو هەژاریش، ئەوە بۆخۆی پاڵنەرێکی زێتر بەرژەوەندئامێزە، لەگەڵ ئەوەشدا حزبە کوردستانیەکانی دیکە نەیانتوانیوە ئەو قەناعەتە دروست بکەن، ئەگەر بەشێکی ئەو قەناعەتە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکەکە بگەڕێتەوە بەشێکی پەیوەندی بە بەرنامەی حزبەکاندایە کە نەیتوانیوە خەڵکەکە بخوێنێتەوە.

پ/ هەست ناکەیت ئیشکالیەتی چەمکی هەولێری دەکەوێتە دووتوێی ئیشکالیەتی کوردبوونەوە؟

نەوشیروان: من ئیشکالیەتەکە بۆ ئەو حزبانە دەگەڕێنمەوە کە لە پانتاییەکە دەست بەکاربوونە، چونکە نەیانتوانیوە وەك پێویست حزبێکی هاوچەرخ بن.

هاشم: هەموو حزبێك خاوەنی ئایدیۆلۆژیای خۆیەتی، حزبی شیوعی بێ ئەوەی پڕوپاگەندە بکات خۆی هەڵگری خەمێکی نێونەتەوەیی بووە، بۆیە کابرایەکی کلدانی یان ئاشوری یان تورکمانیو کورد بەشێوەیەکی ئاسایی دەتوانن بچنە پاڵ ئەو حزبەوەو بێ ئەوەی مەسەلە ناسیونالیستیەکە بوروژێ، ئەوانە وابەئاسانی ناتوانن بچنە نێو حزبێکی ناسیۆنالیستی، ڕاستە کورد خاوەنی مەسەلەیەکی ڕەوایەو قوربانییەکی زۆری داوەو خەباتی کردووە، بەڵام ئەوە نابێتە ئامانجی هەموو کەسێك، مەبەستم ئەوەیە کە نابێتە ئامانجی تورکمانێك یان ئاشوریو کلدانیەك.

پ/ ئەو قسانە بەرەو ئەوەمان دەبەن کە کورد لەهەولێر کەمینە بووبێ.

هاشم: مەسەلەکە پەیوەندی بەبەرژەوەندی سێنتەری شاردا هەیە، شارنشینەکانی هەولێر هەمیشە بەرژەوەندی مادییان خستۆتە پێش هەموو شتێکەوە.

پ/ پێتانوایە دوالیزمیەتی خەڵکی هەولێر لە بەرژەوەندییەوە هەڵقووڵاوە پرسیار ئەوەیە، ئایا ئیشکالیەتی هەولێری بوون لەونبووندایە؟

هاشم: هەولێری کلتوورێکی شارستانی نییە.

پ/ هەولێر بۆخۆی یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکانی دنیا.

هاشم: خەڵکی هەولێر کوردبوونی خۆی لەهەولێر نابینێتەوە بەڵکو لە جوگرافیایەکی گەورەتردا دەبینێ.

پ/ بەڵام تۆ ناتوانی شاری هەولێر لە کوردستان بکەیتەوە، هەولێر شارێکی کوردییە ئەگەر ئینتمات بۆ هەولێر نەبێ ئینتمای نەتەوەییشت نابێ. پرسیارەکەی من ئەوەیە خەڵکی هەولێر بۆچی ئینتمای بۆ شارەکەی خۆی کزە؟

هاشم: هەولێر بۆخۆی لەسەرەتادا قەڵات هەبووە، چەند گەڕەکێکی وەك تەیراوە، تەعجیل هەبووە، واتە بەسروشتی گەورە نەبووە.

پ/ من شتەکان وا کورت دەکەمەوە کە خەڵکی هەولێر خەڵکێکی زێتر بەرژەوەندخوازن هەمیشە بەرژەوەندی خۆیان دەخەنە پێش هەموو شتێکەوە، ئایین هەمیشە دەستە باڵا بووەو خەڵکەکەشی بەهەموو جۆرێك ملکەچ بوونەو هەروەها دەوروبەری هەولێر درەنگ بەرەو هەولێر هاتوون.

هاشم: هەولێر بۆخۆی بەئاسایی گەورە نەبووە.

پ/ بەڵام ماوەیەکی دووروردرێژ بەسەر ئەو مەسەلەیەدا گوزەری کردووە، ئایا دەتوانین بڵێین خەڵکی دەوروبەری هەولێر بۆخۆیان تایبەتمەندی ملکەچی بوونیان تیا هەبووە.

هاشم: لەهەموو شوێنێ خەڵکی دەوروبەری شار کە دێتە نێو شار هەست بەکەمی دەکەن، چونکە شار بۆخۆی یەکەم شت دەسەڵاتی هەیە، خاوەن کلتووری خۆیەتی، خاوەن پەیوەندی

کۆمەڵایەتیو ئابووری تایبەت بە خۆیەتی کە تۆ لە دەشتەوە بەرەو شار دەبیتەوە هەست بەکەمی دەکەیت چونکە تۆ لەدەشت پارچە زەوییەك هەبووە بتوانی پێی بژی، بەڵام لە شار دەبێ کرێکاری بکەیت بەشانو بازوو نان پەیدا بکەیت.

پ/ خەڵکی دەوروبەری هەولێر سوودیان زۆر بە سێنتەری شار گەیاندووە، بەڵام بۆچی نەیانتوانیووە خۆیان لە ئاستی سێنتەردا ببینن؟

هاشم: کاریگەری ماوەیەك دەخایەنێ بەڵام ئەگەر سەیری قۆناغەکانی دوایی بکەین هەستدەکەین گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە. بەبڕوای من ئەوەندەی خەڵکی دەوروبەری هەولێر سوودی لە دەسەڵات وەرگرتووە ئەوەندە تورکمانەکانو ئەوانەی سێنتەری شار کەڵکیان وەرنەگرتووە، ڕاستە ئەوانیش کەڵکیان وەرگرتووەو دەسەڵات ئەوانیشی لەبیر نەکردووە.

ئێستا کورد لەو شارەدا زاڵە بەڵام ئیشکالیەتەکان بۆ کاریگەری قۆناغەکانی پێشتر دەگەڕێنەوە، بەبڕوای من نامۆبوونی مرۆڤی هەولێری زێتر سیاسییە.

پ/ تۆ بۆچی بەلایەنە سیاسییەکەی دەبەستیەوە بۆ بەلایەنی ئیبداعییەوە گرێی نادەی، خەڵکی هەولێر خەڵکێکی خاوو بێ بەهرەو بێ جوولەیە، هەروەها بۆچی بەلایەنە دیموگرافیەکەی نابەستیەوە، ئەو ئاسۆیی کەوتنەوەی هەولێر، بیرکردنەوە دەکوژێ، جوولە دەکوژێ... بەبڕوای من هەر لەکۆنەوە هەتا ئێستا بەشێکی زۆری نامۆبوونی مرۆڤی هەولێر بۆبێ توانایی بۆ ملکەچی خەڵکی هەولێر دەگەڕێتەوە.

هاشم: دەشێ ئەو قسانە شوێنی پرسیاری زۆر بن، بەڵام بەومانایەش نییە کە ئیبداع لەهەولێر نەبێ، بەڵام بۆچی جورئەت ناکەن بێنە ناو ژیان.

پ/ بەبڕوای من بەشێك لە ئیبداع پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە شوێندایە، ئەگەر ئینتمات بۆ شوێن کز بێ، توانای ئیبداعیشت کز دەبێ؟

نەوشیروان: قەیرانی مرۆڤی هەولێری هەر تەنها تورکمانی هەولێر دروستی نەکردوە، چونکە ئەگەر تورکمانی هەولێر زیانی هەبێ، بەدیوەکەی دیکەش سوودی خۆی هەبووە. بەڵام من هەستدەکەم کوردی هەولێری تایبەتمەندییەکی زۆر ترسناکی هەیە کە دەکەوێتە سەرەوەی حەساسیەتی تورکمانیەوە.

پ/ بەڵام تۆ بۆ دەسەڵاتی عوسمانی بگەڕێتە؟

نەوشیروان: جگەلەوە، مرۆڤی هەولێری بۆخۆی نیقاقێکی سەیری تیایە، بەتایبەتی دەشتەکی، بەبڕوای من ترۆپکی نیقاق لە عیراق لە کوردی هەولێر کۆدەبێتەوە، تا ئەو سنورەی کە ناتوانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، هەولێری هەمیشە بەخۆی خۆی دەخواتەوە، ئەوە هیچ پەیوەندی بە تورکمانو دەسەڵاتدا نییە، من دەبینم تورکمانو مەسیحی سکاڵا لە کوردی هەولێر دەکەن، سلیمانی لێی دابڕاوە، کە بەچاوێکی دوالیزمانەو نزم تەماشای کوردی

هەولێر دەکرێ هۆیە سەرەکیەکەی بۆخۆی دەگەڕێتەوە، بۆچی ئێمە هۆیەکان لەدەرەوە بهێنین، هۆیەکان لەدەرەوە نایەن، بەڵکو بۆخۆیان لەناوەوە هەن، خەڵکەکە هەموو شتێکی لەنگ کردووە چ سیاسەت، یان ئایینو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان هەتا دەگاتە مەسەلە بازرگانیەکان، مرۆڤی هەولێر کەسێتییەکی سروشتی نییە.

پ/ هۆی ناسروشتی خەڵکی هەولێر لەچیدا دەدۆزیتەوە؟

نەوشیروان: یەکێك لە هۆیەکان وەك گوتم مێژووی بەشارستبوونی خەڵکی کورد لە هەولێر مێژوویەکی لەمێژ نییە، کورد لەهەولێر واتە دەشتەکی، واتە شاخنشین، ڕەنگە شاخنشینەکە زێتر لەگەڵ سەردەم بگونجێ، بەڵام دەشتەکی چەقبەستووە، لەو ڕۆژەی کە ڕژانە هەولێر، هەولێر دووچاری کارەسات بوو.

سەرەڕای ئەوەش بۆ نموونە حزبی بەعس بەدولایەنە لەو شارەی داوە هەم مەرامی تایبەتی خۆی هەبووە جێبەجێی کرد، هەم جۆرێك لە ئاژاوەی خستە نێو ئەو شارەوە، ئەگەر بزوتنەوەیەکی دواکەوتووانە لە کوردستان بەدی کرابێو کاریگەری خۆی هەبووبێ لەلایەنە کۆمەڵایەتیو کلتووریو سیاسییەکە لەو هەولێرە بووە، بۆ نموونە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، من باسی بزوتنەوەی ئیسلامی ناکەم چونکە کاتێك چالاك بوو بەڵام هەرزوو پووکایەوە، بزوتنەوەی سەلەفیەکان بەردەوام پەراوێزیین بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی لەبەر ئەوەی وەك بزوتنەوەی سیاسی خۆی نیشان داوە، ئیتر زۆر شوێنی بڕی، وەك تۆڕێك خۆی لەناو کۆمەڵگادا خست، ئەوانەی یەکگرتوویان لێ پێکهاتووە نەخوێندەوارو کونزەڤاتیزمن، مەبەستم نەخوێندەوار ئەوەیە کە بەمانا مەعریفییەکەی ئەگەرچی پلەی بەرزیشی لەخوێندندا هەبێ، بەڵام هەر نەخوێندەوارە، کۆنزەڤاتیزەکەش بۆخۆی تروپکی نیقاقو دوالیزمییەتە، هەتا مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئایین تاسەر ئێسقان ئیزدواجیانەیە، زۆر بە ڕاشکاوانە تروپکی ئیزدواجیەتو نیقاق لە کرمانجو تورکماندا دەبینمەوە، کرمانج بەمانای دەشتەکی کە ئەسڵەن لەسەر بەدیهیات موناقەشەت لەگەڵ دەکەن، بەدیهیات بە هەموو وردەکارییەکانیەوە، لەموناقەشەکەش هەمیشە بەتووڕەبوونەوە دەردەچێ، ئەوە خەسڵەتی کرمانجە. زۆرینەی هەولێریش دەشتەکییە واتە کرمانجە، من دەڵێم ئەگەر تورکمانو مەسیحی بەو قەوارەیەی کە لە هەولێر هەن لە سلیمانی بوونایە شێوەیەکی دیکەی کوردیان دەدیت، بەبڕوای من لەوێ هەموو تورکمانو مەسیحییەکان دەچوونە ژێر باری کلتووری کوردی، بەڵام لەهەولێر دەبینین بەپێچەوانەوە کورد چۆتە ژێر باری کلتووری تورکمانو مەسیحییەوە.

پ/ دواجار دەبێ بۆ بێ تواناییو ملکەچ بوونی مرۆڤی هەولێر بگەڕێینەوە، ئەگینا چۆن کەمایەتی دەتوانێ بەوشێوەیە کۆنترۆڵت بکات؟

نەوشیروان: من دەڵێم ئەو کەمایەتییە کە کاریگەری نێگەتیڤانەی لەسەر شاری هەولێر

هەبووە ئەگەر لە سلیمانی بووایە، هەلٰژرابوو، بەلاّم نەك بەمانا شۆڤینییەكەی بەلٰكو بە مانای ئەوەی كە بەقەد خۆت مافت پێ بدرێ.

پ/ ئایا ئەوە بۆ زمان دەگەڕێتەوە؟

نەوشیروان: زمان یەكێك لە فاكتەرەكانە، بەلاّم بەشێكی بۆ ڕەفتاری شارستانی دەگەڕێتەوە.

پ/ بەلاّم وەك گوتمان هەولێر خاوەنی مێژووە؟

شەهرام: هەر شارێكی كۆنو خاوەن مێژوو كە شانازی بەكلتوورو كۆنی خۆی بكات، بەدیوەكەی دی بەردەوام لەپێشكەوتنەكان دوادەكەوێ، هەولێریش یەكێك لەوشارانەیە، تەماشای یۆنان بكە كە سەرچاوەی هەموو فەلسەفەی دنیایە، بەلاّم ئێستا دووچاری چەقگیری بووە. هەر شارێك شانازی بە كۆنی خۆی بكات ناتوانێ پێش بكەوێ.

پ/ ئێمە قسەمان لەوەیە كە خەلٰكی هەولێر بۆچی شانازی بەهەولێری بوونی خۆی ناكات؟

شەهرام: لەهەموو سەردەمەكان خەلٰكی هەولێر لەڕووی ڕۆشنبیریو سیاسیو ئابووری هەرگیز بالاّدەست نەبووە، ڕژێمە یەك لە دوایەكەكان هەمیشە هەولێریان وەك پەراوێز سەیركردووە، بۆ نموونە كوا دامو دەزگاكانی هەولێر ئایا هەر لەكۆنەوە هەتا ئێستا وەك پێویست خەلٰكی هەولێر شوێنە حەساسەكانی گرتووە، بمانەوێو نەمانەوێ ئەوە بۆ خۆی كاریگەرییەكی گەورەی هەیە، بۆیە خەلٰكی هەولێر ترس داگیری كردووە، چونكە هەتا ئێستا ئەوەی نوێنەرایەتی ئەو شارە دەكات هەولێری نییە.

پ/ بەلاّم هەولێری هەلٰگری چ واتایەكە؟

نەوشیروان: من هەندێ سەرنجم هەیە، كاك هاشم دەلٰێ خەلٰكی هەولێر ئینتمای كوردبوونی هەیە، نەك شاربوون، بەلاّم من دەلٰێم ئینتمای كوردبوونی نییە، ئەگەر ئینتمای كوردبوونی هەبایە، لە هەموو شارەكان وەردەگیرا، بەبڕوای من بێ هێزی هەولێری لەوەدایە كە ئینتمای بۆ شارەكەی خۆی نییە، تاكو لەوێوە بۆ سەرەوە بچێ.

هاشم: من سەرنجم لەسەر ئەو ڕستەیە هەیە، ئەگەر پێش ڕاپەڕین سەردەمی بەعستان بەبیربهێنمەوە ئەوكات لێكنزیكبوونەوەیەكی زۆر هەبوو لەنێوان شارە كوردییەكاندا چونكە ئامانجێكی گەورە لەئارادابوو، بەلاّم دواتر ململانێی سیاسی حزبەكان ئەو مەسەلەیەی قوولٰ كردەوە، ئەگینا لەسەردەمی دیكتاتۆر مەسەلەی هەولێرو سلیمانیو بادینان ئەوەندە بەزەقی دەرنەدەكەوت.

شەهرام: من لەو بڕوایە دام كەمەسەلەكە بۆ خودی خەلٰكەكە بگەڕێتەوە، چونكە خەلٰكی هەولێر خەلٰكێكی لاموبالییەو زۆر بایەخی بەهەولێرو هەولێریو شارچێتی نادات.

پ/ باشە ئەوشێوە لەبێهودەییە بۆ دروست بووە؟

شەهرام: ئەگەر باسی ژینگەی هەولێر بكەین دەبینین بەدەگمەن زاناو شاعیرو ڕۆشنبیرێكی گەورەی تیا هەلٰدەكەوێ كە جێگای سەرنج ڕاكێشان بێ، بەلاّم عەسكەرییەكی باشی لێ

هەڵدەکەوێ ئەوە پەیوەندی بە ژینگەکە هەیە، بەلاّم ناوچەی چیا لەبڕی ئەوەی کە کەسێکی عەسکەری لێ دەربچێ شاعیرێکی جوانی تیا هەڵدەکەوێ، بەلاّم لەو دەشتە پانو بەرفراوانەدا پەنا بۆ کوێ دەبەیت بەرهەمت چی دەبێ جگە لە عەسکەرتاریەت.

پ/ مەسەلەکە تەنیا پەیوەندی بە دیموگرافیاوە نییە، سەیری بیابان بکە کە عەرەب تیایدا دەژی لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ نکۆڵی ئیبداعیش بکەیت.

نەوشیروان: بەشێك لەو مەسەلەیە پەیوەندی بەسۆسیۆلۆژیاوە هەیە، نە لەبیابان نەلە گوندەکانی عەرەبنشین شتێکی وا بەرجەستە نەبووە کە سوکایەتی بە خەڵکەکە کرابێ وەك ئەوەی بۆ نموونە کە لەدەشتی هەولێر هەبووە، من لەو بڕوایە دام کە جیاوازی لەنێوان ئاغای کوردو عەرەب هەبێ، ئەوان زێتر لۆژیکیانە مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکەکە کردووە، وەك کورد نەبوونە، بۆ نموونە وەك دەزانین دزەییەکان خەڵکی ئێرە نین، لەخوێنو گۆشتی ئەو شارە نین بۆیە ئەو هەموو سوکایەتییە دەبینین. بەلاّم سەرۆك تیرەیەکی بەدەوی هەمیشە ویستویەتی خەڵکەکە لە خۆی ڕازی بکات.

کە ئێمە باس لە دەشتی هەولێر دەکەین یەك مێژووی گەورە لە بندەستو ملکەچیو زەلیلی دێتەوە یادمان، هەر ئەوەشە بۆتە هۆی پەرچەکردار، بۆیە کە باسی هەولێری دەکەین دەبێ بزانین کامە هەولێری هەست بە تێکشکان دەکات، من لەوبڕوایە دام کە هەولێری هۆشیار هەست بە تێکشکان ناکات بەرامبەر هیچ یەك لە شارەکان، چونکە دەتوانێ لەگەڵ هەموو شارەکانی دیکەو خودی شارەکەی خۆیشی کارلێکردنی هەبێ، بەلاّم هەولێری میگەل هەولێری ملکەچو تێکشکاو هەیەو کە بەردەوام لە ملکەچ بوونێکەوە بۆ ملکەچ بوونێکیدیکە هەنگاو دەنێ. لەگەڵ هەولێرییەکی دیکە کە پێی دەڵێن تورکمان.

بەبڕوای من نەنگیەکە تەنها لە تورکمانو مەسیحیدا نییە، چونکە ئەگەر ئەوان نەنگیان تیایە باشە کاریگەری ڕۆشنبیرییو ئەدەبی سیاسی کورد لەکوێوە دەبینی، دەتوانی لەژێر کاریگەری ڕەفتارە ژیاریەکان بیخاتە نێو بازنەکانی خۆیەوە، دەتوانێ تێکەڵیان بێت.

شەهرام: من ڕۆڵی ژینگە زۆر بەگرنگ دادەنێم بۆ نموونە بۆچی سلیمانیەك کە لەهەولێر دەژی توانای ئیبداعی کز دەبێ ئەوە نموونەیەکی زۆر زیندووە، ئەسڵەن ڕۆحی سلیمانیەتی نامێنێ، ئایا ئەوە کاریگەری ژینگەی بەسەرەوە نییە. من لەو بڕوایە دام کەشو هەوای هەولێر بەهرەو ئیبداع دەکوژێ.

نەوشیروان: نەخێر، ئەوە بۆ کەشو هەوای فیزیکی ناگرێتەوە.

شەهرام: بۆ کچی سلیمانی کە لەهونەرە جوانەکانی هەولێر دەخوێنێ پێی شەرمە بێتە سەر شانۆ.

پ/ ئـەوە پەیوەندی بە تەقالیدو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە؟

شـەهرام: باشـە ئەگـەر سـلیمانیەك قابیـلی وەرگرتـنی تەقالـیدی ئـەو شـارەی هـەبێ، بـۆ دەشتەکیەك دەبێ چۆن بکەوێتەوە؟

پ/مـن بەگشـتی ئینـتمانەکردن بـۆ هەولـێر وەك شار لەخەلـەلی کوردبووندا دەبینمەوە. واتە هەولـێرو دەوروبـەری هەولـێر ئینـتمایان بـۆ کوردبـوون لاوازە، هـەر ئەوەش چەمکی هەولێرو هەولـێری قـووت دەدا، یـان بەمانایـەکی دیکـە بۆشـاییەکە پـەیوەندی بـە ئینـتمانەبووندایە، بەدیوەکـەی دیکـەش ئـەو بۆشـاییە جۆرێـك لـە پووچگەراییو بێهودەیی لەناخی خەڵکی هەولێر چاندووە.

شەهرام: من وای نابینم بۆ نموونە مرۆڤێکی شـاعیر بۆخـۆی شـاعیرە، ڕەنگـە زۆر بەلایـەوە گـرنگ نـەبێ کـە بـەردەوام نـاوی لـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەکان بەرجەستە بێ. بەردەوام هاوار بکات مـن شاعیرم، خـەڵکی هەولێریش بۆخۆی کوردە، لەناوخۆیـــەوە کـــوردە نـــەدرکاندنی ڕەنگـــە پـەیوەندی بـە چـەپاندنەوە هـەبێ کـە هـەر لـە سـەرەتاوە هـەر لـە عوسمانـیەکانەوە هـەر لـە ئاییـنەوە دووچاری بووە، کوردی هەولێر لەناو ئـەو ترسـەدا دەخولێـتەوە، بـەڕای مـن ئـەو بـێ هێزییەی کوردبوونـی هەولێر بۆ ئایینو ژینگەو کلتوور دەگەڕێتەوە، بۆ نموونـە ئەگـەر سـەیری ئیسلام بکەین کە هاتووەو خەڵکی کوشتووە بۆ ئەوەی ببنە ئیسلام ئەوەندەی لە هەولێر خەڵکی کوشـتووە وەك شـوێنەواری دۆڵـی ئەسـحابانو سوڵتان عەولاّو....هتد لە سلێمانی وانەبووە.

نەوشـیروان: بەبـڕوای مـن ئـەو مەسەلەیە بۆ دەوڵـەتی سەفەویو عوسمانی دەگەڕێتەوە کەهەر یەکـــێك لەوانـــە کاریگـــەری ســـایکۆلۆژیو سۆسـیۆلۆژی لەسـەر هـەر یەك لە شاری هەولێرو سـلێمانی بـەجێ هێشـتووە. دەوڵـەتی عوسمـانی باکگـراوەندێکی زۆر سـلبی هەیـە، بـۆ نموونـە تجنـیدی ئیجباری دەوڵـەتی عوسمانی دایهێناوەو کاری پێ کردووە، بەرای من هەموو تراژیدیەکان بـۆ ئـەو ڕۆژە دەگەڕێـتەوە، ئـەوان بەتـەواوی ڕێگایـان بـۆ داگیرکردن کردەوەو ڕێگایان لە ژیان گرت، خاوەنی کلتووری ڕێگرتنن، بۆ نموونە هەتا ئەمـڕۆ کـە پیرەکـان (پـارە) دەژمـێرن ڕوویـان لەخەڵکەکـە وەردەگـێڕن ئـەوە لـە کلـتووری عوسمانـــیەوە ماوەتـــەوە، چـــونکە دەســـەڵاتێکی داگیرکـەرو داپلۆسـێنەر بـووە، ئـەوکات خـەڵکی هەرچـــەندی هەبایـــە دەیگـــوت هیچـــم نیـــیە، ئێســـتاش تاڕادەیـــەکی بـــاش وەك دیاردەیـــەکی کۆمەڵایـەتی ماوەتـەوە، بـەڵام شارسـتانی فـارس کاریگـەری دیکـەی هـەبوو تـۆ چـاو لـەکوردی ئێرانو کوردی تورکیا بکە.

شـەهرام: ئەگـەر ئـێمە سـەیری کلـتووری عوسمـانی بکـەین لـە تورکـیا ڕەنگـی داوەتـەوە دەبیـنین شـتێکی وایـان نیـیە کـە شـانازی پـێوە بکـەین لەهـەموو ڕووەکانـەوە، بـەڵام کلـتووری سـەفەوییەکان کـە لـە ئـێران ڕەنگـی داوەتـەوە گەورەترین کلتووری ئەوناوچەیەیە.

نەوشـیروان: هەولـێر دووبـارە دەبـێ ڕزگـار بکرێـتەوە دیـاردەی بـێ ئینـتمابوونی خـەڵکی

هەولێر لێدانێكی كوشندەیە لەنەتەوەی كورد، هەستدەكەم لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ خەڵكی هەولێر دەیەوێ چاو بەخۆیدا بخشێنێتەوە ئەگینا بەبڕوای من نەهەولێر كوردستانیەو نەخەڵكی هەولێر كوردن، ئەوە هیچ پەیوەندی بەمەسەلە حزبیەكان نیە، من قسە لە ئیشكالیەتی قووڵی هەولێرو هەولێری دەكەم.

پ/ لەو حاڵەتە دەبێ قسە لە تاكەكان بكەین، تاكی هەولێری جورئەتی تیا نیە، ناتوانێ خودی خۆی بسەلمێنێ، مەبەستم ئەوەیە كە ئێمە ئەو ئیشكالیەتانە بە غەدری مێژوو دانەنێین، چونكە مێژوو ئەوە نییە كە بەردەوام بتخاتە ژێرەوە، ئەوە مرۆڤەكانن هەستی بەزین لێیان نابێتەوە.

نەوشیروان: تۆ ئەگەر بەلای كەمی سەیری دامەزراوە ڕۆشنبیرییەكان بكەیت هەستدەكەی كە بەڕاستی جێگای شەرمەزارین هەر لە زانكۆ بگرە تا بچووكترین دامەزراوی ڕۆشنبیریی، مامۆستای زانكۆ تەنها هەندێ زانیاری كۆكردۆتەوە ئەگینا وەك ڕەفتار هەمان ئەو نەخوێندەوارەیە كە لەسەر بەدیهیات موناقەشەت دەكات.

هاشم: ئێمە لە دووتوێی ئەو موناقەشە دانمان بەوەنا كە هەرلەكۆنەوە هەولێر توركمانی تیا ژیاوە، واتە سێنتەری شار توركمان دەستی بەسەردا گرتووە، بەڵام خۆ تۆ ناتوانی جوگرافیای شارێك لەسێنتەردا سەرببڕی.

پ/كە قسە لە سێنتەری شار دەكەین واتە قسە لە دەسەڵاتی ئەو شارە دەكەین، بەهەموو ماناكانیەوە.

نەوشیروان: گیروگرفتەكە بەڕای من پەیوەندی بەپایە كۆمەڵایەتیەكەدا هەیە، تۆ كەنەتوانی لەڕووی كۆمەڵایەتیەوە گونجاوو یەكتر ئامێزان بیت، ناتوانی لەڕووی سیاسیو ئابوورییەوە یەكتر ئامێزانو گونجاو بیت، ئەو شارە ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی تیا بەدی ناكرێت، بەقەد ئەوە هەڵگری تیرۆری كۆمەڵایەتییە، من لەو بڕوایە دام هەموو شتەكان لەڕووی سایكۆلۆژیو كۆمەڵایەتییەوە بەرەو كایەكانی دیكە دەبێتەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە پەروەردەكردن، پەروەردەكردن یەكێكە لەكایە هەرە گرنگەكانە كە دەتوانێ تاكێكی دروستی تیا بهێنێتە بەرهەم.

پ- بەو مانایە لە هەولێر پرۆژەی بونیادنانی خود لە هیچ كایەیەك لەكایەكاندا بیری لێ نەكراوەتەوە.

نەوشیروان: مەحاڵە خود دروست بێ، چونكە تۆ یەك بیروڕای پێچەوانەو ناكۆكت لەگەڵ كۆدا هەبێ، ئیتر دەكرێیتە دەرەوەی هەولێر، بە دوژمن چاوت لێ دەكرێ.

هاشم: ڕەنگە ئەوە تەواوی خۆرهەڵات بگرێتەوە.

نەوشیروان: نەخێر هەولێر لەتەواوی خۆرهەڵات جیایە، چونكە ناتوانی بەلای كەمی ئازادییە فەردییەكانی خۆت ممارەسە بكەیت، كە هیچ گرفت بۆ بەرژەوەندی ئەوانیدیەكە دروست ناكات، كەچی لەسەر شانی ئەو گران دەكەوێتەوە، بەڵام هەریەك لەوكۆیە دێ وەك

مامۆستایەك پەندو ئامۆژگاریت پێ دەفرۆشێ، پێت دەڵێ ئەوە بکەو ئەوە مەکە، تەواو دێتە نێو یەکە یەکەی ژیانت تەواو هەموو ژیانت کۆنترۆڵ دەکات. هیچ گرفتی شوێنو کاتی نییە هیچ گرفتی ئەوەی نییە تۆ حاڵەتی دەروونیت باشە، دەتوانی گوێی بۆ بگریت یان نا، بەردەوام خۆی بە مامۆستاو ڕابەرت دەزانێ...ئەی ئەگەر ئەوە دواکەووتویی نەبێ دەبێ چی بێ.

پ- ئایا تۆ بەو هەموو ئیشکالیەتەوە ئەگەر لێت بپرسین چەند شانازی بەهەولێری بوونی خۆت دەکەیت؟ واتە ئەو هەستەت تیایە؟

نەوشیروان: لەیەك حاڵەت ئەگەر خەڵکێکی لەهەولێر خراپتر ببینمەوە.

هاشم: ئێمە لە هەولێر هەمیشە کە لێمان دەپرسن خەڵکی کوێی ناوی گوندەکەمان دەهێنین ناوی شارەکەمان ناهێنین. ناڵێین هەولێرین.

پ/ من مەبەستم ئەوەیە چەند شانازی بە شارەکەی خۆتەوە دەکەیت؟

هاشم: ئەو پرسیارە گرانە.

پ- ئایا هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچ جیاکارییەکی لەتۆ دروست نەکردووە؟

یان وەك کوردێك ئینتمای تۆی بۆ خۆی ڕانەکێشاوە؟

هاشم: وەڵامی ئەو پرسیارە بەحەق نازانم.

نەوشیروان: من بە شارێکی زۆر جوانی دەبینم، بەڵام بەداخەوە، چونکە لەوشارەدا کۆمەڵێك گرفتی ناوەوەی خۆم هەیە.

هاشم: من نەك شار، بەڵکو شانازی بە خۆرهەڵاتی خۆشم ناکەم.







# دۆسیەی تایبەت بەمەرگی دریدا

سەرپەرشتی: جەمال پیرە

ژیانی ژاك دریدا.................................................. ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
ئەسێرەی فەلسەفەی هاوچەرخ.....ن: علاینە عارف........ و: جەمال پیرە
کێ هەڵوەشاندنەوە گەرایی........ن: صبحی حەدیدی..... و: ستار باقی
دریدا باوکی هەڵوەشاندنەوەی پاپەند..... .................و: نووری بێخاڵی
مەرگی فەیلەسوفی بونیاد شکێن..............................و: ئیدریس شێخ شەرەفی

## بیبلۆگرافیای ژیانی

# ژاك دریدا

رێبین رەسوڵ ئیسماعیل

ژاك دریـــدا، لـــە(١٥)ی تـــەمموزی ســـاڵی(١٩٣٠) لەشـەقامی سان ئۆگستن لەشاری (بیار)ی جەزائیری لەدایکبووەو مـاوەی مـنداڵیو لاوێـتی لـەم وڵاتـەدا بەسـەر بـردووەو بـۆ یەکـەمجار لەسـەر ئەم خاکەدا وشـیارییەکەی سـەری هـەڵداوەو هاتۆتـە بـوون، سـەرەڕی نائامـادەگی رەچـەڵەکە جەزائیریـیەکەی کەئـەو بەردەوام وادەڕوانێتە جەزائیر گوایە شوێنی لـەدایك بوونیـیەتی نـەوەکو ڕاسـتی ئـەوەی ئـەو شـوێنەیە کە هـزرکاری نووسینو جیاوازی هاتۆتە بوون.

دریـدا لەسـاڵی (١٩٣٥) چـووتە قوتابخانـەی سـەرەتایی تـاوەکو (٣)ی تشرینی یەکـەمی سـاڵی (١٩٤٠) کاتێك دەسەڵاتدارانی فەرەنسی بڕیاریاندا کە یەهودییـەکانی جـەزائیر بۆیـان نیـیە لەقوتابخانـە ڕەسمیـیەکاندا بخوێـنن، بۆیـە کاتـێك دریـدا لەسەرەتای ساڵی خوێندنی (١٩٤١ ـ ١٩٤٢) دەچێتەوە قوتابخانەکـەی خـۆی، لەلایـەن ئـیدارەی قوتابخانەکـەوە دەگرێتە دەرەوە، ئەویش بەناچاری واز لەخوێـندن دێنێـتو دەچـێتە قوتابخانەیـەکی تایـبەتی یـەهودی بـەناوی (پـەیمانگای ئەمـیل مۆبـاس). لـەو ماوەیـەدا یەهودیـیەکانی جـەزائیر دووچـاری هەڕەشـەی کوشتنو لەناوچوون دەهاتنو دووچـاری ئـێشو ئـازارێکی زۆریـان بیـنی، بۆیـە لەوکاتـــەوە دریـــدا دووچـــاری هەســـتکردن بەچەوسـانەوە هـاتو تاکۆتـایی ژیانیشـی هـەر لەگەڵیدا بوو.

لەساڵی (١٩٤٣ ــ ١٩٤٧) دەگەڕێتەوە قوتابخانـەو لەقوتابخانەی (بن ئەقنون) وەردەگیرێت، بەڵام ئەو ڕەوشـەی ژیـانی دریـدا دەبێـتە هـۆی ئـەوەی حـەز بەخوێـندن نـەکات، بۆیـە ڕوو دەکاتـە وەرزشو خـەون بـەوە دەبینێـت ببێـتە یاریزانـێکی نـاوداری تۆپـی پـێ، بۆیـە بـەهۆی ئەوەشـەوە لەتاقیکردنەوەکانی کۆتایی بەکالۆریادا سەرکەوتوو نابێـتو ساقیت دەبێت، بـەڵام دواتـر لەساڵی (١٩٤٨ )تاقیکردنەوەی بەکالۆریا تەواو دەکاتو سەرکەوتن بەدەست دێنێت.

لەساڵی (١٩٤٨) بـەدواوە، دەست بەخوێندنەوەی ڕۆسـۆو نیچـەو کـامۆو ئـەندرێ جـید دەکـات، دواتـریش دێـتە سـەر برگسۆنو سارتەر. لەساڵی ( ١٩٤٩) ڕوودەکاتـــە کیرکـــیگاردو هایدگـــەرو زۆر بەقووڵی ڕۆدەچێتە نێو هزری فەلسەفی.

دریـدا لەساڵی (١٩٤٩) جـەزائیر جێ دەهێڵێـتو ڕوو دەکاتـــە فەرەنســـا بەمەبەســـتی ئـــەوەی لەقوتابخانـەی بـاڵای (لویـس لۆگـراند)دا خوێـندنی ئـەکادیمی تـەواو بکـات، لەوێشدا ئاشنایەتی لەگەڵ (بۆردیـۆو مۆنـۆری)و زۆر لەرۆشـنبیرو نووسـەرانی تری ئەو سەردەمە پەیدا دەکات.

لەســـاڵی (١٩٥٠) دەســـت بەخوێـــندن دەکـــات لەقوتابخانەی باڵای مامۆستایان لەشاری مەرسیلیای

فەرەنسی‌و لەیەکەم ساڵی خوێندندا سەرکەوتوو نابێت‌و ساقیت دەبێت. ساڵی (١٩٥١) بۆ دریدا یەکێك بووە لەخراپترین ساڵەکانی تەمەنی، چونکە لەفەرەنسا دووچاری نەخۆشییەکی زۆر سەخت دێت‌و پەکی دەخات‌و لەسەر جێگا دەکەوێت‌و ژیانێکی سەخت‌و دژوار دەباتە سەر، بۆیە بەناچاری بۆماوە سێ مانگ تاوەکو باشتر دەبێت دەگەڕێتەوە بۆ جەزائیر.

لەساڵی (١٩٥٢ـ ١٩٥٣)دا خوێندنی لەقوتابخانەی باڵای مامۆستایان(لویس لۆگراند) تەواو دەکات‌و لەساڵی (١٩٥٤) وەکو تێزی دەرچوونی زانکۆیی لێکۆڵینەوەیەك بەناوی (کێشەی پێکهاتنی فەلسەفی لای هۆسرڵ) دەنووسێت کە دواتر لەساڵی (١٩٩٠) بڵاو دەکرێتەوە، هەر لەهەمان ساڵدا فۆکۆ دەناسێت‌و دەبێتە هاوڕێیەکی نزیکی. دوای تەواو کردنی خوێندنی باڵا، ئاشنای (ئەلتۆسێر) دەبێت کەئەویش لەجەزائیر لەدایکبووە، لەو ساتانەشدا دریدا دەبێتە ئەندامی کۆمەڵێکی چەپی توندڕەو.

لەساڵی (١٩٥٦)دا یارمەتییەکی مادی لەلایەن زانکۆی (هارڤارد)ی ئەمریکی پێی دەدرێت، هەر لەم ساڵەشدا خاتوو (مارگرێت ئۆکتێر) بەهاوسەری ژیانی خۆی دیاری دەکات‌و لەو ئافرەتەدا دوو کوڕی دەبێت، (بیار) کە هەر بەناوی شاری (بیار)ی جەزائیری کردووە، لەساڵی (١٩٦٣) لەدایك دەبێت، ئەویتریشیان (جان) کە لەساڵی ( ١٩٦٧) لەدایکبووە.

لەساڵی (١٩٥٧ – ١٩٥٩)، بۆ ئەنجامدانی خزمەتی سەربازی گەڕاوەتەوە بۆ جەزائیر‌و داوای لەکاربەدەستانی فەرەنسی کردووە ڕێگای پێبدەن لەکاری سەربازییەوە بگوازرێتەوە بۆ کاری مەدەنی، بۆیە دوای ڕازیبوون، وانەی زمانی ئینگلیزی‌و فەرەنسی لەقوتابخانەکاندا دەوتەوەو دووبارە بەتەواوی پەیوەستی واقیعی جەزائیر بۆوە تاوەکو تەمەنی گەیشتە (٢٩) ساڵ، بەردەوام بۆماوەی دوو ساڵ دریدا بەجل ڕەسمی سەربازییەوە وانە بەقوتابخانە تایبەتییەکان دەگووتەوە کە بۆ فەرەنسییەکانی جەزائیر کرابوونەوە، لەو ماوەیەدا زۆر شتی لەبارەی فەرەنسییەکانی جەزائیر نووسی.

لەساڵی (١٩٦٠)دا گەڕایەوە بۆ فەرەنسا بەمەبەستی ئەوەی خوێندنی فەلسەفە تەواو بکات‌و دەستی بە وانە گووتنەوە کرد لەزانکۆی سۆربۆن‌و مادەی فەلسەفەی گشتی‌و فەلسەفەی لۆژیکی بەقوتابیان دەدا. لەساڵی (١٩٦٦) بەشداریکرد لەکۆنگرەیەکی فەلسەفی گەورەو لەڕێگای قسەکانییەوە ناوێکی گەورەو باشی بەدەستهێناو هەر لەو ساڵەشدا جاك لاکان‌و هیپۆلیت‌و گۆڵدمان ـــ ی ناسی‌و پێوەندییان لەگەڵدا دروست دەکات. لەساڵی (١٩٦٧)دا بڕوانامەی دکتۆرای لەفەلسەفە پێدراو جێ پەنجەی خۆی خستە سەر کۆمەڵگای شەیدا بەهزری نوێ).

ژاك دریدا کتێبی زۆری نووسیوەو وانەبێژی زۆریشی لەزانکۆکانی ئەمریکاو ئەوروپا پێشکەش کردووەو پلەو پایەی مەعنەوی زۆریشی پێدراوەو، چەندین جاریش بڕوانامە دکتۆرای فەخری پێدراوەو یەکێکە لەو کەسانەی فرمانی سەرەکی لەبەڕێوەبردنی توێژینەوەکان لەنێو پەیمانگای فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگرتە ئەستۆ، چەندین مەدالیاو خەڵاتی شانازی بەناوی

سوارچاكو سێرجێنتو رابەر لەنێو بواری هزرو ئەدەبو هونەردا وەرگرتووە.

كاتێكیش لەعەقڵی ئەو هزرڤانە هاوچەرخەماندا رادەمێنین ئەوە بەدی دەكەین كە ئەو یەكێكە لەو فەلسەفەكارانەی هزری خۆرئاوایان لەتایبەتمەندیو پێكهاتەكانیانەوە هەژاندووە، چونكە پرسیارەكانی بەردەوام لەشوێنگەی پەراوێزەوە بەرەو سێنتەری بنەڕەتی هزرەكانەوە دەچێت. دواتریش ئەم هزرانە وا لێدەكات كەبشێت بنووسرێتەوەو تۆمار بكرێنو ببنە ڤالایەكی وا كەبتوانرێت هەڵبوەشێتەوەو بخرێتە ژێر پرسیار كردن.

دریدا هەر لەمنداڵیەوەو لەتەمەنێكی زوودا بیرۆكەی بوونی بەفەیلەسوف لەلایداسەری هەڵدابوو، زیاتریش بەپلەی یەكەم حەزی دەكرد ببێ بەنووسەرو ئارەزووی سەرەتاییشی لەئەدەبەوە هەڵقولا، بەلام لەتەمەنی (١٧)ساڵیداو لەسەر كورسی خوێندنی ئامادەیی پێوەندی بەفەلسەفەوە كرد، بیری لەوە كردەوە كەوا لەگەڵ هێڵی فەلسەفیدا بەردەوام دەبێت. دریدا یەكەم كتێبی خۆی كەبەناوی (بنەچەی ئەندازە)یە لەساڵی (١٩٦٢) بلاوكردەوە، ئەم كتێبەش نزیكەی (١٧٠) لاپەڕەیە لەبارەی بنەچەی ئەندازەیە لەلای فەیلەسووفی ئەڵمانی (ئەدمۆند هوسرل)، ئەم كتێبە لەپێشبڕكێی فەلسەفیدا لەفەرەنسا پلەی یەكەمی بەدەستهێنا).

لەساڵی (١٩٦٣) دریدا لێكۆڵینەوەیەكی بەناوی (هێزو دەلالەت) بلاوكردەوە، ئەم لێكۆڵینەوەیەش تایبەت بوو بەرەخنەگرتن لەو بونیادگەرییەی كە (جاك روسێ) بانگەشەی بۆ دەكردو دواتریش وەكو بەشێك لەكتێبی (نووسینو جیاوازی) بلاوكرایەوە، لەهەمان ساڵدا دریدا لەكۆنگرەیەكی فەلسەفیدا لێكۆڵینەوەیەكی خوێندەوە بەناوی (كۆجیتۆو مێژووی شێتی)، دواتریش لەگۆڤاری (كرۆنۆلۆژیا)ی میتافیزیكیو ئەخلاقی ژمارە (٣) بلاو كردەوە.

لەساڵی (١٩٦٦)دا ژاك دریدا لێكۆڵینەوە هەرە ناو دارەكەی خۆی خوێندەوە كەبەناوی (بونیاد، هێما، وازیكردن، لەنێو گوتاری زانستە مرۆڤایەتیەكاندا) ئەوەش لەكۆنگرەیەكی فەلسەفی كە لەزانكۆی (هوبكنز) بەشداربوو سەبارەت بەزمانی رەخنەو زانستە مرۆڤایەتییەكان بوو، ئەو باسەش تایبەت بوو بەرەخنەگرتن لەو بونیادگەرییە ئەنترۆپۆلۆژییەی (كلۆد لیڤی شتراوس)، دواتریش بوو بە بەشێك لەكتێبی (نووسینو جیاوازی).

لەساڵی (١٩٦٧) دریدا زۆر بەهێزەوە بیرو بۆچوونەكانی خۆی خستە سەر هزری فەرەنسیو ئەوروپی ئەوەش لەسایەی بلاوكردنەوەی سێ كتێب، كتێبی یەكەمیان یەكێكە لەكتێبە هەرە بەناوبانگەكانیو بەرایەڵی سەرەكی ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە دادەنرێت بەناوی (گراما تۆلۆژیا) بوو، كتێبی دووەمیان بەناوی (نووسین وجیاوازی) بوو، كتێبی سێیەمیان بەناوی (وتەو دیاردە)بوو. لەساڵی (١٩٧١)دا جارێكی تریش دەگەڕێتەوە جەزائیرو چەند وانەبێژییەك لەزانكۆكاندا پێشكەش دەكات.

لەساڵی (١٩٧٢) كتێبێكی بەناوی (هەڵوێست) بلاوكردەوە، لەم كتێبەشدا زۆر بەتووندی رەخنەی ئاراستەی (سیمیۆلۆژیا) كردو ئەوەشی راگەیاند

کەسیمیۆلۆژیا رۆڵی خۆی لەدەستداو چیتر ناتوانێت ئەو رۆڵە بگێڕێت کە (سوسێر) پێی دابوو، بۆیە لەوە بەدواوە (گراماتۆلۆژیا) رۆڵی سیمیۆلۆژیا دەگێڕێت، ئەو بۆچوونەی خۆی لەسایەی (دیالۆگێکی وەهمیانە) لەگەڵ خاتوو (جولیا کریستیڤا) خستەڕوو لەکتێبێکدا بەناوی (المواقع) بڵاوکراوەتەوە. هەر لەهەمان ساڵدا کتێبی (پەراوێزەکانی فەلسەفە)ی بڵاوکردەوە، لەو کتێبەشدا رەخنە لەچەمکە زمانییەکانی (رۆسۆ، کۆندیاڵو سوسێر) دەگرێتو ستراتیژییەتێکی رەخنەی زمانەوانی دادەهێنێت، ئەم کتێبە لەیازدە وتار پێکدێت، لەنێویاندا وتارێکی نیمچە درێژ هەیە لەژێر ناوی(میتۆلۆژیای سپی) کە لەبنەڕەتدا ساڵی (١٩٧١) نووسیویەتی، تێیدا قسە لەبارەی شوێنگەی خوازە دەکات لەنێو گوتاری فەلسەفیدا.

هەر لەو ساڵەشدا کتێبێکی تری بەناوی (بڵاوبوونەوە) بڵاو کردەوە، کەبریتییە لەسێ وتار، هەر وتارێك بریتییە لەسەد لاپەڕە. لەهەمان ساڵدا کتێبێکی تریشی بەناوی (دەرمانخانەی ئەفلاتۆن) نووسی. لەساڵی (١٩٧٤)دا کتێبی (glas-زەنگەکان)ی بڵاوکردەوە، لەم کتێبەشدا کار لەسەر چەمکی خێزان دەکات لەلای (هیگل)دا ئەوە لەپاڵ کارکردنی لەسەر کارەکانی (جان جینیە)، لەساڵی (١٩٧٥)دا لێکۆڵینەوەیەك بەناوی (ناوبژیوانو حەقیقەت) بڵاودەکاتەوە، تێیدا رەخنە لەبونیادگەرایی (جاك لاکان) دەگرێت). لەساڵی (١٩٧٨)دا کتێبی (شێوازەکانی نیچە)ی بڵاو کردەوە، هەر لەهەمان ساڵدا کتێبی (حەقیقەت لەوێنەدا) بڵاو دەکاتەوە.

لەساڵی (١٩٨٠) کتێبێکی بەناوی (کارت پۆستال — لەسوقراتەوە بۆ فرۆید) بڵاوکردەوە، لەساڵی (١٩٨١) سەفەرێکی چیکۆسلۆڤاکیا دەکاتو لەفڕۆکەخانەی براگ لەلایەن پۆلیسەوە دەسگیر دەکرێتو زیندانی دەکرێت، دواتر لەڕێگای فرانسوا میترانی سەرۆکی فەرەنساوە ئازاد دەکرێت.

لەساڵی (١٩٨٣) کتێبێکی بەناوی (بەیادی پۆل دی مان)ی بەچاپ گەیاند ئەم کتێبەش پڕە لەیادگاریەکانی دریدا لەگەڵ (پۆل دی مان)ی هاوڕێی، ئەو کاتەی بڵاویش کرایەوە (پۆل دی مان) ماوەیەك بوو کۆچی دوایی کردبوو. هەر لەو ساڵەشدا (پەیمانگای جیهانی بۆ فەلسەفە)ی دامەزراندو خۆیشی بوو بە بەڕێوەبەری گشتیو گەشتی زۆری بۆ وڵاتانی وەکو ژاپۆنو مەکسیكو مەغریب دەکاتو کتێبی (گوێچکەی ئەویتر)یش بڵاو دەکاتەوە کە بریتییە لەکۆمەڵێك دەقو وتووێژ.

لەساڵی (١٩٨٨) کتێبێکی نووسیوە بەناوی (ئۆلیس گرامۆفۆن). لەساڵی (١٩٩١)داو لەکاتی جەنگی ئازادکردنی کوێت لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانێتی نێو دەوڵەتییەوە، دریدا کتێبێکی تری بڵاو کردەوە بەناوی (سەرەکەی تر). دواتر کتێبێکی تر دەنووسێت بەناوی (ئەکیۆلۆژیای وەهم ــ بۆچوونێکی فرۆیدییانە). لەساڵ (١٩٩٢) لەلایەن زانکۆی کامبریدجی بەریتانی بڕوانامەی دکتۆرای شانازی پێبەخشراو بووە هۆی ناڕەزایی مامۆستایان زانکۆکە.

لەساڵی (١٩٩٥) کۆنگرەیەکی فەلسەفی سەبارەت بەفیکری (مارکسیزم) لەئەمریکا لەزانکۆی کالیفۆرنیا بەسترا، تێیدا دریدا لێکۆڵینەوەیەکی درێژی بەناوی (تارماییەکانی مارکس) خوێندەوە،

هەر لەهەمان ساڵیشدا وەکو کتێبێك بڵاوکرایەوە. لەساڵی (٢٠٠٠)دا دەرهێنەرێکی عەرەبی بەناوی سەفا فەتحی کە یەکێك بووە لەهاوڕێ نزیکەکانی دریدا، فیلمێکی لەبارەیەوە دەرهێناوە بەناوی (دریدا لەوێوە)و باس لەمنداڵیو یادەوەری خۆی دەکات لەجەزائیر. دواتریش ئامی کۆفمانو کیربی دیك بەیەکەوە فیلمێکی تریان لەبارەیەوە دەرهێنا بەناوی (دریدا)و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. لەدوای ڕووداوەکانی (١١)ی سێبتەمبەریشدا، لەکتێبێکی هاوبەشدا لەگەڵ هابرماس باس لەڕووداوەکە دەکەنو کتێبەکەش بەناو (چەمکی ١١ ی سێبتەمبەر)ەو بریتییە لەدیدارو چاوپێکەوتن. لەساڵی (٢٠٠٣)دا کتێبێکی تر بڵاو دەکاتەوە بەناوی (خەبیسەکان)، هەر لەو ماوەیەشدا کتێبی (ڕێگر) بڵاو دەکاتەوە کە کتێبێکی سیاسییەو باس لەسیاسەتو مەبەستە سیاسییەکان ئەمریکا دەکات لەجیهاندا.

کاتێك (شاکر نوری) نووسەری عەرەب بەرەچەڵەك کورد پرسیاری لێدەکات کەئەو لەئاست ئینتیما بۆ فەرەنسا هەست بەچی دەکات؟ دریدا بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:( بەردەوام واهەست دەکەم کەوا لەئاست کلتوری فەرەنسیدا پەراوێزم، هەست دەکەم من لەیەك کاتدا لەناو ئەو کلتورەمو لەدەرەوەی ئەم کلتورەش دام، لەبەرئەوەی من لەوڵاتێکی بێگانەدا ژیامو دواتریش لەتەمەنێکی کەمێك درەنگ هاتم بۆ ئەوەی لەفەرەنسادا بژیم، بەلای منەوە کلتوری فەرەنسی نمونەیەکی سەپێنراوە لەلایەن قوتابخانەوە، لەم حاڵەتەشدا خودی کلتوری فەرەنسیش تاڕادەیەك وەکو کلتورێکی بێگانە دەمێنێتەوە واتا لەیەك کاتدا خۆشەویستەو خۆشەویستیش نییە).

بەم شێوەیە وەکو دیارە سەبارەت بە دریدا ژیان لەجەزائیردا مەسەلەیەکی گرنگو جەوهەرییە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەسڵە جەزائیرییە لەنێو کارەکانی ئەودا رەنگ ناداتەوە، رەنگە وەکو پەراوێزێك لەملاو ئەولا هەندێك شت بەدی بکەین، بەڵام بەقەد بارستایی بیست ساڵ ژیان نییە. وەکو مەسەلەیەکە خودی دریداش بەردەوام لەخۆی دەپرسێتەوە:( بۆچی ئەم جێکەوتە بەم شێوەیە خۆی دەردەخات). دیارە هۆکاری ئەوە زۆرن بگرە رەنگە لەژماردن نەیەن، لەگەڵ ئەوەشدا دریدا بەم بارودۆخە رازی نییەو دلگرانی خۆی پیشان دەدات، ئەو لەنێو باوەشی خێزانێکی کۆلۆنیالیست گەورەبووە، لەسەر بنەمای پەروەردەیەکی کۆلۆنیالیست دا پەروەردە کراوە، هەموو شتێك فەرەنسی بووە، تەنیا خاكو شوێنو جوگرافیا جەزائیری بوون، زمانی رەسمی دەوڵەت فەرەنسی بووە، زمانی قوتابخانەو خوێندن فەرەنسی بوو، جەزائیری سەردەمی ژیانی منداڵێتیو لاوێتی دریدا بەتەنها دەوڵەتی کۆلۆنیالیکراو نەبوو بەڵکو بەشێکبوو لەخاکی فەرەنسا. بەم شێوەیە سیاسەتی فەرەنسی سیاسەتی توانەوە بووە، بۆیە بەتەنیا سیستەمێکی سیاسی نەسەپاندووە، بەڵکو لەگەڵ ئەو سیستەمە سیاسیەشدا سیستەمێکی کلتوریو زمانەوانی هەمەکیانەی سەپاندووە، ئەم لەنێو ئەم بارودۆخەدا فێری زمانی عەرەبی نەبوو ، ئەوەش مەسەلەیەکە دلگرانی کردووە، بێگومان ئەم ژیانە دوولایەنییە جەزائیرو فەرەنسا کلتوری عەرەبیو کلتوری فەرەنسی، ئینتماکردن بۆ رەگەزو نەتەوە یا ئینتما کردن بۆ خاكو جوگرافیا، ئەم کێشانە بوون کەپێویست بوو دریدا چارەسەریان بکات.

# ئەستێرەی فەلسەفەی هاوچەرخ ژاك دیریدا

و.جەمال پیرە

دواجار ژاك دیریدای فەیلەسوفی فەرەنسی لەتەمەنی ٧٤ ساڵیدا لەشەوی ٨ لەسەر ٩ی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤ دا لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی پاریسدا دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجەی پەنکریاسدا کۆچی دوایی کرد، دیریدا لە ١٥ی تەمموزی ١٩٣٠دا لە جەزائیر لەدایکبووە لەساڵی ١٩٥٠ پەیوەندی کردووە بە خانەی باڵای مامۆستایان لە پاریس ،بەر لەوەی ببێ بە یاریدەدەرێك لە زانکۆی هارفۆردی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو پاشان زانکۆی سۆربۆن لە پاریس، سەرەتا وتارە گرنگو پڕ بایەخەکانی خۆی لە ژێر کاریگەریی هۆسرەلو ئەوانی تردا بوو لە گۆڤاری "تێل کیل"دا بلاّودەکردەوە، لەهەمانکاتدا دەرکەوتنە فەلسەفییەکەی هاوشان بوو لەگەڵ شیکارە نوێیە زمانەوانییەکانی کارە ئەدەبییەگەورەکانیدا کە لە راستیدا رۆڵێکی کاریگەرییان هەبوو لە مێژووی پێشەنگی فەڕەنسیدا، لە ساڵی ١٩٦٥دا وەك ئوستادی فەلسەفە لەخانەی باڵای مامۆستایاندا دامەزرا کە لە پلەی بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکاندا بوو،هەروەها دیریدا لەچالاّکییە فێرکارییەکەی خۆیدا بۆ ماوەیەکی درێژ لە پاریس‌وکۆمەڵێك لە زانکۆیە ناودارەکانی ئەمەریکادا وەکو زانکۆی یـالو جۆن هۆبیکنز بەردەوام بوو،لە ساڵی ١٩٨٣دا پەیمانگای فەلسەفی نێودەوڵەتی دامەزراند، خۆی تاوەکو ساڵی ١٩٨٥ بوو بە بەڕێوەبەری ، دواتر لەپەیمانگای خوێندنی باڵای زانستە کۆمەلاّیەتییەکاندا دەستی بە وانە وتنەوە کردووە، بەرهەمە ناودارەکانی بریتیین لە"نوسین‌و جیاوازی"و "پەراوێزەکانی فەلسەفە"و هتدد.. بەلاّم کتێبە حەقیقی‌و رەسەنەکەی کە دواجار دەبێ بە هێلانەی سەرجەم ئەو ئیزافاتەی دیریدا خستیە سەر فەلسەفەی خۆرئاوایی لەکارە سەرەتاییە هۆسرەلییەکەیەوە "دەربارەی گراماتۆلۆژیا"دا خۆی دەبینییەوە، دیریدا لەو ماوەیەی کە لە جەزائیر بوو بەوە ناسرا بوو کە بەردەوام سیاسەتی دەوڵەتی ئەو کاتی فەڕەنسی پرۆتێستۆ دەکرد، ئەو لەوێ تاوەکو گەڕانەوەی یەکجارەکی خێزانەکەیان بۆ فەڕەنسا هەر بەهیوای ئەوە بوو کە شێوەیەك لە پەیوەندی نزیکانە لەنێوان جەزائیرییەکان‌و فەرەنسییە لەدایکبووەکانی جەزائیردا هەبێت.

دیریدا لەماوەی ژیانیدا چەندین خەلاّتی بەدەستهێناوە ،بەلاّم تەنها خەلاّتێك کە لای خۆیەوە زۆر شانازی پێوەدەکردو بە خەلاّتی راستەقینەی ناودەبرد،خەلاّتی فەیلەسوفی ناوداری ئەلمانی"تیۆدۆر ئادۆرنۆ"بوو لە ساڵی ٢٠٠١، ئەو پێی وابوو کە ئادۆرنۆ نموونەی فەیلەسوفێك بوو بۆ پێشێلکردنی هەموو ئەو شتانەی لەبەرامبەر گومانی فەلسەفی‌و لێلی‌وشاراوەیی پێویست بۆ کاری هونەریی دەوەستان.

بایەخی دیریدا لە توانا زمانەوانییەکەیدایە وەختێ بەزاراوەی فەلسەفییانە گومان دەکات بەبێ ئەوەی لەدیالۆگ لەگەڵ میتافیزیکدا دابڕێ، لەبنەڕەتدا فەلسەفەی دیریدا جەغد لەسەر زمان دەکاتەوە ،ئەو پێی وایە کە خوێندنەوە میتافیزیکی‌و تەقلیدییەکان هەڵەی گەورەیان هەیە لەبەرامبەر سروشتی دەقەکاندا،خوێنەری تەقلیدیش واهەستدەکات کە زمان بەبێ ئەوەی بیگۆڕێ دەبێ گوزارشت لە بۆچونەکانی بکات، وەك ئەوەی کە لەهەڕەمگەرایی زماندا نوسین

رۆڵێکی مامناوەندییانە دەبینێ،لەبەرامبەر ئاخاوتندا دانەری دەق خۆی چاوگی ماناکەیەتی، بەلام شێوازە هەلوەشاندنەوەییەکەی کە دیریدا پێی هەلسا بوو،هەموو ئەو گریمانانەی تێکشکاندو لەبەرامبەر ئەو بۆچونەش وەستا کە پێی وابوو دەق مانایەکی یەکگرتووی نەگۆڕی هەیە، لەوەی کە فیکری فەلسەفەی خۆرئاوایی مەیلی ئەوەی هەبوو کە ئاخاوتن خۆی رێگەیەکی روون و راستەوخۆیە بۆ بەردەوامبوون،کەچی دیریدا پشتی بەزمانەوەری و شیکاری دەروونی دەبەست و سەرجەم ئەو گریمانانەی لە پێگەیەکی پرسیاریدا دانا وەك ئەوەی کە نیازو مەبەستەکانی نووسەر لە ئاخاوتنەکانیدا ناگرێ بەبێ مەرج قەبوڵ بکرێ، ئالێرەوە بوو دیریدا ئیزافاتەکەی خۆی خستە سەر فەلسەفەی خۆرئاوایی و ئەگەری رامانگەرایی نوێی بۆ دەقەکان کردەوە، ئەو بەزاراوە هەلوەشانەوەگەرییەکانییەوە روونیکردەوە کەچەندین لایەنی مانا هەیە رۆڵی پراکتیکیانەیان هەیە لەزماندا، هەروەها بە هەلوەشاندنەوەی کارەکانی ئەکادیمیستە گەورەکان و لێکۆڵەرانی بەر لەخۆی، دیریدا هەوڵی دەرخستنی زمانی دەدا وەك ئەوەی کە بەردەوام لە حالەتی لادان دایە.

هەندێ لە رەخنەگران پێیان وایە کە فیکریی دیریدا فیکرێکی وێرانکارانەیە بۆ فەلسەفە،تەنها گرفتێك لەگەڵ فیکری دیریدادا ئەوەیە کە دەمانبا بەرەو سەفەرێکی رامانگەرانەی سەرسورهێنەر لە نێو بیابانی میتافیزیکدا، بەلام لە سنوری چەمکەکاندا بەجێمان دێڵێ و چاوەکانمان دەخاتە سەر ئەو دیوی سنورەکەی کە دیریدا بۆی نەکرا بمانگەیەنێ بۆ ئەوێ،وەك ئەوەی کە دیریدا نەیتوانی لەگێروگازە رەگداکوتاوەکانی لاهوتدا دەربچێ لەنێو بیری فەلسەفیدا، لەڕاستیدا هەموو ئەو خوێندنەوانەی کە دیریدا بۆ فیکرو ئەدەبی کردبوو لێلایی لاهوتی رۆشەنکردەوە، تەنانەت دیریدا لەوێدا زاراوەکانی خۆیشی لەدەستداو کەوتە نێو "ئەوەی لە فەلسەفەیە بۆ فەلسەفەو ئەوەیشی کە لە ئەدەبە بۆ ئەدەب" پێویستە ئەوەمان لە یاد نەچێ کە دیریدا وێڕای هەموو ئەو دەستەبژێرییە فەلسەفییەی خۆی بەردەوام لەهەوڵی هێنانەوەی فەلسەفە بوو بۆ گۆڕەپانی گشتی ،لەبەر ئەمە بوو کە هەندێ لە رەخنەگران وەك فەیلەسوفێکی بزۆزو ئاکتیڤیان دادەنا، بەوەی کە دیریدا بەردەوام لە دەنگوباسی ململانێی کۆمەلایەتیدا ئامادەیی زەینی هەبوو، وەك جیاکردنەوەی رەگەزیی،شەڕی جەزائیر،مافی پەنابەران، بزوتنەوە جیا بووەوەکان لەسەربازگەی سۆسیالیستی و هتدد...

دیریدا توانای وێناگەریی وزمانەوانی وەهای دۆزییەوە لەرێگەی چەند بابەتێك کە فەیلەسوفانی تر بۆیان نەدەکرا، ئەو هەردەم بەئاگا بوو ،رووەو رەخنەییبوون و زیرەکیی هەنگاوە دەنا، بە هەر گەمەیەکی زمانەوانی بووایە ئەبووایە بابەتەکەی شرۆڤە بکردایە، لە راستیدا دیریدا فەیلەسوفێك بوو دەستبەرداری هەستی شەشەم نەبوو،دیریدا مردو لەدوای خۆیدا پاشماوەیەکی هەلوەشاوەی جێهێشت، دیالۆگکەران و خوێنەران و رەخنەگران لێی دەچنە ژوورەوە، بەلام کە دەچن ئەرکێکی گرانیان دەکەوێتە ئەستۆ ئەویش: ئامادەکردنی وەلامی دلنیاکەرانەن بۆ پرسیارەکان ئەوانەی کە لەئەرکی زمانەوەری رەوانبێژیدا سەریانهەلداوە،کە دیریدا خۆیشی نەیتوانی لێی دەرباز بێ و دواتریش وەلامی پرسیارە نوسراوەکان بداتەوە لەماوەی مێژووی سەفەرە فیکرییەکەیدا.

سەرچاوە:

نجم الفلسفه المعاصره،جاك دیریدا

علاینە عارف ،٢٠٠٤/١٠/٩

WWW.ELAPH.COM

# لەدوای دریدا، کێ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، هەڵوەشاندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەگرێتە ئەستۆ؟!

ن: صبحی حدیدی
و: ستار باقی کریم

لەناوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٩٢ زانکۆی دێرینی ئینگلیزی (کامبرج) بڕیاری بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە فەیلەسووفی فەرەنسی ژاك دریدا (١٩٣٠-٢٠٠٤)دا، لەنێو زۆرێك لەهۆکار بەدڵنیاییەوە ئەم بڕیارە لەئاسایی کەمتر بوو، لەسەروویانەوە ئەم پیاوە پڕاوپڕ شایستەی ئەم لەقەبە بوو، لەکۆتایشدا ئەم پلەیە لەبەر هۆکاری وەك لەناونانەکەی دیارە دەبەخشرێت! بەڵام تەنها بۆ وەبیرهێنانەوە ڕۆژنامەی (تایمز)ی بەریتانی لەبەرواری (٩ی ئایار) واتە هەفتەیەك بەر لەمەراسیمی وەرگرتنی بڕوانامەکە نامەیەکی سەرسوڕهێنەر کە شێوەی یاداشت یاخود داوایەکی پشتگیری وەرگرتبوو بڵاوکردەوە کە (٢٠) لە گەورە پیاووژنانی فەلسەفە لە ئەورووپاو ئەمریکاو ئوسترالیا واژۆیان کردبوو تیایدا بەتوندی نارەزاییان بەرامبەر بڕیارەکەی کامبرج دەربڕیوە، بەڵکو تەنانەت لەبنەچەدا سیفەتو خەسڵەتی فەیلەسووفی (لەدریدا) ئەماڵی ناوە واژۆکراوەکانی سەر ئەم یاداشتە نوێزەدانی دەزگا فەلسەفییەکانی زانکۆی (مانهایم، سیدنی، بیل، غراز، فلورەنسا، جنێف، مەدرید، هارفارد، اسنبروك، اوتربخیت سالزبورغ، لوس انجلس، کلاگوف) سەرەڕای (The Monist) کە گۆڤارێکی فەلسەفی بەناوبانگەو ئەکادیمیای فەلسەفەی نێودەوڵەتی دەریدەکرد.

لەبەشێکی نامەدا هاتووە، لەچاوی فەیلەسووفەکانەوە بەتایبەتیش لەریزی ئەوانەی لە کۆلیژە پێشڕەوەکانی فەلسەفە لەسەرانسەری دونیا کاردەکەن، نا بۆکاری ڕێزدار دریدا لەبوونی پێوەری گونجاوو روون ورد. دوای ئەوەی ئەم نووسراوە (دریدا)ی بە پشت بەستن بەیاریەکانی وەك ئەوەی لەیاری تێرمی هەڵەی لۆژیکی دا هەیە تا دواتر لەلای ئەو دەبێتە لوولەکیو پێچاوپێچ تاوانبارکرد. بەڕاستی ئەم هێرشکردنە بەشێوەیەکی سەیر درێژەی کێشا، بەلای ئێمەش واپێدەچێ کەرێزدار دریدا لەسەروبەندی دامەزراندنی پایەی پیشەیی خۆی بەپشت بەستن بەوەی کە ئێمە بەوەرگێرانی مەیدانی ئەکادیمی بون بۆ چەندین فێڵو کەڵو پەلی هاوشێوەی زبڵدانی دادائییەکان دایدەکێشن. ئەم نووسراوە سەرەڕای ئەم جموجۆڵە فرەوانو هەڵمەتە نیمچە ڕێکخراوە، کاریگەری ناشاراوەی لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی زانکۆ هەبوو. لەپێشینەیەکی تەواو نەسەقە ئەم بڕیارە خرایە دەنگ دانەوە، ڕاستە ئەنجامەکە لەبەرژەوەندی (دریدا) بوو بەڵام ناچوونیەکی دەنگەکان (٣٣٦ دژی ٢٠٤) ئاماژە بەئاستی بەرهەڵستیو جدیەتی ڕێگرتن ئەدات.

ڕۆژنامەی (اندپێندنت)ی بریتانی کە لەراستیدا نوێنەرایەتی بۆچوونێکی بەرفراوانی ڕووکەشی دەکرد، تەنها بەلای ڕووداوەکە نەوەستا، بەڵکو (ئەوە دەتوانرێ ئاماژە بەکۆتایی چوارسەدە لە دەمارگیری هزری دا بدات) هەر چۆنێکی بێت ئەم هەڵسەنگاندنە لە موبالەغە کردن پێك نایەت، ئەم ساتە باڵاترین بۆنەی بەیەکدا کەوتنی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەگەیاند، ئەو فەلسەفەی بەناوی دریدا تۆمارکراو بەسەر ئەو بۆ ئەو

دەژمێردرا بەبەرزترین تاوەری پارێزگاری کردن لەفەلسەفەی غەربیی دائەنرێ کەلەلایەنی حەسانەو ناوبانگ پارێزگاری، بەتایبەت لەلایەنی پیادەکردنی لەمدیو کەلەپووری فەلسەفی میتافیزیکی، ئەوەی کەبۆچوونەکانی (درێدا)ی وائەدایە بەرچاو کە (بێڵ)ێکەو ئامانجی تێکدانو خرکردنەوەیە یان بەلانی کەم هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەکانیەتی. لەسەرەتای نەوەدەکان، بێ هاوشانی درێدا بەناوبانگترین فەیلەسووفی جیهان بوو، لەهەمان کاتیش خاوەن گیروگازترینو گرانترینو ناچوونیەك تێگەیشتنو بەرەواجترین یان بوو. لێکچەرو کارەکانی بەتەنها گرتێبەردانی قۆتابخانە فەلسەفییەکانی فەرەنسای دوای جەنگی جیهانی دووەم نەوەستا (رەوتە بونیادگەرەکانی بەتایبەتو ناوەندییەکان دووبارە خوێندنەوەی مارکس لەسەردەستی لوی سوسێرو، دووبارە خوێندنەوەی سیگمۆند فرۆیدو شیکردنەوەی هەروەها لەسەردەستی جاك لاکان) تەنانەت ئەم بلێسە لەبنەچەدا درێژبووەوە بۆ کەلەپووری فەلسەفەی رۆژئاوای میتافیزیکی.

درێدا توانی ژیانی هزری لەفەرەنسا بەسێ پەرتووك ببڕێت، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٦٧ بوو کە لەبارەی (نووسینگەرایی-گراماتۆلوجی) چونکە لەزمانی عەرەبی هیچ بەرامبەرێکی کامڵو تەواو بۆ ئەم وشە نووسین ناچوونیەکیو قسەو دیاردانە نییەهەر لەو شاڵەوە ئەو گەشە بە هزری ئەم کارە یەکەمی یانەی دەدات کە لەبنەچەدا بۆ رەخنەی رادیکاڵی گشتگیری بۆ گریمانە میتافیزیکییەکان وە هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی مەعریفەیەك لەسەر بنەمای رێسای پۆزەتیفیزمی میتۆدی.

برپرەی پشتی میتۆدەکەیشی بریتی بوو لە رەخنەگرتن لە تیۆرە رۆژئاواییەکان لەبارەی زمانو بەکاربردنی زمانەوانیو دانانی وەك پشت بەستوویەك بەسەنتەریزمی قسەگەرایی لەوانە ئەوەی بە (ئامادەبوونی میتافیزیقیا) پشتی بەستووە. چونکە ئەمە لەبنەچەدا بەسەنتەریزمی فۆنەتیك پشت بەستووە. واتە ئەو سیستەمێکە لەشیکردنەوەی سەراپای گوتاری زمانەوانی کە پلەی یەکەم ئەداتە دەنگ بەرامبەر نووسین.

ئا بەم شێوە تێرمی ئامادەبوون هاتە نێو سەرەتای کارگەی هەڵوەشاندنەوەگەریو ئەم مەدلوولە رەسەنەی کە سەراوپێش کرا بۆ رێسایەك لەدەرەوەی خودی بزاوتی زمان خۆی، تادواتر توانی سەرکردایەتی سیستمی زمان بکاتو مانایەکی دیاریکراو بۆ دەستەواژەیەکی دەربڕدراو یا نووسراو لەنێو ئەم سیستمە جێگیر بکات. هەنگاوی دووەمیش بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی کە هەموو هەوڵە فەلسەفییەکان بۆ نزیکردنەوەی ئەم رێسا رەهایە بۆ ئامادەبوون بە خەیاڵی دەمێنێتەوە، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەندیداربوو بە گریمانەی سەنتەریە دەنگییەکان بەشێوەیەکی تایبەت. درێدا ئەوەی دەرخست کە ئەو مەبەستەی قسەکەی پێی ئەدوێت، ئەواتا کەمەبەستەکە بەشێوەیەکی تەواوو یەکسەر لەهۆش ئامادە دەبێ.

وەك ئەوەی بەر لە چەند رۆژێك لەبۆنەی کۆچی فەیلەسووفی گەورەی فەرەنسی ئاماژەمان پێدا ئەوا لە دیارترین رێو شوێنەکانی درێدا لەدۆزینەوەی (دواتر هەڵوەشاندنەوەگەری) ئەو ئامادەبوونە گریمانەیە بۆمانای دیاریکراوی پێش وەخت. ئەوا دڵی قوچەکی تەقلیدی بوو کە قسە دەخاتە پێش نووسین.لێرەوە گرنگی بۆ ئەو نووسراوە بە ناوبانگەی (درێدا) دەگەرێتەوە (صیدلیة افلاطون) کە هاورێی عێراقی شاعیرم (کاظم جهاد) وەرگێرابوو. رێو شوێنی دووەم بریتی بوو لە گۆرینەوەی ئەم قوچەکە سەراوبن کراوە لەرێگەی خستنەناوی نووسراوێکی سەرەتایی بۆ پێکهێنانی دروستکەرێك زیاتر بەلام لەهەمان کاتیشدا واتای قسە نووسین لەیەك کاتدا ئەدات.

بەلام یەکێك لەگرنگترین پاساوە گوماناوییە وەرگێراوەکانی لەواقیع لە توێژینەوە

زمانەوانییەکانی (فردینان دوسوسور) ئەوەی ئەڵێت ڕەگەزەکانمی قسەو نووسین یا (ئەو دەستەواژەی یەکێکی (دال)ی پێدەوترێت هەروەها مانا یا (مەدلوول) لەنێو تۆڕی هەر زمانێك کە لە ڕێگە شوناسنامەکەی نەوەکو سیما پۆزەتیڤیزمی یا سەبجێکتیڤییەکەی دیاری دەکرێ، بەڵکو بەجیاوازی لەدەنگی قسەکانی ترو ئاماژە نووسراوەکان یا ڕاگەیاندنە مەفهوومییەکان درێدا لە دەرئەنجامی ئەوەیدا کە سیما جیاوازکارەکانی دال‌و مەدلوول ئەو سیمایانەی کە بەردەوام دەچنە نێو تۆڕێکی جیاوازەکان ئەوا هەموو کات ئامادەنین، هەروەها وەکو ئەوەی کە ئامادەنییە. دەبنە ئەنجامێکی ئاوا بەرەو هەڵکۆڵینی‌و دیارخستنی جیاوازییەکانی برد یا بەگوێرەی شرۆڤەی (کاظم جهاد) (ناچوونیەك)، کەلەمەوبەر چەندین هەڵبژاردەی (درێدا)ی وەرگێڕاوە بەناوی (الکتابە والاخلاق) بلاّوی کردۆتەوە، کە لەهەمان کاتدا واتای (پاشگرو پێشگر) ئەدات، بەبۆچوونی دریدا (مانا) ئەو کاتە لەدایك دەبێ کە لەگەڵ ژمارەیەکی ناکۆتاو نادیاری مانای تری ئەلتەرناتیڤی جیاواز ڕووبەڕوو ئەبێتەوە.

دواتریش مەبەستی دەچێتە ژێر پرۆسەکانی جیاوازی‌و ناچوونیەکی هەڵوەشاندنەوەی ئەگەر بەندە پراکتیزەی ئەم پرنسیبانە بەسەر خوێندنەوەو ڕەخنە قووڵەکانی سەر کەلەپووری فەلسەفەی رۆژئاویی بەگشتی بێنێتە بەرچاو، ئەو کاتە بۆ مرۆڤ ئاسانە کە بیر لەم ئاستەی (هەڵوەشاندنەوەگەرایی) بکاتەوە کە ئەم پیاوە بەسەر دەیان تێکستی گەورەی پیادەکرد. دەرکەوت‌و تا ئێستاش لەلای زۆری تر بە دیاردەکەوێ) کەبێ بەریەلە ڕێساکانی ئەو دیاردە شاروە پیسەی نێوان دال‌و مەدلوول لەنێوان پاشگرو پێشگر، وە بۆنموونە ئەفلاتوون، نموونەیەکی سەرەکی‌و زوو خوێندنەوەی درێدا بوو بۆ گفتوگۆکەی (فیدروس)ی ئەفلاتوون‌و، ڕەخنەی سوکراتی ڕۆشن. هەروەها چۆن ئەفلاتوون ئەم فێڵە بالاّیەی بەکارهێنا کە خۆی لەدووبارە تۆمارکردنەوەی قسەی مامۆستاکەی‌و باوکە فەلسەفییەکەی سوقرات دەبینییەوە، لەوکاتە ئەفلاتوون بە زیندووکردنەوەی سووقرات ڕادەبوو کاتێ گوتەزاکانی یا قسەکانی دووبارە دەنووسرایەوە، هەروەها سوقراتی ئەکوشت کاتێ سەرپێچی یاسای دوماهی لەیاساغ کردن نووسین دەکرد. ئا بەم شێوە دەرمانخانەکەی ئەفلاتوون لەسەر پرنسیپی نووسین بەو سیفەتەی لەیەك کاتدا دەکوژێت‌و چارەسەریشی دەکات دامەزرا.

زۆر بەکورتی‌و نیمچە سکولاری، هەڵوەشاندنەوەگەرایی بریتییە لەتەقاندنەوەی بەهێزی بانگهێشتی قوتابخانەی بونیادگەری لەمەڕ وەلاّمدانەوەی هەموو پرسیارە فیکری‌و فەلسەفییەکانی ئەم سەدە یان سەرقاڵ کردبوو. لەبری بنیاتنانی بناغە لە بونیادگەری، درێدا هەڵسا بەخرکردنەوەی ئەم بناغەیەو ئەوانەی وەکو ئەوان لەتێکست‌و زمان. بونیادگەرەکان خۆشحاڵ بوون بە گەیشتن بە چەندین چوارچێوەی ناوخۆی لەدیاریکەری شتەکان‌و دیاردەکان، تا ئەم پیاوە هات‌و کارەکانی سەراوژێر کردو بۆ ئەوەی بەڵگە بهێنینەوە لەتەواوی بناغە لەمیتافیزیقیا، ئەویش تێکی شکاند، بێ زێدەڕۆیی، هزری بونیادگەری دەلالەتی ئەڵێ ئاماژە لە دەست خودێکی کامڵ جێگیرە، بەئاماژە بۆ زنجیرەیەکی نا کۆتا لەناچوونیەکی‌و جیاوازی لەمانای زمانەوانی. هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەوڵی شێواندنی ئەفسانەی مانای جێگیری داوە. ڕۆشنکردنی توندڕ ُوی زمان، هەروا یاری تاکۆتایی لەنێو بزاوتی ماناو، تواناددا بەنەهێشتنی هەموو تێکست‌و سیستمە یەکگرتووەکان، هەروەها سەقامگیری دوالیزمە گەردوونییە بەناوبانگەکەی شێواند: قسە /نووسین، ئامادە/نائامادە، ژیان/مردن، شوناس/جیاوازی، پڕ/بەتاڵ، مانا/بێ مانا، ئەقلاّنی/سۆزداری، لەبەرئەوەی ئەم دوالیزمانە سەراوبن کران بۆ ئامرازی چاونەترسی ڕوونکردنەوە یا بەگوێرەی هەڵوەشاندنەوەگەری، هەوڵی ڕوونکردنەوە). بنەمای کرۆکی هزری مرۆیی‌و رۆشنبیری، لەتێکستی بەناوی\بانگ بەناونیشانی (نامەیەك بۆ هاوڕێیەکانی یابانی-١٩٨٣

دریدا وایدانا کەکێشەی دەستەواژەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی خۆی لە گرانی یا گیروگازی وەرگێڕانی بۆ زمانەکانی تر نابینێـەوە بەڵکو لەبنەچەدا هەموو لێوەرگێراو وشە زمانەوانییە فەلسەفییە پەیوەندیدارەکانی لەلایەنی خۆیانەوە ئامادەن بۆ هەڵوەشاندنەوە، یاهەر ئێستا هەڵوەشاوەتەوە! دریدا زیاتر بەدوای دا ئەچێ، لە دەستەواژەیەك لەبری ڕوونکردنەوە هەندێکیان وزیاتر تەمومژیان کرد. چیشتێك هەڵوەشاندنەوەگەرایی نییە؟ بەدڵنیاییەوە هەر هەموو شتێك، هەڵوەشاندنەوەگەرایی چییە؟ بێگومان هیچ شتێك نییە!

لەبەر ئەم هۆیانە باوەڕناکەم، ئەم وشە unbonmo، بەدڵنیاییەوە ئەمەش باش نییە، بێ هیچ گومانێك ئەمە لە هەڵوێستێکی توندی دیاریکراو سوودی هەیە. بۆ ئەوەی بتوانرێ چی شتێکی لێ دابتاشرێت لەمیانەی زنجیرە بەراوردکارییە مومکینەکان سەرەڕای کرۆکە دژەکانی، ئەم هەڵوێستە توندە دیاریکراوە خوازیاری شیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەگەرییە، ئەمەش ئەگەرێکەو نامەوی لێرەدا پێی هەڵسم.

لەبواری ڕەخنەی ئەدەبی ڕوونکردنەوەیەك لەئارادا نییە، (بارێککەوتن لەلایەك دابنێین) لەباری ڕێگەکانی خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، یا ئالییەتەکانی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی لەچوارچێوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایەکەی. ئەمە سەرەڕای بڵاوبوونەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەهەرچوار لای گۆی زەوی بەتایبەت لەویلایەتەکان لەلای ڕەخنەگرە ئەکتیڤەکانی وەکو بول دی مانو جیوفریو هارتمانو هارولدو بلومو جوناسان کلرو ستانکی فینسو غیانری شاکرا فورتی سبیفاکو بربارەجونسنو ج. میلیس میللر. ئەم دوایەش میتۆدە هەڵوەشاندنەوە گەراییەکەی لەڕەخنەی دەقی ئەدەبی بەم شێوە لێ دەکات.

هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەکو چوار چێوەیەك لەراڤەکردن لەرێگەی چوونە نێوێکی بەئاگاو دیقەت بۆ نێو هەموو دەقێکی ئامانگەری. ڕەخنەگری هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەرێگەی بەردەوامی یا دووبارەکردنەوە بەدواداچوون بۆ مەبەستی دۆزینەوەی رەگەزی وشك لەلۆژیك لەناوناخی سیستمی بن دەست بۆ توێژینەوە کاردەکات. ئەویش لەسەر هێڵێك لەدەق کە ئامادەیە بۆ شیکارکردنی هەموو هێڵەکانیتر یا لەرێگەی بەردی شلو پەیت کە هەموو بیناکە دەشێوێنێو لەناوی دەبات. ئەویتریش هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەو بنەمایە یا بناغەیە ناهێڵێ کە بینا لەسەری هەڵدەستێ (دروست دەبێ) لەرێگەی بەدیارخستنی کە دەق ئێستا تیایا بنیاتنراوە لەبارەی مەعریفە (ئەبستم) یا هەڵوەشاندنەوەگەری نەوەکو هەڵوەشاندنەوەی بونیاد لە دەقێکدا، بەڵکو دۆزینەوەیەکە لە بارەی هەڵوەشاندنەوەی ستراکتۆری خۆی بەخۆی. شایانی گوتنە ئەم وەرگرتنە هیچ لێکدانەوەیەك لەبارەی تەمو مژی هەڵوێست لەم بەرەی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەقەکان، بێگومان بەدڵنیاییەوە ڕێگرتنی جدی چوارچێوە فرەوان وەك ئەونزیك خستنەوەیەی کە میللەر دایدەهێنێ، بەڵکو پەرتووکی مایکل فیشەر (ئایا هەڵوەشاندنەوەگەرایی هیچ پارادۆکسێك پێك دێنێ؟ پۆست بونیادگەریو پارێزگاری لە شیعری ڕەخنەی نوێ ٠مۆدێرن) ئەوا بالآترین کارە کە تۆمارکراوە دژی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەبواری توێژینەوەی ئەدەبی.

فیشەر سەرقاڵی سەرەکی خۆی ناشارێتەوە لەگەڵ بەڵگەی زۆر لەڕەخنەگری هاوچەرخ لەبارەی ئەوەی تێکست تاکە مانایەك نادا بەدەستەوە. بەڵکو پەناپێچی دووجای مانا تەمو مژاوییەکانە. هەروەکو ناتوانرێ دەنگی ڕاگەیاندن بۆیەك بچووك بکرێتەوە. کە بەگوێرەی دەربڕینی ج. هیللس میللر دەنگی یەکگرتوو چەندین دەنگە. لێرە دەنگی نوسەر بەتەنها ناوەستێـە سەر هەڵوەشاندنەوەگەرایی، بەڵکو لەسەر ڕەوتە ڕەوکەشە کورتکراوەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەوەستێ، ئەوەی بەرێگەی هەمە چەشن پرسیاری توانای دیاریکردنی مانای ئەدەبیو نائەدەبی

لێكداوە. لەناونیشانی پەرتووكەكە لە هەڵوەشاندنەوەگەرایی بۆ پۆست هەڵوەشاندنەوەگەرایی چوون. ئاماژەیەكە بۆ هەوڵی نووسەر بۆ گفتوگۆكردنی ڕەخنەگرانەی وەكو بلوم، فیش‌و هارتمان‌و هەموو ئەوانەی ئینتمائیان بۆ سەربازگەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەیە، بەڵام ئەوانە پشت بە زۆر گریمانەی گومان بەواتای ئەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەرەو بالآترین پلەكانی دەچێ دەبەستێت. نووسەر لەبری جەخت كردنە سەر جیاوازییەكانی نێو ڕەخنەگرەكان ئەوا هەوڵ دەدات گفتوگۆی گریمانەیی ئەوە بكات ئەوەی كۆیان دەكاتەوە: ئەو پرنسیپەی ئەڵێ ناتوانرێ كارە ئەدەبییەكان دیاری بكرێت. لەپشت پرسیار پەرتوكەكە، هەروەكو ناونیشانەكە دەریدەخات هاوكێشەیەكی زیرەكانە هەیە: لە كاتێكدا هەڵوەشاندنەوەگەرەكان بەلگە دژی توانای دیاریكردنی مانا دەهێننەوە، ئایا لە كۆتایدا هەوڵی دۆزینەوەی جیاوازییەكی پۆزەتیف لەرێگەی مامەڵەكردنمان لەگەڵ كارە ئەدەبییەكان نادەن؟ ڕاستە ئەمانە پارێزگاری كردن لە ئەدەب دەگۆڕنەوە بۆ هێرش كردنە سەری، نەخاسمە وەكو ئیمتیازێك لە گوتارێكی تایبەت، وەزیفەكەشی وەكو جێگیركەرێكی بەها مرۆییەكان‌و تۆكمەیی وەكو دەزگایەكی رۆشنبیری بەلآم ئەم دابەزاندنە لە جوامێریەتی مەنزلگەی ئەدەب لە ئەبیستمی خودی هەڵوەشاندنەوەگەرایی خۆی كە لەراستیدا هەڵدەستێ بە ئازادكردنی لەهێلكارییە لێكدانەوزەییە ئازادكراوەكانی كە هەوڵی خنكاندنی بەردەوامی دەدەن، ئەم ئاستەنگانەی لەچواردەوری ئەدەب دانراون جگە لە جەخت كردنی لە تەقاندنەوەی ئەو ڕاستیانەی ڕاستیە ڕوون‌و ئاشكراییەكان چیتر نییە. ئەمەش بەچاوپۆشین لە ئاڵۆزییەكەی. ڕەخنەی فیشەر لە هەڵوەشاندنەوەگەرەكان باس لەتێكشكاندنی خودی بابەتەكانی خۆیان دەكات، لەرێگەی گومانكردن لەبارودۆخی مەعریفی بۆ ئەدەب‌و ڕەخنە.بەلای هەڵوەشاندنەوەگەران چەكی رزگاركردنی ئەدەب (هەر لێبوردنێك‌و دیاریكردنی مانای ئەدەبی) كۆتایی دێ بەخستنە ژێر باڵی ئەدەب لەو دەزگا ئەكادیمییانەی كە هەڵوەشاندنگەرەكان ڕەخنەی لێ دەگرن‌فیشەر لەدەرئەنجام بۆی دەركەوت كە هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئاوێنەیەكە لەو مەرجانەی هەڵوەشاندنەوەگەران ڕەخنەباران دەكات. لێرەشەوە سستی‌و خاوی یان لەگەڵ لقەكانی ڕاڤەكردن كە لەسەركۆنەكردنیان ناوەستێ بەدی دەكرێ. لەبەرسڤی چەندین لە گومانەكانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەبارەی زمانەوە فیشر جەخت دەكاتە سەر ئەو نرخە بەرزەی كە پێویستە بدرێت بۆ گۆڕینی ئەو گومانانە بۆ پێوەرو بەها. هەڵوەشاندنەوەگەران بانگەشەی ئەوە دەكەن كە (ڕەخنەی فیكری‌و سیاسی) بەتەنها بوونیان نییە. بەڵكو تا ئاستی ڕوونەدانیشی رێ دەكەن. هەروەها گرەنتی پێویستی بۆ ئەم مەبەستە ئەدەن ئەوەتا هارتمان بە ئەزبەركردنی ڕاهێنانەكانی درێدا، لەمەحاڵییەتی دانی بڕیاری گۆتای دیاریكراو لەسەر نووسراو باز ئەداتە سەر مەحاڵییەتی گەیشتن بە خوێندنەوە بۆ خەملاندنی عەقڵیانەی خودی خوێندنەوە خۆی، لەئامادەنەبوونی هەرهۆكارێكی پارێزگاری بۆیە كۆنترۆڵكردنی دەقەكان، ئەوە تاكە رێگە بۆ دوورخستنەوە لەمەترسی بیسونی رۆتینی بە خوێندنەوەیەكی ناكۆتا بۆ ئەوو دەستكردن بە خوێندنەوەو خستنە ژێر ڕەخنەیەكی بیرۆكراتی.

لەلایەكی تر، فیشەر سوورە لەسەر گفتوگۆكردن لەبارەی بنەچەی هزری هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەبری بەدواداچوون بەشوێن ئەم بنەچانەی كارەكانی ڕابردووی لەلای (نیتشەو سوسورو فرۆید هایدغر) بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی دادەمەزرێنێ، دواتر دێتە سەر ئەو ڕەخنەگرانەی كە سەرەتا بەرهەڵستی توندیان لەبەرامبەر ئەو تیۆریانەی لەدایك بوونی هەڵوەشاندنەوەگەرایی خێراتر دەكرد لەوانە (ماپیۆرانولد، فرایی) بەكردەوە لە رێگەی بەرگریكردن‌و جیاكردنەوەی ئەدەب لە نووسین لەدەرەوەی ئەدەب (لەوانەش رەخنە)و گواستنەوەی توێژینەوەی ئەدەبی بۆ سەرچاوەی

بەهای جوانیو ئەخلاقیو مۆڵەت دان بە گواستنەوە بۆ واقیع لە نووسینی گوتاری (ئەگەر نەڵێین ئەدەب)، بەزۆریش لەسەر هزری پێشکەوتن. ئەرنۆڵدو فرای بەرهەڵستی هەڵوەشاندنەوەگەریان کرد، لێرەشەوە حەزی هەندێ ڕەخنەگر لەکارەکانیان وەك بەرسڤێك بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەدیار دەکەوێ. ئەمانە هەڵوەشاندنەوەگەریان فەرامۆش کرد، جەختیان کردە سەر دەسەڵاتی ئەخلاقی لەئەدەبو شوێنگەی ئەبستمی بۆ نووسراوی گوتاریو ڕەخنەی ئەدەبی. بەرگری سەرکەوتوویان لە شیعر خۆیو لە گرنگی ئەدەب لە خەیاڵی هزریو جوانیو کردەیی بینییەوە. پێویستیشمان بە ئاکار وەکو پێویستیمانە بە جوانی. بەرگریکردن لە ئەدەب پێویستی بە: یەکەم پێویستە بەرگری لە بیانوی حەقیقەتی تایبەت بە ئەدەبت بکەین. واتە توانای ئەو بەرگریکردنە لە نەهێشتنی ئاستەنگە بابەتییەکان لەبەرامبەر ئەدەب، بانگەشەکردن بۆ وەزیفەیەکی پیشەیی بۆ ئەدەب ناتوانرێ پشت بە چوارچێوەیەکی تر ببەستێ جگە لە خرکردنەوەو ڕێکخستنی لەچوارچێوەی ئەو بەهایانەی کە ئەدەب دەتوانێ بەهێزیان بکات. فیشەر ئاماژە بەگرانی ئەم کێشکردنە ئەکات کە ئەگەر لەتوانای درێداو هاوپەیمانە ئەمریکییەکانیدا هەبێ بۆ گەیشتنە ئەنجامێکی کردەیی بۆ ئەو هەوڵە تیۆریە زۆرانەیان، وە ئەگەر لەپێناوی باسکردنمان بۆ کاری ئەدەبی حەز بەڕوودانی جیاوازی بکەین. ئەمەش وەکو ئەو بزاوتانەی ڕووبەڕووی بەرهەڵستی توند دەبنەوە، بەپێچەوانەی بیانووی هەڵوەشاندنەوەگەرەکان دەبنەوە خودی ئەو تاوانبارکردنە توندانە کە لەوەڵامی ڕستەیەك لەئەدەب لەدایك بوو.

بەم شێوە کاتێ دوژمنە کۆنسیرڤاتیزمییەکان یا تەقلیدییەکان بڕیار بەڕق لێبوونەوەی هەڵوەشاندنەوەگەری بۆ زانستە مرۆییەکانو خاپوورکردنی بەها تەقلیدییەکانی ئەدەب، بەرگریکاران لە هەڵوەشاندنەوەگەری شێلگیرانە ئاژاوەگێری فەلسەفەی ڕاشکاوە رائەگەیەنێ بە پیادەکردنی یاری ئازاد بەزمانو نمایشکردنی خوێندنەوەی لەسەرخۆ فیشەر بەم شێوە کۆتایی بە نووسینەکەی دێنێ کاتێ دەڵێ: هەڵوەشاندنەوەگەرایی ناچوونیەکی (پارادۆکس)ی ڕوون دروست دەکات، ئەو ڕێکخستنە سیاسیو پەروەردەییەی بەدەست هاتووە بەهێز دەکات لەبری خاپوورکردنو هێشتنەوەی لەوبارەی کە ئێستا هەیەتی. ئەو پێشبینی زەمینەیەکی ڕۆشنتر دەکات، بەڵام ئەو بەدوای خودی شوێنەکەی دا ئەچێ بەشوێن دابەزینو کەم کردنەوەی نرخی دا ئەچێ، ئەو پارادۆکسەی کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی پێکی دێنێ ئەوە نییە کە بەرگریکاران یا دوژمنان سەپاندوویانە لەبری هەژاندنی زوڵمی تیۆری ئەکادیمی لەبارەی ئەدەبەوە، هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەڵدەستێ بە پتەوکردنی ستراتیژیەتی ئەو زوڵمەو وای لێ دەکات لەئارامییەکی پتەوتردا بێت.

فیشەرنکۆڵی لەرەگەزی نوێگەری لەهەڵوەشاندنەوەگەرایی ناکات، بەڵام بەڵگە بۆ ئەوە دەهێنێتەوە کە ئەو هێزەی لەبواری هەڵوەشاندنەوەگەرایی دامەزرا بەهیچ شێوەیەك نوێ نییە، بەڵکو پێوەرە بەدرێژایی مێژوویی ڕەخنەی ئەدەبی دیاربووە، لەهەمان کاتدا نوێیەو نوێ نییە، سەقامگیرەو ناسەقامگیرەو تەمومژاوییە بەقەد ئەوەی بەربڵاوو ڕەواجدارە، ئەم دوالیزمانە لەڕووی هەڵوەشاندنەوەگەرایییەوە نوێن، ئەوەیان قسەیەکی هەڵبەستراو نییە گەر بڵێین کۆچی دریدا دەسەڵاتێکی گەورەیی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەدەستدەدا، لەپێوەری خۆیا تاك نەبوو، بۆ ئەوانیش گرانە دوای ئەو پەیڕەوی ئەم فەلسەفەیە بکەن وەك ئەوەی خاوەنەکەی ویستی، میتۆدێك بێت بۆخوێندنەوەی دەقەکانو هەڵوەشاندنەوەیان، لەهەڵوەشاندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی!

# دریدا
# باوکی هەڵوەشاندنەوەی پابەند.. بێ ڕێساو سنوورو کۆتایی..بێ ڕێچکەو بونیادو ئۆقرەگرتن

و: نوری بێخاڵی

دریدا، ئەو کەسەی شەوی -/٢٠٠٤/١٠ کۆچی دوایی کرد، بەو پێیەی پاڵێوراو بوو بۆ خەڵاتی نۆبڵ، ئەگەر پێشی ببەخشرایە، بۆی نەدەکرا خەڵاتەکە وەرگرێ.وەك بڵێیت مردنی لەسەرخۆ کە دەرەنجامی تووشبوون بە شێرپەنجەبوو، دوا خەڵاتی بێت. لەم وێنەیەی دواییشی کە بەر لەدوو مانگ لە ڕۆژنامەی (لۆمۆند) دەرکەوت: لاوازیو ڕەنگ پەڕیویو سستیەکەی وا نیشان دەدات کە لەسەر لێوی هەموو کۆتاییەکانە، لەشێوەی بێزارو خەمۆکی کە ئەو نەخۆشیە درمە لە سیماو جەستەیدا دەیتاشی. بەڵکو ئەو نەخۆشییە بێ بەزەییانەو بەبێ ڕوخسەت خواستنو پرسکردنو دیموکراسی کاری هەڵوەشاندنەوەی لە جەستەو ژیانیدا کرد.ئەو وێنەیەی دوایی کە لەگەڵیدا ونبوون دێنێ، ئەوا لە بەرامبەردا زەینو خەیاڵی من جێ ناهێڵێ.
دریدا لەتەمەنی (٧٤) ساڵی ماڵئاوایی کرد..لەدوای خۆشی ژیانێك کە (دنیای پڕکردو خەڵکی سەرقاڵ کرد) لەگەڵ (فەلسەفە)یەك جێهێشت کە دەکرێ لە دوایین گەورە قوتابخانەکانی بێت لەمێژووی فەلسەفەدا.نەك لەبەرئەوەی کۆمەڵێ فەلسەفەن ئێستا لەئارادان، بەڵکو لەبەرئەوەی، ئەو فەلسەفەیەکە بەردەوام خودی خۆی نەفی دەکاتەوەو هەڵدەوەشێتەوە..هەڵوەشاندنەوەی بۆ بونیادو دەقە گەورەو دیاردە سۆسیۆ-سیاسیەکان...
ئاخۆ ناوی بنێین (باوکی هەڵوەشاندنەوە)، یان گەلاڵەکارو پیادەکاریو دانەری ئامرازو ڕێگاکانی؟ لەوانەیە بڵین (بەڵێ)و (نەخێر)! ئەو ئاراستەیەش نزیکەی سێ دەیەیە دەرکەوتووەو پەیوەست بووە بەناوی دریدا. بەڵام وەك فەیلەسووفی کۆچکردوو خۆی دەڵێ: (لەم نێوەدا سەرەتانیە. هەموو شتێك بەر لەئێمەو لەماوەیەکی درێژ دەستی پێکردووە).. شوێنەواری بونیادگەری لە نیتشەییەتو فرۆیدییەتو هایدگەریو لۆسەری (هەڵوەشاندنەوەی بونیادی لاهوتی لەمەسیحییەتدا) دەبینین، ئەوەی کە بنەڕەتی پەیامی ئینجیلی دەشارێتەوە، بەڵام ئەو هەڵوەشاندنەوە (بەردەوامە)ی کە ئۆقرە ناگرێ، وەك ئەوەی لەگەڵ (شۆڕشی بەردەوام) دابوو..بەو زەمەنەوە بەستراوەتەوە کە تیایدا سەرجەم ڕێبازو بونیادو قوتابخانەو ڕێچکەکان هەڵوەشانەوە. پۆست (بونیاد)، پۆست (باوەڕەکان)و (ئایدیۆلۆژیاکان)، یان بابڵێین پۆست مۆدێرنەکان.ئەگەر هەموو ئەو پەیکەرو کاتدرائی فیکریو ئایدیۆلۆژیو ئایینییانەی بەرهەم هێنابێ.. بەواتایەکی تر ئەو هەڵوەشاندنەوەیە بۆ ئەوەهات هەموو (سنووردارکردن)ێکی کۆتایی، (ستراتیژییەت)ێکی جێگیر هەڵوەشێنێتەوە، بەبێ ئەوەی بیەوێ یان بانگەشەی ئەوە بکات (فەلسەفە) یان (ڕێچکە)یەکە، بەڵکو (بەڕێوەبردنە)، لەگەڵ ئەوەی تا ئاستێکی گەورەش کەوتە ژێر کاریگەری (فینومینۆلۆجیای سارتەر) وەك دریدا خۆیشی دەڵێ: (هیچ شتێك کە ئەنجامی دەدەم، ئاسان نەبوو لای ڕوکارییەت ئاسان بێت).

بەلاٚم پرسیاری گەورە ئەوەیە: ئەگەر هەڵوەشاندنەوە، ڕەتکردنەوەی هەموو شتێکی ئامادە، وەرگیراو، تەواو، پێشینەیی، هەتاوەکو پیرۆزبێت (وەك باش دەکرێ، ئایا ئەو سەرلەنوێ بونیادنانەوەیە؟ واتە ئاخۆ هەڵوەشاندنەوە ساتێکی تێکشکاندنەو بەدوایدا قۆناغی بونیادنانەوە دێت، وەك ئەوەی لە فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیا گەورەکانی وەکو مارکسیەتو ئەوانی دی هەیە؟ لێرەدا دریدا خۆی وەلاٚم دەداتەوە: (هەڵوەشاندنەوە ڕەتکردنەوەیەکی ڕەها نییە. بەڵکو دووبارە جەختکردنەوەی (بەڵێ)ی بنەڕەتییە جەختکردنەوەش لێرە بەواتای پۆزەتیڤ نییە، بەڵکو قۆناغی پرسیارکردنە ((بەڵگەیەکە لەسەرەوەی تەنها لەرێگای ئەو شتەی بڕیار نەدراوە دەکرێ بگەینە بڕیارێك)). بەلاٚم ئەوە گرنگە کە ((بڕیار سنوورێك بۆ قۆناغی وەستان دانانێت.واتە ئەو چرکە ساتەی کە پرسیاردەکرێتو ڕەت دەکرێتەوە لەبونیادێکی ڕەها ناوەستێت))، هەمیشە دوای (کاری بونیادنان) ناکۆتایی بەردەوام دەبێت..کەواتە ئەوەی دەیکەم کارێکی بونیادی نییە..لەبەرئەوە هەموو سنووردارکردنێك کە جووڵەی (هەڵوەشاندنەوە) رابگرێ، بلۆك بکا، ڕەنگبێ خودی خۆی ڕەتی بکاتەوە). گیروگازو ئالۆزییەکانی هەڵوەشاندنەوە لێرەوەن.هەر لەم نێوەشدا ئەو ڕەخنانە دەرکەوتن کە گومان لەهەمموو ئەوشتانە دەکەن کەدریدا نووسیویەتی.هەر لێرەش ڕووبەڕووی جۆرەها هێرش بووەوە، کە لە هەندێکیاندا (لای ئێمە) گەیشتە تاوانبارکردنی بەتێکشکاندنی..پیرۆز-مێژوو-فەلسەفەو بونیادو دیاردە بەمیراتماوەکان، واتە هەرشتێك کە پێشینەییە-یان دەست لێنەدراوە. لەبارەی ئەم پرسەوە دریدا دەڵێ: (دەتوانم ڕووبەڕووی —پرۆز-ببمەوە، پرسیاربکەم، دژبم، بەڵگە بهێنمەوە، هێرش بکەم، یان لۆژیکی گشت ئەو دەقانەی پێش من، یان لەبەردەم من دەرکەوتوون هەڵوەشێنمەوە، بەلاٚم ناتوانمو نامەوێ بیانگۆڕم..چونکە ڕێزگرتنی (وشە) بنەڕەتێکە بۆ پیرۆزی). لێرەوە دریدا کاتێ ڕووبەڕووی بونیادە ئایینییەکان دەبێتەوە، مەبەستی دەقەکە نییە، ئیدی ئەوەی نووسراوە نووسراوە، ئەوەی دەشگوترێ دەگوترێ!

بەلاٚم، ئایا هەڵوەشاندنەوە بەواتای بزاوتێکی بەردەوامو ماندوو دانەبڕاو لە پەیکەرو دیاردە باوەکانی ڕەتکردنەوەی (بونیاد) دێت ((بەو پێیەی کەرەستەی سەرەتاییو باشی تێکشکاندنو هەڵوەشانەوەن؟))

هەڵوەشاندنەوە بەتەنها چالاکییەکانی لەسەر دەقە ئەدەبی یان فەلسەفی یان ئایینییەکان پیادەناکات، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ نووسراوە یاساییو دادوەرییەکان، دەزگاو عورفەکان، بەرنامەکان، هەر پرسێکی باو. بەمانایەکی تر ((ئەو بابەتانەی هەڵوەشاندنەوە سەرقاڵ دەکات، بەتەنها بریتی نین لەو شتانەی کە کتێبخانەو مۆزەخانەکان پاراستوویانن))، بگرە سیاسەت لە هەموو کارەکانی دریدا هەیەو هەوڵیداوە کێشەو شێوازە دیارەکانی هەڵوەشێنێتەوە.دژی جیاوازی ڕەگەزی (ئاپارتاید)و لەپێناو گەیشتن بەو شتانەی دەمانەوێ، هەروەها دژی سزای لە سێدارەدان خەباتی کردووە، جگە لەمانە لەسەر مارکسو لێبوردەییو هاوڕێیەتی..لەسەر جیاوازی ڕەگەزی (سێکسی)و ژنو نهێنی نووسیویەتی.

ئەو هەڵوەشێنەرێکی پابەندە، پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەکەیشی دژی پاکی ناوەستێتەوە ((جۆرەها پابەندی تەبان لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە)).

هەروەها وتویەتی: (لەبەرئەوەی هەموو مومارەسەیەکی سیاسی لەچوارچێوەی پێداویستییەکانی هەڵوەشاندنەوە سەرچاوە دەگرن))- ئەوا من- وەکو ئەو دەڵێ: (هیچ جۆرە تەلاٚقدانێك لەنێوان نووسینەکانمو پابەندبوونەکانم نابینم، بەڵکو ئەوانە بریتین لە

جیاوازی لەریتم، جا لەرێگەی گوتار بێت یان چوارچێوە)).
ئەمەش بەشێوەیەك و یەكێكی تر لەهەندێ لەو ئاراستانە خۆی دەنوێ،ێ كە لەم دواییانە گفتوگۆی زۆریان دەربارە كرا. لەسەر توانای پێویستی دابڕانی فەیلەسووف لە كێشەكانی كۆمەڵگە.
سیاسەت و شێوەكانی تێكۆشان، بەوپێیەی ئەو كارانەن كە ((فەلسەفە دادەبەزێنێـە دەرەوەی پسپۆڕێتی یەكانی خۆی)) واتە یان بەرزایە كاتدرائییەكانی خۆی بمێنێـەوە..بێگومان بۆردیۆ رووبەرووی ئەو تێڕوانین و ئاراستانە وەستایەوە و بەچەكی فەلسەفە كەوتە نێو ئەو شەڕە كۆمەڵایەتی و سیاسییە توندانە. هەورەها دریداش لەم تێڕوانینە دوورنەبوو، ئەگەرچی هەڵوەشاندنەوە لە پەیوەستی و ڕایەڵەكانی بە پرس و كێشەو رووداوە باوەكان هەڵوەشاندەوە.
دریدا، ئەستێرەی فەلسەفەی (نوێ)ی پۆست نوێ و، ئەستێرەی هەڵوەشاندنەوەی خاوەن پابەندی و ئەستێرەی بەگژاچوونەوەی پەیكەرەو دەقە گەورەكان و پیرۆزكردنیان.. ئەستێرەی یەهودی دژی یەهودییەت.. ئەستێرەی فەڕەنسی لەوڵاتە یەكگرتووەكان..
ئەستێرەی راگەیاندن كە (شرۆڤەكار)و دژی باڵادەستیەكەی ئەستێرەی فەیلەسووفەكان و خۆیشی فەیلەسووف نییە.
ئەو سارتەرێكی ترە؟ سارتەری دوای نوێگەری (ئەگەر بتوانین ئەم دەستەواژەیە بەكار بهێنین)، سارتەری كۆتایی سەدەو سەرەتای هەزارەی سێیەم.پڕ بەرهەم و جۆراو جۆربوو..كۆك و ناتەبابوو..یەكانگیربوو..بیری كرەوە..ڕێبازی گرتەبەرو ڕێبازگری رەتكردەوە.لێرە روونی دەكردەوە، لەوێ شاراوەی دەكرد.. لەولا ئاسانی دەكرد، لەو لا ئاڵۆز، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەش ئەو رۆشنبیر (گشت)ی كۆكەرەوە بوو، كوڕی سەردەمەكەی خۆی بوو، بەجۆرێك فەلسەفەی گەیاندیە بەرزییە سەركەشەكان و بیرو هەستە تێكشكێنەرە هەڵوەشێنەرەكانی بەو ئاراستەیەی نەبرد كە دەست لە پابەندیەكەی بكێشێتەوە..
دیاردەیەكی كاریزمییە توانای قوڵبوونەوەیە بۆ دۆزینەوەو داهێنان و متمانەكردن بەهیچ تیۆرێكی (تاهەتایی)-یان مەزهەبی یان میرات، یان بونیادێكی مێژوویی و زانیارییەك یان ماددەیەك-لای ئەو هەموو شت شیاوی شكاندنەوە و هەڵوەشانەوەیە..چونكە هەموو شتێكی ئەم جیهانە لە وردەواڵەیە (خردە)!

سەرچاوە: ئێنتەرنێت سایتی (Google).



## شیعر نما

دوای دابڕانێكی كاتی (شیعر نما) كەپاشكۆیەكی ئەدەبی (گۆڤاری نما)یە ژمارەی پێنجەمی خۆی دەركرد، كەتیایدا ١٩ تێكستی شیعریی لاوانی لەخۆوەگرتووە لەگەڵ مێزگردێكی شاعیرە لاوەكانی هەولێرو چەند لێكۆڵینەوەیەكی رەخنەیی ئەدەبیی لەدوو توێی (١٢٦)لاپەڕەییدا.

# مەرگی فەیلەسووفی بونیادشکێن

وئیدریس شێخ شەرەفی

ژاك دریدا (Jacques Derrida) ، فەیلەسوفی فەرەنسی یەکێك لە شیکەرەوەکانی (پۆست مۆدێرن) وە دامەزرێنەری (پۆست بونیادگەرایی) شەوی شەممە ٩/ئۆکتۆبەر لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا بەهۆی تووش بون بە شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی پاریس کۆچی دوای کرد. لەم نووسینەی بەردەستاندا بە کورتی ئاماژە بە کرۆکی هزرو بەرهەمەکانی دەکەین. تا ئێستا هیچ فەیلەسوفێك بەرادەی دریدا بوێری ئازایەتی ڕێسا شکێنیو نەریت شکێنی نەبووە. دریدا نەریتی فەلسەفەی خستە ژێرپێی خۆیەوە میتۆدو چەمکەکانی بەلاوەناو سنورەکانی خەوشدار کردوو بەهۆی ئەدەبیاتەوە پانتاییەکەی پیس کرد. دریدا هێڵە سورەکانی دەبەزاند، رەنگە هەرلەبەر ئەمە بێت زۆر کەس تینوی بەرهەمو بیرو بۆچونەکانی بوون گەلێکیش تونوی خوێنی (!) سەرای هەموو ئەمانە ناتوانین راستی بشارینەوە ، ژاك دریدا وەك دیارترین نوێنەری پۆست بونیاگەرایو گرنگترین شیکەرەوەی (هەڵوەشاندنەوە گەرایی (یان بونیاد شکێنی) ) بە یەکێك لە کاریگەرترین فەیلەسوفەکانی جیهانی هاوچەرخ لەقەڵەم دەدرێ .ستایلو نەریتی فەلسەفی دریدا هەولێك بوو بۆ لە هاوسەنگی خستنی دەقو ماناو شوناسەکان.

ژاك دریدا لە ساڵی ١٩٣٠ لە خێزانێکی یەهودی لە جەزائیر لە دایك بوو وە بەشی فەلسەفەی لە (ئیکۆڵ نورمال سوپریۆر)ی پاریس لە ژێردەستی ژان هیپۆلیت ، پسپۆری فەلسەفی هیگڵو مارکس خوێند . دریدا یەکەمین بەرهەمی خۆی کە بە تێزی دکتۆراکەشی لەقەڵەم دەدرێت سەبارەت بە فینۆمینۆلۆژی نوسی کە زۆر بەخێرایی لەلایەن کۆرو کۆمەڵەی ئەدەبی_ فەلسەفیەکانەوە گرنگی پێدرا، چونکە دریدا(فەلسەفەی)ی بە شێوازێکی (ئەدەبی) دەنووسی. لە راستی بە رەخنەگرتن لەفەلسەفە سنورەکانی نێوان فەلسەفەو ئەدەبی خستنە ژێرگومانەوەو فەلسەفەی هێنایە ناو هەندێ یەشێنی وەك هونەر، بیناسازی، مافوسیاسەت، بەجۆرێك کە کۆنی هەندێ پرسی وەك رەگەزپەرستی، شوناسی نەتەوەیی، چالاکیە فیمێنستیەکان، ئاپارتایدو ... بە هۆی فەلسەفەو کردەوەوە کۆتی فەلسەی بۆ ئەم پانتایانە قاڵا کرد. دریدا سەرەرای ئەوە کە بەشی فەلسەفەی خوێندبوو و خۆی بە فەیلەسووفیش لەقەڵەم دەدا، هیچ کاتێ بەراشکاوی بەرهەمێکی فەلسەفی نەنووسی. زۆربەی بەرهەمەکانی رووالەتێکی ئەدەبیو ئاسۆیەکی فەلسەفیان هەیە،بۆنمونە، نووسییو جیاوازی ، پەرتەوازەیی، پەراوێزەکانی فەلسەفە، واقعیەت لە وێنەکێشی دا، لە رەگەزی هزر، هایدگەرو پرسیار، درۆیەکی تر، لەیاساوە بۆ فەلسەفە، تارماییەکانی مارکسو...

پاش تەواوکردنی خوێندن، دریدا لە هەمان ئەو کولێژەی دەرسی تێدا خوێندبوو دەستی کرد بە وتنەوەی فەلسەفەو لە ساڵی ١٩٧٢ لەلایەن زانکۆکانی ئەمەریکاوە بۆ هاوکاری کردن بانگهێشت کرا . هزرو، بەرهەمو بۆچونەکانی دریدا لەلایەن ئەمەریکا پێشوازیەکی بێ وێنەی لێ کراو لایەنگرێکی زۆری بەدەست هێنا. بەگشتی دریدا زۆر زیاتر لەوەی لە فەرەنسا ناوبانگ دەربکا لە وڵاتەکانی تر گرنگی پێدرا. بەڵام هەربەو رادەیە کە کەسێکی سەرکێش بوو ، بەهەمان رادەش نەیاری سەرسەختی لە دەرەوەو ناوخۆیی فەرەنساو بەتایبەتی لە ئەنگلۆساکسۆنو زانکۆکانی کامبرج

هەبوو. دریدا لەلایەن ئەمانەوە تۆمەتی ئاڵۆزسازی هەڵخەڵەتاندنو فێڵبازی خرابووە پاڵ. بە (( ساحرێکی فێڵباز)) یان دەزانی نەك فەیلەسوفێكو بیروبۆچونەكەیان بە هەڵەو روكەشانەو هەرەشەیەك بۆ سەر فەلسەفە دەژماردوو خۆشیان بە شوورەیی بۆ كۆمەلگای رۆشنبیری لەقەلەم دەدا.ناوی دریدا بەرلەهەمووشتی زیاتر لە هەرشتی بیرهینەرەوەی ((پۆست مۆدیرنیە)) و((پۆست بوونیاد گەرانی))ە.لەراستی دا پۆست بوونیادگەرایی لەسالی ١٩٦٧ بوو بلاو بوونەوەی سی كتیبی دریدا لە ژیر ناوی ((وتە و دیاردە)) ((نووسینی و جیاوازی)) و((لەمەرگرامایۆلۆژیەوە)) دامەزرا كەدواتر ژیل دۆلۆزو فلیكس گاتاری لەم ریگایە دا بوون بەیاوەری دریدابە روونكردنەوەی تیوری هۆسرەل سەبارەت بە فینۆمینۆلۆژی زمان ، تیوری زمانی پۆست بونیاد گەرایی خۆی خستە روو. دریدا بە رەخنەگرتن لە چەمكە بنەرەتیەكانی بونیادگەراییو نیشانە، ناوەند، ئامادەیی، وتەوبونیادو ... چەمكە پۆست بونیادگەراییەكانی خۆی وەك گەمەی زمانەوانی، جیاوازی، نووسین، لە ناوەندخستنو ... . هێنایە بەرباس .

یەكێك لە چەمكە بنەرەتیەكانی دریدا لە پانتایی پۆست بونیادگەرایی دا ، زاراوەی ((هەڵوەشاندنەوەگەرایی یان بونیادشكێنی ))یە . بە شێوازی خۆی بەم جۆرە پێناسەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی كرد :(( لە راستیدا من بە هەڵوەشاندنەوەگەرایی تۆڵەی ئەدەبم لە فەلسەفە سەندەوەو دڵی فەلسەفەی كلاسیكم كردە نیشانە. هەڵوەشاندنەوە گەرایی (یان بوونیادشكێنی) دواین مۆدێلی تیۆرە ئەدەبی –فەلسەفیەكانو جۆرە هایدگەرگەرایيەكی ترسناكە هەربۆیە دەبێ بە پارێزەوە هەڵسوكەوتی لەگەڵ دابكەین... )) هەر لەبەر ئەم دژوپێچەوانە بێژییەوە بوو كە رەخنەگرەكانی بیروبۆچونەكانی ئەویان بە تێكدەرو بێ مانا لەقەڵەم دەداو پێیان وابوو كەو هەڵوەشاندنەوەگەرایی جۆرێك ئاڵۆزسازیو پووچ وێژییەو تەنانەت رایان وابوو كە دریدا بووەتە هۆكاری ئەوەی كە فەیلەسوفەكان رەشبین بن لەهەمبەر فەلسەفەی پۆست مۆدێرنی فەرەنساو بەچاوێكی گاڵتەجارانەوە سەیری بكەن. هۆكاری ئەم حوكم دانە لەلایەن رەخنەگرەكانەوە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كەبیرو بۆچونەكانی دریدا لەچوارچێوەی پێوەرپەسەندكراوەكاندا ناگونجێتو زۆربەی نووسینەكانی خودان ئەو روونیو شەفافیەتو راشكاوییە نین كە بنەمای هەموو تیورێكی زانستی دەژمێردرێتو بە چەشنێك تەكنیكیو دژوارن كە خوێنەری ناپسپۆر ئاستەمە لێیی تێبگاتو بەجۆرێك بەقەوارەو قورسو تەژی لە وشەبازیو گەمەی زمانیو چەمكی ئاڵۆزە كەتەنانەت گەلێ لە پسپۆرەكانیش دان بەوە دادەنێن كەپەی بە تێگەیشتنی وردوهەمەلایەنەی بابەتەكانی نابەن، چونكە زۆربەی رستەو وشەكانی دریدا ئەو شتانە نین كە خۆدەنوێنن . بەزۆری توێكڵدار، دژبەیەك، بەلارێ دابەرو پرلە میتافۆرو گەمەی زمانیو وشەبازییە كە ئەگەری هەموو جۆرە ئەنجامگیریەكی تیۆری لەناودەباتو نەیارەكانی ئەم خاڵە بەسوودی خۆیان دەقۆزنەوەو بانگەشەی ئەوە دەكەن كە نووسینەكانی پووچو روكەشانەن .((جاناتان رەی)) بێ پێچەوانەی ئەم گروپە ،یەكێكە لە پشتیوانو داكۆكی كارە سەرسەختیەكانی دریدا. بۆ داكۆكی كردن لە دریدا ئێژێ :(( زۆربەی نەیارەكانی دریدا رەخنەگری كلاسیكو فەیلەسووفی نەریتگەرانو ناتوانن بیروبۆچوونی نوێ قبوڵ بكەنو تەحەمولی هزری نوێو بیركردنەوەی جیاوازناكەن.))

بەرهەمەكانی دریدا جۆرێك لە جۆرەكان رەخنەگرتن لەفەلسەفەو بنەماكەیەتی . ئەو (حەقیقەت)و (مەعریفە) دەخاتە ژێر پرسیارەوەو لە راستیدا بە رەخنەگرتن لەفەلسەفە ، سنوری

نێوان ئەدەبیاتو فەلسەفە لەرزۆك دەكات. بەقەڵەمێكی ئەدەبی فەلسەفە دەنووسێتو بە دیدێكی فەلسەفەوە سەیری ئەدەب دەكات. رەخنەگرتنی دریدا لە فەلسەفە رەخنەیەكی باوناسراو نیە ، چونكە لەرێگەی زاراوە باوەكانەوە دەرینابرێتو بەراشكاوی قسەكانی خۆی ناكاتو رێگاكەی بەروونی ناخاتە روو و هێچ تیۆرێك بەراشكاوی رەدیان بە درۆناخاتەوەو لەلایەكی تریشەوە هیچ تیورێكی رونو راشكاوانەش پێشكەش ناكات . هەموو شتێك لەسەر بنەمای جۆرە گومانو دردۆنگیو دوالیزم و چەندلایەنی دامەزراوە، بەچەشنێك كە ناتوانرێت تاكە دەرەنجامێكی بنبڕ وەربگیرێت. بەڵام سەرەڕای ئەوە كە نووسیەنەكانی دژوارو وێرانكارن ، لێ لە هەمان كاتدا زۆر وردبینانەو ناسك خراونەتە روو . خۆی دەڵێت : (( لە نوسینەكانمدا دوو مۆرەی بوونیان هەیە كەسەرەداوی تێگەیشتنن لە بابەتەكانم ، بە دۆزینەوەی (پشێوی پەیوەندی ) و( سەرلێشێواوی) دەتوانن تیۆرێكی گشتی لە نووسینەكانم هەڵبێنجن.)) دڵەراوكێی دریدا (زمان)و بەشێویەكی تایبەت (نووسین) بوو و ئەو بە (زمان) تاوتۆیی (زمان) ی دەكرد بۆ سەلماندنی گرنگی نووسین . نووسینەكانی بوونە هۆكاری ئەوە كە وێنای باو لەمەڕ (دەق) ، ماناو چەمكەكان لەرزۆك بن . دریدا فەلسەفەی بەپلەی یەكەم بە نووسین لەقەڵەم دەداو لەبەر ئەوەی خۆی بە فەیلەسوف دەزانی ، هەربۆیە (نوسین) و (تێگەیشتن لە دەق ) دڵەراوكێی سەرەكی دیریدایان پێك دەهێنا . ئامانجەكەی رەمزاوی كردنی ئەو شتەبوو كە تاكەكان پێیان وایە لە وشەكانەوە تێی دەگەن . گە زمانەوانیەكان بەرانبەرێتیە دوولایەنەكانی وشەكان ،میتافۆر ، ناروونیو چەند لایەنی بەشێكن لە بنچینەكانی دریدا . لە روانگەی ئەوەوە هەر ئەم بەرانبەرێتیانە نووسین دروست دەكەن. بەرای دریدا ،هەموو بوون وەك دەق حسێب دەكرێت . لە خوێندنەوەی هەر دەقێكدا جا ئەم دەقە كتێب بێت یان سروشتی كۆمەڵگاو یان بوونی خودی خوێنەر ، خوێنەر دووبارە بەرهەمی دێنێتەوە لەم پێودانگەوە هەموو دەقێك بەرادەی گوێگرەكانی خۆی لێكدانەوەو راڤەی هەیە، هەموو خوێندنەوەیەك نووسینێكی بێ كۆتاییە كە هیچ كاتێ بە شێوەیەكی ئاگایانە ئەنجام نادرێت. لەمروەوە گوێگر یان خوێنەریش هەروەك نووسەر خۆی هەرگیز ناتوانێ پەی بە مەبەستی نووسەر (دانەر) ببات. (ونی (غیاب) ) بەسەر ئامادەییدا زاڵەو ئێمە لە دەقدا تەنیا شوێن پێی ونەكان هەڵدەگرین. ئەوەی لە پەراوێزی دەق یان لە فەزای نێوان خەتەكاندا پەنهانە ، رێك بەرادەی وشەكانی دەقەكە گرنگی هەیەو لەبەرئەوەی هەموو خوێندنەوەیەك لەراستیدا هەمان نووسینە ، هەربۆیە حەتمەن رەوتێكمان دەبێت لە لێكدانەوەو پاساوهێنانەوەكان كە بەكردەوە دەگۆڕێن بۆ چەند دەنگی بەرهەمەكە . بەم چەشنە هەرشتێك لە دونیادا دەست بەگەڵاڵەبوون بكات، هەڵوەشاندنەوە گەرایی وەك شیكەرەوەیەك (حلال) لەناو خۆیدا شی دەكاتەوە. لە روانگەی دریداوە هەموو دەقێك هیچ مەرجەعو مەدلولێكی لەواقیعەت دانیەو ناگات بە (دەلالەتی رووت) ولەلایەكی دیكەوە هیچ نووسەرێك (دانەرێك) نە مەبەستێكی ئاگایانەی هەیەو نەهەر لەبنەرەتدا توانای ئەوەی هەیە مەبەستی ئاگایانەی خۆی پیادە بكات، هەر لەم روەوە نابێو ناتوانین دانەریش وەك مەدلولی كۆتایی لە راڤەی دەق دا حسێب بكەین . ئەوەی دەمێنێتەوە هیچ نیە جگە لە دەقو ئەو كاریگەریانەی لەسەر شعوری كۆیگرەكانی خۆی دادەنێت سەرەرای ئەمە سیاقی پەیڤو وستایلی نووسین ئەفزەلیەتی بەسەر ناوەرۆكی دەقدا هەیە.

سەرچاوە: ئینتەرنێت

## بڵاوكراوەی نوێی سەنتەری نما



### داستانی گلگامێش

دێرینترین داستانی مرۆڤایەتییەو( ٧٤) لاپەڕەی لەخۆوە گرتووەو لەلایەن (د. رەزا)وە لە خەتی بزمارییەوە وەرگێڕدراوەو ئەحمەدی شاملۆ لە شێوە پەخشان بە زمانی فارسی نوسیویەتەوە، بۆ یەكەمینجاریش لە لایەن (ئیدریس شێخ شەرەفی)یەوە كراوە بە كوردی.



### عەلمانییەتی ئەوانو نیگەرانی ئێمە

چەند لێكۆڵینەوەیەكی تایبەت بە عەلمانییەتی خۆرئاواو ئایینو خۆرهەڵاتە، (١١٠) لاپەڕەیەو لەلایەن (ئیسماعیل كوردە)وە نوسراوە.



### دەروونزانی

كۆمەڵێك وتارو لێكۆڵینەوەی بە پێزی سایكۆلۆژیی برای نووسەرمان (یوسف عوسمان حەمەد)ە لە دوو توێی (١٨٢) لاپەڕەدا.



### شوێنكاتی یەكەم لە دووەمو ئێستای سەگوەڕ

لێكۆلینەوەیەكی ئەدەبییە بۆ رۆمانی سەگوەڕ، خوێندنەوەیەكە بۆ كەسێتی پاڵەوانو خودە نووسەر، (١٠٨) لاپەڕەیەو (عەبدولموتەلیب عەبدوللا) نوسیویەتی.



## عەلمانییەتو کاریگەرییەکانی

چەند وتارو لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی عەلمانییەتو کاریگەرییەکانی عەلمانییەت ( ١٠٠) لاپەڕەیەو (جەمال پیرە) نوسیویەتیو وەریگێڕاوە.



## بیرمەندان لە هەزارەی سێیەم دەدوێن

کۆمەڵێك نوسینو تێڕامانی فەلسەفیی چەند بیرمەندێکی هاوچەرخە، (٨٢ ) لاپەڕەیەو (ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل) لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوە.



## لە هۆرکهایمەرەوە تا هابرماس
## قوتابخانەی فرانکفۆرت

ئەم کتێبە خوێندنەوەیەکی ئەکادیمییە دەربارەی قوتابخانەی فرانکفۆرتو بیرمەندەکانی، دەروازەیەکە بۆ تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ، (٢٣٢) لاپەڕەیە (د.عەلا تاهیر) نوسیویەتیو( ئیسماعیل کوردەو جەمال پیرە) وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.



## دەسەڵاتو حەقیقەت

چەند وتارو لێکۆڵینەوەیەکە لە نێویاندا هزرو ئاراستەی بیرمەندی گەورەی فەڕەنسی میشێل فۆکۆ بەرجەستە دەبێ،(٢٥٤)لاپەڕەیەو (ئیدریس شێخ شەرەفی) لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوە.

...................................................... ## نما ........................................................